هەرێمی كوردستان– عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانكۆی سەلاحەددین– هەولێر

# كورتیلە شیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی كوردیدا

## بە نموونەی دەقەكانی ( قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دلشاد عەبدوڵڵا )

نامەیەكە
پێشكەشی ئەنجوومەنی كۆلێژی زمانی زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر كراوە
بەشێكە لە پێویستییەكانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی كوردیدا

لەلایەن
شاخەوان فەرهاد محەمەد- بەكالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی كوردی – كۆلێژی زمان– زانكۆی سەلاحەددین – ٢٠٠٧

بەسەرپەرشتی
پ.ی.د. فوئاد ڕەشید محەمەد

پوشپەڕ ٢٧١٣ كوردی          شعبان ١٤٣٤ كۆچی          تەمموز٢٠١٣ زایینی

## ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە ( کورتیلە شیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا– بە نموونەی دەقەکانی (قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دلشاد عەبدوڵڵا) )، قوتابی( شاخەوان فەرهاد محەممەد)، بەسەرپەرشتی من لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

واژوو :

ناو: پ.ی.د. فوئاد رەشید محەممەد

ڕێکەوت: / / ٢٠١٣

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژوو:

ناو:د. جبار احمد حسين

سەرۆکی لێژنەی خوێندنی باڵا لە بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت: / / ٢٠١٣

## ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیە کە بەناوی (کورتیلە شیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا- بە نموونەی دەقەکانی ( قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دلشاد عەبدوڵڵا) خوێندەوە ولەگەڵ قوتابییەکەدا دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی گفتوگۆمان کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                ) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێ بدرێت.

پ.د. إبراهيم احمد حسين

سەرۆکی لیژنە

/  / ٢٠١٣

پ.د. عبدالله عزيز خالد ئاگرين

ئەندام

/  / ٢٠١٣

پ. ی.د. پەخشان سابير حمد

ئەندام

/  / ٢٠١٣

ئەندام و سەرپەرشتیار

پ.ی.د. فوئاد رەشید محەممەد

/  / ٢٠١٣

لە لایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەددین پەسند کرا.

پ.ی.د.شادان جەمیل عەباس

ڕاگری کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

/  / ٢٠١٣

HewalName

# وشە کورتکراوەکان

چاپ: چ.

لاپەڕە: ل.

صفحة: ص.

گۆڤار: گ.

ژمارە: ژ.

HewalName

## پێشکەشە بە

- دایکی میهرەبان و بەسۆزو باوکی خۆڕاگرم.
- هاوسەری خۆشەویستم دایکی کچە تاقانەکەم (سیڤاس)گیان.
- سەرجەم خانەوادەکەم.
- خاڵی بەڕێزم مامۆستا(عبدالرحمن).
- ئەومامۆستایە بەڕێزەی فێری یەکەم پیتی ئەلف وبێی کوردیی کردم.

HewalName

# سوپاس و پێزانینم بۆ


- بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (فوئاد ڕەشید محمد) ، کەئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەی گرتە ئەستۆ و زۆر هاوکاریی ویارمەتیدام بەسەرنج وتێبینییە وردەکانییەوە، هەروەها بەشێکی زۆری سەرچاوەکانی خستە بەردەستم.
- سەرۆکی لێژنەی گفتوگۆ و یەکە یەکە ئەندامە بەڕێزەکانی تر.
- سەرۆکی بەشی زمانی کوردی دکتۆر(جبار احمد حوسێن) و هەموو ئەو دکتۆرە بەڕێزانەی کە لە بەکالۆریۆس و ماستەر وانەیان پێوتووم.
- مامۆستا (جەوهەر محمد مولود) ، کە لە بەدەست خستنی بەشێك لەسەرچاوەکاندا یارمەتیدام.
- هەردوو برای خۆشەویستم (هۆمان و هەرمان) وخوشکی ئازیزم (ئیمان) ، کە لەتایپکردنی تەواوی باسەکەم یارمەتیاندام.
- سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەم، بەتایبەتیش (دایکی سیڤاس) کەبێ پشتیوانی ویارمەتیدانی ئەو ئەستەم بوو کارەکەم بەتەواوی بگاتە ئەنجام.
- خاڵی خۆشەویستم مامۆستا (عبدالرحمن) کەهاوکاری و پشتیوانیەکی زۆری لێکردم، بۆسەرخستنی کارەکەم.
- پ.ی.د (دڵخۆش جاراللە) و مامۆستا (خەلیل).

# پوختەی لێکۆڵینەوەکە


ئەم نامەیەکەبەناونیشانی (کورتیلەشیعر لەئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا– بەنموونەی دەقەکانی( قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دلشاد عەبدوڵڵا) ) یە، هەوڵدانێکە بۆدیاریکردن وخستنە ڕووی ئەدگاری هونەریی ونێوەرۆکی بابەتیانەی کورتیلەشیعری کوردی بەنمونەی دەقەکانی هەرسێ شاعیری ناوبراوی کورد،لەسێ بەش پێکهاتووە .

بەشی یەکەم: لەسێ تەوەر پێکدێت، لەتەوەری یەکەمدا توێژەر هەوڵدەدات باس لەزاراوەو چەمك و پێناسەو بونیاتی گشتی پێکهاتەی کورتیلەشیعر ودەستنیشانی ئەدگارە هونەرییەکانی بکات.

تەوەری دووەمیش بۆشیعریەتی کورتیلەشیعر بەگشتی تەرخانکراوە، لەگەڵ خستنەڕووی بیروبۆچوونی شارەزاو ڕەخنەگرانی وەك ( ڕۆمان جاکبسۆن و جان کۆهین و تزڤیتان تۆدرۆڤ ) لەبارەی شیعرییەتی چەمکی دەقبوونی کورتیلەشیعر بەپێی پێکهاتە زمانییەکەی ، لەچوار چێوەی ناونیشان و وێنەی شیعری وڕیتم وبابەتدا .

تەوەری سێیەمیش بۆ باسکردنی مێژووی کورتیلەشیعر لەئەدەبی کوردیدا تەرخانکراوە، کەبەپێی قۆناغە جیاوازەکان فۆرم و زاراوەی جیاوازی بۆبەکارهاتووە.

بەشی دووەم: بەشێوەیەکی پڕاکتیکی بونیاتی بابەتیی کورتیلەشیعرەکانی شاعیرانی ناوبراو دەگرێتەخۆ، لەڕوانگەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ونیشتیمانی وفەلسەفیدا.

بەشی سێیەم: شیعرییەتی کورتیلەشیعرەکان بەشێوەیەکی پڕاکتیکی شاعیرانی نێوسنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە دەخاتەڕوو، لەچوارچێوەی ( شیعرییەتی ناونیشان وشیعرییەتی وێنەی شیعریی لەڕوانگەی دەروونی وڕەوانبێژی وڕەمزی وشیعرییەتی ڕیتم و شیعرییەتی پرسیار)دا.

نامەکە بەهەندێك ئەنجام ولیستی سەرچاوەکان کۆتایی هاتووە.


HewalName

# پێرستی ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار | ٨ |
| ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن | ٨ |
| وشە کورتکراوەکان | ٨ |
| پێشکەشە بە | ٨ |
| سوپاس و پێزانینم بۆ | ٨ |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە | ٨ |
| پێرستی ناوەڕۆك | -٨ ٨ |
| پێشەکی | ١–٣ |
| **بەشی یەکەم : کورتیلە شیعر چەمك و ئەدگار** | ٤–٢٩ |
| تەوەرەی یەکەم : زاراوە و چەمك و ئەدگاری هونەری کورتیلە شیعر | ٤ |
| زاراوەی کورتیلە شیعر | ٤ |
| چەمك و ئەدگاری هونەری کورتیلە شیعر | ٦ |
| بونیاتی هونەری کورتیلە شیعر | ١٠ |
| تەوەرەی دووەم : شیعرییەتی کورتیلە شیعر | ١٤ |
| تەوەرەی سێیەم : کورتیلە شیعر لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا | ٢٤ |
| **بەشی دووەم :بونیاتی بابەتیی کورتیلە شیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە ، لەتیف هەڵمەت ، دلشاد عەبدوڵڵا)** | ٣٠–٥٩ |
| یەکەم : ڕەهەندی کۆمەڵایەتی | ٣١ |
| ١– ژن –جەستە | ٣١ |
| أ – جوانی | ٣١ |
| ب – مەمك | ٣٣ |
| ج – ماچ | ٣٦ |


HewaName

| | |
|---|---|
| د – لێو | ٣٨ |
| ٢– خۆشەویستی | ٣٩ |
| ٣– تەمەن | ٤١ |
| ٤– ڕەخنە گرتن لە کۆمەڵگە | ٤٣ |
| ٥– شەڕو کاریگەرییەکانی | ٤٥ |
| ٦– هەژاری | ٤٦ |
| دووەم : ڕەهەندی نیشتیمانی | ٤٧ |
| ١– ڕەخنە گرتن لەدەسەلآت | ٤٧ |
| ٢– هەست کردن بەنەبوونی نیشتیمان | ٤٨ |
| ٣– تێڕوانین بۆ خەبات و تێکۆ شانی مرۆڤ | ٤٩ |
| ٤– کارەساتی ئەنفال | ٥٠ |
| سێیەم : ڕەهەندی فەلسەفی | ٥١ |
| ١– تێڕوانین بۆ ژیان | ٥١ |
| أ– ڕەشبینی | ٥٢ |
| ب– بێزاربوون | ٥٣ |
| ٢– تێڕوانین بۆ مردن | ٥٤ |
| ٣– پرسیارکردن دەربارەی بوون | ٥٥ |
| ٤– تێڕوانین بۆ بوون و مرۆڤ | ٥٧ |
| ٥– مرۆڤایەتی مرۆڤ | ٥٨ |
| ٦– مرۆڤ و گوناه | ٥٩ |
| **بەشی سێیەم: شیعرییەتی کورتیلە شیعر لەدەقەکانی ( قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت ، دلشاد عەبدوڵلآ)** | ٦٠–١١٨ |
| یەکەم : شیعریەتی ناونیشان | ٦٠ |
| دووەم : شیعریەتی وێنەی شیعریی | ٧٢ |
| ١– لەڕووی دەروونییەوە | ٧٢ |
| أ– وێنەی هەستی | ٧٢ |


HewalName

| | |
|---|---|
| ١– وێنەی هەستی بینین | ٧٣ |
| ٢– وێنەی هەستی بیستن | ٧٦ |
| ٣– وێنەی هەستی بۆنکردن | ٨١ |
| ٤– وێنەی هەستی بەرکەوتن | ٨٢ |
| ٥– وێنەی هەستی چەشتن | ٨٥ |
| ب– وێنەی  زەینی | ٨٦ |
| ٢– وێنە لەڕووی ڕەوانبێژییەوە | ٨٩ |
| أ– وێنەی لێکچواندن | ٨٩ |
| ب– وێنەی خواستن | ٩٤ |
| ٣– شیعریەتی وێنەی شیعریی وڕەمز | ٩٦ |
| أ– وێنەی ڕەمزی خودیی | ٩٦ |
| ب– وێنەی ڕەمزی ئاینی | ١٠٠ |
| پ– وێنەی ڕەمزی ئەفسانەیی | ١٠٢ |
| ت– وێنەی ڕەمزی مێژوویی | ١٠٣ |
| سێیەم : شیعرییەتی ریتمیی کورتیلە شیعر | ١٠٧ |
| چوارەم : شیعرییەتی پرسیار | ١١٦ |
| ئەنجامەکان | ١١٩ |
| سەرچاوەکان | ١٢١–١٢٩ |
| پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی | أ |
| پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی | a |


HewalName

# پێشەکی

HewaName

# پێشەکی

ئاشکرایه هەرقۆناغێکی مێژوویی ژانری ئەدەبی و فۆرمی جیاوازی خۆی هەیە، چ وەك نێوەرۆکی بابەت و چ وەك چوارچێوەی هونەریی . فۆرمی کورتیله شیعریش ئەگەرچی تەنها زادەی ئەمڕۆ نییە و لەمێژووی ڕابردوویشدا ئامادەبونی هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ بووەتە فۆرمێکی شیعریی، کەئامادەییەکی دیارو بەرچاوی لەئەزموونی ئەدەبیی میللەتاندا هەیە .

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هەروەکو ئاماژەمان بۆکرد ئەمڕۆ فۆڕمی کورتیله شیعر، ئامادەییەکی بەرچاوی لەنێو ئەدەبیی میللەتاندا هەیە، شاعیرانی کوردیش گرنگیان بەم فۆڕمە شیعرییە داوە . لەم سۆنگەیەوە بابەتی ( کورتیلەشیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا – بەنموونەی دەقەکانی – قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دڵشاد عەبدوڵڵا ) مان هەڵبژارد،هەروەها بۆیە ناوی شاعیرەکانمان بەمجۆرە ڕیزبەند کردووە، چونکە بەپێی گەڕانمان لەسەرجەم دیوانە بەکارهاتووەکانی نێو ئەم لێکۆڵینەوەیە، قوبادی جەلیزادە زۆرترین کورتیلە شیعری هەیە. لەلایەکی دیکەشەوە– ئەوەندەی ئاگاداربم – لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی سەربەخۆ– لە سنووری خوێندنی باڵا دا – لەم بوارەدا نەکراوە.

## گرنگی و بایەخی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆلینەوەیە هەوڵدانێکە بۆدیایکردن و خستنە ڕووی ئەدگاری هونەریی ونێوەرۆکی بابەتیانەی کورتیلە شیعری کوردی، بەنموونەی دەقەکانی هەرسێ شاعیری کورد ( قوبادی جەلیزادە ، لەتیف هەڵمەت ، دڵشاد عەبدوڵڵا ). بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، لەلایەك هاوشانبوونی شیعری کوردیمان بۆ نیشان دەدات، کەوەکو شیعری میللەتانی دی، لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و داهێنراوەکانی سەردەمی هاوچەرخدا، ئامادەیی خۆی نیشانداوە، لەلایەکی دیکەشەوە تایبەتمەندێتی ئەزموونی ئەدەبیی کورتیلەشیعری هاوچەرخی کوردیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

HewalName

## سنوورو بواری نامەکە:

هەروەکو لەناونیشانی لێکۆڵینەوەکەدا دیارە نموونەی کورتیلە شیعرمان وەرگرتووە، جا لەلایەن نووسەرەکەیەوە هەر ناوێکی لێنرابێت، وەکو( پۆستەرە شیعر ، مۆبایلە شیعر ، هایکۆ ، شیعری نانۆ...)، چونکە پێمان وایە مەسەلەی کورتیی و درێژی خاڵێکی گرنگە لە چەمکی کورتیله شیعردا . سەبارەت بەکورتیلە شیعری هەر سێ شاعیران ( قوبادی جەلیزادە ، لەتیف هەڵمەت ، دڵشاد عەبدوڵڵا )، لەپێناو سنووربەندکردنی لێکۆڵینەوەکەمان پشتمان بەدیوان یان کۆی بەرهەمی چاپکراویان بەستووە .

## ئاستەنگەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەی نامەکە:

کەمیی سەرچاوەی پێویست، کەئەم بابەتەی بەشێوەیەکی تایبەتی کردبێتە ئامانج وهێندەی ئاگاداربین ئەم فۆرمە نوێیە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی سەربەخۆی وردی لەسەر نەکراوە، ئەگەر وتارێکیش لەڕۆژنامەیەك یاخود گۆڤارێك نووسرابێت، ئەوا بەناوی چەند زاراوەیەکی تری نێو سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە لێی کۆڵراوەتەوە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەی نامەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەی بەردەستمان لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە، کەتەوەرەی یەکەم و دووەمی بەشی یەکەمی سەر بەتیۆری ئەدەبە وتەوەرەی سێیەمیشی سەربە (مێژووی ئەدەب )ەو ئەو لایەنانەش کەسەر بە (ڕەخنەی ئەدەبین). واتا لەڕووی پڕاکتیکییەوە، بەتایبەتی لە لایەنی هونەرییەوە سوودمان لەڕێبازی شێوازگەری بینیوە، بێخۆگرێدانە باڵێکی دیاریکراوی نێو ئەم ڕێبازە.

**پێکهاتەی پلانی نامەکە:**

**لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی لەسێ بەش پێکهاتووە:**

**بەشی یەکەم : بەناونیشانی ( کورتیلە شیعر چەمك و ئەدگار )، لە سێ تەوەرە پێکهاتووە :**

**تەوەری یەکەم :**

باس لەزاراوە و چەمك و پێناسە وبونیاتی پێکهاتە ودەستنیشانکردنی ئەدگاریی هونەریی کورتیلە شیعر بەشێوەیەکی گشتی دەکات، دواتر بەشێوەیەکی تایبەتی ئێمەش بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان پێکهاتەی شێوەی کورتیلە شیعرمان، بەگوێرەی دەقە کوردییە بەکارهاتووەکان پۆلێن کردووە .

**تەوەری دووەم:**

لەم تەوەرەیەدا هەوڵدراوە شیعرییەتی کورتیلە شیعربەگشتی بخرێتە ڕوو، لەگەڵ باسکردنی بیرو بۆچوونی شارەزا و ڕەخنەگران دەربارەی شیعریەتی چەمکی دەقبوونی کورتیلە شیعر بەپێی پێکهاتە زمانییەکەی ودواترلەم چوارچێوەیەدا باس لە( ناونیشان و وێنە و شیعریی وێنەیی و ڕیتم و بابەت ) و ئامادەبوونی ئەو ڕەگەزە هونەرییانە لە فۆرمەکەدا کراوە.

**تەوەری سێیەم :**

تەرخانکراوە بۆ باسکردنی مێژووی کورتیلە شیعر لەئەدەبی کوردیدا، کە لەقۆناغە جیاکاندا فۆرم وزاراوەی جیاوازی بۆ بەکارهاتووە .

**بەشی دووەم : بەناونیشانی ( بونیاتی بابەتیی کورتیلەشیعرەکانی ( قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دلشاد عەبدوڵڵا ) ) :**

باسی بونیاتی بابەتیی کورتیلە شیعرەکانی ئەم شاعیرانە بەشێوەیەکی پراکتیکی دەکات، پاشان بونیاتی بابەتەکان لەڕوانگەی ڕەهەندی ( کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی و فەلسەفی) یەوە خراوەتە ڕوو .

**بەشی سێیەم : بەناونیشانی** ( شیعرییەتی کورتیلەشیعر لەدەقەکانی ( قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دلشاد عەبدوڵڵا) ) :

لەم بەشەدا باس لەشیعرییەتی کورتیلەشیعر لە دەقەکانی شاعیرانی نێو سنووری ئەم لێکۆلینەوەیە بەشێوەی پراکتیکی کراوە، لەم چوارچێوەیەشدا شیعرییەتی ناونیشان و وێنەی شیعریی و شیعرییەتی ڕیتم لە کورتیلەشیعر و شیعرییەتی پرسیار باسکراوە .

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە بە چەندین خاڵ خراوەتە ڕوو، لەگەڵ ڕیزکردنی لیستی سەرچاوەکان بە زمانی کوردیی و عەرەبیی و ئینگلیزی، پاشان پوختەی باسەکە بە هەر دوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو .

HewalName

# بەشی یەکەم:

## کورتیلە شیعر چەمك و ئەدگار

### تەوەرەی یەکەم : زاراوە و چەمك و ئەدگاری هونەری کورتیلە شیعر

- زاراوەی کورتیلە شیعر
- چەمك و ئەدگاری هونەری کورتیلە شیعر
- بونیاتی هونەری کورتیلە شیعر

### تەوەرەی دووەم : شیعرییەتی کورتیلە شیعر

### تەوەرەی سێیەم : کورتیلە شیعر لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا

# بەشی یەکەم: کورتیلە شیعر چەمك و ئەدگار

## تەوەرەی یەکەم: زاراوە و چەمك و ئەدگاری هونەری کورتیلە شیعر

### • زاراوەی کورتیلەشیعر:

کورتیلەشیعر: زاراوەیەکی نوێی ئەدەبییە و لەئەدەبیاتی هاوچەرخدا بەکاردەهێنرێت. لەڕووی پێکهاتنی ڕێزمانییدا وشەیەکی لێکدراوە وپێکدێت لە : (کورت+یلە) وبەمجۆرە مانای کورتیلە لێکدراوەتەوە: (( زۆر قەد کورت)) [1]، هەروەها بە مانایەکی تریش لێکدراوەتەوە: (( کورتەڵە)) [2] ، کەئاوەڵناوێکی ناسادە– (ئاوەڵناوی دارێژراو)ەو بەمجۆرە لە: (( ئاوەڵناوی سادە + پاشگری یلە))[3] پێکدێت، لەگەڵ وشەی (شیعر) کەژانرێکی سەربەخۆی ئەدەبییە، بەیەکەوە ئەو زاراوە لێکدراوە دروست دەکەن و بووەتە ناوێك بۆ فۆرمێکی نوێی شیعری و لەڕووی فۆرم و پێکهاتنەوە تایبەتمەندییەتی خۆی هەیە. کەواتە( کورتیلە شیعر) زاراوەیەکە ئاماژە بۆسیفەتی زێدە کورتیی جۆرە شیعرێك دەکات، وەك دیاردەیەکی نوێ لە ئەدەبیاتی هاوچەرخدا سەری هەڵداوە.

لەگوتاری ڕەخنەی عەرەبیدا، ئەم فۆرمە هونەرییە بەچەندین زاراوەی جیاواز ناوبراوە. ئەم زاراوانە ئەگەرچی لە دەربڕیندا جیاوازن، بەڵام لەوەدا هاوبەشن کەئاماژە بۆئەدگاری بنچینەیی ئەم فۆڕمە شیعرییە دەکەن، ئەویش ئەدگاری کورتیی و چڕییە .

HewalNa

---

(١) هەنبانە بورینە، فرهنگ کردی فارسی، عبدالرحمن شرفکندی (هەژار)، چاپ چهارەم، مرکز پخش، مجتمع فرهنگی سروش، تهران،١٣٨٤، ل(٤٢٩) .

(٢) فەرهەنگی خاڵ، شێخ محەمەدی خاڵ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل(٣٦٥) .

(٣) ڕێزمانی کوردی، بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی ، زانکۆی سەلاحەددین، دانانی د.نسرین فەخری و کوردستانی موکریانی، طبع فی مطبعة صلاح الدین، ١٩٨٢ ، ل ٨٥ .

لـه زمـانی عەرەبیـدا ئـەم زاراوانـەی بـۆ بـەکارهاتوون، وەك : ((القصـيدة القصـيرة جـدا، الإبيجـرام Epigram *و الهايكو**))[١] و(( القصيدة القصيرة ، القصيدة الشعرية المركزة ، القصيدة التوقيعية وقصيدة الومضة، قصـيدة اللمحـة))[٢] و(( قصـيدة نـانو***))[٣].لـە زمـانی ئینگلیزیشـدا (very short poem)[٤] و( short poem)[٥] و(verse)[٦] بەکارهێنراوە.

---

(١) القصيدة القصيرة جدا فی الابداع السعودی (١– ٥)، د.مها مراد ، ص(٢) ، www.Lahaonline.com.

*Epigram : زاراوەیەکە، یاسایەکی کورتیی هەیە و وتەیەکی واتادارە لە دێرە شیعرێك یاخود پەخشانێکدا، هەروەها بە واتای قسەی نەستەق دێت ، کۆلیریدج (coleridge) بەمشێوەیە پێناسەی دەکات: (( گوتراوێکی زۆر کورتی چڕی تەواوی پڕ مانای واتادارە، بەچالاکیەکی زیرەکانە ئەنجامەدرێت لەسەر پەیکەری گیانلەبەراندا هەڵدەکەنرێت و پەرەی سەند بۆ نێو ژانرێکی ئەدەبیی و زۆربەی ئەو قسە نەستەقانەی لە هەڵبژاردەکانی ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانیەکاندا کۆکراینەتەوە، بە تایبەتیش لە بابەتە مادییەکانیاندا)) . فەرهەنگی: Dictionary of literary terms a literary theory J.A cuddon- published in perguin books , London, 1999,p275.

هەروەها یۆنانیەکان ولاتینیەکان بەواتای نەخشاندن بەکاریان دەهێنا، مەبەستیش لەونەخشانەبوو، لەسەر بەردوگۆڕی مردوەکان و پەرستگای خواوەندەکان و پەیکەرەکان و قاپ و قاچاغ و کەل و پەلی ناوماڵ هەڵیاندەکەند ، دواتر وەك هونەرێکی ئەدەبی بەمانای ئەو وتەبەرزانە دەهات، لەدێرە شیعرەکان وناوەجەرگەی دیوانە شیعرییەکاندا دەیان نەخشاندوبەنوکی خامەکانیان کرداری نەخشاندنە ڕازاوەکانیان ئەنجامدەدا، القصيدة القصيرة جدا في الابداع السعودي، هەمان لاپەڕە.

جگە لەمەشEpigram :بەمانای ((پەند– وتەیەکی نەستەق )) دێت، فەرهەنگی مەورید، ئینگلیزی– کوردی،د.محمد عمر، چ١، ٢٠١٠ ، ل ١٩٦ .

**الهایکو: (( کورتترین چێوەی شیعری یابانیە، لە حەڤدە برگە پێکدێت ودابەش دەبێتە سەرسێ دێرە شیعر، دێری یەکەم وسێیەم لەپێنج برگە پێکدێت ودێری دووەمیش حەوت برگەیە، بەشێوەی کۆکردنەوەیەکی تەواوکۆکرایەتەوە و بارودۆخێکی دەروونی یاخوددیمەنێکی سروشتی دەخاتە ڕوو، لەسەرەتاکانی سەدەی سێیەم سەریهەڵدا)) ، معجم مصطلحات الادب،مجدی وهبة،مکتبة لبنان، بیروت،١٩٩٤،ص٢٠٢.

(٢) القصيدةالمركزةفي شعرعبدالرزاق الربيعي، طلال زينل سعيد حسن، ط١،دارالحوارللنشروالتوزيع،سوريا،٢٠١٢، ص١٦.

(٣) NANO الى SMSمن ال اسعد جبوری‌زعيم قصيدة نثر العربية،الكاتب رامزعبدالفتاح العمادي، ص(١)، www.alimbaratur.com.

***نانۆ: وشەیەکی گریکییە، بە مانای (کورتە باڵا– قەزەم ) دێت و زاراوەیەکە لە بواری زانستدا بە واتای بەشێك لە ملیار بەش دێت، (١٠-٩) ، http//www.uqu.edu.sa.

هەروەها nano نانۆ:(( پێشکۆیەکە کە لەبنەڕەتدا لەیۆنانی وەرگیراوەوبەمانای ( لەڕادەبەدەر بچووك) دێت))، فەرهەنگی تەکنۆلۆژیای زانیاری، ئینگلیزی– کوردی، زانستپەروەرانی کورد، چ٢،چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر،٢٠١١، ل٨٠.

(٤) www.poetry-on line.org.

(٥) www.short poems.org .

(٦) verse : (( (١) دێرە هۆنراوە. (٤) برگە هەڵبەست ، کەرتە هەڵبەست)) ، فەرهەنگی ئازادی ، ئینگلیزی – کوردی، د.حەمە ڕەشید قەرەداخی،چ٢، دەزگای چاپ و نەشری احسان،چاپخانەی اسوە، ٢٠٠٩ ، ل ١١٥٦ .

## • چەمك و ئەدگاری هونەری كورتیلە شیعر:

پێشتر لە باسی یەكەمدا تیشكمان خستە سەر زاراوەی كورتیلە شیعر و زاراوە هاوواتا بەكارهاتووەكانی، كە هەمان واتا وسیفەت وخەسڵەتی كورتیلەشیعر لەخۆ دەگرن، جا لەوڕوانگەیەوە بەشێك لەوپێناسانە دەخەینە ڕوو، كەنووسەران و ڕەخنەگرانی ئەم بوارە ئاماژەیان پێكردووە. هەڵبەتە لەژێر زاراوەی جیاواز و بە دەربڕینی جیاواز هەوڵی پێناساندنی كورتیلەشیعر دراوە ، وەك لەم پێناسانەدا بەدیدەكرێت :

– نووسەرو ڕەخنەگری عەرەبی (غالی شكری) لە پێناسەی چەمكی (قصیدة الومضة– بریسكە شیعر) دا دەڵێ : (( بریسكە زەبرەكانی شیعریی نوێیە، شیعرێكی كورتی چڕی دەوڵەمەندە بە ئاماژە و هێما و داخزان و فیچقە كردن)) .[1]

– شاعیر و ڕەخنەگری ئینگلیزی سامۆیل تایلەر كۆلیریدج (**Samuel Taylor Coleridge**) (١٧٧٢–١٨٣٤) ز دەڵێ : (( كورتەشیعر بریتییە لەبوونەوەرێكی بچووكی سەربەخۆی بێ كەموكوڕیی، كەلاشەكەی كورتبڕییەوگیانەكەی جیاكارییە))[2].

– شاعیر و نووسەری عەرەبی هاوچەرخ (عزالدین المناصرە) بەمجۆرە پێناسەی ( قصیدە التوقیعە = شیعری واژۆ) دەكات : (( كورتە شیعرێكی چڕ و پڕە، بارودۆخێكی لێكجودایی شیعریی سەرسوڕهێنەر و كۆتاییەكی كراوەی پڕ لەسەرا سیما و یەكلاكەرەوەی هەیە، هەندێكجار بۆی هەیە تاڕادەیەكی دیاریكراو درێژ بێ، بەوجۆرە شیعرە دەڵێن قصیدە التوقیعە)).[3]

– توێژەری عەرەب ( أدیب حسن محمد) دەڵێت (قصیدة الومضة – بریسكە شیعر) بریتییە: (( لەچەند وشەیەكی واتاداری دیاریكراو، لەسەر ژمارەیەكی كەم لەوشەدا بنیاتدەنرێت ، كەدەقێكی تەواو بەرهەم دێنێت ویەك بیرۆكەی بنەڕەتی دەگرێتەخۆوچەندین شێوەی شرۆڤە هەڵدەگرێت، بەهەموو ئاراستەیەك لەئەنجامی چڕییەكی بەدیهاتوو لە دەستەواژەیەكی بەرتەسكراودا ))[4].

– (د. محمد جابر عباس) دەڵێ : (( بریسكە شیعر نموونە شیعرێكی نوێیە، شێوە و وێنە و زمان و ڕیتمی ناوەكی و دەرەكی تایبەت بەخۆی هەیە، لەژمارەیەكی كەم لەوشەپێكدێ، بەڵام بەئاماژەیەكی زۆر بەهۆی چڕی ناوەرۆكەكەیەوە))[5].

– ((قصیدە التوقیعە = شیعری واژۆ : بریتیە لە شیعرێكی زێدە كورتی چڕ ))[6] .

---

(١) **بنیة القصیدة فی شعر عزالدین المناصرة،فیصل صالح ابراهیم القصیری، ط١، دار مجدلاوی للنشروالتوزیع ،عمان – الاردن،٢٠٠٦، ص٨٧.**

(٢) **القصیدة القصیرة جدا فی الابداع السعودی (١–٥)، د.مها مراد،ص(٢).**

(٣) **هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە(٣).**

(٤) **ماهي القصيدة الومضة،اديب حسن محمد،ص١،** www.ahewar.org .

(٥) **هەمان سەرچاوە ، هەمان لاپەڕە .**

(٦) **شعرية القصيدة القصيرة،مدونة ضرغام، الاطام ، العدد ٣٦ ، ص١ ،** deldrghal.blogspto.com .

– (د.محمد غازى التدمرى) دەڵێت : (( بریسكە شیعر بە زمان دەست پێدەكات و بە زمان كۆتایی دێت)).[1]

– ( شیعری نانۆ: بریتیە لەشیعرێكی یەكجار زێدە ورد، گرەو لەسەر كورتبڕیەكی یەكجار كورت دەكات وژمارەی وشەكانی پێنج وشەیە وپشت بەكردەوەیەكی چڕیی ناوزمان دەبەستێت ودەیەوێت دەوری خوێنەرلە هەموولایەكەوە بدات)).[2]

لەم پێناسانەدا تێبینی ئەوە دەكرێت كە ئەگەر چی چەمك و زاراوەكان لە ڕووی ناو لێنانەوە جیاوازن ، بەلاَم لە ناساندنی فۆرمی كورتیلە شیعردا تێكڕا جەخت لە شیعرێكی یەكجار كورت دەكەن، كە كورتبڕییەكی تەواو هەیە لە زمانەكەیدا و لە بروسكەیەكی خێرای زەینی چڕدا دەنووسرێت، كە لەنێوان پێكهاتەی وشەكانیدا خۆی لەبچووكترین قەبارەی چڕیدا دەدۆزێتەوە، چڕكردنەوەكەش بە ئاماژە و هێما بەرجەستەكراوە.

لەسەر ئاستی ڕوخسار وناوەڕۆكدا سنووری گرنگترین ئەدگارە هونەریەكانی كورتیلە شعر دەستنیشان دەكەین، هەرچی پەیوەستە بە ڕوخسارەوە ئەوەیە شاعیر چۆن بتوانێت (( بەیەك ڕستە یان چەند دێرە شیعرێك بێت ، گوزارشت لە چركەیەكی هەستی چركراوەدا بكات . بەمەرجێك چەندین ئاماژەو نیشانەو خوێندنەوەو لێكدانەوە هەڵبگرێت ، لەمیانی كەمترین ژمارەی وشەی بەكارهاتوودا ))[3]، جگە لەمەش ئەم فۆرمە شیعرە، شیعری دەوڵەمەند كرد لە ((هێما و نیشانە و ئیلهام و فیچقەی بێ گرێ دا))[4]. هەروەها گرنگیی بەسروشتی چەندایەتی وچۆنیەتی نووسین دەدات لەشیعردا ، كەچی لەوانەیە هەموو جارێك نەگونجێت یاری یاخود جێگۆڕكێ بە وشەكانی بكرێت، چونكە هەر وشەیەك لە وشەكانی ناو نووسراوەكە، كە ناوێك یاخود كردارێكە شوێنێكی تایبەت بەخۆی هەیە، بەلاَم هەندێكجار لە شیعری درێژدا ئەو دیاردەیە ئاساییەو دەتوانین بەسانایی هەستی پێبكەین و دێرە شیعرێك بەهەردوو نیوەكەی پێش دێرێك یاخود پاش دێرێكی تری بخەین[5] ، لەبەر ئەوەی لەشیعری درێژدا هەر دێرێك خاوەن بابەتێكی سەربەخۆیەو لەدێرە شیعرەكەی تر ناچێ .

كەچی لەكورتیلە شیعردا جاری وا ڕوودەدات ((دێرە شیعرێك یەك وشەیە تەواوی لاپەرەیەك پێك دێنێت، جا لەسەرەتای یان لەناوەند یاخود لەكۆتایی لاپەرەكە دابێت))[6]، یاخود ((زۆر دێر هەیە سەربەخۆیە ئەگەر لەناو شیعرێكی درێژیش بێت، گرنگترین شت بۆ بڕیار لەسەردانی ئەو دێرە شیعرە باشی و پێكهاتەكەیەتی))[7]، كەچی هەندێكجار وا ڕوودەدات (( لەلاپەرەیەك تێپەرنابێت تاكاریگەریەكی بەهێزی هەبێت ))[8].

---

(١) الومضة الشعرية ،فواز حجو،ص٦ ، www.startimes.com .

(٢) NANO الى SMSمن ال اسعد جبورى زعيم قصيدة نثر العربية التنقيب في ابار الشعر دون خوف، الكاتب رامز عبدالفتاح العمادى، ص(٢).

(٣) القصيدة القصيرة جدا فى الابداع السعودى (١–٥) ، د.مها مراد ،ص(٢).

(٤) الشعر الحديث الى اين؟ د.غالى شكرى،ط١،دار المعارف ،١٩٦٨،ص٩٦.

(٥) القصيدة القصيرة جدا فى الابداع السعودى (١–٥)،د.مها مراد ،ص(٢).

(٦) شعرية التوقيعة ....... فى شعر عزالدين المناصرة،د.حفناوى بعلى –الجزائر، مجلة الموقف الادبي،العدد٤١٣، ايلول ٢٠٠٥ ،ص ٦، www.awu-daw.org .

(٧) قصيدة الومضة في يمامة الكلام، د.خليل موسى، جريدة الاسبوع الادبي ، العدد ٩٥٦ ، ٢٠٠٥/٥/٧ ، ص١، www.awu-dam.org.

(٨) قصيدة المركزة فى شعر عبدالرزاق الربيعى، طلال زينل سعيد حسن،ص١٥ .

کەواتە لەئاستی چەمك و زاراوەدا کورتیلەشیعر هەندێك جار وەسفی فۆرمی جۆرە شیعرێك دەکات کە زێدە کورت و چڕو خەستەو بارستەی قەبارەکەی بچووکەو ژمارەی دێرەکانی یەکسان نین و لەیەك لاپەرە پێك دێت، بەلاّم چەمك و زاراوەی شیعری درێژ وەسفی فۆرمی جۆرە شیعرێك دەکات کە هەندێکجار شیعرەکە زێدە فراوانەو چڕ و کورت نییە و بارستەی قەبارەی نووسینەکەی گەورەیە و ژمارەی دێرەکانی یەکسانن و لەچەندان لاپەرە پێکدێت. کەواتە بەگوێرەی ئەوبیر ورِایانەی خستمانە ڕوو ئەم فۆرمە نوێیەی شیعر زیاتر جەخت لەسەر بەکارهێنانی ژمارەیەکی کەم لەوشەی بەکارهاتوودا دەکات، بەبچووکترین قەبارەوئەوەی زۆرتر گرینگە مەسەلەی چڕکردنەوەی هونەرییەکەیەتی، ئەمەشیان بۆ ئەوەیە تاکو دەقەکە زۆرترین ئاماژەی شیعریی لەخۆبگرێت .

چەمکی دەق لەڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخەوە، خاوەن خودێکی سەربەخۆو پێکهاتەیەکی زمانییە و بونیاتە تایبەتییەکەی بەپێی جۆرەکانی ئەرکی زمان دەگۆڕێت، لەوسۆنگەیەوە کەدەق لەسیستەمێکی زمانی دیاریکراودا پێکدێت، بۆیە گوتراوە دەق لە (( پەیوەندییە بەیەکەوە بەستراوەکانی نێوان ڕستەکاندا پێکدێت))[1] ، تیایدا (( ڕستە وەك بچووکترین یەکەی دەق دەردەکەوێت، بەلاّم تەنها خستنەپالّ یەکتری چەند رستەیەك بەدەق دانانرێت ))[2].

کەواتە پێویستە هاوتەباییەکی دەلالی گونجاو لەنێوان پێکهاتەی بونیاتی ڕستەکاندا هەبێت لەڕووی ئاماژەوە، بۆئەوەی بەتەواوی بەیەکیان ببەستێتەوە، بەلاّم لەڕوانگەی ( تۆدۆرۆف )ەوە(( دەکرێت دەق ڕستەیەك یاخود کتێبێکی تەواوبێت، کەداخراوی و سەربەخۆییەکی تایبەت بەخۆی هەبێت))[3].

کەوابوو بەگوێرەی ئەو بیروبۆچوونەبێت دەگونجێت ئەم کورتیلەشیعرانە دەقێکی سەربەخۆو تەواوبن،چونکە خاوەن بوون و بونیاتێکی تەواون، ئەگەرچی تاکە ڕستەیەکیش بن . کەواتە چەمکی ئەدەبیبوونی دەقی شیعریی لەم فۆرمەدا پەیوەستەبە لادانی زمانی و(ایحاء = سروشبەخش)ی وچڕکردنەوەی هێمایی لە ئاماژەی شیعریی و بەدەنگهێنانی هێما سروشتیەکان و مەزراندنی دوالیزمە هاودژەکان، کەواتە بوونی ئەم خاسیەتە هونەریانە وادەکەن کە هەر کورتیلە شیعرێك بە دەقێکی ئەدەبیی لە قەلّەم بدرێت، بەمەرجێك لە چوارچێوەیەکی هونەریی و کورتبڕیدا بێت، چونکە پێکهاتەی دەقی شیعری لەسەر دوو جەمسەری (جوانی زمانی و نوێکاری لە بینیندا دادەمەزرێت)[4].

لەڕووی ناوەرۆکەوە ئەوەی گرینگە ئەوەیە شاعیربتوانێت چۆن مەبەستە شیعرییەکانی بپێکێت ،بەمەرجێك ((دەستەواژەکانی چەندە کاریگەرو دێری پەند داربن))[5] .

---

(١) علم لغة النص – المفاهيم و الاتجاهات،د.سعيد حسن البحيرى ،ط١،مؤسسة المختار للنشروالتوزيع، القاهرة،٢٠٠٤،ص٩٦.

(٢) مدخل الى علم النص– مشكلات بناء النص ، زتسيسلاف وارزنياك ، ترجمة د.سعيد حسن البحيرى،ط١، مؤسسة المختار للنشر و التوزيع ،القاهرة،٢٠٠٣، ص ٩٦ .

(٣) مدخل الى علم النص و مجالات تطبيقه ، محمد الاخضر الصبيحي،ط١،منشورات الاختلاف،جزائر،٢٠٠٨، ص ٢٢ .

(٤) النظرية الادبية و مصطلحاتها الحديثة ، تأليف د. سمير سعيد حجازى، دارطبيةللنشر و التوزيع والتجهيزات الطبية ، القاهرة،٢٠٠٤،ص١٣٤ .

(٥) القصيدة القصيرة جدا فى الابداع السعودي (١–٥) ، د.مها مراد ،ص(١).

ئاشكرایه شۆڕشی زانستی وتەكنەلۆژیای نوێ، بەگشتی لەچەند ڕوویەكەوە كاریگەری بەسەر ئەدەبەوە هەبووە، بۆنموونە لەسەرهەڵدان ونوێكردنەوەی ئەم فۆرمە شیعرییەوهاتنە ئارای فۆڕمی هاوشێوەیدا لەم چوارچێوەیەدا زاراوەیەكی نوێ بە ناوی (شیعری نانۆ) هاتۆتە ئاراوە، كەهەمان ئەدگاریی هونەریی كورتیلە شیعری تێدایە، لە ڕووی كورتیی و كەمیی وشەوە. فۆرمەكانی (برسیكە شیعر و تلێكسی شیعری و شیعری نانۆ) لەكورتبڕیدا هەندێكجار تاكە ڕستەیەك یان سێ چوار وشە دەقێكی شیعری پێكدەهێنێ، ئەمانەش تێكڕا بەهۆی ئەو گۆڕانكارییە زانستی و تەكنۆلۆژییەی لەژیانی نوێی مرۆڤایەتیدا ڕوویداوە وكاریگەرییەكەی زۆربەی بوارەكانی ژیانی گرتوەتەوە، بەهۆی ئەو تەوژمە خێراییەی بەسەر هەموو شتەكاندا هاتە كایەوەو بووە، بەهۆی ئەوەی بەزمانێكی چڕگوزارشت لەم فۆرمە شیعرە بكەن، بەكەمترین ژمارەی وشەی بەكارهاتووتیایدا پەیامە شیعریەكە بگەیەنرێت [1]، هەرلەچوارچێوەی ئەم كاریگەرییەدا بزاڤی( minmalism ) لە ساڵانی شەستەكانی سەدەی ڕابردوودا لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هاتۆتە كایەوە و ناوەرۆكەكەی جەخت لەسەر (( كورتكردنەوە لە نووسین بۆ ژیانێكی كورت دەكات )) [2] .

شاعیر لەشێوازدا پەنا بۆ بەكارهێنانی كورتبڕیەكی زێدەكورت دەبات، چونكە ڕەوانبێژی خۆی كورتبڕییە ولە كورتبڕیشدا شتە زیادەكان لادەبرێت و شتە دوورەكان لەیەك نزیك دەكرێنەوە بەكەمترین ژمارەی وشە، كەزۆرترین مانا بەدەستەوە بدات، لە ڕێگای چڕكردنەوەیەكی یەكجار خەستدا، كەسوود بە ئاستی زمانەوانی و هونەری و جوانكاری بونیاتی شیعرەكە ببەخشێت، هەروەها لەبەرامبەر كورتبڕییدا (سكاكی) دەڵێت :(( كورتبڕیی بریتییە لەگەیاندنی مەبەستێك لە قسەكردندا، بەكەمترین دەستەواژەی هاوچەشن ))[3]. ئەوكورتكردنەوەیەش بە هۆی داماڵینەوە دەكرێت و(( بریتییە لەبەكارنەهێنانی وشە ودەربڕینی زیادە لە ڕستە ودەستەواژە شیعرییەكانیدا لەناوەڕۆكدا، بەهۆی ئەو داماڵینەی لەزمان و وێنە و ڕێنووسیان ئەنجامدەدرێت ودەرچوونیان لە قسەو فۆڕمێكی ئاسایی ودووربوونیان لەو یاسایانەی كەبۆیان داندراوە، ئەمەش وادەكات ڕستەی چیرۆكی بچێتە چوارچێوەی ڕستەی شیعریی وشیعریەت بە باڵای ڕستە چیرۆكییەكەدا ببڕدرێت، بەهۆی ئەو پاش و پێشخستنەی لەوشەكان دا دەكرێت. بەهۆی ئەو لابردنەی كە لەواتایەكی ڕێزمانی دیاریكراودا ئەنجام دەدرێت ))[4].

كەواتە لەكۆتاییدا دەگەینە ئەوئەنجامەی دەربارەی مەسەلەی سنووردارکردنی ئەدگارە هونەرەییەكانی كورتیلە شیعر بڵێین : كورتیلەشیعرەكان بە گشتی مامەڵە لەگەڵ جۆرە قەبارەیەك دەكەن، كە لەسەر كەمترین ژمارەی وشە بونیات نرابێت، بەمەرجێك پێكهاتەیەكی ئۆرگانی تەواو لەنێوان وشەكانیدا هەبێت، لەئاستی زمانەوانیشدا كورتبڕییەكی زێدە كورت و چڕكردنەوەیەكی زمانەوانیدا تەواوی تیا بێ و لەسەر چڕترین هێما و ئاماژەی ورد و بیرۆكەی جوانی ڕێك و پێكدا داڕێژرابێت.

---

(١) التجريب الفني في النص الشعري الجزائري المعاصر– الممكن والمستحيل، ص١، samar.in-goo.com.

(٢) الومضة الشعرية ، فواز الحجو،ص٢٠٠٢،١٠،www.startimes.com .

(٣) بعض فنيات فن الومضة عند محمد فري، محمد داني، ص١،www.matarmatar.net.

(٤) هەمان سەرچاوە ،ل ٢.

## بونیاتی هونەری کورتیلەشیعر:

کورتیلەشیعرهاوشێوەکانی خاوەن بونیاتی سەربەخۆو تەواون لەشێوەدا، هەریەکێك لەوشێوانە لەپێکهاتەکەیدا جۆرە بوونێکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەو سیفەتە وادەکات لە بونیاتی پێکهاتەکەیدا فرە شێوەیی پێکبێت.
بۆیە یەکێك لەلێکۆڵینەوەکان بەناوی (الومضة الشعرية– بریسکە شیعر) ئاماژە بەپێنج جۆرە شێوە دەکات و بەم شێوەیە پۆلینی دەکات)[1]:

### ١– خاوەن بونیاتێکی چڕ لە پێناسەدا:

لەم شێوەیەدا ناونیشانێك بۆ کۆمەڵە شتێك دادەنێت و هەرچی پەیوەستە پێیەوە دەیخاتە ڕوو، چڕیی دەکاتەوە لە چەند دێڕێکی کەمدا.

### ٢–خاوەن بونیاتێکی چڕ لە بەرامبەر یەکدا:

لەم شێوەیەدا چەندین وێنەی جیاواز یان بارودۆخی جیاواز بەرامبەر بەبارودۆخێکی تر دەکات.

### ٣– یەك دێڕی خاوەن بونیاتێکی داخراو:

لەم شێوەیەدا پشت بەیەك دێڕە شیعر دەبەسترێت، تەنهاجەخت لەسەریەك دێڕە شیعری سەربەخۆ دەکات. ڕەخنەگرانی پێشوو وەکو نموونەیەك ئەو دێرەیان وەردەگرت و دەیانکردە پێوەرێك بۆهەڵسەنگاندنی شیعرەکە و بڕیاریان لەسەر چاکی و خراپی شاعیرەکە دەدا. لەم جۆرەیاندا بنەمایەکی هاوبەش هەیە وکۆدەبێتەوە لەژێر تیشکی ئەو تێڕوانینەی کە سەرەتا و کۆتایی دێڕەکە هەڵێنجێنراوی بیرۆکەیەکی تەواوی شیعرە،نەوەك هەستێکی خۆبەخۆ.

HewalName

### ٤–خاوەن بونیاتێکی کراوە:

لەم جۆرە بونیاتەدا دەق کۆتاییەکی کراوەی هەیە، بەڕووی کۆمەڵە دەقێکی ئەدەبی دیکەدا،ئەمە(تناص– دەقئاوێزان) ی پێدەڵێن.

### ٥–خاوەن بونیاتێکی پێچاوپێچ:

ئەم جۆرە بونیاتە بریتییە لە کۆمەڵە شەپۆلێکی چڕ کە بەلێشاو بەیەك خاڵدا دەردەپەڕێت، تائەوکاتەی شیعرەکە خولێکی خۆی تەواو دەکات. پێکهاتەی شێوەی شیعرەکە وا نیشان دەدات، ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسۆیی سەیری بکەیت، وەکو کۆمەڵە بازنەیەکی سەربەخۆ دێتە بەرچاو، بەڵام لەڕاستیدا هەموو وشەکان بەشێوەی پێکهاتەیەکی تەواو وبەیەکەوە لکاون، کە بریتیە لە کۆمەڵە بازنەیەك لەناو یەك بازنەدا بە شێوەی پێچاوپێچ بەدەر دەکەون و یەك کۆتاییان هەیە.
وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا لەبەرئەوەی پێکهاتەی ئەو بونیاتە شیعرە زیندوویەتی تێدایە، بەهۆی فرەواتایی لە زاراوەکەیدا، وایکردووە ئەوفۆرمە هونەرییە فرەشێوە بێت، جا لەو تێڕوانینەوە ئاماژە بە لێکۆڵینەوەکەی (مدونة ضرغام) دەکەین ، بەناوی (شعرية القصيدة القصيرة – شیعریەتی کورتە شیعر)[2] ، بەم شێوەیە پۆلینی کردووە :

---

(١) الومضة الشعرية وسماتها،الدكتور. حسين كياني"الدكتور سيد فضل الله مير قادري"،ص١٥– ١٧،www.fonexe.net .
(٢) شعرية القصيدة القصيرة،مدونة ضر غام، ص١٠– ١٢.

## شێوەی یەکەم:

## خاوەن بونیاتێکی پێکهاتەیی سەربەخۆ:

ئەم شێوەیە لەچەند دێڕێکی سەربەخۆ پێکدێت، پێکهاتەکەی بونیاتێکی تەواوی هەیە ولەگەڵ یەکتردا دەگونجێن . کەواتە پێکهاتەیەکی هاوتەبایی هەیە ودێڕەکانی لەئاستی پێکهاتەوکۆتایی و ئاماژەکانیدا بەتەواوی بە کۆتایی شیعرەکەوە لکاون و تێکچرژاون، وەکو بازنەیەکی تایبەتی و سەربەخۆ دێنە بەرچاو. ئەم شێوەیە بە سێ شێواز پێشکەش دەکرێت و دواتر دەچێتەوە ناو چوارچێوە گشتیەکەی و خاوەن بونیاتێکی سەربەخۆی پێدەبەخشێت لە پێکهاتەکەیدا، ئەوانیش :-

### ا- شێوازی یەکەم:

لەم شێوازەدا شێوەی پێکهاتەی شیعرەکە پشت بەپێکهاتەیەکی بەرامبەر بەیەکترکردن دەبەستێت و لەئەنجامدا کۆتاییەکەی بە جیاکاری کۆتایی دێت. ئەو جیاکاریەش هەستی شیعری بەچڕی تێدا لە دایك دەبێت، ئەو شێوەیە لەهەموو شێوەکانی تر بەرچاوترە و بەگونجاوتر دادەنرێت.

### ب- شێوازی دووەم:

لەم شێوازەدا سەرەتای شیعرەکە تا کۆتایی یەکەی جوولەیەکی تێدایە ، نەك بە مەبەستی درووست بوونی جیاکاری، کە جێگای کۆبوونەوەی تیشکی بینینی شیعری بێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئاماژە شیعریەکان گرنگی بەلایەنێکی تایبەتی هزری بدەن . واتە لەو ستایلەدا کورتیلە شیعرەکان خاوەن بونیاتێکی کراوەن، لەسەرەتای شیعرەکەوە تا کۆتایی یەکەی گەشە دەکەن و جووڵەدارن. ئەمەش بوونێکی گەشەسەندووی تەواوی پێدەبەخشێت ، کە لەکۆتاییەکەیدا بینینێکی وردی هزری درووست دەبێت، بە هۆی ئەوەی بناغەکەی هزرە.

### ج- شێوازی سێیەم :

لەم شێوازەدا شیعرەکان لە وێنەی زۆر وردیلەی بچکۆڵە پێکدێن ، بە ئاسانی و سادەیی نابینرێن و زۆر بەتوندیش بە کۆتاییەکەیەوە پەیوەستن و لەگەڵ یەکدا گونجاون بۆئاماژەکردن بەبارودۆخێکی گشتی، کە بەکۆتایی شیعرەکەوە لکاوە. واتە شتەکان لەسەر ئاستی بەرامبەری و ئامـاژەیی بە شێوەیەکی تر دەردەکەون، بەهۆی ئەو ستایلەی کە خاوەن بونیاتێکی ئامادەکراوە، کە لەکۆتاییەکەیدا ڕێرەوێکی سەربەخۆی هەیە[1].

---

(١) شعرية القصيدة القصيرة،مدونة ضر غام، ص١١.

## شێوەی دووەم :

## خاوەن بونیاتێکی پێکهاتوو لە چەند بڕگەیەك :

ئەو شێوەیە دەکرێت ناوبنرێت شێوەیەکی ئاوێتەکراو، کە ئاماژە بە تایبەتمەندیەکی سەربەخۆ دەکات لە پێکهاتەی بڕگەکاندا، لەچوارچێوە گشتییە تایبەتمەندییە ئاوێتەبووەکەیدا، لەکۆتاییەکەیدا بونیاتێکی یەك بەشی بۆ سەربەخۆیەکەی دروست دەکات وبونیاتێکی گشتیش بۆبەیەکەوە پەیوەستبوون دروست دەکات. کەواتە خاوەن دوو بونیاتە و هەردووکیان بەیەکەوە بەستراون وپەیوەندیەکی تۆکمە لەنێوانیاندا هەیە، کە دەکرێت ناوی لێبنێین: بازنەی لێکچوودایی و پەیوەندی، لەناو شێوەی ئەو بازنەیەدا، شێوە شیعرێك هەیە کە شیعرێکی درێژە و بریتییە لەچەند کورتیلەشیعرێك، ئەوەش وا دەکات ببێتە خاوەن بونیاتێکی پێکهاتوو لەچەند بڕگەیەکی شیعریدا، هەریەکێك لەو شێوە شیعرانە پێکهاتە و یەکەیەکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام ئەو شێوانە بەڕووی یەکتردا دەکرێنەوە لەچوارچێوە خودی و گشتییەکەیدا، کەم بایەخ بە کۆتایی شێوە شیعرییەکەی دەدات، بەڵکو مرۆڤ وا لێدەکات کەخۆی کۆتایی شیعرەکە بەتەواوی بخوێنێتەوە و بەدوای ئاماژە گەشەسەندووە زیندووەکاندا بگەڕێت و تێیدا تایبەتمەندیە بونیاتیە سەربەخۆکەی پچڕ پچڕ دەبێت، بەهۆی ئەو فرە بونیاتەی لە پێکهاتەی شێوە گشتییەکەیدا هەیە، ئەوچەند بونیاتەشی وادەکەن خوێنەر لەمیانی خوێندنەوەکەیدا هەست بەدوو شێوە شیعری لێکجوودایی و پەیوەندی بکات لە ناو یەك بازنەدا، کە زۆر لەیەکترجیاواز نین و زۆر بەتەواوی بەیەکەوە بەستراون. ئەم تایبەتمەندییەی شاعیر لەسەر دوو ئاستدا لە شێوە شیعریەکەیدا پەیڕەوی دەکات بەم شێوەیە:

### ئاستی یەکەم :

شاعیر شێوەی گشتی شیعرەکەی بە دانانی چەند ژمارەیەك پارچە پارچە دەکات بۆگەورەترین شێوە، واتە لەبچووکەوە بۆ گەورەترین شێوە (١ ←٢ ←٣ ←٤...هتد).

### ئاستی دووەم :

شاعیر لەو شێوەیەدا ناونیشانێکی گشتی بۆ شێوەی گشتی شیعرەکەی دادەنێت و پاشان بۆ بەشەکانی تری ناونیشانێك هەڵدەبژێرێت لەناو چوارچێوەی ناونیشانە گشتییەکەیدا. هەرچەندە جیاوازی لەناوەڕۆکیاندانییە، بەڵام لە ئاستی شێوەی دووەمدا هزرە شیعرییەکە زیاتر ڕوونترە وناونیشانە بچکۆلەکان بۆ هەر کورتیلەشیعرێك بوارێکی هزری بە شێوەیەکی چاك وتەواو بەرجەستە دەکات. کەچی ژمارە دانان (١– ٢– ٣–٤...هتد) لە شیعرەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەوشێوە شیعرەکراوەتەوە بە ڕووی شیعری درێژدا وهەروەها ئاماژەی هزری وای تێدایە بەرەو دروست بوون و پێگەیشتنی تەواو دەچێت. ئەو فرەبونیاتیە لەوشێوەیەدا کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەربەهای ئەدەبیی شیعرەکە، کە لەکۆتایی شیعرەکەدا کۆتاییەکی پڕشنگداری پێدەبەخشێت، لە چرکەیەکی چڕی زێدە کورتدا[1].

---

(١) شعرية القصيدة القصيرة،مدونة ضر غام،ص ١٢.

بۆیە ئێمەش لەڕوانگەی ئەو دابەشکردنانەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، پێکهاتەی شێوەی کورتیلەشیعر بەگوێرەی دەقە کوردییە بەکارهاتووەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەمجۆرە پۆلێن بکەین :

١- کورتیلە شیعری چڕی پێناسە ئامێز.

٢- کورتیلە شیعری چڕی خاوەن بیرۆکەیەکی سەربەخۆ (داخراو).

٣- کورتیلە شیعری چڕی بیرۆکەدار (کراوە).

٤- کورتیلە شیعری چڕی خاوەن بونیاتێکی دژ یەك.

٥- کورتیلە شیعری چڕی خاوەن بونیاتێکی شێوە پرسیار و وەڵامی یاخود پرسیاری .

HewalName

## تەوەرەی دووەم : شیعرێتیی کورتیلە شیعر:

چەمکی شیعرییەت لەتیۆری نوێی ئەدەبییدا گرنگییەکی زۆری پێدراوە، بە بۆچوونی زۆربەی شارەزاو رەخنەگرانی ئەم بوارە شیعرییەتبوونی دەق، پترپێوەندە بەپێکهاتە زمانیەکەیەوە، بۆنموونە بەڕای زمانەوان وئەدیبی ڕوسی (ڕۆمان جاکۆبسۆن) (١٨٩٦–١٩٨٢) ز، شیعرییەت بەشێکە لە زمانناسی و ئەرکی شیعریەتیش لەئەرکەکانی زمانەکەیدایە، لەم بارەیەوە گوتویەتی: (( ئەوەی لەشیعرییەتدا بەتەواوی گرنگە بونیاتی زمانەکەیەتی، وەکوچۆن وێنەکێشان گرنگی بەبونیاتی وێنەکە دەدات، چونکە زمانناسی ئەو زانستە گشتگیرەیە گرنگی بەبونیاتەکانی زمان دەدات، بۆیە دەتوانین شیعرییەت بەبەشێکی جیانەبووەوەی زمانناسی دابنێین))[1]، بەلاَم ڕەخنەگری فەرەنسی (جان کۆهین) لەتیۆرەکەیدا کەبەناوی (شیعرییەتی لادان)ەوە ناوبراوە، زیاتر جەخت لەسەرچەمکی لادان دەکاتەوە، لەلێکدانەوەو شیکردنەوەی تیۆرەکەیشیدا گرنگی بەزمانناسیداوە، هەرلەم ڕوانگەیەوە پێیوایە: (( شیعر زانستی لادانە زمانییەکانە))[2]. کەچی ئەدیبی بولگاری (تز ڤیتان تۆدۆرۆڤ) بەجۆرێکی تر سەیری چەمکی شیعرییەتی کردووەو هەوڵیداوە یاسایەکی گشتگیری بۆدابنێت، کەهەموو ژانرە ئەدەبییەکان بگرێتەوە، نەك هەرتەنها بەژانری شیعری ببەستێتەوە، چونکە پێیوایە شیعرییەت زانستێکی تایبەتە بە هەموو ئەدەب نەك تەنها شیعر. کەواتە چەمکی شیعرییەت لە سنوورە تەسکەکەی شیعردا دەردەچێت و سنوورێکی فراوان بۆ خۆی داگیر دەکات و دەبێتە ناوێك بۆ زانستی ئەدەب بە گشتی کە هەموو ژانرەکان دەگرێتەوە. جگە لەمەش چەمکەکە ئەو یاسا و خەسڵەت و تایبەتمەندییانە دەگرێتەوە، کە لەخودیی دەقێکی ئەدەبیدا خۆیان دەنوێنن[3]. کەواتە شیعرییەت هەوڵێکە بۆ ((زانینی ئەو زانیاریانەی کە یاسا گشتیەکانی لەدایکبوونی کارێکی ئەدەبی دیاری دەکەن، دواتر بەدوای ئەو یاسایانەدا دەگەڕێن، کە لە خودی ئەدەبدا بوونیان هەیە))[4].

سەرەڕای ئەوەی خستمانە ڕوو لەڕوانگەی (تۆدۆرۆڤ) هوە(( بابەتی شیعرییەت لە هەمووجۆرە گوتارەکاندا دەبینرێت، لەبەر ئەوەی ئامانجی شیعرییەت هەر تەنها وەسفکردن و شیکردنەوەی ڕاستی کارە ئەدەبییەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکو ئامانج لێی دۆزینەوەی ئەو مەرجانەن کە بوونەتە هۆی ئەوەی بەکارێکی ئەدەبی دابندرێن، کە ئەوانیش دامەزراندنی تیۆرێکی ئەدەبی و شیکردنەوەی شێوازەکانی دەقن ))[5].

کەواتە بەگوێرەی ئەو بیرو بۆچوونانەی ئاماژەمان پێدا دەتوانین شیعرییەتی کورتیلەشیعر دیاری بکەین، بەهۆی ئەوەی بنەمای بونیاتنانەکەی چڕیی و کورتیی کەرەستە زمانییەکەیەتی، چونکە لەڕووی شێوەدا پێکهاتەکەی هێندە هەستیارە شتی زیادە هەڵناگرێت و کاریگەریەکی مەزنی هەیە بە مەرجێ ئەو چڕیەی کە شیعرەکەی لەسەردامەزراوە و

(١) قضايا الشعرية، رومان ياكبسون، ترجمة محمد الولي و مبارك حنون،ط١، دار توبقال للنشر، دار البيضاء، المغرب ،١٩٨٨، ص ٢٤.

(٢) بنية اللغة الشعرية، جان كوهين، ترجمة محمد الولي ومحمد العمري، ط١،دار توبقال للنشر، دار البيضاء ، المغرب، ١٩٨٦،ص ١٥.

(٣) الشعرية،تزفيطان طودوروف، ترجمة: شكري المبخوت و رجاء بن سلامة،ط١، دار توبقال للنشر ، ١٩٨٧، ص٢٣–٢٤.

(٤) في المصطلح النقدي، د.احمد مطلوب ، منشورات المجمع العلمي، مطبعة المجمع العلمي، بغداد،٢٠٠٢، ص ١٥٢

(٥) شعرية النص الصوفي في الفتوحات المكية لمحيي الدين بن عربي، د.سحر سامى، الهيئة المصرية للعامة لكتاب ، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٢٩ .

سەرچاوەکەی هەستیاریەکی تەواو وهەڵقوڵاوە لە توانای شاعیریتیەکی بەرز بۆکۆکردنەوەی واتای زەینی و هەستی لەیەك سەرنجدا، پاشان وێنەشیعریەکە ڕواڵەت وقوڵایی شیعریی دێنێتە دی، چەمك وزانینە هەستیەکەی پەیوەستەبە تاقیکردنەوە و کاکڵەکەی شاعیریەتی لەسەر بونیات دەنرێت[1] .

ئەو بار و دۆخ و هەستیە شیعریە و وردبوونەوە قووڵەی کە لەزانیاریەکی قووڵدا پەیدا دەبێت، لەئەنجامی ئەوەیە کە لەشتە بچووکەکانی تاقیکردنەوەی مرۆۋ دروست دەبێت، دواتر لەناوچەی نەستدا دەچەسپێت و ناسرِدرێتەوە، چونکە ئاماژەکەی لەچرکەیەکی خێرای بریسکەدان دا پەیدا دەبێت [2]. کەواتە چڕییە شیعریەکەی بە ئاماژە و هێما و هەڵچوونێکی بریسکەدار و داهێنانی شیعری بە ئاگایی شیعریەتێکی قووڵەوە دەوڵەمەند دەبێت. لەسەرچاوەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا ، لە ڕەهەندی جیاوازەوە ئاماژە بە ئەدگاری شیعریەت بوونی کورتیلەشیعر دراوە و لێرەدا زیاتر لەدیوی ئەم ڕەگەزانەوە باسی شیعریەتی کورتیلەشیعر دەکەین :

## • ناونیشان:

ناونیشان وەك ڕەگەزێکی گرنگ بەهایەکی تایبەتی هەیە لەئاستی پێکهاتەی بونیاتی دەقی ئەدەبیدا، لە کۆمەڵە دەلالەتێکی واتاییدا پێکدێ و لە چوار چێوەی دەربڕینێکی پوخت و ئیجا بەخشدا پێشکەش دەکرێت . ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە دێت کە ((ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخ، لەژێر کاریگەریی لێکۆڵینەوەکانی زمانناسیی دەق و سیمۆلۆژیادا (semiology) گرنگی بە بونیات و پێکهاتەی خودی ناونیشان و چۆنیەتی پەیوەندی بە دەقەکەیەوە داوە و ناونیشانی وەکو ڕەگەزێکی سەربەخۆی پێکهاتەی بونیادی هونەری دەق لەقەڵەم داوە))[3] . کەواتە ناونیشان دەروازەیەکی سەرەکییە بۆخاڵی دەستپێکردنی ئەم پەیوەندییەی کە نووسەر لەنێوان خوێنەر و دەقەکەدا دەیخولقێنێت، تاوەکو بەشداری لە پرۆسەی خوێندنەوەی دەقەکەی دا بکات. کەواتە بە شێوەیەك لە شێوەکان ناونیشان ئەڵقەیەکی گەیاندنە بۆ ئەوەی زانیارییەکانی نێو دەقەکە بە خێرایی بۆ خوێنەر بگوازێتەوە، بەمەش بەهای ئەدەبی دەقەکە بەنرختر دەکات، لەبەر ئەوەی ناسنامەیەکە هەڵگری کۆمەڵە زانیارییەکی وردە سەبارەت بە دەقەکە، کە ئاماژە و وێنە چڕکراوە بچووکەکانی دەقەکە لەخۆ دەگرێت، بۆ ئەوەی بەخوێنەری بناسێنێ تاوەکو لە ڕێگەی بینینییەوە کۆدە نهێنیەکانی دەقەکە بخوێنێتەوە هەتاوەکو بتوانێت لایەنە داخراوەکانی شیبکاتەوە، بەهۆی ئەو کاریگەرییەی کە ڕۆڵی شاعیر دەستنیشاندەکات لەو چڕبوونەوە هونەریە شیعرییەی کە لە پێکهاتەی دەقەکەیدا ئەنجامی داوە . کەواتە دەکرێت گرنگی وستراتیژیەتی ناونیشان لە کورتیلە شیعرەکاندا دیاری بکەین لەو ئاستە جیاوازانەی کە لە دەقەکەدا هەیەتی، بەتایبەتیش لەسەر ئاستی پێکهاتەیی دەقە شیعرییەکاندا شوێنێکی تایبەتی هەیە وخاڵی دەستپێکی پێکهاتەی شیعرەکەیە لەسەر

HewalName

---

(١) الومضة الشعرية وسماتها، نقلاعن التراث و التجديد فى الشعر السياب،عثمان حشلاف ، الجزائر،١٩٨٦، ص١٢٨–١٢٩، www.fonxe.net .

(٢) شعرية القصيدة القصيرة ،مدونة ضرغام ، ص٤.

(٣) دەقی ئەدەبی ، ئەدگار. چێژ. بەها، د. فوئاد ڕەشید ، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر،٢٠٠٧، ل٥١ .

ئاستی دەلالیشدا خاوەن قوڵبوونەوەیەکی چڕی واتاییە ولەدەلالەتی گشتی دەقەکەوە هەڵدەهێنجێندرێ وبەشێك لـە سـیما و ئاماژە دەلالیە گشتییەکانی تێدایە.

کەواتە بەپێی زمانناسیی دەق دەگونجێت هـەموو دەربڕینێـك لـە ڕەهەنـدێك لـە ڕەهەندەکانـەوە مامەڵـەی دەقـی لەگەڵدا بکرێت و بەهۆی ئەو شیعرییەتەی کەلە پێکهاتەی تەواوی دەقەکەدا هەیە، دەگونجێت هـەمان شـیعرییەت لـە دەربڕینێکـی چەند وشەییشدا هەبێت . لەبەر ئەوەی هەندێکجار ناونیشان هەیە لەچەند وشەیەك پێکدێت و بەشـێکە لـە پێکهاتـە گشـتی یەکەی دەقەکەو دەگونجێت هەمان سیفەتی شیعریەتی ئەدەبی تێدا بێت. کەواتە بایەخی ناونیشان لە کورتیلە شـیعردا لـە ئاستی پێکهاتەیی دا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پێگەیەکی گرنگی هەیەو لەلوتکەی سەرەوەی دەقەکەدایـە لـە چوارچێوەی لاپەڕەی نووسراودا، کەلەمیانی کەناڵێکی پەیوەندی کردندا پەیامێکی کورتیی چڕیی نووسەری هـەڵگرتووە، کـە ئاراسـتەی خوێنەری دەکات، تاکو لە ڕێگەی شیکردنەوەی پێکهاتەی شیعرییەتی ناونیشانەکەوە ئەم ئامـاژە ورد و چـڕانە بدۆزێتـەوە کە لە شیعرییەتەکەی دا بەدەردەکەون، ئەمەش بە شێوەیەك بەدەست دێت کـە ناونیشـانەکە هەنـدێك لـە ئاماژەکـانی نێـو دەقەکـەی لـەخۆگرتبێت وبـەهۆی هێـزی دەربڕینـی نـاوەرۆك وشـیعریەتی دەقەکـەی بەگشـتی کارلەناونیشـانەکە دەکـات. کەواتە ناونیشان لەم کورتیلانەدا پێکهاتەیەکی زمانی و سـیمیۆلۆژی دەقەکـە نیشـاندەدا و دەکرێـت لـە پـاڵ ڕەگـەزەکانی تردا کاریگەرییەکی بەهێزی هەبێت، لەبەرەو پێشبردنی شیکردنەوەی دەقـە شـیعریەکاندا، لەبـەر ئـەوەی ڕەگـەزێکی وەك (( ناونیشـان تـەنیا دەسـتەواژەیەکی زمانـەوانی دابـڕاو نییـە، بـەڵکو کلیلێکـی ڕاڤـەکاریی بنچـینەییە بۆکردنـەوەی لایەنـە داخراوەکانی دەق))[1]. کەواتە لە ڕێگەی ڕەگەزی ناونیشانەوە بەشێکی دیاری کۆدەکانی دەق ئاشکرا دەبێت.

- **وێنە :**

وێنەی هونەریی وەکو ڕەگەزێکی گرنگی شیعر پێکهاتەیەکی ئیستاتیکی هەیە، کە خەیاڵ ڕۆڵـی سـەرەکی تیـادا دەبینێـت، تاوەکو ئەو توخمەجیاوازانە کۆبکاتەوە کە لەسەر چاوەکانیانەوە دروست دەبن و پاشان هاوسەنگییەك لـە نێوانیـان بـەرپا بکات، بۆئەوەی وێنەیەکی تایبەتی دروست بکات کە گوزارشت لەهەڵوێسـتەکانی شـاعیربکات، لەبەرئـەوەی (( هۆکـارێکی هونەرییە بۆگواستنەوەی ئەزموون ودەبێتە بەشێکی چالاك لەبونیاتی هونـەری شـیعردا))[2]. کەواتـە بەشـێوەیەکی گشـتی ئەو وێنەیە پەیوەندییەکی کاریگەرو بەهێزو ڕاستەوخۆی لەگەڵ شیعردا هەیـە وهەنـدێکجار سـەرتاپای شـیعرەکە پێکـدێنێ ودەبێتە تاکە ڕێگایەك بۆ ئەوەی ئەفراندن لە شیعردا دروست بکـات، هـەروەکو چۆن شـاعیری ئـەمریکی (ئـەرزا پاوەنـد) بڕوای وایە (( وێنە ڕواڵەتێکە لە تێکەڵ بوونی عەقڵ و سۆز بەرجەستە دەبێت لەچرکەیەك لەچرکەکانی ژیانـدا))[3]. کەواتـە وێنە لە کورتیلەشیعرەکانیشدا وەکوڕەگەزێکی هونەری بەهاو ئیستاتیکیەتی تایبـەت بـەخۆی هەیـە، چـونکە ئـەو کورتیلـە شیعرانە فۆرمێکی هونەری شیعری نوێن، بۆیە ئەو وێنەشیعرییانەی بەشداری لەبونیاتەکەی دەکـەن وێنـەی یـەکجار خێـران

(١ ) دەقی ئەدەبی ، ئەدگار. چێژ. بەها، د. فوئاد ڕەشید ، ل٥٣.

(٢) بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا ١٩٧٠–١٩٩١، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، چ ١ ، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ، سلێمانی ،٢٠٠٤، ل ٣٠.

(٣) الحداثة ، مالكم براد بري ، ت: مؤيد حسن فوزي ، بغداد، دارمأمون للنشر،١٩٨٧، ص٤٩.

کەواتە وێنەکان لە چەشنی بروسکەیەکی تیژڕەو و زۆر هێزدارن بۆ چوونە ناو قووڵایی ناخی مرۆڤ و یادگەکانی، بەهۆی ڕووناکیەکی بلێسەداری پڕ لەبیرۆکەدا، کە لەناکاو دا دێتەئاراوە لە چرکەساتی داهێنانی شیعریدا.

کەواتە کاریگەری کورتیلە شیعرەکان لەسەرمرۆڤ پەیدا دەبێ وجێ پەنجەی لە هەستی مرۆڤدا بەجێ دەهێڵێت، چونکە کورتیلە شیعر زیاتر پشت بە (( چڕی بابەتەکە دەبەستێت و وێنە شیعریەکانی دابەش بووینە سەر دەقە شیعریەکە بە درێژایی شیعرەکە))[1] . کەواتە سنووری پێکهاتەکەی زۆر فراوان نییە زیاتر بەرەو کورتبڕی و کورتکردنەوەیەکی زۆر کورت هەنگاو دەنێت، چونکەخاوەنی یەك بیرۆکەویەك بابەتە، لەبەرئەوەی کورتیلەیەو بەکورتی شتەکان لە یەك بیرۆکەوە هەڵدەقولێت، بەڵام شیعری درێژ چونکە خاوەنی چەندان بیرۆکەیە و بەرفراوانترە و بەرەو چەند لایەنێك هەنگاو دەنێت و تیایدا (بابەتەکان و وێنە شیعریەکانی پەرش و بڵاون)[2] وهەر دێڕێك وێنە وبابەتێکی تێدایە، کە بە هەموویان چەندان بابەت و وێنەی شیعریی لەخۆ دەگرن بۆبەدیهێنانی زیاتری ئەم مەبەستە، شاعیران هەوڵیانداوە هەندێکجار سوود لە هونەری شێوەکاری و میوزیك و وێنەی سینەمایی و ڕۆمان و شانۆگەری نوێ وەربگرن، بەم جۆرەی خوارەوە:

## • شیعری وێنەیی:

مەبەست لەم چەمکە ئەو جۆرە دەقانەیە کە شاعیر تیایدا لە دابەشکردنی پیت و وشە و ڕستەکاندا بەسەر ڕووبەری سپیایی کاغەزەکەدا شێوەیەکی تایبەتی دەخولقێنێ . واتە دەقە شیعریەکە دەخاتەنێو(( دەربڕینێکی شێوەکاریانەدا کە لەدنیای کەڤاڵێکدا نزیك دەبێتەوە))[3]، هەربۆیە شیعرەکەی وەکو تابلۆیەکی شێوەکاری دێتە بەرچاو، بەڵام شاعیر لەم جۆرە دەقانەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەنگ بەکارناهێنێت، بەڵکو هێما بۆ ڕەنگەکەی بەکاردێنێت و ئاماژەی پێ دەکات و بریتییە لە: وشەیەکی چەند بڕگەی دەنگدار، هیچ تایبەتمەندییەکی ڕەنگە بنەڕەتییەکەی تێدا نییە، تەنها لە ڕێگەی هێنانە بەرچاودا وێنای دەکات و بەکاریدەهێنێت . بەمجۆرە گوێ ئەو دەنگە دەبیستێت لە شێوەی وشەی خاوەن چەند بڕگەی دەنگدار یاخود چاو وەریدەگرێت وەکو شێوەیەکی نیگارکراو لەهەمان پیتەکاندا [4].

کەواتە مۆرکێکی شێوەکاری بەگوزارشتی شیعریی دەبەخشێ و مەیدانی شیعرەکە دەبێتە تابلۆیەکی هونەرییانە و زۆربەی تواناکانی وێنەکێشی تێدا بەکاردەهێنرێت ودەکرێت بەدوو وشە پێناسەی بکەین، کە ئەویش بریتییە لە شیعر و وێنە.

بۆیە هەندێکجار شاعیر((لەجیاتی وێنەی شتە ڕاستەقینەکە بکێشێت دێت وێنەی کاریگەری و ئاسەوارەکەی بەکاردەهێنێت لە هونەری وێنەکەیدا ))[5] .

---

( ١) القصيدة القصيرة جدا في الابداع السعودي (١–٥) ،د.مها مراد ،ص(٣).

( ٢) القصيدة الطويلة فى الشعر العربي المعاصر، الدكتور احمد زهير الرحاحلة،دارالحامد للنشر والتوزيع،عمان –الاردن،٢٠١١، ص ٥٥.

(٣) القصيدة المركزة فى شعر عبدالرزاف الربيعي ، طلال زينل سعيد حسن ، ص (٩٦).

( ٤) الشعر و الرسم ، فرانكلين د.روجرز ، ت . مي مظفر ، ط١ ،دار المأمون للترجمة و النشر ، بغداد،١٩٩٠،ص٤٦.

( ٥) بنية اللغة الشعرية ، جان كوهن ، ص٢٠٣.

لێرەدا دەکرێ ئاماژە بەبیروڕای شاعیری یۆنانی کۆن (سیمۆندز– simondes)(٥٥٦–٤٦٨) پ. ز بکەین، کە دەربارەی پەیوەندی نێوان شیعرو وێنە دەڵێت: (( وێنە شیعرێکی بێدەنگە و شیعریش وێنەیەکی قسەکەرە))[١] ، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بەرچاو لە نێوان ئەو دوو هونەرەدا هەیە، کە لە زۆر ئاست و بواری جۆراوجۆری شێوەکاری و گوزارشتی جیاوزدا بەکاردەهێنرێت. دەتوانین پەیوەندی نێوان شاعیر و وێنەکێش دیارییبکەین، تاوەکو زیاتر کاریگەری ئەوپەیوەندیە بە هێزەی نێوان ئەو دوو هونەرە بخەینە ڕوو، کەشاعیر هزرەکەی لە شیعردا بەرجەستە دەکات، بەڵام وێنەکێش لە وێنەکەیدا، چونکە شیعر و وێنە دوو ئامرازی بابەتین لە ڕێگایانەوە پەیامی هونەرمەند بە جیهان دەگات و کەلوپەلی بەکارهێنانیان لە داهێناندا جیاوازن، بەڵام وەکو دیارە تەنەکان بە هەموو تایبەتمەندییە بینراوەکانیان بابەتی تایبەتین بە وێنە و ڕووداوەکانیش بابەتی تایبەتین بە شیعر، کە شاعیر و وێنەکێش بە تێر و تەسەلی شتەکان وەکو خۆی ناخەنە ڕوو کە لە جیهانی ڕاستەقینە هەیە، بەڵکو هەر یەکێکیان بارودۆخە هزرە تایبەتیەکەی خۆی بە تەنها بەکاردێنێت لە بواری تاقیکردنەوە لەسەر ئاستی خود و ڕاستەقینەیدا[٢] . بۆیە دەکرێت لەو ڕوانگەیەوە بڕوانینە شیعر کە لە دوو هەستی ناسراو یان زیاتر پێکدێت، (( هەروەکو چۆن بۆ چاو دەنووسرێت، ئاواش بۆ گوێ دەنووسرێت))[٣] . کەواتە لەیەك کاتدا بیستن و بینینە، کە بۆ چاو دەنووسرێت بۆ خوێندنەوەیە لەسەر کاغەز، کە بۆ گوێش دەنووسرێت بۆ ئەوەیە چۆن وەرگر دەیبیستێت لە چرکەی خوێندنەوەی شیعرەکە لەلایەن شاعیرەوە. سەرەڕای ئەوانە شیعر وای کرد هەست زاڵ بێ بەسەر ئەو وێنە شیعریانە، تا لە ڕێگەی وردبینی و بیرکردنەوەی شیعریدا، لە واتا و ئاماژە شیعرییە جۆر بە جۆرەکاندا لە واتای شیعرەکان بگەین . بەمجۆرە لە هونەری شێوەکاریدا شیعر سیفەتێکی تابلۆیی وەرگرت، کە پێکهاتووە لە گوزارشتێك کە توانایەکی زمانی کۆکراوەی شیعری تێدایە، لەگەڵ تواناکانی شێوەی هونەری وەرگیراو لە هونەری وێنەدا تاوەکو شیعرەکە بگاتە بەرزترین قۆناغی خەستیی وچڕیی، کە توانایەکی جوانکاری وێنەیی پێیبەخشێت.

هەرچی پەیوەندی بە هونەری وێنەی سینەماییەوە هەیە ئەوەیە، کە شیکردنەوەی ڕەخنەی نوێ زۆر بە وردی دەڕوانێتە ئەو پەیوەندییە تێکەڵاو بووەی کە لە گشت هونەرە داهێنەرەکاندا دێتەدی . یەکێك لەوهونەرانەش هونەری وێنەی سینەماییە، کە سنووردار کردن و مەزراندن و پیتاندنێکی گرنگ لە نێوان ئەو جۆرە شیعرە و تەکنیکەکانی سینەمادا دیاری دەکات، بە تایبەتیش مۆنتاژ و شێوەکانی سیناریۆ نووسین . لەمیانی چڕکردنەوەیەکی زمانیدا گرنگترین تەکنیکەکانی سینەما لە ناوەوەی دەقی شیعریدا دەمەزرێنێت، بۆیە هەندێك کورتیلە شیعرمان هەیە مۆرکی شیعری وەسفییان پێوەیە، چونکە شیعری وەسفیش بایەخێکی زۆر گرنگ بە وەسف و وێناکردنی شوێن و کات و کەسایەتیەکان دەدات، هەروەها سیناریۆش بەیەکێك لە ڕێگا بنەڕەتیەکانی بایەخ دەدات بە وەسفی شوێن و کات و کەسایەتی وبریتییە لە (( ئامادەکردنی چیرۆکێك تا ببێتە فیلم، واتا وەرگێڕانی لە کردەیەکی خوێندراوەوە، بۆ دیمەنە بینراوەکان وگرتەکان،

---

( ١) الشعر و الرسم ، فرانكلين د.روجرز ، ص٤٦.

( ٢) صناعة الأدب ، بعض مباديء لنقد في ضوء نظريات النقد القديمة و الحديثة ، ر.ا.سكوت جيمس ، ترجمة هاشم الهنداوى،مراجعة د.عزيز المطلبي،دارالشؤون الثقافية العامة،بغداد،١٩٨٦ ،ص١٥١ .

(٣) نظرية الأدب ، رينية ويلك و اوستن وارين ، ترجمة محي الدين صبحي، المجلس الاعلى لرعاية الثقافةوالفنون والاداب والعلوم الاجتماعية، سورية ، دمشق ،١٩٧٢ ، ص١٨٦.

که پشت به وێنه بینراوەکان دەبەستێت ،لەگەڵ شتی تریش له تواناکانی هونەری سینەمادا))[1] . بۆیه هەندێکجار شاعیر له کورتیله شیعرەکاندا سوود له هونەرەکانی تروەردەگرێت، بەهۆی ئەوەی دیمەن و وێنەی بینراوی چڕکراوەی تێدایە، که خاسیەتی هونەری بەدەقه شیعرییەکان دەبەخشێت.

- **ڕیتم:**

ڕیتم ڕەگەزێکی سەرەکی بونیاتی دەقی شیعرییه، که بەها و چەشەی تایبەتی خۆی هەیە وپەیوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ ئاستەکانی (پێکهاتەیی و دەلالی) له دەقەکاندا . دیاره ڕیتم له ڕووی زاراوه و چەمکەوه له چەندین هونەردا بوونی هەیە، لەوانەش هونەری مۆسیقا و وێنەکێشان. له مۆسیقادا ((خۆی له هەردوو ڕەگەزی سیستەم و دەنگدا دەنوێنێت، که لەماوەو کاتی نێوان لێدانەکاندا پەیدادەبێ ولەوێوه هەنگاوی ناوه بۆناو بواری ڕەخنەی ئەدەبی، وەکو زۆربەی زاراوەکانی تر ))[2]، بەلأم له وێنەکێشاندا جۆره (( ڕیتمێکی زەینی –بینراو بەدی دەکرێت، که لەڕێگەی گونجانی نێوان ڕەنگەکان و زۆرله ڕیتمی شیعرەوه نزیکه))[3] . کەواته به گوێرەی جۆری هونەرەکه دەتوانین بڕیار لەسەر پێکهاتەی کەرەستەی ڕیتمەکه بدەین ، بۆیه ((ئەگەر ڕیتم له هونەرەکانی تری ئەدەبدا ئەرکی جیاوازی هەبێت، ئەوا ڕیتم له شیعردا ئەرکی بە هێزکردنی مۆسیقای شیعره))ه[4]، چونکه (( مۆسیقای شیعر ماددەیەکی زمانییە ولە زنجیره دەنگێك پێکدێت، بەهۆی کرداری ئەو هێزەی له ئەندامی ئاخاوتنی مرۆڤ دەردەچێت و کۆمەڵێك (دال) پێکدێنێت، ئەوانیش مەدلولی سروشبەخش و هێمایی بەدەستەوه دەدەن، که لەکۆمەڵێك بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازن. بەو هۆیەوه کاریگەری جیاوازیش لەسەر وەرگر بەجێ دەهێڵن، چونکه ڕیتم ڕامانێکی بینراوه پێش ئەوەی بوونێکی فیزیکی هەبێ، ئەمەش وادەکات جیاوازیەك دروست بێت له نێوان مۆسیقای شیعر و سروشتی شیعردا))[5] . کەواته له پێکهاتەی دەقی شیعریدا گرنگی ڕەگەزی ڕیتمی شیعریمان به شێوەیەکی گشتی زانی، بەلأم لەم کورتیلەشیعرانەدا به شێوەیەکی تایبەتی ڕیتمێکی دیاریکراو نییە و تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە، که زیاتر بەبێ ڕیتمی ناسراوه و مەبەستیش له (بێ ڕیتمی) ئەوەیە، چونکه دەق بۆ وەرگره و وەرگریش به ئاسانی هەست بەو شته دەکات کاتێك دەقه شیعرییەکه دەخوێنێتەوه ودەبینێت ئەم جۆره ڕیتمەی که له دایك دەبێت لەسەر پارچه پارچه کردنی ڕیتمه کۆنەکەیە، تاکو لەجێگای ئەو پارچانەدا جۆره ڕیتمێکی تایبەتی بونیات بنرێت، چونکه (( له شیعری تازەدا که وەزن و ئیقاعی باو ئەو ڕۆڵەی جارانی نامێنێ هەندێکجار شاعیر پەنادەباتە

---

( ١) أدوات جديدة فى التعبير الشعري المعاصر، على حوم ، وزارة الثقافةوالاعلام ، الشارقة ،٢٠٠٠ ، ص٨٤.

( ٢) بنية الأيقاعية في الخطاب الشعري ، قراءة تحليلية للقصيدة العربية في القرنين السابع والثاني الهجريين ، د.يوسف اسماعيل، ط١، منشورات وزارة الثقافة ، دمشق ،٢٠٠٤، ص٦.

( ٣) شیعریەتی دەق، بەنموونەی شیعره کوردییەکانی (مەحوی) ، خلیل ابراهیم مستەفا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٩، ل٢٠.

(٤) بنیادی ڕیتم له شیعره کوردییەکانی عبدالله بەگی مصباح الدین(ئەدەب)دا ، هیوا نورالدین عزیز ، نامەی ماستەر ، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین ، ٢٠٠٩ ، ل٧ .

( ٥) دراسات نقدية في اللسانيات العربية المعاصرة ، د.سعد مملوح ، ط١، عالم الكتب ، القاهرة ، ١٩٨٩ ، ص١٤٦.

بـەرجۆرە ئیقاعێـك كـە دەكـرێ پێـی بـوترێ ئیقـاعی فیكـرە))[1]، لەبەرئـەوەی بناغەكـەی لەسـەر بنـەمای هـزر و بیرۆكـە شیعریەكان دادەمەزرێت، چونكە شیعرێكی ((خەست و چڕن و زۆرتر سەرسوڕمانی شیعری تێدایە)[2]، بـە زۆریـش كورتیلـە شیعرەكان (( یەك بیرۆكەی بنەڕەتی دەگرنەخۆ، كە بەهەموو ئاراستەیەكدا چەندان شرۆڤە هەڵدەگرێت، لە ئەنجامی چڕیی لە دەستەواژەیەكی یەكجار بەرتەسكدا هاتووەتەدی))[3] . بۆیە بیرۆكە شیعرییەكان لەكورتیلەكاندا زیاتر زاڵ تـرن، چـونكە پێكهاتەكەی یەك پارچەیە و لە قەبارەیەكی بچووك پێكدێت و لە یەك خاڵدا كۆبوونەتەوە، بەلاَم لـە شـیعری درێـژدا چـونكە بیرۆكەكانی زیاترن و مەوداكەی بەرفراوانترە و زۆرچڕنین، كەواتە بیرۆكـەكان هێنـدەی بیرۆكـەی كورتیلـە شـیعر زاڵ نـین ، لەبەرئەوەی لەیەك خاڵدا كۆنەبوونەتەوە. كەواتە ڕەگەزی ڕیتم لە كورتیلەشیعردا هەرچـەندەكەمتر ئامادەیـە، بـەلاَم مانـای ئەوەنییەبەتـەواوی دەسـبەرداری دەبێـت، بـەڵكو بەشـێوەیەك لەشـێوەكان بـوونی هەیـە، چـونكە بەشـێك لـە كورتیلـە شیعرەكان ئاوازی ناوەوەی تێدایەو هەر چەندە زیاتر ئیقاعی فیكرەش تیایاندا زاڵە.

- **بابەت :**

بابـەت یەكێكـە لەوڕەگەزانـەی كـە بەشـداری لەپێكهاتـەی هونـەری شـیعر دەكـات . هەڵبەتـە لەكورتیلـە شیعریشـدا بـەپێی كورتبوونەوەكـەی بابـەت چـڕدەبێتەوە، بـەهۆی بـەكارهێنانی دەسـتەواژەی وردو واتـادار كـە نـاوەرۆكێكی مرۆڤایـەتی پێكـدێنێت، چـونكە ئەوشـیعرییەتەی پێویسـتە لـەو كورتیلەشـیعرانەدا هـەبن ئەوەیـە شـاعیر هـەوڵ بـدات گوزارشـت لـە وەلاَمدانەوەی ناوەوەی خودی خۆی بكات و پەیامە شـیعرییەكەی ئاراسـتەی خوێنـەر بكـات بـە خێراتـرین و چـڕترین واتـای شیعریی، كە هەڵگری جیهانە تایبەتییەكەی خودیـەتی ، لەبـەر ئـەوەی (( شـاعیر خـۆی لـە كـاتی نووسـینی شـیعردا، زەیـن وئەندێشـە وهەسـت وڕسـتە وپیـت و دەنگـە شـاعیر كـاتی نووسـین، خـۆی شـیعرە))[4]. بۆیـە لـە ڕووی داڕشـتن و شـێوە و شێوازەوە ئەوكورتیلە شیعرانە شان بە شانی یەكتر دەڕۆن و هاوسەنگی نێوان یەكتر لەنگ ناكـەن و واتایـەكی مەبەسـتداری سەربەخۆ بەدەستەوە دەدەن، كە تێیدا شێوە و واتایەكە بە تەواوی یەكتری تـەواو بكـەن . كەواتـە ئـەوەی لەسـەر ئاسـتی ناوەڕۆكدا گرنگە پەیامی دەقە لەم كورتیلە شیعرانەدا، بۆیە لە ئاستی چەندێتیدا چڕكردنەوە شـیعرییەكان ڕۆڵێكـی كاریگـەر و قووڵ دەگێڕن لە بونیاتنانی شیعرەكەدا، كە هەربەتەنها بەكارهێنانی وشەی كەم نییە، بەڵكو هێنانـە كایـەی بـارودۆخێكی گونجاوی تەواوە، كە واتاكەی چڕ دەكاتـەوە لـە بونیـاتی شـێوەیەكی یـەكجار كورتـدا لـە دەقـە شـیعرییەكاندا، بێجگـە لـەم ئەركەش هەنـدێكجار شـاعیر لـە شـیعرەكەیدا بایـەخ بـە ڕۆڵـی خاڵبەنـدی دەدات لـەم كورتیلەشـیعرانەدا، بۆیـە نیشـانەكانی خاڵبەندی دادەنێت بۆ دەست نیشانكردنی لۆژیك و بونیادەكەی، لە هەمان كاتدا زۆرجـار پـەنا دەباتـە بەرچـەندین شـێوەی

( ١) ئیرۆسكیٚ هەڵكەندنی مانگ ، ئەزموون ودەقی والاَ ، دلشاد عەبدوڵلاَ ، چ ٢ ، دەزگای چاپ وبلاَوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٧٢.

(٢) الومضة الشعرية و سماتها،الدكتور. حسين كياني"الدكتور سيد فضل الله مير قادري"، ص٤ .

(٣) ماهي القصيدة الومضة ، أديب حسن محمد ، ص ١.

(٤) دەنگی بلورینی دەق ،لێكۆڵینەوەو ڕەخنەی ئەدەبی، عبدالخالق یعقووبی، چ١ ، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، بەڕێوبەرێتیی گشتیی چاپ وبلاَوكردنەوە ، چاپ خانەی ڕاز،،سلێمانی،٢٠٠٥،ل١٣٨ .

خاڵدانان و نیشانه دانان، بۆلێکترازاندن ولەباربردنی یەکەی ڕستەکان تاوەکو بەش بەش کردن و پەرتەوازە یان بکا وەکو خودی خۆی، لەبەر ئەوەی مرۆڤ نوێنەری وشەیە، بۆیە زۆر جاران ڕستەو وشەکان وەکو خۆی پەرتەوازە دەکات [1] .

سەرەڕای ئەوەی ئاماژە شیعرییەکان بە زۆرترین مانا و واتای شیعری چڕ بووینەتەوە، بەلاّم شاعیر لەناوەخنەکەیدا خۆی لە بەکارهێنانی وشەی زیاد بە دوور دەگرێت و بایەخ بە ڕۆڵی خاڵبەندی دەدات و پەیڕەوی جۆرە خاڵبەندییەکی تایبەت و دابەشکردنێك دەکات، کە تازەبلاّوبوویەتەوە بۆئەوەی زۆرترین واتاومەبەست بپێکێت . کەواتە هێما و ئاماژە شیعرییەکانیش دوو کۆڵەگەی بنچینەیی دامەزراوەی ئەم جۆرە فۆرمە نوێیەن لە پرۆسەی داهێنانی شیعریدا، کە گرنگی بە ڕۆڵی خوێنەر دەدەن لە دەقەکەدا، تاوەکو بەدوای ئەو واتایانەدا بگەڕێت کە زۆرترین هێما و ئاماژەی شیعری چڕکراوەی تێدایە، لە میانی ئەو ئاماژە شاراوانەی کە لە واتای سەرنجڕاکێشانی وشەکاندا هەن و هێما لە ئەستۆی خۆی گرتووە بۆئەوەی واتا شاراوەکان لە ئەزموونی ئەدەبی دەقەکەدا ئاماژە پەسندکراوەکان زیاتر لە ئاماژە ڕاستەوخۆکان بشارنەوە، چونکە (( هێما بریتییە لە نیشانەیەك بۆ شتێکی شاراوە، کە پێویستی بەڕوونکردنەوە هەیە، بەهۆی وردبینیەکی قووڵی گیان وە بەرهەمهێنەر لە ڕێگای هێماکاندا، پاش گیان وەبەرهێنانی ئاخاوتنەکان، بەهۆی سەرچاوەی شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی پڕ لە ئاماژەی بێ کۆتایی ))[2] . کەواتە هێما و ئاماژەکان پەیوەندییەکی گونجاو تەبا لەنێوانیاندا هەیە، هەتاوەکو وەرگر هانبدەن بۆ بیرکردنەوە لەو ڕووداوانەی کە لەو شیعرەدا بەرجەستەکراون، تا توانای وروژاندنی ئاماژەکانی هەبێت بۆ ئەوەی ئەو شتانەی کە لەناو بیرەوەری مرۆڤدا جێگیر بووینە لەڕێگەی ئەوئاماژە شیعریانەوە بخاتە ڕوو. هەروەکو دیارە لێکجوودابیش بنەمایەکی تری بونیاتنانی شیعریەتی کورتیلە شیعرە، کە جەختی لەسەردەکاتەوە و بریتییەلە (( سەرسامی وسەراسیمەییە))[3]، کەلەو بنەمایەدا شاعیرئەوشتانە ڕووبەڕووی سەراسیمەیی وسەر سوڕمانی دەکات، بەهۆی ئەوداهێنانە شیعریەی کەلە هونەری دارشتنە شیعریەکانیدا ئەنجامی دەدات لەئەزموونە ئەدەبییەکەیدا، هەروەها بونیاتێکی تری دامەزراوەی کورتیلە شیعرگوزارشتێکی خودیبوونی تێدایە، کە ناتوانێت دەستبەرداری چڕی و خەستی یە شیعریەکەی بێت، چونکە شیعریەتی پێ دەبەخشێت و تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەو فۆرمە شیعرەیە کە خودیبوونی تێدا بەرچاوە، بەلاّم مەرج نییە ئەو خاسیەتەی تێدابێت، لەبەرئەوەی خودیبوون پەیوەستە بە سۆز و شتەشاراوەکانی ناو ناخی شاعیر و تایبەتە بە تاکە کەسێك، نەك بەتێکڕای کۆمەڵگەوە، چونکە خودیبوون زمانی (من)ە لەئاستی تاکەکەسیدا ، بەدەربڕینی دی ئەوە تاکە کەسە کەتوانای هەیە لە ڕێگای هەست و بیر و سۆزەوە ئەزموونی شیعریی خۆی بەدەربخات.

بۆیە مەبەستمان لە (من)ی جێناوی کەسی یەکەمی تاکی سەربەخۆیە، کە دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر :

١- ( من ) ی تاکەکەسی .

٢- ( من ) ی کۆمەلاّیەتی، لێرەدا مەبەست (ئێمە)یە.

منی کۆمەلاّیەتی چڕکردنەوەی کۆمەڵە لە جێناوی من لە جیاتی جێناوی ئێمە، تاوەکو گوزارشت لە پێشاندانی ئەو تایبەتمەندیە بکات، کە هەموو خودەکان تێیدا هاوبەشن ئەویش سیفەتی سۆزدارییە. کەچی منی تاکەکەسی تەنها

---

( ١) الومضة الشعرية و سماتها، الدكتور. حسين كياني"الدكتور سيد فضل الله مير قادري" ، ص١٨.

(٢) بول ريكور ، نظرية التأويل ، الخطاب و فائض المعنى ، ترجمة سعيد الغانمي، ط١، المركز الثقافي العربي ، الدار البيضاء ، بيروت ، ٢٠٠٣، ص٩٦.

(٣) بعض فنيات فن الومضة عند محمد فري،محمد داني، ص٣.

گوزارشت لەیەك كەس دەكات، بەڵام منی كۆمەڵایەتی گوزارشت لەهەموو هاوبەشەكان دەكات. لە ڕاستیشدا جێناوی من هەر منە، كە لە ژمارەی پیتدا یەكسانن، بەڵام لە ئاماژدا جیاوازن و كەسایەتیەكی تەواوی هەیە لە ڕێگای شیكاری كەسایەتیەكەیدا دوو ڕووی خۆی بەدەردەخات: ڕوویێكی بۆ خاوەنەكەیەتی واتە شاعیر و ڕووەكەی تری بۆ خەڵكانی ترە. كەوابوو خۆی لە دوو ڕواڵەتدا دەبینێتەوە: ڕواڵەتێكی خودی و ڕواڵەتێكی بابەتی. لەڕواڵەتە خودیەكەدا بریتیە لە هەستكردن بەخودی خۆم، واتە من بەو پێیەی ئەو خودناسیەی كەمن بۆخۆم هەمە و جیاوازە لە كەسانی تر، چونكە خەڵك بەو شێوەیە من ناناسێت كە وەكو ئەوەی من خۆم باش دەناسم. كەچی ڕواڵەتە بابەتییەكە پیشاندانی وێنەی كەسایەتییە، كە لە ئاوێنەی خەڵكانی تر بەدەردەكەوێت. كەوابوو هەست لە خود هەڵدەقوڵێت كەسایەتیەكە وێنەیان لە ئاوێنەی خەڵكان بەدەردەكەوێت و ئەو دوو ڕواڵەتە لە یەكترجیانابنەوە، چونكە هەریەكەیان كار لەسەر ئەوی تردەكات، بەوجۆرە پەیوەندی خود بەبابەت پەیوەندیەكی دیالێكتیكی یە و یەكێكە لە دەستكەوتەكانی شیعری نوێ، لەبەرئەوەی شیعر بینینە و پەیوەستە بەبابەت و لەسەر گوزارشتی خودیەتی بنیادنراوە، مەبەست لێی خودی تاكەكەسی نییە، بەڵكو خودی كۆمەڵایەتیەكی گشتگیرە، كە خودی شاعیریش بەشێكە لەو هەستە بەرزەی بەهەموو شێوەیەك بەدوای ناسنامەی شتەكاندا دەگەڕێت[1] . بەم شێوەیە شیعر دەبێتە خاڵی بەیەكگەیشتنی جیهان و بوونەكانی و گرفتە دژوارەكانی لەلایەك و تەنیایی سەربەخۆیی شاعیر لەگەڵ پەیبردنی بۆ شتەكان، لەبەرئەوەی شیعر پەیوەندیەكی پتەوی بەتاقی كردنەوەی ژیانی مرۆڤەوە هەیە، بەتایبەتیش لە ژیانی ئەمڕۆدا كە هەموو كات مرۆڤ لە گۆڕانكاری دایە بەهۆی شۆڕشی زانستیەوە، كە هەردەم خاوەنی بەرهەمی نوێیە و لەملایشەوە هەوڵی داوە لە هەر قۆناغێكی ژیانیدا زمان و شێوازی خۆی هەبێت لە دەربڕینی خەون و خولیا و خەمەكانیدا. لەم سەردەمەشدا كە بەسەردەمی خێرایی ناسراوە و گۆڕانكارییەكان خێرا و تیژ تێپەڕن، كورتیلەشیعر بووەتە فۆرمێكی نوێی باوی سەردەم كە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە جیهانبینی خۆی دەخاتە ڕوو . هەڵبەتە ئەم فۆرمەش كارێكی سانا نییە و پێویستی بە لێهاتوویەكی هونەری و توانایەكی مەشقداری تەواو هەیە، تاوەكو بتوانێت خەستی و چڕیەكی گەورەی فرەمانا بگرێتە خۆ، لەسۆز و هەڵچوون و هزر و بارودۆخ و دیمەنێكی وەسفكراو بەكەمترین ڕادەی گوزارشتی شیعری كە شیعریەت بە دەقەكە دەبەخشێت [2] .

كەواتە هەروەك پێشتر وتمان لەبەرئەوەی شاعیر زمانێكی سەربەخۆ بەكاردێنێت وجۆرە جوانكاریەكی گوزارشتكاری لە زمانەكەیدا هەیە، كە پشت بە ئاگایەكی هزری و زەینی دەبەستێت، لە نێوان داهێنەر و دەق و وەرگر لە كورتیلە شیعرەكاندا، كە شاعیرانی هاوچەرخ كار لەسەر ئەو ئاراستە هزرییە دەكەن، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەكی تەواو لە نێوان دەق و وەرگر و داهێنەردا هەیە، هەندێكجار (( دەنگوباسەكەی لەناو دەقەكەدا بە شێوە گێڕانەوەیەكی وا دەخاتە ڕوو ئاماژەكان بە ئاماژە چڕ دەكاتەوە و دەقەكە ڕزگار دەكات، لە شێوازی گێڕانەوەیەكی هەواڵی سادەی تەواوی گواستراوە لەسەر شیعریەتێكی فیچقە فیچقەكراوی بەدوای یەكتردا نمایشی دەكات و لە شتی ڕۆژانەی ئاسایدا وەری دەگرێت، بەڵام پشت بە جوانییەكی شێوە كورتكراوەی چڕكراوەی پڕ لە هزری ئاگایی شیعری دەبەستێت))[3] .

---

( ١) الومضة الشعرية ، سلاف علوش ،جريدة الاسبوع الادبي ، العدد ٨٣٠ ، تاريخ ٢٠٠٢ /١٠/٢٦ ، ص٤، .www.awu-dam.org

( ٢ ) أقنعة النص – قراءة نقدية فى الادب ، سعيد الغانمي ، ط١ ، دارالشؤون الثقافية العامة ، بغداد،١٩٩١ ، ص٨٧.

( ٣) شعرية القصيدة القصيرة ، مدونة ضرغام ، ص٨.

کەواتە لەمیانی ئەو تەوژمە خێرایەی کە سەرجەم کایەکانی ژیانی گرتۆتەوە، شاعیرانیش وەك تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە هەوڵیانداوە ئەزموونە ئەدەبیەکەیان لەم فۆڕمە هاوچەرخەدا بەدەستەواژە و دەربڕینی ورد چڕبکەنەوە و پراکتیزەی بکەن، بەهۆی سوود وەرگرتن لەوقۆناغەی کەوا مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕ دەبێت.

## تەوەرەی سێیەم: کورتیلە شیعر لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا:

ئاشکرایە دیارترین وبەرچاوترین ئەدگاری هونەری کورتیلەشیعر، وەکو فۆرمێکی نوێی شیعری چڕی وکورتیی زمانەکەیەتی . ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە تەماشای مێژووی ئەم فۆرمە بکەین لە ئەدەبی کوردیدا چەندان فۆرمی هاوشێوەی کورتیلە شیعر لە ئەدەبی کۆن و هاوچەرخی کوردیدا بەدی دەکەین، بەڵام بە زاراوە و ناوی جیاوازەوە ناوبراون، جا لەبەر ئەوەی هەمان سیفەت و تایبەتمەندی ئەو فۆرمەیان تێدایە بۆیە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەین، لەوانەش :

### ١- تاك :

یەکێکە لە فۆرمە هونەریەکانی شیعری کلاسیکی کوردی ، بریتییە لە:

(( دێرە شیعرێکی عەرووزی لەدوو نیوە دێرە شیعر پێك هاتووە، هەردوو نیوە دێرەکە دەبێ لە سەر یەك قافیە بێ(ب ب). ئەم جۆرە شیعرە بۆ پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و ووتەیێکی کورتی دانایانە و بیرێکی ژیری فەلسەفی یانە دادەنرێ. گەلێ دێرە شیعری غەزەل و قەسیدە بەتەنیا بۆ ئەم مەبەسە دەست دەدا، ئەگەر یەکێتی ی مانای تێدابێ، بەڵام دیارە تاکی پێ ناووترێ. واتە تاك دەبێ تەنیا یەك دێرە شیعر بێ.))[١]

### ٢- چووارین (روباعی) :

ئەمەش وەکو فۆرمێکی تری هونەری لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکارهاتووە و بریتییە لە:

((شیعرێك لە دوو دێرە شیعری عەرووزی پێك هاتووە، واتە چووار نیوە دێرە شیعر. نیوە دێری یەکەم و دووەم و چووارەم لەسەر یەك قافیە دەبن، بەڵام نیوە دێری سێ یەم دەگۆڕێ (أ أ ب أ )، ئەمە چووارینی بێ گون (گونك)ی پێ دەڵێن. خۆ ئەگەر هەر چووار نیوە دێرەکە لەسەر یەك قافیە بن ئەمەیان چووارینی تەواویان پێ دەووترێ . چووارینی بێ گون لە چووارینی تەواو زیاترە لە ئەدەبی کوردی دا.))[٢]. هەرلەبارەی پێناسەی (چوارین) دا نووسەر و لێکۆڵەری کورد (ئازاد عەبدولواحید) دەڵێت : ((بریتییە لە ڕوانینێکی چڕ و خەست لە چوار دێردا* دەردەبڕێ .. بە مەرجێ ئەو چوار دێرە مانایەکی قووڵ بگەیەنێ و وەستایەتی تێدا بەکارهاتبێ چ لە وشە و دارشتەی بەهێز و چ لەسەروای ڕەواندا))[٣].

---

(١ ) مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی یەکەم، دوکتۆر مارف خەزنەدار، چ١، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠١ ، ل١٦١.

(٢ ) هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە١٦١– ١٦٢ .

(٣ ) پۆستەر و پەراوێزێکی ڕەخنەیی ، ئازاد عبدالواحد، گ. بەیان ، ژ ٥٢ ، ١٩٧٨، ل ٣ .

*لەچوار لەتەدێردا.

### ٣- دوو بەیت :

ئەمەشیان فۆرمێکی هونەریی تری شیعری کلاسیکی کوردییە و بریتییە لە :

(( زاراوەی دوو بەیت لەگەڵ چووارین لە ئەدەبی کوردی دا هاوسەرن، لەباتی یەکتری بەکاردەهێنرێن، چونکە لەزۆر ڕووەوە لەیەکتری دەکەن . دوو بەیت واتە دوو دێرە شیعر، ئەوەی ئاشکراشە ئەوەیە کە دێری یەکەم و دووەمی هەموو غەزەل و قەسیدەیێکی عەرووزی لە ڕووی ڕوخسارەوە وەکو دوو بەیت (چووارین) وایە، چونکە هەردوو نیوە دێری یەکەم لەسەر یەك قافیە دەبن، هەرچی دێری دووەمیشە نیوە دێری یەکەمی دەگۆڕی ونیوە دێری دووەمی لەسەر قافیە بنچینەی یەکەی شیعرەکە دەبێ ، ئیتر هەردوو دێرە شیعرەکە(دوو بەیت)ە و وەکو چووارین خۆیان دەنوێنن))[1] .

### ٤- پۆستەرە شیعر*:

فۆرمێکی نوێی هونەریی شیعریی هاوچەرخە و بریتییە لە :

(( چڕکردنەوەی تێڕوانینەکانی شاعیر لەناوچەقێکدا بەشێوەیەکی خەست و خۆڵ . سروشت و پێکهاتەکەی ئاوێتەبوونێکی ورد و سنعەتکارانەی دانانی وشەکانە، کە دوورە لە تەقاندنەوەی وشە و شاعیر تێیدا ناتوانێ (وشە)ی زێدە دابنێ، لەگەڵ ئەوەشەوە پێکهاتەکەی ئاڵۆز نییە و لەناو زیهنییەتدا نقووم نەبووە ئەوەندەی بەڕوون و ئاشکرایی خۆی دەنوێنێ))[2] .

هەروەها لە چۆنیەتی دەربرین و بەکارهێنانیدا کەمترین ژمارەی وشەی پێویستە تاوەکو پاشەکەوتی زمانی دروست بێت ، چونکە (( شاعیر لێرەدا بە کەمترین وشە ودەربرین ئەو حاڵەتە بە دەستەوە دەدات، بۆیەکە لە شیعردا پاشەکەوت لە زماندا پێویست بێ، ئەوە لێرەدا پاشەکەوت کردنی زمان ودەستگرتن پێیەوە کارێکی گرنگ و لەبەرچاوە.))[3] .

لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی تاقیکردنەوە و ئەزموونی ئەدەبی شاعیر خاڵێکی ترە بۆ ئەوەی بەهای هونەری ئەم فۆرمە بەهێز بکات لەڕووی چڕبوونەوە و کورتبوونەوەکەیدا، کەواتە (( چڕبوونەوەی تاقیکردنەوە لەلای شاعیر ناچاری دەکا بزانێ چۆن شتەکانی خۆی بڵێ و بخاتە ڕوو و ئەوەی دەینووسێ، چۆن بنووسێ وەك هیراکلیتس دەڵێ: ( کورت و پوخت و پەند هێنانەوە). ))[4] .

بێجگە لەمەش (( لە ڕاستیدا ئەم جۆرە شیعرە درێژەدانە بەتاقی کردنەوە و ئەزموونی شاعیرایەتی شاعیری خاوەن ئەزموون، کەلەم شێوە نووسینەدا کەشوهەواو شێوازەشیعرییەکە، فەرهەنگی تایبەتی بۆ شاعیر دەستنیشانکردووە.))[5] .

لە ڕووی زنجیرەی مێژوویییەوە زاراوەی پۆستەرە شیعر وەکو فۆرمێکی هونەری لە ئەدەبی نوێی کوردیدا بەکارهاتووە و بۆ یەکەمجار شاعیر (شێرکۆ بێکەس) لەسەر بەرگی کۆمەڵە شیعری (کازیوە) دا لە ساڵی(١٩٧٨ ) ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوە و هەر لێرەشەوە قسە و باسی چەمکی ( پۆستەر ) هاتۆتە نێو ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە، هەروەها لەبەرامبەر

---

* بۆدەستکەوتنی زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم فۆرمە ، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییانە وەك کتێب کراوە ، بەناوی (پۆستەرە شیعری کوردی وهایکۆی یابانی ) ، بوشرا کەسنەزانی ،٢٠٠٧ .

(١) مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی یەکەم، دوکتۆر مارف خەزنەدار ، لاپەڕە١٦٢.

(٢) گەڕانەوەیەك بۆ پۆستەرە شیعر ، ئازاد عەبدولواحید ،گ . ڕامان ، ژ٨٠ ، ٢٠٠٣ ، ل٣٠٦ .

(٣) هەمان سەرچاوە ، هەمان لاپەڕە.

(٤) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە .

(٥) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

زاراوەی پۆستەرە شیعر (ئازاد عەبدلواحید) دەڵێت: (( من لەو بروایەدام ئەم شیعرە بچووکانەی ئەمڕۆ ناویان نراوە (پۆستەر) شێوەیەکی پێشکەوتووی-چوارینە- کەیە))[1].

کەواتە بەپێی ئەم بیر و بۆچوونەی ئاماژە بە زاراوەیەکی تر دەکات کە ئەویش (شیعری بچووك)ە و چەندین سیما و ئەدگاری هونەری بەم شێوەیە دەستنیشان دەکات: (( ئەو شیعرە بچووکانەی کە شاعیر رووی تێدەکا، بە پلەیەکی پێگەیشتووی تاقیکردنەوەکانی شاعیری دادەنێم، ئەو پێگەیشتنەش شاعیرەکە دەگەڕێنێتەوە سەرشتە بێ بایەخ و فەرامۆش کراوەکانی واقیع . بۆ ئەوەی وای لێبکات ببێتە جێی بایەخ پێدان لە لای خوێنەر، یان بتوانێت لە شتی ورد و بەردەستی رۆژانە شتی گەورە دروست بکا و بچنێ . بە مەرجێ کەرەستەی دەربرینەکەش چڕ و خەست بێت، ئەم چڕکردنەوەی دەربرینەش خۆی بۆخۆی پێویستی بە شاعیری -متمرس- و شارەزا هەیە، کە خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی دوور و درێژ بێت لەگەڵ شیعردا))[2].

کەواتە بەشێکی زۆری ئەو خاسیەتانە لەگەڵ ئەدگارەکانی کورتیلە شیعر دەگونجێن. شاعیرانی کوردیش وەکو شاعیرانی میللەتانی تر هەوڵیانداوە فۆرمی هونەری نوێ لەشیعردا بهێننە ئاراوە و گۆڕانکاری لە ئەزموونی ئەدەبیدا بکەن.

جێگای ئاماژە پێدانە لە نووسینە ئەدەبی و رەخنەییەکانی رۆشنبیری کوردیدا، چەندین زاراوە بەماناو مەبەستی (کورتیلە شیعر) بەکارهاتوون ، وەك : (شیعری پۆستەر*[3]، وردەواڵە[4]، پارچە شیعر[5]، کورتە شیعر[6]، شیعری بچووك[7]، پێکە شیعر[8]، برووسکە شیعر[9]، خونچە شیعر [10].

---

(١) پۆستەر و پەراوێزێکی رەخنەیی ، لێکۆڵینەوە ،ئازاد عبدالواحد ، ل٣.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٤.

* poster : (١) بلاْونامە هەڵواسەر . (٢) پۆستەر ، کارتێکی گەورەیە وێنە و درووشم و نووسینی لەسەر کراوە ، بلاْونامە بە وێنە ، فەرهەنگی ئازادی ، ئینگلیزی – کوردی، د.حەمە رەشید قەرەداخی،چ٢، دەزگای چاپ و نەشری احسان،چاپخانەی اسوە، ٢٠٠٩، ل٧٢٩ .

(٣) شیعری پۆستەر ، کازیوە ، دیوان ، شێرکۆ بێ کەس ، لە چاپخانەی زانکۆی سلێمانی لە چاپ دراوە ، ١٩٧٨.

(٤) بارگەی یاران ، سەرجەم شیعری هێمن ، بە سەرپەرشتی : بەدران ئەحمەد و عوسمان دەشتی ، چ١، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٣ ، ل١٨٥ .

(٥) سێ پارچە شیعر، فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ، گ. کاروان ، ژ ٣٦ ، ١٩٨٥، ل٣٨.

(٦) کورتە شیعر ، حەسیب قەرەداغی ، گ. کاروان ، ژ ٥١ ،١٩٨٦، ل٢٤.

(٧) سێ شیعری بچووك ، جەمال شارباژێری ، گ. بەیان ، ژ١٣٨ ، ١٩٨٧ ، ل٥٦.

(٨) پێکە شیعر ، ئازاد دڵزار ، گ. کاروان، ژ ٢٥، ١٩٨٧، ل٤٧.

(٩) چەپکێك برووسکە شیعر ، جەمال اسماعیل گردەسۆری ، گ. کاروان ، ژ٨٠ ، ١٩٨٩، ل٤٦.

(١٠) هەشت خونچە شیعر ، شیعری مسعود پەرێشان ، گ. بەیان ، ژ ١٥٩ ، ١٩٨٩ ، ل٦٢. سەرنج دواترسەرجەم خونچە شیعرەکانی چاپکرد بەناوی (خونچە شیعرەکانی مسعود پەرێشان،) چ١،چاپخانەی رۆژهەلاْت، هەولێر، ٢٠١١ .

ڕستەی شیعریی [١]، کورتیلە شیعر[٢]، هۆنراوەی زۆر زۆر کورت[٣]، شیعرە مۆبایل* [٤]، هایکۆ[٥]، دڵۆپە شیعر[٦]، فەریکە شیعر[٧]، هەناسە شیعر[٨]، گریانە شیعر[٩]، شیعری نانۆ[١٠])**.

جێگای سەرنجە ئەم زاراوانە بە گشتی گوزارشت لە زیندوویّتی ئەو فۆرمە شیعرە هونەرییە هاوچەرخە دەکەن و خاڵی هاوبەشی نێوانیشیان ئەوەیە، کە هەریەکەیان ئاماژەیەکی بە کورتی و بچووکی فۆرمە شیعرییەکە تێدایە، بەڵام ئەگەر فۆرمی کورتیلە شیعری نوێ بەراورد بکەین، لەگەڵ فۆرمە کورتەکانی شیعری کلاسیکی کوردی دەبینین (( مەسەلەی کورتیی لە فۆرمی شیعری کوردا، دیاریکراو و سنوور بەند کراوە، بەڵام کورتیلە شیعر لە ئەدەبیاتی نوێدا، سنوورێك بە ژمارەی وشە و بڕگە و ڕستە بۆ ئەم فۆرمە دیاری نەکراوە))[١١]. ئەمەش پتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شێوازی دەقی شیعریی نوێ پشت بە چڕی و خەستی و کورتبڕییەکی تەواو لە دەربڕیندا دەبەستێت. کەواتە گرنگترین خاڵ ئەوەیە ئەو کورتیلە شیعرانە تا چەند خوێندنەوەی زیاتر هەڵدەگرن و خۆیان بارگاوی دەکەن بە وزەی پڕ لە ئاماژە و هێمای شیعری مەبەستدار، ئەمەش بەگرنگترین تایبەتمەندیی هونەریی شیعریەتی ئەم فۆرمە شیعرییە نوێیە دادەنرێت.

لەم میانەدا شاعیرانی کوردیش بۆ دەربڕینی بۆچوون و دنیابینی خۆیان، هەوڵیانداوە ئەزموونکاری بکەن و سوود لە نوێترین شێوازی نووسین ببینن وەکو شیعری نانۆ، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە دێت کە لە بواری زانستیدا تەکنەلۆژیای

---

(١) ٢٠ ڕستەی شیعر،عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی ، گ. وێرانی داهێنان ، ژ ٢، شەقامی سەلاحەدین– هەولێر،١٩٩٥، ل ٢٧.

(٢) دوو کورتیلە شیعر ، محسن ئاوارە ، گ . کاروان ، ژ١٣٨ ، ١٩٩٩ ، ل ١٣٦ .

(٣) ١٥ هۆنراوەی زۆر زۆر کورت ، عەباس عەبدوڵڵا یوسف ، گ . کاروان ، ژ١٩١، مانگی٢ ، ٢٠٠٥، ل ٩٦.

* mobail : (١) جووڵە ، بزۆك ، دەجووڵێنرێ ، دەگوێزرێتەوە . (٢) زوو زوو لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر دەگۆڕێ .

(٣) هەمیشە لە جم و جووڵ دایە ، تێکەڵاوی لە نێوان ڕەگەز و چین و ناوچەکانی دا زۆرە ، فەرهەنگی ئازادی ، ئینگلیزی – کوردی، د.حەمە ڕەشید قەرەداخی،چ٢، دەزگای چاپ و نەشری احسان،چاپخانەی اسوە، ٢٠٠٩،ل٥٩٥.

(٤) شیعرە مۆبایل ، ١٠٠ کورتە نامەی مۆبایل ، بەرگی سێیەم ، وەرزێر جەزا ، چ١،چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی ، ٢٠٠٧.

(٥) خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا ، شیعر و هێل ، کارێکی هاوبەشە– ڕۆستەم ئاغالە– قوبادی جەلی زادە ، چ١ ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ،٢٠٠٨ ،ل٢٣٨ .

(٦) ٨ دڵۆپە شیعر ، غەمگین بۆلی ، گ. نووسەری نوێ ، ژ ٤١ ، نیسانی ، ٢٠٠٨، ل ٢٢٩.

(٧) فەریکە شیعر ، لەباخەڵی باخدا ، هۆنراوە ، موحسین ئاوارە ، چ١ ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل٧.

(٨) ١٥ هەناسە شیعر ، پەری شێخ ساڵح ، گ . هەنار ، ژ ٧٠، ٢٠٠٣، ل ٦٣.

(٩) گریانە شیعر، جانتای سەفەری ئەمجارەت پڕیەتی لە گریان،دیوانە شیعر، خالید کۆچەر،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل ٩٤.

(١٠) شیعری نانۆ ، هاشم سەڕاج ، گ . ڕامان ، خولی سێیەم ، ژ ١٧٧، شوبات ، ٢٠١٢ ، ل ٥.

** لەڕۆژانی کۆتاییەکانی ئەم نامەیەبووم، نووسینێك لەسایتی دەنگەکان بەناونیشانی (نیگایەك لە ((فەیسبووکە شیعر)) وچەند سەرنجێك ) لەلایەن (عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ) ) بڵاوکرایەوە، لە ٢٠١٣/٥/٣، www.dengekan.info.

(١١) دەقی ئەدەبی، ئەدگار. چێژ. بەها ، د . فوئاد ڕەشید، ل٧٣.

سەردەم بەتایبەتی (تەکنەلۆژیای نانۆ)* کاریگەری لەسەر زۆربەی بوارەکانی ژیاندا کردووە و شاعیرانیش هەوڵیان داوە لەدنیای نوسیندا سوود لەم چەمکە زانستیە وەربگرن و بیکەنە زمانی دەربڕینی ئەم سەردەمە .

ئەگەرسەرنج بدەینە ئەو زاراوە شیعرییە تازانە لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، کەلەبەرامبەر کورتیلەشیعردا بەکارهێنراون، دەکرێ فۆرمی (مۆبایلە شیعر) لەوانی تر جیا بکەینەوە، بە وەی کە (مۆبایلە شیعر) یان (شیعرە مۆبایل) پەیام لە تاکێکەوە (کەسێکەوە) بۆ(کەسێکە)، بەلاَم لە فۆرمەکانی (کورتیلە شیعر و شیعری پۆستەر و بروسکە شیعر و پارچە شیعر و شیعری نانۆ ...هتد) پەیامی دەق لە تاکە کەسێکەوە بۆ کۆمەڵە کەسێکە، کەواتە لە (تاک)ەوە بۆ (کۆمەڵ)ە . دەکرێت پێگە و نەخشەی کاری هەریەکێکیان بەم جۆرە بخەینە ڕوو :

## شیعرە مۆبایل:

((پەیام : لە خود (تاکەکەس) ⟵ بۆ خود (تاکەکەسی) )).

بەلاَم لە بروسکە شیعر و هاوشێوەکانی :-

((پەیام : لە خود (تاکەکەس) ⟵ کۆ (کەسانی تر) )) [١]

کەواتە پرۆسەکە لەشیعرە مۆبایل و هاوشێوەکانیدا (( لەناو بازنەیەکی داخراودا و لە بابەتێکی داخراوی نێوان دوو تاکدا بەڕێوە دەچێت)) [٢] ، کەچی لە ( بروسکە شیعر و هاوشێوەکانیدا بازنەکە کراوەیە و مەوداکەی فراوانە لە خودێکەوە بۆ چەندان خودی ترە، دەکرێ بڵێین:- پەیامی ( شیعرە مۆبایل و هاوشێوەکانی) (( پەیامێکی پتر((زاتی)) )یەو پەیامی فۆرمێکی وەك (( بروسکە شیعر، پۆستەرە شیعر )) زۆر جار پەیامێکی بابەتییە. هەڵبەتە ئۆباڵی زاتیبوونی ((مۆبایلە شیعر)) تاڕادەیەکی زۆر لەئەستۆی میکانیزمی کاری بەرهەمە تەکنەلۆژیەکەیدایەو جۆرێکە لە لاسایکردنەوەی کورتەنامەی مۆبایل (SMS) . لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین، کە کورتیی (مۆبایلە شیعر) هەر بۆ ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە. ئەگەر لە دوێنێدا کورت بوونی فۆرمێکی شیعری پەیوەست بووبێ بە پێوەرێکی هونەری ،یان ڕەوانبێژی، ئەوە ئەمڕۆ لە ((مۆبایلە شیعر)) دا تەکنەلۆژیا زیاتر ئەم کورتییە دیاری دەکات و سروشت و سیستەمی کاری ئەم وا دەخوازێت))[٣]. بۆیە ئەو زاتیبوونە زیاتر بابەتی خۆشەویستی و ((ئەڤینی و پەیوەندی))[٤]بەسەریان دا زاڵە، چونکە لەم جۆرەیاندا پەیام و گوزارشت کردنە شیعرییەکە تەواو خودییە و بۆ خودێك و تاکێکی دیاری کراویش دەنووسرێت، بەلاَم لە (بروسکە شیعر و

---

* تەکنەلۆژیای نانۆ: (Nano technology ) :بریتییە لەو زانست و تەکنەلۆژیایەی لە پێکهاتەی هەموو ئەو ئەتۆم وگەردیلانە دەکۆڵێتەوە کەلە ئاستی پێوانەی نانۆ دان ، دەروازەیەك بۆ تەکنەلۆژیای نانۆ ، حەمەد سالَح دوکانی ، چ١ ، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاَوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی ، ٢٠١١ ، ل ١٣.

(١) دەقی ئەدەبی، ئەدگار. چێژ. بەها ، د . فوئاد رەشید، ل٧٤.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٧٤.

(٣) هەمان سەرچاوە ، هەمان لاپەڕە.

(٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٧٥ .

هاوشێوەکانی) لەبەر ئەوەی بازنەکە کراوەیە مەوداکەی فراوانە و پەیامەکە لە بازنەیەکی داخراودایە و تاك ڕەهەندە، گوزارشت کردنە شیعرییەکە ڕاستە تەواو خودییە،بەلاّم بۆ خودێکی دیاریکراو نانووسرێت و دەکرێ لە ڕووی ناوەڕۆك و بابەتی پەیامەکەی چەندین ڕەهەندی ((سیاسی و فەلسەفەیی و جڤاکی))[1] لەخۆبگرێت . کەواتە بوونی ئەو زاراوە جیاوازانە لەنێو شیعری کوردیدا ، ئاماژەیەکە بۆ زیندوویی و هوشیاری شاعیری کورد کە هەمیشە هەوڵی داوە لەگەڵ قۆناغ و سەردەم، بە زمان و فۆڕمێکی گونجاو لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵگەدا بدوێت و ئەزموونی ئەدەبیی نوێ پێشکەش بکات.

(١) دەقی ئەدەبی، ئەدگار. چێژ. بەها ، د . فوئاد رەشید، ل٧٤ .

## بەشی دووەم:بونیاتی بابەتیی کورتیلە شیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە ، لەتیف هەڵمەت ، دلشاد عەبدوڵڵا):

### یەکەم : ڕەهەندی کۆمەڵایەتی:

١- ( ژن - جەستە)

أ - جوانی

ب - مەمك

ج - ماچ

د - لێو

٢- خۆشەویستی

٣- تەمەن

٤- ڕەخنە گرتن لە کۆمەڵگە

٥- شەڕو کاریگەرییەکانی

٦- هەژاریی

### دووەم : ڕەهەندی نیشتیمانی:

١- ڕەخنە گرتن لەدەسەلاَت بۆ واز هێنان لەبرا کوژی

٢- هەست کردن بەنەبوونی نیشتیمان

٣- تێڕوانین بۆ خەبات و تێکۆ شانی مرۆڤ

٤- کارەساتی ئەنفال

## سێیەم : ڕەهەندی فەلسەفی :

١- تێڕوانین بۆ ژیان

أ- ڕەشبینی

ب- بێزاربوون

٢- تێڕوانین بۆ مردن

٣- پرسیارکردن دەربارەی بوون

٤- تێڕوانین بۆ بو ون و مرۆڤ

٥- مرۆڤایەتی مرۆڤ

٦- مرۆڤ و گوناه

## بەشی دووەم: بونیاتی بابەتیی کورتیلە شیعرەکانی ( قوبادی جەلیزادە ، لەتیف هەڵمەت ، دلشاد عەبدوڵلا ) :

بابەت بەشێوەیەکی گشتی کەپتر مەبەستمان لێی نێوەرۆ کی هزرو ژیانبینی نێو دەقـی ئەدەبییـە، بەرەگـەزێکی سـەرەکی پێکهاتەی ئەزمونی ئەدەبیی دەق دادەنرێت، دواتریش شـاعیرلە مەزرانـدنێکی هونەرییانـەدا، بەسـوود بیـنین لەکەرەسـتەو گەمـەی زمـانیی جیـاوازدا، بابـەتی دەقەکـەی بەرجەسـتە دەکـات، چـونکە هـەر شـاعیرێك جیهـانێکی تایبـەتی و خـودێکی سەربەخۆی هەیە،ئەو سیفەتەش وادەکات کە شیعری هەر شاعیرێك (( هەڵوێستەکانی بونیات بنرێت لەسەر هـەژانی خـود و جولەی ویژدانی شاعیرەکە، بۆیە بنەما و بونیـاتی شـیعرەکە لەسـەر ئـەو خاسـیەتە دەچەسـپێت)) [1] ، هەڵبەتـە بونیـاتی بابـەتیی لەکورتیلـە شـیعردا بیرۆکەیـەکی چڕ و خەسـتداریی تێدایـە لەسـەر ئاسـتی دەقـە شـیعریەکاندا، کـە دەلالـەت لـە دەستەواژەی کاریگەر وبەهێزی پەنددار دەکەن، لەبەر ئەوەی لە کورتیلە شیعر دا کورتبڕی زۆر گرنگە، ئەوەش پێویسـتی بە شاعیریەتێکی رۆشنبیر هەیـە ،تـاکو بتوانێـت پسـپۆڕانە لـە کورتیلەکانـدا داڕشـتنێکی سـەرکەوتوو لەپێکهاتـەی بنیـاتی ناوەوەی ئـەنجام بـدات، بۆئـەوەی بـەتێڕوانینێکی خودیانـە گوزارشـت لەیـەك بیرۆکـەی پوخـت بکـات ،کـە لەیـەك بابـەتی دیاریکراودا دەوێت و واتایەکی سەربەخۆبدات بە دەستەوە [2] .

کەوابوو بـەم شـێوەیە ((پەیوەنـدی خـود بـە بابـەت پەیوەندیـەکی دیالێکتیکییـە و یەکێکـە لـە دەسـکەوتەکانی شـیعری نوێ*، لەبەر ئەوەی شیعر بینینـە و پەیوەسـتە بـە بابـەت و لەسـەر گوزارشـتی خودیـەتی بونیـاتی نـراوە و بەشـێکە لـەو هەستە بەرزەی بەدوای ناسنامەی شتەکاندا دەگەڕێت)) [3] .

کەواتە ئەو فۆرمە شیعرە نوێیە دەبێتە خاڵی بەیەکگەیشتنی جیهان و بوونەکانی و گرفتـە دژوارەکـانی لەلایـەك و تـەنیایی سەربەخۆی شاعیر لەگەڵ پەیبردنی بۆشتەکان لە لایەکی تـردا. ئەمـەش وا دەکـات زینـدەگی بـە شـیعرەکە ببەخشـێت بـە هۆی ئەو بزاڤە زیندووەی کە لە ئاستی نووسینەکەی دەردەکەوێت کە تیایدا داهێنانی شیعریی ئەنجام دەدرێت.

---

(١) رماد الشعر، د.عبدالكريم راضي جعفر، دار الشؤون الثقافية العامة ، (افاق عربية بغداد ١٩٩٨) ، ص٨ .

*پێموایە ئەم پەیوەندییە سیمایەکە لە سیماکانی شیعری نوێ ، نەك دەسکەوت

(٢) القصيدة القصيرة جدا فی الابداع السعودي ، د.مها مراد ، ص(١-٣).

(٣) الومضة الشعرية ، سلاف علوش ، ص(٤) .

بۆیە بەپێی بواری بابەتی نێودەقە شیعرییەکان لەڕوانگەی ڕەهەندی جیاوازەوە لەدەقەکانی:
(قوبادی جەلی زادە)[1] و ( لەتیف هەڵمەت) [2] و (دلشاد عەبدوڵڵا) [3] دەکۆڵینەوە .

## ١- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی:

### ١- ژن - جەستە:

### أ- جوانی :

لەڕوانگەی هەر مرۆڤێکەوە جوانی سیفەتێکە بوونەوەرەکانی پێ جیادەکرێتەوە بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش لە ئادەمیزاددا، بە هەردوو ڕەگەزییەوە (نێرومێ) ودەستنیشانکردنی ڕێژەو خاسیەتەکانی ئەو جوانیە لەتاکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەو هۆیەی کەهەر مرۆڤێك خاوەن ویست و حەزێکی تایبەت بە خۆیەتی . کەواتە تێڕوانینەکانیش خودیین و بەپێی بینینی هەر مرۆڤێك بۆ ئەو سیفەتە جیاوازی تێدایە.

(١) قوباد ئیسماعیل نوری جەلی زادەیە لە ساڵی ١٩٥٣ لە شاری کۆیە لە بنەماڵەی جەلیزادەکان لەدایکبووە ، خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە : ا- شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات ،٢٠٠٥ ، کە کۆکراوەی ئەم دیوانانەیە : أ - قەڵەمێکی ڕدێن سپی ساڵی ١٩٨٨ ب - تەمتومان ، ساڵی ١٩٩٠ . ج - سێ دارەکانی بەهەشت ، ساڵی١٩٩٨ د- هەمیشە ڕوو لە خودا .... هەمیشە مەست، ساڵی٢٠٠١. ٢- ڤان ئیرۆتیك ، ساڵی٢٠٠٧ .٣- ستیانی بەفر پڕ لە ڕیشۆڵە ، ساڵی٢٠١٠. ٤- باخچەکانی مەلەك تاووس، ساڵی٢٠١٢ . ٥- خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا ، ساڵی ٢٠٠٨ ، چاوپێکەوتن لەگەڵ خودی شاعیر ، لە گوندی ئەڵمانی شاری سلێمانی دا ، کاتژمێر (١١) ی بەیانی ، ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/١٥.

(٢) لەتیف مەحمود محەمەد حەسەن کەسنەزانی یە لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری کفری لەدایکبووە ، خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە :
١- دیوانی لەتیف هەڵمەت ، بەرگی یەکەم ، ٢٠٠٥، کۆکراوەی زۆربەی نامیلکە و دیوانەکانی ترە .
٢- دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی دووەم ، ٢٠٠٥ . ٣- دیوانی لەتیف هەڵمەت ، بەرگی سێ ،٢٠٠٩، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، سامان عیزەدین ، چ١ ،بەڕێوبەرییێتی چاپ و بلاْوکردنەوەی سلێمانی ،چاپخانەی کەمال،٢٠١٠ ، ل٥١.

(٣) دڵشاد عەبدوڵلاْ خدر لە ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی بیرێژیانی سەر بە خانەقا، لە شاری هەولێر لە دایکبووە ، خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە :١- کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە ،٢٠١٠. ٢- نوخبی خواوەندێك ،٢٠١٠. ٣- بەفر نووس ،٢٠١١ . ٤- ئێرۆسکێ ، ئەزموون و دەقی والاْ،٢٠٠٧ . ٥- گۆمی پوونگ، کتێبی گەورەی عاشقان ، مەم خانی سیامەند، ٢٠٠٤. ٦- کۆشیعری٢، ٢٠١٠، چاوپێکەوتن لەگەڵ خودی شاعیر لە پارکی شانەدەری شاری هەولێردا ، کاتژمێر (١٠:٣٠) ی خولەکی بەیانی، ڕێکەوتی ٢٠١٢/٨/٢٥.

دیاره (قوبادی جەلی زادە) ش وەك تاكێكی نێوكۆمەڵگەی كوردەواریی هەستی بەگرنگی ئەوسیفەتە كردووە، بۆیە بەم شێوەیە دەڕوانێتە جوانی ژن :

**شان و مل**

**مانگ،**

**به دەست و پەنجەی تریفه**

**سەر و پرچ و**

**شان و ملی،**

**لەبەفردا دەتەكێنێت** (١)

شاعیر وەسفی جوانی لەش و لاری ژن دەكات، لەڕێگەی مەزراندنی دیاردەكانی سروشتەوە كە مانگ و تریفە و بەفرە وەك كەرستەیەك بەكاری هێناون سیفەتی جوانی مرۆڤی پێ بەخشیون، تاكو لەڕێگەی ئەوانەوە باسی جوانی و ڕازەوەیی ژنی پێ بكات . كەواتە شاعیر دوو جۆرە جوانی تێكەڵ بە یەك كردووە كە ئەوانیش جوانی سروشت و جوانی ژنن ، بەلام پتر بۆ دەرخستنی جوانی ژنە .

( دلشاد عەبدوڵڵا) ش لەبارەی دەرخستنی ئەو جوانیەوە دەڵێت :

**حەمامی ژنان**

**ئاسمانیش شەوێكی تاریكە**

**ئەستێرەكان**

**لەوێدا پرشنگدارترن**(٢)

دیارە شاعیر وەسفی دیمەنی شوێنی حەمامی ژنان دەكات كە چەندە تاریكە، كەچی لەبەرامبەر وەسفی ئەو شوێنەدا باس لە دیاردەیەكی سروشتی دەكات ئەویش ئاسمانە، بەلام چ جۆرە ئاسمان و لە چ كاتێكدا؟ .

زیاتر لە وەسفكردنەكەیدا قوڵتر دەڕوانێتە وەسف كردنی هەردوو شوێنەكە و دەڵێت ئاسمانیش شەوێكی تاریكە . واتە هەردووكیان ئاسمان و حەمامی ژنان، لە سیفەتی دەرخستنی تاریكیدا هاوبەشن و هەروەها لەبەرامبەریاندا باسی تاكەی تر دەكات، كە ڕووناكی و بەدەرخستن و دەركەوتنی جوانی سروشت و جوانی جەستەی ژنە .

ژن وئەستێرە، هەردووكیان لە پرشنگداری ودرەوشاوەییدا یەكسانكراون بۆ دەرخستنی جوانی ژن، كە ئەستێرە لەئاسمانی تاریكدا دەدرەوشێتەوە وجەستەی ژنیش لەتاریكایی حەمامدا.

---

(١) خۆر لەناو پەرداخێكی شكاودا ، شیعر و هێل ، كارێكی هاوبەشە– ڕۆستەم ئاغالە– قوبادی جەلی زادە ، چ١ ، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٨، ل١٤٧.

(٢) كۆ شیعری ٢، دلشاد عەبدوڵلا ، چ١، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس ، هەولێر،٢٠١٠، ل٣٣١ .

**کراس**

**هەورێکە تا تەنکتر بێ**

**مەزەدارترە**

**ئاسمانی[1]**

ئەوەی ئاشکرایە کراس ئەو پۆشاکەیە مرۆڤ لەبەری دەکات و جەستەی خۆی پێ دادەپۆشێت، بەڵام ئەمجارەیان جیاوازترە لە کراسەکانی تر و ڕەمزی بەدەرخستنی جوانیەکانی جەستەیە. وەسفکردنی جوانی جەستەی ژن لە ژێر ئەو کراسە تەنکە، بۆ وروژاندنی هەموو هەست و سۆزەکانی پیاوە بەرامبەر بە ژن . ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین هەست دەکەین شاعیر لە ڕووکەشدا باس لە وەسفی دیاردەیەکی ئاسایی سروشت دەکات، ئەویش هەورە و جۆری هەورەکەش دیاری دەکات، کە بریتییە لە هەوری تەنك، بەڵام لە ناوەرۆکدا ئەو باسە نییە، بەڵکو لە ڕێگەی ئاسمان وهەورێکی تەنکدا دەیەوێت جوانی جەستەی ژن پیشانبدات، کە بەم شێوەیە زۆر سەرنج ڕاکێشتردەبێت بەلای پیاوەوە، چونکە هەوری تەنك مانگ داناپۆشێ، کراسی تەنکیش جوانی جەستە ناپۆشێ، مانگ و جەستە داپۆشراوی نەپۆشراون.

**ب– مەمك :**

## ٢٠– من هاوڕێم نیە

## لە مەمکی کچان زیاتر ....[2]

بیرۆکەی بابەتی ئەم کورتیلە شیعرە ڕوویەکی دیکەی ئاوێتە بوون یان ئاڵودەبوونی شاعیرە بەجەستەی ژنەوە، چونکە تەواو پێگەیشتنی مەمکەکانی ژن یەکێکە لەنیشانە دەرخەرەکانی ڕەگەزیی مێیەتی، کەسیفەتی جوانیەتی بەجەستەکەی دەبەخشێت وبەئەندامێکی کاریگەر وهەست بزوێنەر دادەنرێت لەسەرپیاودا[3]. بە دیوێکی تردا ئاماژەیەکە بۆ توندو تۆڵیی پێوەندی هاوڕێیەتییانەی نێوان خۆیی و ڕەگەزی مێ و ڕەنگە ئەمەش بەهێزیی ئەم جۆرە هاوڕێیەتییە نیشان بدات .

---

(١) کۆ شیعری ٢، دلشاد عەبدوڵڵا، ل٣٣٣.

(٢) دیوانی لەتیف هەڵمەت ، لەتیف هەڵمەت بەرگی دووەم ،چ ٢،چاپخانەی پەیڤ، سلێمانی ، ٢٠٠٥،ل٦٢١.

(٣) الموسوعة النفسية الجنسية ، د. عبدالمنعم الحفنى ، ط٤ ، مكتبة مدبولى ، القاهرة ، ٢٠٠٤ ، ص٤٠١ .

## مەمك*

## گەورە و بچووك

## بەیەكەوە ژێر دەكاتەوە[(١)]

لێرەدا شاعیر بەڵگە وبەهانەیەك بۆگرنگیی وكاریگەریی بەشێكی جەستەی ژن دێنێتەوە، ئەمەیش بەئاماژەكردنی بەوەی، كە( مەمك ) ئامانج و مەبەستی گەورە و بچووكە . ئاشكرایە لەقۆناغی منداڵیدا مەمكی دایك سەرچاوەیەكی ژیانی و جەستەیی و دەروونی منداڵە و گریانی منداڵیش بەشیری مەمكی دایكی كپ دەبێتەوە وهەر بەمەش گەشە دەكات، لەبەرئەوەی گەشە سەندن و تەواو پێگەیشتنی مەمكی دایك ئاماژەیەكە تاكو منداڵەكە هەستی پێبكات وبتوانێت بەتەواوی شیرەكەی بخواتەوە وپێی تێربێت و گەشەی پێبكات، بۆیە مەمكەكانی دایكی خۆشدەوێت، چونكە هەست بەبوونی دەكات و برسییەتییەكەی پێدەشكێت [(٢)].

هەروەها مرۆڤ لەقۆناغی هەرزەكاریی بەسەرەوە(مەمك)،وەك بەشێكی پێداویستی جەستەیی مرۆڤ و لەچوارچێوەی پرۆسەی سێكسكردندا كاریگەرییەكی وروژێنەرو چالاكی هەیە لەسەر جوڵاندنی هەست وسۆز وئارەزووی نێرومێدا[(٣)]، چونكە خۆشی بەخشین بەجەستە وئارامبوونەوە و حەسانەوەی هەستە پڕ لەزەتەكەیەتی (( بەهۆی ئەو غەریزە سێكسییەوەیە، كە لە وزەیەكی تایبەتیەوە دەردەچێت و پێی دەڵێن لیبیدۆ(libido)، هەمیشە ئامانجی تێركردن و لەزەت بەخشینە بەمرۆڤ))[(٤)]. كەواتە مرۆڤ لەهەردوو قۆناغدا پەنا دەباتەوە بەرمەمك، چونكە سەرچاوەی ڕاستەقینەی ژیانیەتی، بۆیە لەم دەقەدا مەمك دوو ئەركی گێڕاوە لە ژیانی مرۆڤدا، یەكەمیان گەورەكردنی مرۆڤە لە بچووكی و بێ دەسەڵاتی و پێنەگەیشتوویی تەواوی جەستەیی وبچووكییەوە، بەرە و قۆناغی دووەم كە ئەركی دووەم بەدەر دەخات، ئەویش بریتیە لە قۆناغی گەورەیی وتێگەشتوویی عەقڵ و پێگەیشتوویی تەواوی جەستەیی، بۆیە هەردوو ئەرك دەبنە ڕەمزی حەسانەوە و ئارامی و لەزەت بەخشین بە مرۆڤ ، بەڵام جەمسەری چێژبەخشینەكەی هەردووكیان جودایە.

---

* قوبادی جەلیزادە گرنگی زۆری بەو ئەندامەی جەستەی ژن داوە ، بۆ نموونە لەم دیوانەدا لە لاپەڕە (٢٤٩ – ٢٩١)ی بۆ تەرخان كردووە .

(١) خۆر لەناو پەرداخێكی شكاودا، ڕۆستەم ئاغالە– قوبادی جەلی زادە، ل٢٥٠.

(٢) الموسوعة النفسية الجنسية ،د.عبدالمنعم الحفني، ص ٤٠١.

(٣) هەمان سەرچاوە ،هەمان لاپەڕە.

(٤) معالم التحليل النفساني، فرويد، ترجمة محمد عثمان نجاتي ،ط٣، مكتبة النهضة المصرية ،القاهرة ،١٩٨٥، ص٥٣.

**مەمك ،**

**یەکەم کێڵگە و**

**دووا کێڵگەی**

**گوڵەگەنمە[1]**

لەم نموونەیەدا شاعیر لەڕێگای دانانی ( مەمك ) بەیەکەمین و دواهەمین کێڵگەی گوڵە گەنم، دەیەوێت ئاماژە بۆئەوە بکات، کە ( ژن — مەمك ) سەرچاوەی بوون و مایەی بەردەوامیی ژیانیشە . هەروەها ڕەنگە شاعیر ناڕاستەوخۆ بیەوێت پێمان بڵێت : ژن سەرچاوەی بوون و بەردەوامیی مانەوەش بێت، بۆیە دەبێت بەوپەڕی گرنگ و ڕێزەوە لێی بڕوانین، لەهەمان کاتیشدا نموونەکە بەدیوێکی دیکەدا ناڕاستەوخۆ بەهانەیەکە، بۆ هۆگر بوون و ئاڵودەیی شاعیر بەجەستەی ژنەوە .

**لەهەر ماڵێکدا مەمك نەبوو**

**نارنجۆك هەیە [2]**

( قوبادی جەلیزادە) لەم دەقەدا دەیەوێت باس لە هەستیارترین بابەتی ژیان بکات ،کە ئەویش ئاشتی یە، بەڵام لە ڕێگەی جەستەی ژنەوە دەیەوێت ئەم مەسەلە بخاتە ڕوو، ژن لە دیدگای شاعیردا کلیلی چارەسەری کێشەکانە و دەیەوێت بوونی ئاشتی لەژیاندا بۆ بوونی ژن بۆ ژن بگێڕێتەوە . پێی وایە ماڵ یەکسانە بە وڵات ومەمك یەکسانە بە ژن و نارنجۆك یەکسانە بە شەڕ . کەواتە هەرسێ وشەی (ماڵ و مەمك و نارنجۆك) وەك سێ هێما بەکارهێنراون لەبەرامبەر وڵات و ژن و شەڕدا، کە هەریەکێکیان بەرامبەر ئەوەکەی تر بەکارهێنراوە ، بۆیە پێویستە بە چاوێکی پڕ لە میهرەبانییەوە سەیری پێکەوە ژیانی ( نێر و مێ ) بکەین و بزانین ژن کێیە و چ پەیامێکی پەروەردەکاریی پێیە بۆ نەوەی داهاتوو، هەروەها چ ڕۆڵێکی کاریگەر و بەهێزی هەیە لەناو کۆمەڵگەدا.

**مەمك،**

**لاشەیەکە پڕ لە کۆتر[3]**

کۆتر باڵندەیەکی بێوەیە و بە ئازادی ژیان بەسەر دەبات، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن مرۆڤەوە کراوە بە هێمای ئاشتی و ئاشتیخوازی . لەم دەقەدا مەمك لە بەرامبەر ئەو شوێنەدا دانراوە، کە کۆتر ژیانی پڕ لە سەرفرازی تیا بەسەر دەبات . ئاشکرایە مەمك سەرچاوەی ژین و بوونی مرۆڤە، منداڵی کۆرپە و ساواش کە لە ئامێزی ژن دایە و کۆتر ئاسا بێوەیە، لێرەدا ( ژن– جەستە– مەمك ) لانکەیەکی ئارامە بۆمرۆڤ ولەلایەکی دیکەشەوە ( ژن ) سەرچاوەی بەخشینی بێوەیی و ئارامییە، بۆیە دەکرێت بڵێین شاعیر گرنگی و کاریگەری ژنمان بۆ دەخاتە ڕوو.

---

(١) خۆرلە ناو پەرداخێکی شکاودا ، قوبادی جەلی زادە، ل ٢٥٤ .

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل٢٥٣.

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل٢٤٩.

**ستيانێك بەتەنافەوە:**

**كردنەوەی دەرگای قەفەزێكە**

**بۆ هەڵفڕینی دوو كەو[1]**

ئازادی ئەم ئامانجەیە مرۆڤ هەر لەكۆنەوە هەوڵ و كۆششی بۆ دەدات، تاكو بەدەستی بێنێت، چونكە ئەوە ئازادییە مرۆڤ لەشتەكانی دەوروبەری جیادەكاتەوە، لەبەرئەوەی مرۆڤ تەنیا خۆی هەڵگری ئاڵای ئەو ئازادییەیە ودوورلە ئازادی مرۆڤ ژیانێكی نییە،چونكە بەبێ بوونی ئازادی ژیانی مرۆڤ ئەستەم ودژوار دەبێت[2] . كەواتە ئازادی بەهایەكی تایبەتی بەمرۆڤ دەبەخشێت و سەكۆیەكە بۆدابینكردنی بەختەوەریەكانی ژیانی مرۆڤایەتی. (قوباد) زەوتكردنی ئازادی ژن بەدیمەنی ئەو ئازادیە بەراورد دەكات، كە چۆن بە كردنەوەی دەرگەی قەفەز دووكەو هەڵدێن و لە شەقەی باڵیان دەدەن، بۆئەوەی بە ئازادی وسەرفرازی ژیان بەسەر ببەن . كۆت و بەندكردنی ئەو كەوانە لەناو ئەو قەفەزە ئاسنینە هێمایەكە بەكارهێنراوە، بۆئەوەی باس لەئازادی و زەوت كردنی جەستەی ژنی پێ بكات، دوو كەو یەكسانە بە دوومەمك، لێرەدا دەكرێ بڵێین ناڕاستەوخۆ شاعیر داوای جۆرێك لە ئازادبوونی جەستەی ژن دەكات، ئەمەیش بەشیوەیەك لە شێوەكان بە مانای ڕووتكردنەوەی جەستە دێت.

## ج- ماچ :

**١١- لە وەرزی ماچدا**

**سۆفی یەك و**

**بەدمەستێك**

**یەكسانن...![3]**

ماچ بەشێوەیەكی گشتی ئەنجامدانی پرۆسەیەكی هاوبەشە لە نێوان دوو بوونەوەردا، بەڵام شاعیر لە میانی ئاماژە پێدانی بیرۆكە شیعرییەكەی لەم دەقەدا، بەتایبەتی ئاماژە بە ماچكردنی هەردوو ڕەگەزی (نێر ومێی) مرۆڤ دەكات و پێی وایە لە كاتی بە ئەنجام گەیاندنی ئەم كردارەدا هیچ جیاوازییەك لە نێوان مرۆڤێكی سۆفی و بەدمەستێك دا نییە، چونكە لەم كاتەدا هێزی لەزەت بەخشین وچێژ وەرگرتنی ماچ هێندە كاریگەر و بەهێزە لەسەر جەستەی مرۆڤدا[4]، ناپرسێت ناسنامەی خاوەنی ئەم ماچە كێیە و چ كردەوەیەك ئەنجام دەدات و سەر بەچ ڕێبازێكە، گرنگ ئەوەیە كردارەكە جێبەجێ بكات . هەروەها وەرزی ماچ یەكێكە لەوداهێنانە شیعرییانەی كەوا ( لەتیف هەڵمەت) لەبیرۆكەی خۆیدا دایهێناوە، بۆئەوەی بەتێڕوانینێكی بەرز سەیری كرداری ماچ بكات، چونكە گشت خۆشییە جەستەییە لەززەت بەخشەكان بەرجەستە دەبن، جا چ سۆفییەك بێت یان بەدمەستێك . كەواتە بەجێگەیاندنی جیاوازی تیا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەكارهێنانی پەیڤی وەرز ئاشكرایە جۆرە دەست نیشان كردنێكی مەودا كورتیی تێدایە، لەبەرامبەر

---

(١) خۆرلە ناو پەرداخێكی شكاودا، قوبادی جەلی زادە، ل٢٦٨.

(٢) مفهوم الحرية، ص٦٨-٦٩، وەرگیراوە لە - الكون والعدم، سارتر، غاليمار، باريس،١٩٤٣،ص٥٥٨.

(٣) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ل٦١٦ .

(٤) الموسوعة النفسية الجنسية ، د. عبدالمنعم الحفني، ص ٣٨٧.

کارەکەدا، جگەلەمەش دەقەکە خوێندنەوەیەکی دیکەش هەڵدەگرێت، ئـەویش ئەوەیـە کـە( وەرزی مـاچ)، ئاماژەیەکـە بۆ( فەزای خۆشەویستی) ، چونکە کردەی ماچ کردن لەکاتی بەیەك گەیشتنی دوو کەسـی لـەدڵی یـەکتر ئـازیز ئـەنجام دەدرێت ، لـەم حاڵەتەشـدا ڕەنگـە شـاعیر بیـەوێت بڵێـت لـەوەرز و فـەزای خۆشەویسـتیدا، کەهەسـتێکی ئینسـانییە سۆفیەك و بەدمەستێك یەکسانن و هەمان هەست و سۆزیان هەیە.

## ماچ
## ئاتەشگەی پاکبوونەوەی رۆحە
## لە گوناح[1]

بونیاتی پێکهاتەی ئەم دەقە کراوەیە لەڕێگەی مەزراندن و تێکەڵکردنی وشەی (ئاتەشـگە*) دا، کەشـوێنێکی پـیرۆزی ئەنجامدانی مەراسیمە ئاینییەکانی شوێنکەوتوانی زەردەشتە، لەهەمبـەر (مـاچ) دا وبـەراوردکردنی بەوشـوێنەکە چـۆن ئەنجامـدەرانی سـرووتە ئاینییـەکان لـەو مەنزڵگایـە پـیرۆزە لەگوناحـدا پاکدەبنـەوە، بـەهۆی بەجێگەیانـدنی ئـەو ڕێوڕەسمانەی بۆیان دەستنیشانکراوە، بۆیە شاعیر لەڕێگەی بەراوردکردنی کـرداری ماچـکردن، کـە لـەنێوان ڕەگـەزی (نێرومێی) مرۆڤدا بەجێدەگەیەنرێت لەزەت وخۆشیەکی بەهێز بەجەستە دەگەیەنێت، بەهۆی چـێژ لێوەرگرتنییـەوە[2]، بەکرداری ئەنجام گەیاندنی ئەوسرووتە پیرۆزەئاینییەوە دەیەوێت مەزنییەکی ڕوحـی بـە کـرداری ماچـکردن بـدات، بـە هۆی ئەوەی جارێکی تر پەیامی خۆشەویستی بۆیەکتر نـوێ دەکەنـەوە و ڕوحـەکانیان لەهـەموو ڕق وکینـە وبـوغزێکی ناشیرین لەهەمبەر یەکتردا پاکدەکەنەوە، هەروەك چۆن شوێنکەوتوانی زەردەشت بۆ پاکبوونەوەی ڕوحیان لـە گونـاه ڕوودەکەنە ئاتەشگە، بۆئەوەی لەکاتی پاڕانەوەیان و جـێ بـەجێکردنی کـردارە ئاینیەکانـدا پاکببنـەوە، لـە هـەرجۆرە حەزێکی شەڕانگێزی و بێزارکردنی یەکتریدا و گەڕانەوەیان بەرەو حەزێکی ئاشتیخواز و ڕێزگرتن و سوودگەیاندنیان بـە یەکتری، کەواتە (قوباد)ی شاعیر چۆن پیرۆزییەکی بەخشیوەتە کرداری ماچکردن و پێگەی لە ئاستێکی بەرز داناوە.

---

(١) ڤان ئیرۆتیك، قوبادی جەلی زادە ، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٧، هەولێر، ل٥١ .

* ئاتەشگە:(( ئاتەشگا: جێی ئاگری ئاگرپەرست. کێوێکی سەختە لە جوانڕۆ))، فەرهەنگی خاڵ، شێخ محەمەدی خاڵ، ل١. (( ئاتەشگا: ١) ئاتەشکەدە، ٢) ناوی کێوێکە لە کوردستان . ئاتەشکەدە: کوانوی ئاگرپەرستان، ئاگردانی پیرۆزی گاوران))، هەنبانە بورینە، عبدالرحمن شرفکەندی (هەژار)، ل ٢ . هەروەها بۆزانیاری زیاتردەربارەی ئاتەشگە و ئەنجامدانی مەڕاسیمە ئاینییەکانی شوێنکەوتوانی زەردەشت، بگەڕێوە بۆ کتێبی مێژووی ئاینی زەردەشت، نووسینی: عەبدوڵڵاموبلغی ئابادانی، وەرگێڕانی: وریا قانع، دەزگای بڵاوکردنەوەی قانع، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٤ ، ل ١٢٠– ١٢٦.

(٢) الموسوعة النفسية الجنسية ، د. عبدالمنعم الحفني، ص ٣٨٨.

## د– لێو:

لێویەکێکە لەو ئەندامە هەستیارو زێدە بزوێنەرەی هەست و سۆزی ڕەگەزی ( نێرو مێی ) مرۆڤ بۆ یەکتردەبزوێنێ و بەرەو یەکیان دەهێنێت، چونکە لەکاتی کرداری ماچکرندا چێژ بەخشینی مرۆڤ زیاتر دەبێت ودەگاتە لوتکە(1)، بۆیە هەردوو ڕەگەز لەزەت لەیەکترییەوە دەبینن و خۆشی و ئارامییەکی جەستەیی بۆیەکدی دابین دەکەن .

**لێو***

**بادەیە لە ناو پیاڵەدا**

**دەمی لێ نەدەی**

**تامی نازانی(2)**

( دلشاد عەبدوڵڵا ) وەسفی لێو بەو بادەیە دەکات کەچەندە خۆش و بەتام و بەلەززەتە بۆ بادەنۆش، هەرئەویشە تا تامی نەکات نازانێت لەزەتەکەی لەکوێیە و هێزی تامەکەی چییەو چۆن مرۆڤ بەرەو جیهانێکی خەیاڵ ئامێز دەگوازێتەوە، بەهۆی ئەو مەستییەی کەمرۆڤ لەبادەکەدا وەریدەگرێت و لەجیهانی پڕ لەئێش و ئازاری دادەبڕێت و بە هەست و دڵ و گیانەوە بەرەوجیهانی خەیاڵ وخۆشیەکانی ژیانی دەگوازێتەوە. لەو چرکەساتەدا مرۆڤ هەموو خۆشیەکانی هەست و دەروونی چڕ دەبێتەوە لەساتە وەختی لەزەت وەرگرتنە جەستەیەکەیدا (3)، کە لەدەمی پێکی بادەکەدا وەریدەگرێت ، بەوجۆرە لەکاتی مژین و ماچ کردنی لێوی یار هەموو خۆشیە هەستیەکانی پیاو لەوێدا کۆ دەبێتەوە وسەرەداوی هەموو هەستە جەستەییەکانی لەوشوێنەدا هەست بەئارامی ژیان دەکەن و دەگەنە لوتکەی لەزەت وەرگرتن .

---

(1) الموسوعة النفسية الجنسية، د. عبدالمنعم الحفني، ص ٣٨٩ .

* لەتیف هەڵمەتی شاعیریش لە دەقێکدا بەناوی (لێو) باسی کاریگەری و هەستیاری لێوی مرۆڤی کردووە لە شوێنێکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەی پێکراوە، دیوانی لەتیف هەڵمەت ، لەتیف هەڵمەت ، بەرگی یەکەم ، چ٢، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ، ٢٠٠٥ ، ل ١٠٤٠ .

(2) کۆ شیعری ٢، دلشاد عەبدوڵڵا ، ل٣٣٣.

(3) الموسوعة النفسية الجنسية ، د. عبدالمنعم الحفني، ص ٣٨٩.

## ٢- خۆشەویستی

-٥-

**خۆشەویستی،دڕندەترین مرۆڤ**

**دەکا**

**بە پەپوولە!**

**((ئەمە قسەی دڵۆپێك شەونمە))**(١)

خۆشەویستی هەستێکی جوانی مرۆڤایەتیە لەمرۆڤەکاندا بەرجەستە دەبێت و هێزێکە کاریگەریەکەی هەموو سنوورە بەندکراوەکان دەبەزێنێت و دڵە چەقبەستووەکانیش دەلەرزێنێ بۆئەوەی شۆرشێکی مرۆڤایەتی لەهزر و دەروونی تاکەکاندا بەرپابکات و بیکاتە خاوەن بوونی خۆی وتەواوی مرۆڤایەتیبوونی خۆی بپارێزێت (٢) . بۆیە شاعیر لە دیدگایەکی خودییەوە ئاماژە بەئاسەواری ئەو سیفەتە دەکات و بەدواندن قسەی دڵۆپێك شەونمەوە، کە ئامادەبوونی دەنگی شاعیر لەو دەقەدا دەیەوێت تاکەکان بە چاوێکی بەرزەوە بڕواننە وشەی خۆشەویستی، چونکە خۆشەویستی راستەقینە بوونێکە لەوبوونانەی کە ڕاپەڕینێکی هەستی لە گیاندا دێنێتە کایەوە و دەیکاتە مرۆڤێکی سۆزدار و ئارامبەخش بۆخۆشەویست و دەوروبەرەکەی (٣) و دڕندەترین مرۆڤ دەکات بەپەپوولە، ئاشکرایە پەپوولەش ڕەمزی جوانی ونوێبیوونەوەی وەرزی شادیی وخۆشەویستییەکانی ژیان وخۆشەویستی گوڵە لەهەرکونجێکی دونیا بێت لەکاتی بەستنی وەرزی ژواندا دەگەڕێتەوە بۆجێژوانی خۆشەویستەکەی، چونکە ئەوە هێزی خۆشەوستیە پەپوولەو گوڵ بۆ یەکترکێش دەکات.

**ئەم سیسەمە**

**چەند نوێژی عەشقی**

**لەسەردا کراوە؟**(٤)

لەڕوانگەی ڕەهەندێکی کۆمەلآیەتییەوە شاعیر پەیامە ئەدەبییەکەی بەم جۆرەیە ئاراستە دەکات، کەشێوە پیرۆزییەك وبەرزکردنەوەیەك بەوشەی عەشق دەبەخشێت، لەڕێگەی ئەنجامدانی کرداری سێکسەوە، کەتیایدا خۆشیەکی جەستەیی دێتەکایەوە بەهۆی ئەوبەخشینەی، کە پیاو حەز و ئارەزووەکانی دادەمرکێنێتەوە و ژنیش هەمان پرۆسە ئەنجام دەدات. کەواتە بەخشینی سێکسی پرۆسەیەکی هاوبەشە لەنێوان ژن و پیاودا، کە ئەنجامی دەدەن بۆئەوەی بەردەوامی بە ژیان ببەخشن(٥) .

---

(١) شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات ، قوبادی جەلی زادە، چ٢، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧، ل٣٥٦ .

(٢) فن الحب ، اريك فروم ، ترجمة مجاهد عبدالمنعم مجاهد ، دار العودة ، بيروت ، ١٩٧٢، ص ٤٦.

(٣) الحب الرومانسي، بين الفلسفة والعلم النفس، فارس كمال نظمي، ط١، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل،٢٠٠٧ ، ص٧٥.

(٤) دیوانی لەتیف هەڵمەت ، لەتیف هەڵمەت ، ب٢ ، ل ٦١ .

(٥) فن الحب ، اريك فروم ، ص ٤٨-٥٠ .

بـەم کارەشـیان خۆشەویسـتیەکی مرۆڤانـە دێتەکایـەوە و دەبنـە خـاوەن بـوونێکی ئـەفرێنراو . کـەوا بـوو شـاعیر لـە دیدگایەکی خودییەوە مەزنییەك وبە پیرۆززانینێك دەداتە سیسەم و لەهەمبەر بەرماڵی نوێژکەرانی دادەنێت و بـاس لـە چرکەساتی پەیوەندی خۆشەویستی نێوان نێرو مێی مـرۆڤ دەکـات کـە دەبـن بـە یـەك کەسـایەتی بـەهۆی کاریگـەریی کرداریی سێکسەوە [1]، لەچرکەساتێکی هەستیاردا وجۆرە پەیوەندییەکی ڕوحی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکـە لەوکاتـەدا ڕوودەدات و لەهەموپەیوەندییەکی دەرەوەدا دەپچڕێن وبەیەکەوە لکانێکی بەهێزی عەشقی لە تاکێکـەوە بۆتاکەکـەی تردەگوازرێتەوە . کەواتە بەچاوێکی مـەزن سـەیری ئـەم حاڵەتـە دەکـات و پەیوەندییـەکی ئۆرگـانیی لـە نێـوان کـاتی نوێژکردنی نوێژکەران وکاتی ژوانـی عەشـق دروسـت دەکـات و لەئەنجامـدا شـکۆمەندییەك بـە عەشـق دەدات و بـەرزی دەکاتەوە تاقۆناغی بەپیرۆز ڕاگرتنی عەشق، کەپێویستە مرۆڤ بزانێت عەشـق چـییە و بـەها و گرنگـی و پیرۆزییـەکانی چین و لەپێناوی چی و لەگەڵ کوێدا ئەم کردارە هاوبەشە مرۆڤایەتیە ئەنجام دەدات.

**هەڵە**

**خۆشەویستی**

**هەڵەیەکە**

**هەمووکەسێ**

**هەزاربارەی**

**دەکاتەوە ...![2]**

پێکهاتـەی بابـەتی ئـەو دەقـەی لەسـەر بونیـاتنراوە ڕەهەنـدێکی فەلسـەفی هەیـە خـاوەن بونیـاتێکی داخـراوە(یـەك بابەتییە)، بەپێی ئەو بۆچوونەی لەئاماژە شیعرییەکان بەرجەستە دەبن . شاعیر بە دیدێکی فەلسەفیانە هێمـا بـۆ ئـەو شـێوە هەڵەیـە دەکـات، کـەمرۆڤ چـەند بـارەی دەکاتـەوە، لەخوێندنـەوەی دەقەکـەدا تێبینـی ئـەوە دەکرێـت، کـە ((خۆشەویستی حەزێکی چەسپێنراوە بەسـەرناخ و دەروونـی مرۆڤەکانـدا، بۆیـە نـاتوانن خۆیـانی لێدەربازبکـەن))[3] ، چونکە لەگەڵ بوونیدا لەمنداڵدانی دایکی ئەم حەزە لەناخیا سەرهەڵدەدا، بۆیە مرۆڤـەکان هـیچ کاتێـك پـەندو عیـبرەت لەهەڵەی مرۆڤەکانی تر وەرناگرن و چەندبارەی دەکەنەوە، لەکاتێکدا چـەندین جـار گـەورەترین بـاجی ژیـان و تەمـەن دەدەن، بەڵام ئامادەنین دەستبەرداری ئەم حەزەیان بن، لەبەر ئەوەی ((خۆشەویستی دەروازەیەکە ئاماژە بـۆ گشـت دەکات، نەك هەر تایبەت بێت بەتاکە کەسـێك و هـیچ جیاوازییـەك لـەنێوان جـۆرە جیاوازەکـانی خۆشەویسـتیدا نییـە، بەهۆی پەیوەستبوونی تاکێك بە تاکێکی ترەوە))[4]، بۆیە شاعیر بە پێچەوانەی خـۆی بیردەکاتـەوە پێشـتر لـە ماچـدا شتی دیکە دەڵێت کە کلیلی خۆشەویستییە.

---

(١) فن الحب ، اريك فروم ،ل٩٢.

(٢) دیوانی لەتیف هەڵمەت ، لەتیف هەڵمەت، ب٢ ، ل٦١١ .

(٣) فن الحب، اريك فروم ، ص٩٧ .

(٤) هەمان سەرچاوە، ل١٧٠ .

## ٣- تەمەن :

قۆناغە جیاجیاکانی تەمەن (منداڵیی ، گەنجیی ، پیریی) زۆرجار بۆتە بابەتێکی نێودەقی شیعری شاعیران و کاریگەریی و پەیوەندی ئەم قۆناغەیان بە ژیانی مرۆڤەوە بە شێوازی جیاواز خستۆتە ڕوو.

بۆنموونە (قوباد) لەم دەقەدا دەڵێت :

**پیربووم پیر...**

**فرمێسکم کردووە بە گۆچان.**

**بە لێواری مردندا،**

**وڕێنە دەکەم[١]**

لەم کورتیلەشیعرەدا شاعیر وەسفی دیمەنێکی ژیانی مرۆڤ دەکات، کە لەدوا قۆناغی ژیانیدا پێیدا تێپەڕ دەبێ و چارەنووسێکە چاوەڕێی دەکات، تا بەرەو مەرگ ڕایبکێشێ و گیانی پیرۆزی لێبستێنێ . ئەوەش پیرییە کە توانا جەستەیی و عەقڵییەکانی مرۆڤ تیایدا لەوپەڕی لوتکەی دەسەڵاتەوە بەرەو نزمترین ئاستی بێ دەسەڵاتیی ژیانی دەڕوات . دووبارەکردنەوەی وشەی (پیر) جەختکردنەوەیە لەسەر ئازار و ڕواڵەتەکانی پیریی و دانپێدانانیشە بە دۆخی ئێستا و ئەمرۆی، کە پیر بووە وجۆرێك لەحەسرەت دەربڕینیشە بۆدوێنێی گەنجیی . لەدەقەکەدا (پیر و گۆچان و مردن) هەرسێکیان وەك سێکوچکەیەکی بەیەکەوە لکاو و لەدوای یەکتردێن و هەریەکەیان کاریگەری لەسەر دوای خۆیی هەیە و لەکۆتایشدا مردن مرۆڤ بەرەو یەك ڕێگا و یەك شوێن دەبات، ئەویش چاڵی مەرگە و لە هەموو شادی و بەختەوەری و خۆشیەکانی ژیانی بێ بەش دەکات.

**بزرکردن**

**کەدایکم مرد**

**لەڕێگای گۆڕستان**

**منداڵیم بزرکرد ...[٢]**

بابەتی دەقی (بزرکردن) لەڕوانگەی ڕەهەندێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە بەرجەستە بووە، تیایدا نامۆییەکی خودیی بەئاشکرا بەدی دەکرێ، کە سەرچاوەی دروستبوونی نامۆییەکە لەدەستدانی قۆناغی منداڵییە، بەهۆی کارەساتی مردنی دایك، کە گەورەترین کاریگەری لەسەرئەم قۆناغە بەجێدەهێڵت و ڕێڕەوی ڕوودانی ڕووداوەکە تا ئێستاکەش، کە قۆناغی پیرییە بەردەوامە و بوویتە هۆی دروستبوونی گەورەترین بۆشایی ڕووحی لەناخ و دەروونی خودیی شاعیردا، لەبەرئەوەی لەقۆناغی منداڵیدا بێبەشبووە لە سۆزو بەزەیی وخۆشەویستی دایك، بۆیە شاعیر پێیوایە لاسەنگییەك لە

(١) خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا، ڕۆستەم ئاغالە- قوبادی جەلی زادە،ل١٧٤.

(٢) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت بەرگی سێ، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی ڕوون ، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٧٧ .

قۆناغەکانی ژیانی ئاسایی مرۆڤبوونی خۆی لەدەستداوە، چونکە لاسەنگییەك لەڕێڕەوە قۆناغەکانی ژیانی ئاساییدا ڕوویداوە و نامۆییەکی خودیی گشتگیر سەراپای ژیانی گرتۆتەوە وتا لەژیاندا مابێت کاریگەرییەکەی بەرۆکی بەرنادات، چونکە خۆشەویستترین و سۆزدارترین کەسایەتی ژیانی لەدەستداوە ئەویش دایکییەتی . کەواتە شاعیر پەیوەندییەکی ئۆرگانیی لەنێوان خودیبوونی خۆی و خودی دایکی پێکهێناوە، لەبەرئەوەی لەئەزموونی مرۆڤایەتیدا نزیکترین پەیوەندی نێوان دایك و منداڵەکەی بەزەیی و خۆشەویستی و دڵسۆزییە لەکاتی گەشەسەندن وگەورەبوونی منداڵدا[1]، کە بەنەمانی ئەوپەیوەندییە سۆزدارییە بزربوونێکی خودی پەیدا دەبێت، چونکە دایك زیاترمنداڵ دەلاوێنێتەوەو نازی منداڵیشی دەکێشێت.

**یاد**

**هەموو شتەکانم نایەتەوە یاد**

**بەڵام دڵنیام**

**لە نێوان منداڵی و پیریدا**

**زۆر شتم فەوتاوە[2]**

شاعیر لەڕوانگەی دوالیزمی منداڵی وپیریدا دەیەوێت بەیادەوەریەکانی ژیانیدا بچێتەوە، لەبەرئەوەی هەردووکیان سەرچاوەی لەدەستچوونی زۆرشتن، چونکە منداڵی قۆناغێکە هێشتا مرۆڤ تیایدا کاڵە و تەواو پێنەگەیشتووە، هەروەها پیریش ئەو قۆناغەیە کە مرۆڤ تەواو تێیدا پێگەیشتووە ودەیەوێت بگەڕێتەوە قۆناغی سەرەتاکانی ژیانی، بەڵام ناتوانێت چونکە بەرەو مردن کە دوا قۆناغی ژیانە هەنگاودەنێت و زۆرشت لە یادەوەرییەکانیدا دەسڕدرێنەوە بەهۆی پیرییەوە[3]، کە لەهەردوو قۆناغدا لە لەبیرچوونەوەی یادەوەرییە خۆش و تاڵەکانی ژیانی مرۆڤدا هاوبەشن، بەڵام ئەوەی لەنێوان ئەو دوو قۆناغە دایە قۆناغی گەنجییە و مرۆڤ هەردەم تیایدا بەو هیوایە دەژییێت، کەحەز و ئارەزوو و ئامانج و ئاواتەکانی لێبهێنێتە دی.

(١) الموسوعه النفسيه الجنسيه ، د. عبدالمنعم الحفنى، ص ٢٩٦ .

(٢) گۆمی پوونگ، شیعر، دلشاد عەبدوڵڵا ، چ١، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١١٨.

(٣) الموسوعه النفسيه الجنسيه ، د. عبدالمنعم الحفنى ، ص ٣٧٦ .

## ٤- ڕەخنە گرتن لە کۆمەڵگە :

زۆرجار شاعیران بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشای کۆمەڵگاکانیان دەکەن و پەنجە دەخەنە سەر ئەو کێشانەی، کە زادەی بیر و پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییە نادروستەکانی نێو کۆمەڵگەن .

قوبادی جەلیزادە لە دەقێکدا لەبڕگەی (٣) دا نووسیویەتی :

**-٣-**

**بە منداڵی ....**

**خودا و ژنیان لا ناشرین کردین**

**خودا شمشێر و**

**ژن عەورەت !(١)**

پەیامی ئەدەبیی ئەم دەقە بریتییە لەوروژاندنی ئەرك و كاریگەریی ئەو پەروەردە نادروستەی، كە تاكەكانی كۆمەڵگەی كوردەواریی پێ پەروەردە دەكرێت، بەهۆی ئاماژەكردن بەهەندێك نەریتی كۆنەوە، كە شاعیر لەڕێگەی كرداری مەزراندنەوە ئاوێتەی پرۆسەی نووسینی دەقەكەی كردووە، بۆ ئەوەی وێنای چۆنیەتی ناشرینكردنی وێنەی خوا و ژن بكات، كە بەناو هێنانیان جۆرە ترس و كابووسێكی تۆقێنەر لە هزر و دەروونی تاكەكانی كورد دا گوزەر بكات، كە چەمكی ئایین گرێ بدرێتە شمشێر و توندوتیژیی و سەرەنجام خوا و ئایین ببێتە ڕەمزی كوشتن و تۆقاندن، هەروەها وێنەی كەسایەتی ژن تەنیا گرێدراوەتەوە بەمەسەلەی (عەورەت) ییەوە، كە ئاماژەیە بۆڕەهەندەكانی شەرمنی و دابڕینی لەژیان وكۆمەڵگەدا . لەهەمان كاتیشدا دەقەكە دەنگێكە بۆگۆڕانی ڕوانینمان بەرامبەر بەخوا و ئایین و ئافرەت ، تا وێنەیەكی ئەرێنیان بۆدروست بكرێتەوە لە هزر و بیری كۆمەڵگەكەماندا .

(١) ڤان ئیرۆتیك ، قوبادی جەلی زادە، ل ٢٧ .

( دڵشاد عەبدوڵلاّ ) لەدەقێکدا بەناونیشانی (دوعا) نووسیویەتی :

**دوعا ***

**بمتوانیبا**

**هەورم ناودەنا (دوعا)**

**کەباریبا**

**تەڕبا هەموو شت بە فرمێسکی(١)**

بابەتی ئەم کورتیلە شیعرە، وروژاندنی ئەم کارەساتە خۆشەویستیەیە، کەتیایدا دوو دڵ (دوعا و کوڕ) کوڕێك عەشقی یەکتر بوون و(دوعا)ش بوو بە قوربانی بیرێکی چەوتی کۆمەڵایەتی . بۆیە شاعیر ڕق ئەستوورانە دێتە گۆو دەیەوێت سوود لە سیفەتی هێزی خواوەندی وەربگرێت و جۆرە هێزێکی کاریگەر بداتە خۆی و قسە لەگەڵ خودی ناخی خۆی دەکات و زۆر بە توندی ڕەخنە لەو داب و نەریتە قێزەونەی کۆمەڵگا دەگرێت و دەڵێت بمتوانیبا هەورم ناو دەنا (دوعا) ، ئەوەش گەورەیی ئەم کارەساتەیە، کە ناخی دەهەژێنێ و بێدەنگی ناکات لە ڕاست ئەم تاوانە نامرۆڤایەتییەدا کە ناخی هەزاران مرۆڤی هەژاند .

**( قوبادی جەلیزادە ) لە بڕگەی (١) ی ئەم دەقەدا نووسیویەتی :**

**-١-**

**ئێمە بەئاشکرا پیاو دەکوژین**

**و**

**بەدزییەوە یەکتری ماچ دەکەین(٢)**

پەیامی ئەم کورتیلەشیعرە، کەهەڵگری تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەیەوئاراستەی کۆمەڵگەکراوە، بۆدەستنیشانکردنی دوو جۆرە سیفەتی دژ بەیەك کە بەبەردەوامی ئەنجامی دەدات، ئەوانیش کوشتنی مرۆڤە بەئاشکرا و بەکارێکی سادە و ساناى دەزانێت، بەڵام ئەم کۆمەڵگەیە ماچکردنی یەکتریان بە ئاشکرا پێ گەورەترین تاوانە و بەکردارێکی قێزەوەن و ناشیرینی دادەنێن و بەتوندترین شێوە ڕکابەرایەتی دەکەن، بۆیە بە دزییەوە ئەم کارە ئەنجامدەدەن . کەواتە شێوازی ڕەخنەگرتنەکەی شاعیر بەپێی ئەم بنەمایە مەزرێنراوە، کەتاکەکانی کۆمەڵگە لەکردار و گوفتاریاندا شێوە دوو ڕوویەك

---

*** دوعا : کچە کوردێکی یەزیدی بوو ، حەزی لە کوڕە کوردێکی موسڵمان دەکرد ، بۆیە لەلایەن کەسوکارەکەیەوە بەرد باران کرا تا گیانی سپارد، لە ناوەڕاستی مانگی (٤) ی ساڵی (٢٠٠٧) دا ، هەروەها ( قوبادی جەلیزادە )ش دەقێکی بۆهەمان ڕووداو و کەسایەتی نووسیووە، باخچەکانی مەلەك تاووس، دیوانە شیعر، قوبادی جەلیزادە، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٨٢ .**

(١) **کۆ شیعری ٢، دلشاد عەبدوڵلا ، ل٣٣٤.**

(٢) **ڤان ئیرۆتیك ، قوبادی جەلی زادە ، ل٢٦ .**

بەرجەستە دەکەن، لەئەنجامی کەڵەکە بوونی کۆمەڵێك داب و نەریتی کە بەهەڵە لەسەریەك هەڵێنجراون تیایدا ئەنجامدانی تاوانەکانی وەکو کوشتن و دزیکردن و درۆکردن بە ئاشکرا بە تاوان نازانن، بەڵام قسەکردن لەگەڵ ژن و ماچ کردنی باسکردنی پەیوەندی خۆشەویستی بە تاوان لەقەڵەم دەدەن . کەواتە پێویستە کۆمەڵگە بە وشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ دەستەواژەکاندا بکات و چیتر کەلتورێکی ناتەندروست جێ بەجێ نەکات و بەهەڵەکانی خۆیدا بچێتەوە .

## ٥- شەڕو کاریگەرییەکانی :

**شەڕ ،**

**لەناو لانکی منداڵەکانمدا**

**خەوی لێ کەوت (١)**

شاعیر لەمیانی ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییەوە هەست بەخەتەرناکی شەڕ دەکات و پێی وایە خەوی منالەکانی نەهێشتووە و دەیەوێت کاریگەرییەکانی ئەو دیاردەیە ئاماژە پێبدات، بەپێی ئەو ئاماژە شیعرییانەی لەپشت خوێندنەوەی دەقەکەوە دێنەدی . دیارە مرۆڤ لەناخیدا مەیلێکی شەڕانگێزی هەیە و پەرەپێدانی ئەو مەیلەش بەشێوەیەکی سەرەکی ((دەرئەنجامی هەلومەرج ودەوروبەرەکەیەتی ))(٢) ، کەبەهێزترین ڕۆلی هەیە لەسەر ئاراستەکردنی ناخی تاکدا، بەهۆی ئەوەی ئەو مەیلی شەڕانگێزییە لەناخمانەوە دەگوازینەوە بۆنێو لانکی منداڵەکانمان، کەشاعیر مەبەستی بیروەروونی نەوەی داهاتووە، ئەوە بەشێك لەئێمەین ئەو هەلومەرجەیان زیاتر بۆدەسازێنین بۆئەوەی ئەومەیلەیان زیاتر بێت وئەوانیش ڕقیان لەمرۆڤ بێتەوەو هەمان خولیا وئارەزووی شەڕیان فێردەکەین و ئەوکەشەیان بۆ درووست دەکەین ، کە ((مرۆڤ بەرەو گەندەڵ بوون وخراپەکاری بەرێت ، لە هەمانکاتیشدا گەورەترین ترس بۆ ژیان ، ئەوانیش ئەمانەن :

یەکەم : خۆشەویستی بۆ مەرگ .

دووەم : نەرجسیبوونێکی پیس * .

سێهەم : سەپاندنی گیانی کوشتن.))(٣) . بۆیە شاعیریش ویستویەتی هۆکارو کاریگەرییە ترسناکەکانی شەڕو ئاسەوارەکەی لەسەر تاك بەتایبەتی وبەگشتیش بۆکۆمەڵگە بخاتە ڕوو.

---

(١) خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا ، ڕۆستەم ئاغالە- قوبادی جەلی زادە ، ل٢٧٥.

(٢) جەوهەری مرۆڤ، ئەریك فرۆم، وەرگێڕانی ئەردەلان عەبدوڵڵا، چ١، خانەی موکریانی بۆچاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٢ ، ل ٦١ .

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٢١.

* پیس: پێم گونجاو نییە و پێموایە (نەرجسیبوونێکی نائاسایی لە ڕادەبەدەر) باشترە ، یاخوود ڕیزپەڕ .

### ٦- هەژاری :

**تاج/ پێڵاو**

**خوایەگیان**

**پێڵاوم بدەرێ**

**نەك تاج** (١)

شاعیر بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بەبوونی دووچین لەنێو کۆمەڵگەدا دەکات، کەچینێکیان هەژاروچەوساوەکانن لەڕووی ڕامیاری وکەلتووری وئابوورییەوە،بەڵام گەورەترین سەرمایەیان هەیە کەوا شانازی پێوە بکەن ، ئەویش پابەندبوونیانە بۆئەو ئینتمایەی کە بۆخاکەکەیان هەیانە ودەیانەوێت دەستکەوت ومافەکانی گەل بپارێزن، بەڵام چینەکەی تریان دەوڵەمەند وچەوسێنەرەوەکانن هیچ ئینتمایەکی نیشتمانیان بۆگەل و میللەت نییە و هەر بەتەنها بۆخودی خۆیان دەژین ودەیانەوێت لە ڕووی ئابوورییەوە گەورەترین دەستمایە بەدەست بێنن لەسەر حیسابی هەژارەکان، بۆیە شاعیر لەڕوانگەیەکی هەستی خودییەوە هەمان هەست و سۆزی بۆچینە هەژارەکە دووبارە کردۆتەوە بەبەکارهێنانی وشەی (پێڵاو)، کە ڕەمزێکە ئاماژە بۆ مرۆڤی هەژار و نەدار، یان ئاماژە بۆ پێداویستیە سادە وبنچینەییەکانی ژیان دەکات، لەبەرامبەر بەکارهێنانی (تاج) دا، کەوەك ڕەمزێکە بۆ مرۆڤی چەوسێنەر و بە دەسەڵات بەکاردەهێنرێت.

---

(١) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب٢، ل٢٣٣.

## دووەم –  ڕەهەندی نیشتیمانی :

### ١-  ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات:

**پەیکەرو پرسە**
**لە شەقامەکان تەقە مەکەن**
**با پەیکەری شەهیدەکان**
**شەهید نەبن[1]**

بیرۆکەی گەڵاڵە بوونی ئـەم دەقـە بـەنێوی (پـەیکەروپرسـە) لـەوەوە هـاتووە، دیـارە لـەو کاتـەدا تەقـە لـە پـەیکـەری شـەهیدیش کـراوە لەلایـەن لایـەنێکی سیاسـی دیـاریکراوی کوردسـتان و بـارودۆخێکی دژوار لـەڕۆژگاری نووسـینی دەقەکەدا باڵی بەسەرشەقامەکانی (کوردستان) داگرتووە بەنێوی (شەڕی براکوژی). ئاشـکرایە کەسـێکی دانیشـتووی (هەرێمی کوردستان) نـەبوو بـاجی ئـەم کارەسـاتە نـەدات و لەلایـەنێك لەلایەنـەکانی ژیانـدا کاریگـەری ئـەم ڕووداوەی بەسەرەوە نەبووبێت . لەم ڕوانگەیەوە شاعیر بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ گوتـاری خـۆی ئاراسـتەی دەسـەڵاتی کـوردی دەکـات، بەشـێوەی ڕەخنـەگرتن لەبەرامبـەر ئەنجامـدانی کـردەوەی شـەڕی براکوژیـدا. دیـارە بەباسـکردنی دیمـەنی تەقەکردن لەشەقامەکاندا دەیەوێت ئەو ئامانجە بپێکێت، کەچیتر دەسـەڵات براکـان بەکوشـت نـەدات، چـونکە شـەڕی براکوژی خوێنی براکان بـەفیڕۆ دەدات و پیرۆزییـەکان لەدەسـت دەچـن و وێنـەی تـاکی کـورد لەبەرامبـەر ڕای گشـتی جیهـانی دەرەوە ناشـیرین دەبێـت . کەواتـە لەڕێگـەی دەسـتەواژەی ( بـا پەیکـەری شـەهیدەکان شـەهیدنەبن) ، ئاماژەیەکی ترە بۆ بەهەدەردانی بەری ڕەنج و خوێنی شەهیدەکان، لەلایەکی دیکەشەوە زیان بـەدۆزی نەتەوەییـەمان دەگەیەنێت، نەك هەر لە ئاستی ناوەوە، بەڵکو لە ئاستی جیهانی دەرەکیشدا.

**کەو**

**گوناهە قاسپەی لە و دوورە**
**دندوکی بە خوێنی براکەی سوورە[2]**

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو دەقە و بەوردی لێی بڕوانین، دەبینین باسی بابـەتی گـەورەترین تـاوان دەکـات لەسـەر ڕووی زەویدا، کەئەویش کوشتنی برایە، لێرەدا تاوانەکەش تاکی کوردە بەرامبـەر بـە بـرا کوردەکـەی ئـەنجامی دەدات، هـەر بۆیە بەناوی (شەڕی براکوژی) ناوبراوە . شاعیر پێیوایە ئەم کارە جێگەی شەرمەزاری و قێزەونییە، کەڕۆڵەکانی کـورد بەرامبـەر بەیـەکتری دەیکـەن و ئـەو کەسـانەی ئـەم جـۆرە کـارە ئـەنجام دەدەن جـۆرە سـادییەتێکیان تێدایـە و ڕەوایەتییەك بەخۆیان دەدەن، چونکە ((کەسێکی سادی لەو باوەڕەدایە ، توانای کوشتنی مـرۆڤ، نیشـانەی بـەهێزی و

(١) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب٢، ل٥٧٠ .

(٢)  کۆ شیعری٢، دلشاد عەبدوڵڵا، ل٣٢٤.

بەتوانایی ئەو کەسە دەگەیەنێت))[1] . کەوا بوو چۆن پێشمەرگە دەستی دەچێتە گیانی براکەی و بەناهەق خوێنی براکەی دەڕێژێت، لەکاتێکدا ئەویش بێ تاوانە و بەناهەق دەکوژرێ، لە پێناو مەرامی چەند سەرکردەیەکدا ئەو کارەساتە ئەنجامدەدرێت، ئەمەش بۆئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە، کە (( سەرۆکێکی نەرجسی، کەخۆی لەخۆیدا لەو باوەڕەدایە کەکەسێکی مەزن و بەهێزە، وا دەکات کە کەسە نەرجسییەکان بۆلای خۆی ڕابکێشێت))[2] . کەواتە ئەوە ئەوسەرکردانەن ئەو تاوانە بەرامبەر بە کورد ئەنجامدەدەن و وادەکەن برا دەستی بچێتە خوێنی براکەی و بێ تاوان بیکوژێت.

**کورسی**

**لە دار بێ یا ئاسن**

**هەر دەشکێ [3]**

کورسی دەسەلات کاتیە و بۆ کەس تا سەر نامێنێتەوە بەدیوێکی دیکەدا دەیەوێت بلێت ئەمە دەسەلاتدارە پۆست و پلە وپایە بۆخۆی قۆرخ دەکات و هەوڵ دەدات زوڵم ستەم لە تاکەکانی تردا بکات، دیارە ((ئەمەش بە ڕوونی لەلای ئەو پیاوانەوە بەدی دەکرێت کە ماوەیەکی زۆر لەسەر دەسەلاتن))[4] ، بۆیە شاعیر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێت کە لەکاتێکدا دەسەلاتێك بەدەست دێنن و هەموو سنورەکان دەبەزێنن و بەوپەڕی ناعەدالەتی و نایەکسانی مامەڵە لەگەڵ مرۆڤی بێ دەسەلات دەکەن و هەموو مافێکی لێ زەوت دەکەن و یاسای بەسەردا دەسەپێنن ولەبەرامبەر ئەویشدا ئەوەی سەرمایەدار و خاوەن عەشیرەت وکەس وکاربێ، هەموو شتێکی بۆ مەیسەر دەبێت ، بۆیە لەبەرامبەر ئەوحالەتەدا دەلێت : ئەی دەسەلاتدار کورسی مولکی تۆ نییە و هەر دەشکێت و جێی دەهێڵیت،جا تا پێت دەکرێت کاری چاکە و ڕەوشتی چاکەی پێ ئەنجام بدە . بۆیە لە ڕوانگەیەکی مرۆڤانەوە دەیەوێت تاك ئاگادار بکاتەوە تاوەکو بەخۆدا بچێتەوە و سوود لە ئەزموونی ڕابردوو وەربگرێت .

## ٢- هەست کردن بەنەبوونی نیشتیمان :

**من ونیشتمان**

**ڕێبواریك وجانتایەکین![5]**

لەئەنجامی درووستکردنی پەیوەندییەکی بەیەکەوەلکاو لەنێوان پەیڤەکانی ( من ونیشتمان ) دا ئەو ئاماژە شیعرییەی کە لەخوێندنەوەکەیدا بەرجەستە دەبێت، ئەوەیە بابەتی باسکراوی ئەم دەقە بیرۆکەی نەبوونی نیشتمانە وخاوەن بونیاتێکی یەك بابەتی (داخراوە) . دیارە بەکارهێنانی من لەجیاتی ئێمەی ( کۆ- نەتەوە)، بۆئەوەیە کەوەك

---

(١) جەوهەری مرۆڤ ، ئەریك فرۆم، ل١٤٦.

(٢) جەوهەری مرۆڤ ، ئەریك فرۆم، ل١٤٧.

(٣) گۆمی پوونگ، دلشاد عەبدوڵڵا، ل٩٣.

(٤) جەوهەری مرۆڤ ، ئەریك فرۆم ، ل١١٢-١١٣ .

(٥) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب٣، ل٥٩ .

ڕێبوارێکی کۆچکردوو هەردەم هەموومان لەسەفەرداین وبێ ناسنامەین ولاٌتی دانپێنراومان نییە، چونکە نیشتمانێکی سەربەخۆمان نییە، وەك جانتایەکە و هەموو کات بەکۆڵمانە و لەسەفەردایە و نامۆیە بەو شوێنەی، کەتاکەکانی ڕێبوارێکی سەرهەڵگرتوون وخاوەنی بوونی خۆیان نین و هەموو کات لەگەڕاندان و نازانن کەی گەشتەکەیان کۆتایی پێ دێت و بەیەکجاری لەکونجێکی ئەم گەردوونە دەحەسێنەوە و بەهیوا و ئاواتەکانیان دەگەن .

## ٣- تێڕوانین بۆ خەبات و تێکۆ شانی مرۆڤ :

ئاشکرایە کوردیش یەکێکە لەومیللەتانەی بەدرێژایی ڕۆژگار خەباتی لەپێناوی نیشتمانەکەیدا کردووە، تاکو بگات بەسەربەستی و وەك هەر گەلێکی تری دونیا ببێتە خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆ و بەرگری لەخۆی و نیشتیمانەکەی بکات . ئەو بیرۆکەیە لە هزر و بیری بەشێکی زۆری تاکی کوردا دەخولێتەوە، دیارە شاعیریش وەك بەشێکی نەپچڕاو لەوگەلە و نیشتیمانە هەمان ئاسەواری لەسەرەو لە ڕێگەی هەستێکی خودییەوە گوزارشت لەو بارودۆخە دەکات و بە وشە وێنای دەکات :

**سوور**

**بەفر هەمیشە**

**سپی**

**سپی**

**ئەو بەفرە نەبێت**

**بەسەر قەندیلدا دەبارێت**(١)

(سوور) ناونیشانێکە باس لەبابەتی نیشتیمانپەروەری میللەتێك دەکات بە ناوی (کورد)، کە شاعیرناوی چیای (قەندیل) ی کردۆتە سیمبوڵی ئەم خەباتەکە پارچەیە ودەڵێت : ئەوە کێیە خەباتەکە دەکات؟ و لە پێناوی چی و بۆ بەدەست هێنانی چی؟ بەپێی یەکێك لەتێڕوانینەکان وا هەستدەکەم، کە شاعیر لەم دەقەدا بەفری وەکو ڕەمزی کوردستان وەرگرتووە ولەبەرامبەر خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەدا بەکارهێناوە، کەتێکۆشەرەکانی کوردن لەچیاکانی قەندیلدا خەباتدەکەن بۆبەدەستهێنانی مافەکانی کوردوئامادەن لەپێناوی نیشتیمانەکەیاندا گیانی خۆیان بسپێرن و پێشمەرگایەتی بکەن، تاکو کورد بگات بە ئامانج و دەستکەوتەکانی خۆی . هەروەها بە دیدێکی تر پێدەچێت (ژن وپیاو) یەکسان کرابن لە فیداکاریی و کۆشش کردندا، بۆیە ئەرکی ژنی لەپاڵ ئەرکی پیاودا داناوە ودەیەوێت هەمان سیفەتی پێشمەرگایەتی پیاو بە ژن بدات،کەچۆن کۆڵنەدەرانە ژنان لەچیاکانی( قەندیل) دا ئەرکی پیاوان جێبەجێدەکەن وتێدەکۆشن لەپێناوی ڕزگارکردنی گەلی کورد وخاکەکەیاندا، هەربۆیە شاعیرپێی وایە ژن هیچی لەپیاوکەمتر نییەوهەمان مافی سەربەستی و یەکسانی لەژیاندا هەیە، هیچ جۆرەجیاوازیەك نییە لەنێوان مرۆڤدا، جا

---

(١) خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا ، ڕۆستەم ئاغالە – قوبادی جەلی زادە ، ل١٥٥.

پێشمەرگەیەکی ژن یاخود پێشمەرگەیەکی پیاوبێت ، هەروەها مەبەستی ئەوەیە بەفری قەندیل بەهۆی بۆرودومانی فڕۆکی تورکی بەخوێنی گەریلا سوور دەبێت.

کەواتە مادام جیاوازی لەکەسیەتی مرۆڤدا نییە، بەڵکو لەهەڵگری ئەوناسنامەیەدایە، کەخەباتی لە پێناودا دەکات، ئەی بۆمرۆڤەکان لەمافەکانی تریشدا هەمان یەکسانیان بۆدابین نەکەین و هەرچی بۆخۆمان وەك (پیاو) بە ڕەوا دەزانین، دەبا بۆژنانیش بە شێوە بەڕەوا بزانین . هەروەها بەکارهێنانی ڕەنگی سوور وەك ناوونیشانی ئەم دەقە، ڕەمزێکە ئاماژە بۆبارودۆخێکی مەترسیدار دەکات و بەمەبەستی کرداری شەهید کردن بەکاربراوە، بۆئەوەی جۆرە پیرۆزییەك بەوخاکە بدات، کەمرۆڤەکانی جا ڕەگەزی (نێر) یا(مێ ) بن گرنگ نییە، چونکەخوێنیان لەپێناوی نیشتیمانەکەیاندا بەخشیوە.

## ٤- کارەساتی ئەنفال:

**لیرەی حەوتەم**

**ئەمشەو منالێکی ئەنفالکراوم**

**بمدەیە**

**مشتێك بەزەییم بدەریْ...(١)**

پەیامی شاعیر لەم کورتیلە شیعرەدا، هێماکردنە بۆگێڕانەوە وپێشاندانی کارەساتێکی گەورە بەناوی (ئەنفال) ، کە بەسەربەشێکی گەلی کورد هاتووە، بۆ ئەوەی ببێتە ڕەمزێك وسیمبولێك، تاکو گەلی کوردی پێبناسرێتەوە، کەچۆنیەتی ئەنجامدانی ئەوکارەساتە بچووك و گەورە و ژن و پیری نەزانی، تەنیا لەبەر ئەوەی ناسنامەی ئەو مرۆڤانە ئەوەبوو کوردبوون و هەڵگری پەیامی ڕزگاری و داواکاریی مافی خۆیان بوون ، بۆیە ئەم تاوانەیان بەرامبەر ئەنجامدرا . هەروەها بەهۆی بەکارهێنانی پەیڤەکانی (شەو) و(منداڵ) و(بەزەیی) بۆ دروستکردنی وێنەی ئەو فەزا پڕ ترس ودڕندایەتییە، کەمنالێکی ئەنفالکراو ڕووبەڕووی بووەتەوە.

---

**(١) ڤان ئیرۆتیك ، قوبادی جەلی زادە ، ل٢١ .**

## سێیەم – ڕەهەندی فەلسەفی :

### ١- تێڕوانین بۆ ژیان :

**خوێن**

**لەناو هەموو ڕەنگەکاندا**
**ڕەنگی ئەو دارەی هەڵبژارد**
**کە خوا حەرامی کردبوو.[١]**

لە باسی پەیوەندی نێوان ڕەنگی (خوێن ودار وخوا) دا شاعیر پەیوەندیەکی دروست کردووە، بەجۆرێکی فەلسەفیانە دەڕوانێتە ئەو بوونەی کەمرۆڤ ژیانی تیا بەسەر دەبات، چونکەمرۆڤ بابەتی ئەزموونە، هەمیشە خاڵی دەستپێکردن لە فەلسەفەی بوونگەرایەکاندا ئەوئەزموونە بەرجەستە زیندووەیە، کە مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەزموونی دەکات، بەلاّم لەفەلسەفەکانی تردا کۆتایی لێکۆڵینەوە، سەرەتایەکی دوور و درێژی گەڕان و لێکۆڵینەوەیە لە خودا یان بوون، یان گەردوون وکۆمەڵگا و یاساکانی ژیان وسروشت [٢] . لەو ڕوانگەیەوە شاعیردەیەوێت باس لەبابەتێکی هەستیار بکات، کە هەر لەکۆنەوە مرۆڤایەتی پێی سەرقاڵە و تائێستاکەش، کەس نەیتوانیوە نهێنی ئەو بوونە بسەلمێنێ، بەشێوەیەك پرسیار دەکات، بۆچی لەناوهەموو ڕەنگەکانی ژیاندا خوێن، کەشلەیەك مرۆڤ پێی دەژیت و ڕەنگی سووری بەرکەوێت و هێمایە بۆ خەتەرناکی وشەو شەڕو شۆڕو کوشتار، لەلایەکی تردا دەیەوێت بڵێت، بۆئەو بوونە ئەو واقیعە ترسناکەی بەسەردا بسەپێنرێ، لەکاتێکدا بەگوێرەی دەقی ئاینی پیرۆزی ئیسلام خوا ئەودارەی حەرامکرد بوو، کە (ئادەم و حەوا) لێیان خوارد، هەروەکو خوای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێ: (

## أ- ڕەشبینی :

ڕەشبینی وەك بابەتێكی فەلسەفی كاریگەرییەكەی پەیوەستە بەخودی مرۆڤەوەو ڕەنگدانەوەی بارودۆخێكە، كەمرۆڤ هیچ هیواوئاوات وئومێد وتروسكاییەكی بەخۆشییەكانی ژیان نامێنێت، چونكە بنەمای خۆشحاڵی وگەشبینی مرۆڤ ومرۆڤایەتی هەستكردنە بەئازادی وبەختەوەری وسەربەستییەكانی ژیان . تەنانەت ئەگەر ئەو ئازادییە ژیانیەش ئاڵۆز ونادیار بێت، گرنگ ئەوەیە بنەمایەكی بنچینەیی هەیە، بۆ ژیانی مرۆڤایەتی[1]، بۆیە بە لەدەستدانی ئەوبارودۆخە، هەندێك لەمرۆڤەكان بێ هیوا دەبن لەژیاندا ودەگەنە ئەوپەڕی لوتكەی بێزاریی و بەڕەشبینی وتێڕوانینێكی تەرەوە بیر لەبوون و ژیانی خۆیان دەكەنەوە .

**میوان**

**پەنجەرەكان دوور دوورن**

**كەواتا**

**نەهەتاو لەبەر هەیوانە**

**پیاسەدەكات**

**نەخوا دێ بۆ میوانیمان[2]**

زۆرجار لەدەقی ئەدەبیدا (پەنجەرەوهەتاو وخوا) كراونەتە هێمای گەشبینی، بەڵام لێرەدا هیچیان بۆئەم مەبەستە بەكارنەهێنراون، بەڵكولەم دەقەدا وێنەیەكیان بەرچاو خستووە، كە باسی بارودۆخێكی سەراپا لەڕەشبینی وبێ هیوای مرۆڤ دەكەن وبەقەدەر تاڵە موێكیش تروسكایەك هیوا و ئاوات بەژیان نەماوە، تاكو مرۆڤ بۆی بژی و لەپێناویدا بحەسێتەوە، چونكە تراژیدیابوونی مرۆڤایەتی لەژیاندا، بەهۆی نەبوونی ئەودادپەروەریی وكامەرانییەی كەمرۆڤ لەنێو گێژەلووكی ئاژاوەوناخۆشییەكاندادەژی[3]، بۆیە شاعیر پێیوایەخۆشی وبەختەوەرییەكانی ژیانمان وەها لێسەنراو وتاڵكراوە، تەنانەت خودی خۆمان وڕێگا وداهاتووشمان بزر ونادیارە، ئەوەش لوتكەی بێ ئامانج بوون وبێ ئومێدی مرۆڤ لەهەمبەر ژیاندا پیشان دەدات .

---

(١) علم الجمال افاقة وتطورة ، د. نجم عبد حيدر ، ط٢ ، دارالكتب للطباعة والنشر، موصل ،٢٠٠١ ، ص ١٢٤ .

(٢) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب٢ ، ل٦٨٩.

(٣) فەلسەفەی جوانی وهونەرئیستاتیكا، د.كەمال میراودەلی، چ٢، خانەی چاپ وبلاَوكردنەوەی قانع، سلێمانی،٢٠٠٥ ، ٢٨٢ - ٢٨٣ .

**ئاوێنە**

**لەوەتی هەین**

**جگە لەخۆمان**

**لەم ئاوێنە تاریکەدا**

**چی ڕاو دەکەین ...؟**[١]

لەدەقی ئاوێنەدا شاعیر بەهێماو ئاماژە شیعرییەکانی گەڕاوەتەوە بۆ ڕابردوویەکی دووری مرۆڤایەتی و لەڕێگەی پیشاندانی ڕووی دواوەی ئاوێنەوە بابەتی ڕەشبینی ئەم ڕۆژگارەمان بۆ باسدەکات .ئاوێنەی وەك ئامرازێکی شیعری بەکارهێناوە بۆ ئەوەی دووبارەبوونەوەی ئەم ژیانە پڕ لە چەرمەسەری و دەردەسەرییەمان بۆ ڕوون بکاتەوە . ئەگەر سەرنجەبدەین ئاوێنە لەهەمبەر پەیڤی ژیاندا بەکاربراوەو بیرۆکەی شیعرەکە ئاماژە بەوڕەشبینییەی ژیاندەکات کەدەیگوزەرێنین. کەواتە بەدەربڕینێکی فەلسەفە ئامێز پرسیار لەمنێکی تاکەکەسییەوە بەرەو منێکی کۆمەڵایەتییەوە کراوەو وەڵامێکی کت و پڕیش خۆی دێنێتە بەردەم مەکۆی ژیان و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکراوەکە دەداتەوە، کە بەڵی تەفرو توناکردنی یەکتر و تۆڕدانانەوە و ڕاوکردنی یەکترجۆرە بوونێکە بەسەر مرۆڤەکاندا چەسپێنراوە و لەبازنەیەکی داخراودا مرۆڤەکان دەسوڕێنەوە، کەتیایدا ((جەوهەری مرۆڤ نەرجیسیە))[٢] و خاڵی دەستپێکی ئەم بازنە نەفرەتییە بە کوشتنی یەکتر دەست پێدەکات وبەردەوامبوونی ئەم حاڵەتەش بۆ خۆی لە خۆیدا بێ ئومێدیی و بێ هودەیی ژیانی لێدەکەوێتەوە .

## ب- بێزار بوون :

**دۆزینەوە**

**هەمووومان دەمانەوێ**

**کیشوەرێکی دی**

**بدۆزینەوە**

**بەڵام لەکوێ ... !** [٣]

بیرۆکەی ئەم کورتیلەشیعرە بەگوزارشتێکی دەروونیانە بێزاربوون ورق لێبوونەوەی مرۆڤەکان لەبەرامبەر ژیاندا پیشاندەدات . ئەمەش بۆئەو حاڵەتە دەگەڕێتەوە (( کاتێك مرۆڤێك هەستێکی بێ هیوایی و بێ باوەڕی ژیانی لا دروست دەبێت و تووشی بوونێکی خراپ دەبێت (واتە نەزانێت چی بکات)، ئەو کات ڕقی لە ژیان دەبێتەوە))[٤]، بۆیە شاعیر لەم دەقەدا بەناوی هەمووومانەوە، ئاماژە بۆپرۆسەی دۆزینەوەی کیشوەرێکی تر دەکات، بۆئەوەی

---

(١) دیوانی لەتیف هەڵمەت ، لەتیف هەڵمەت، ب ٣، ل١٧٧ .

(٢) جەوهەری مرۆڤ ، ئەریك فرۆم، ل١٥٢.

(٣) دیوانی لەتیف هەڵمەت ، لەتیف هەڵمەت، ب ٢، ل٥٨٤ .

(٤) جەوهەری مرۆڤ ، ئەریك فرۆم ، ل٥٨.

ئارامبوونەوەو خۆشگوزەرانی ڕوحی بەمرۆڤەکان ببەخشێت، چونکە وا دیارە ئەم (کیشوەرە، ولاّتە، ژینگە) یە سەراپای پڕە لەئاشووب وناخۆشی، بۆیە هەمووماندەمانەوێت فەزایەکی دی، دنیایەکی دی بدۆزینەوە، کەشادی و ژیانی ئاساییمان بۆبگەڕێنێتەوەو دڵنەوایی ڕوحمان پێبداتەوە . هەروەها دەقەکە ڕەنگە ئاماژەییەك بێت بۆ نەبوونی چارە ڕێگایەك کاتێ دەڵێت : (بەلاّم لە کوێ ...)، مەبەستی ئەمەشی لێدەخوێندرێتەوە، کە (نییە و کوا لە کوێ هەیە).

## ٢- تێڕوانین بۆ مردن :

**گۆڕ**

**شەوی یەڵدایە***

**هەتا هەتایە[١]**

مردن دیاردەیەکە بەسەر ژیانی مرۆڤدا دێت و هەموو گیانێك دەبێت بمرێت، تا ئێستاش کەس نهێنی ئەو ڕووداوە نازانێت، کەچۆن و بەچ شێوەیەك بەسەر گیانی مرۆڤەکاندا تێپەڕ دەبێت؟، پرسیارکردن لەو دیاردەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە(( پرسیارکردن خەسڵەتێکی مرۆڤانەیە و ئەو کەناڵەیە مرۆڤ تێیدا و لەوێوە ڕاستیەکان دەدۆزێتەوە و دەیەوێت بەداهاتوو بگات . پرسیارکردن هێزێکە مرۆڤ بەرەو داهاتوو دەبات ڕێگە نادات لە نێو سترەکچەرە چەقوەستاوەکاندا بمێنێتەوە))[٢] . گۆڕ ئەو شوێنەیە پاشی ڕوودانی مردنەکە، ئامادە دەکرێت بۆ ناشتنی ئەو جەستەی کەپێشتر ژیانی ئاسایی بەسەر دەبرد، بۆ دواجار تێیدا دەنێژرێت وکۆتایی بە ژینی دێت، شاعیر پێیوایە ئەو گۆڕە، شەوی یەڵدایەکە هەتا هەتایە کۆتایی بەمرۆڤ دێنێت و بۆ درێژترین ڕۆژگاری ژیانی ڕادەپێچێ و هەموو ڕووناکی وخۆشی و بەختەوەریەکانی ژیانی لێ دەستێنێت و هەتا هەتایە لەجیهانێکی تاریك ونوتەکدا دەمێنێتەوە. ڕەنگە شاعیر لێرەشەوە ئاماژە بۆئەوە بکات، کەگۆڕ دوا وێستگەی ژیانی مرۆڤ و ئیدی ژیان وبوونێکی دی لەو دیوی گۆڕەوە بوونی نییە .

---

*شەوی یەلدا: (( درێژترین شەوی ساڵە، یەکەم شەوی بورجی جەدی، شەوی چلەی گەورەی زستان، ئەم شەوە لەزمانی سریانیدا واتە لەدایکبوون، لەبەرئەوەی کەشەوی یەلدا، ڕێکەوتی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح بوو، بەم هۆیەوە ناونرا))، فەرهەنگی دیوانی شاعیران، نالی – سالم – کوردی، د. محەمەد نووری عارف، لەبلاّوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧، ل ٥٩٢.

(١) کۆ شیعری ٢، دلشاد عەبدوڵلا ، ل٣٣٧.

(٢) هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، د.محمد کمال ، دەزگای سەردەم ، سلێمانی،٢٠٠٧، ل١٥٢ .

## ٣- پرسیارکردن دەربارەی بوون :

**تەم**

**ئایا کەشتی نووح شەیتانی تێدابوو !؟**

**تۆفان**

**تۆ وەرامامان بدەرەوە ! [١]**

بونیاتی پێکهاتەی ئەم دەقە خاوەن بیرۆکەیەکی کراوەیە و پرسیارکردن لەوشەی تەم خۆی ئاماژەیەکی فەلسەفی تێدایە، بۆچی تەم و شێوەی ئەم تەمە چۆنە و هۆکارەکانی ئەم تەمە چین وچ کاریگەرییەکی لەسەر بووندا هەیە؟ ئەمانە و کۆمەڵێك پرسیاری تر خۆیان ئامادە دەکەن بۆئەوەی خوێنەر بچێتە قوڵایی دەقەکە و ئاماژە شیعریەکانی بگاتە نێو خوێندنەوەی تەواوی دەقەکە، بەهۆی ئەوەی بیرکردنەوە لەدیاردەی بوون وشتێك مەسەلەیەکە وبوونی ئەو شتەی، کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە مەسەلەیەکی ترەو ئەم (بوون)ە، ئامانجی واقیعییە، بۆیە مرۆڤ دەیەوێت بگاتە ڕاستی و حەقیقەتی بوون وبەدوای پرسیارە شاراوەو نهێنییەکانیدا دەگەڕێت [٢]. لەبەرئەوەیە شاعیر بە بیر و بۆچوونێکی فەلسەفیانە پرسیار لە دووبارەبوونەوەی گوناهکردن دەکات لەسەر ڕووی زەویدا و بەهۆی مەزراندنی ڕووداوی (کەشتی نوح)ەوە، کەوەك کەرستەیەکی شیعری بەکاریبردووە، بۆئەوەی ئەو پرسیارە بوروژێنێ بە گوێرەی گێڕانەوە ئاینییەکە لە کاتی ڕوودانی تۆفانەکەی نووحدا لەنێو کەشتییەکەی، لەهەر گیانلەبەرێك جووتێك هەبوون و لەسایەی تۆفانەکەدا ئەوانەی لەدەرەوەی کەشتیەکە بوون گشتیان فەوتان، چونکە لەنێو کەشتیەکەدا نەبوون، بەپێی گێڕانەوەی دەقی قورئانی پیرۆز، کەخوای گەورە دەفەرموێ: ((

تۆ وەرامىمان بدەوە؟ بەسەرنجدانی ناونیشانی دەقەکە لەگەڵ نەبوونی وەڵامی (تۆفان) شاعیر دەیەوێت ئاماژە بۆ ئـاڵۆزی ناڕوونی ئەم کێشەیە بکات .

(لەتیف هەڵمەت) لەدەقی(کۆمیدیای تراژیدیای دەنگ وگیرفان )، لەبڕگەی (٧٨ )دا نووسیویەتی :

**٧٨ – ئەی مرۆڤ تفەنگت بۆچییە**
**بەچەپکێ گوڵ**
**جیهان دەکەی**
**بەهاوڕێ ی خۆت ...! (١)**

ئەم کورتیلەشیعرە ڕەهەندێکی فەلسەفی تێدایە، کەبەشێوازی پرسیارکردن لەمرۆڤـدا پێشکەشـکراوە و مـرۆڤ خـاڵی چـەقی پرسیارەکەیە کەتفەنگی بۆچییە، چونکە ئەوە تفەنگە مرۆڤ گیانی هاوڕێیەکەی خۆی پـێ ڕاو دەکـات و تـوخمی شـەڕانگێزی لەناخی خۆیدا چەکەرە پێدەدات و ئەوحـەزە قێزەونـە بۆنـەوەکانی دوای خـۆی دەگوازێتـەوە . بۆیـە شـاعیر بـەم شـێوەیە دەڕوانێتە ئەم بارودۆخە و بەشێوازێکی فەلسەفیانە ئـەو پرسـیارە دەوروژێنـێ بۆئـەوەی تاکـەکانی کۆمەڵگـە بـە ڕابـردووی ژیانی خۆیاندا بچنەوە و ئەو جۆرە پەروەردە کردنە لە نێوان خۆیاندا پەیڕەو بکەن، کە (( مرۆڤـی ئاسـایی ببێتـە مرۆڤێکـی کامل*))[٢]، بێجگە لەمەش مرۆڤەکان لەبوونی ئێستایاندا بیرۆکـەی هـەڵگرتنی ئـەم کەرسـتە مـرۆڤ کـوژە بخەنـە گـۆڕەوە و چەك لەخۆیاندا بماڵن، چونکە(( گەر بەشێك لە مرۆڤایەتی ترسی لـە چـەکی کوشـندەیی بەشـێکی تـری مرۆڤایـەتی هـەبێت، ئەوا هیچ کاتێك ناتوانین لە دەستی نەرجسیەتی کۆمەڵایەتی ڕزگارمان بێت))[٣]، بۆیە داوا دەکات مرۆڤـەکان داهاتوویـان بـە چەپکێ گوڵ، کەڕەمزی خۆشەویستی و تەبایی و پێکەوە ژیانە، ژیان بونیـات بنێینـەوە وچیـتر لەجیهانـدا تـاوانی کوشـتنی یەکتر ئەنجام نەدەن و بگەڕێنەوە بۆبەکارهێنانی بیرۆکەی بەرقەرارکردنی ئاشتی لەسەرتاسەری جیهاندا.

---

(١) دیوانی لەتیف هەڵمەت ، لەتیف هەڵمەت ، ب ٢ ، ل٢٥٧ .

(٢) جەوهەری مرۆڤ ، ئەریك فرۆم، ل١٥٨.

* کامل : واتەمرۆڤ ببێتە، مرۆڤێکی تەواو پێگەیشتوولەبیرکردنەوە وهەڵسوکەوتدا ، تاکو ئازاری دەوروبەری نەدات .

(٣) هەمان سەرچاوە ، هەمان لاپەڕە.

## ٤ – تێڕوانین بۆبوون ومرۆڤ :

بوون ونەبوون، نهێنیەکە هەر لەکۆنەوە سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە وهەموو ڕێبـازە ئاسمـانی وزەمینیەکان بە دوای کلیلی دۆزینەوەکەیدا دەگەڕێن، بۆئەوەی لـەم ژیانـە جەنجاڵـەدا ڕزگاریـان بێـت و بگـەن بـە بـوونێکی هەتا هەتایی، جا هەریەکێك بەجۆرێك گوزارشت لەو حاڵەتە دەکات .

**مەزەنە**

**بۆیە خەون دەبینین**

**ئەو بەهەشتە**

**بدۆزینەوە**

**کە باوکە ئادەم**

**ونی کرد...!** (١)

لـە ڕێگـای هێـزی خەونـەوە شـاعیر بـەناوی (ئێمـە) یـەکی کۆمەڵایەتییـەوە، گوزارشـت لـەخودێکی تاکەکەسـی دەکـات و دەپرسێت : بۆیە ئێمـە مەزەنـە دەکـەین، کـە ئـەوبەهەشـتەی وەسـفی دەکرێـت چـەندە خـۆش و بـێ وێنەیـە لەجوانیـدا، دەمانەوێت بیدۆزینەوە، گەڕانەوەی لە ڕێگـای مەزرانـدنی (ڕووداوێکـی مێـژوویی کۆنـەوە) ، کـە بـاس لـە چـیرۆکی (باوکـە ئادەم) و (دایکە حەوا) دەکات، چۆن لەڕێگای (هێزی شەیتان)ەوە، ئەو بەهەشتەیان لەدەسـت سـەرجەم مرۆڤایەتیـدا، کـە بوونێکی ئەبەدی و هەتا هەتایی بە مـرۆڤ دەبەخشـێت، بـەگوێرەی گێڕانـەوەی ئـەو ئایەتـەی، کـەخوای گـەورە لـەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: ((

بوون و نەبوون دوو هێزی شاراوەن ، زۆربەی زۆری تاکەکانی ژیانیان بۆخۆیان سەرقاڵ کردووە بە زانا ونەزانەوە، تائێستاکەش هیچ کەسێك نییە کلیلی کۆدیان بدۆزێتەوە ونهێنیەکانیان بە شێوەیەکی ڕاستەقینە پێشکەش بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکات . بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکان لەچوارچێوەی تیۆردا دەسوڕێنەوە و هەندێکجار ڕەفز دەکرێن و هەندێك جاریش بەشێك لە ڕاستیەکانیان دەسەلمێنرێن، لەبەر ئەوەی ئەو دوو دیاردەیە وەك سێبەرێك وان ، هیچ کەسێك ناتوانێت بە تەواوی دیاردەی بوون ونەبوون بسەلمێنێت . تەنها و تەنها تیۆرەکان لە سنووری گریمانەدان، لەو دیدگایەوە شاعیر باس لەو بابەتە هەستیارە دەکات و ئەویش بەشێوەیەکی گریمانە و تیۆرێك دەڵێت (جارێك)، بەڵام کامە جار و لە کویَ و لەسەردەمی کێ ؟ مرۆڤ چی کرد؟، لە وەڵامدا دەڵێت ( لەسەر دیواری بادا نووسیم )، پێیوایە ئەو ژیانە وەك بایەکە دێت و دەڕوات، نە سەرچاوە و نەهێز ونەخاوەنی بایەکەش دیارە،ئەی چی ڕوویدا؟، لە دوا وەڵامدا دەڵێت ( هیچ لەسەر دیواری بادا نانووسرێت) . کەواتە بە شێوەیەکی فەلسەفیانە پرسیار لە بوون و نەبوون دەکات و هەر خۆشی ڕۆڵی فەیلەسووفەکە دەگێڕێت، لە ئەنجامدا دۆش دادەمێنیَ و لە ئاست پرسیارەکەیدا هیچی دەستناکەوێت و پێی وایە نە هیچ هەیە، نەهیچیش دەبێت، بەڵکو ئەو ژیانە وەك سێبەرێکە هەموومان تارمایەکەی دەبینین لە خەوندا، بەڵام کاتێك بە خەبەر دێین هیچ لە گۆڕیَ نییەو نە کاریگەری و نە پاشماوەکەشی دەبینین.

## ٥- مرۆڤایەتی مرۆڤ:

مرۆڤ ئەو بونەوەرەیە تا ئێستاکە زانست بەوردی وتەواوی نەیتوانیوە نهێنیەکانی سەرەتای پەیدابوونی بسەلمێنێت، هەر تەنها لەچوارچێوەی تیۆردا باس لە بوونی مرۆڤ کراوە . شاعیر بەو تێڕوانینەوە بە شێوەیەکی واقیعبینانە لەو ڕاستییە دەدوێت .

**تیۆر**

**دوو شت پارچەیان نییە لە گەردوون**

**یەکیان مرۆڤە** (١)

گەردوون ئەو پانتایە فراوانەیە، کە چەندین شت لە نێویدا بوونیان هەیە و زۆربەیان پارچە ودروستکراوی خۆیان هەیە ، بەڵام بە شێوەیەکی فەلسەفیانە باس لە بابەتی فەلسەفەی بوونی دوو شت دەکات لەو گەردوونە، کە یەکیان ڕاستەوخۆ ناوی دەهێنێت و ئاماژەی پیَ دەکات، کە مرۆڤە(( هیچ شتێك هێندەی مرۆڤ سەرنج ڕاکێش نییە ))(٢) وحەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرە و هیچ مرۆڤێك ناتوانێت مرۆڤێکی تر بێت لە بیرکردنەوە و خەیاڵ و ناخدا ...، چونکە (( لە ناخی هەر مرۆڤێکدا (هەموو مرۆڤایەتی) تێدایە و مەرجی (مرۆڤ بوون) یەك شتە بۆ هەموو مرۆڤەکانی سەر زەمین بەبیَ گویَ دانە جیاوازییە ڕۆشنبیری و درێژی و ڕەنگیان . ئەم ئەزموونە مرۆییەش فێری ئەوەمان دەکات کە هیچ هەست بە بێگانەیی و نامۆ بوون نەکەن، هەر یەکێکمان دەتوانین لە کەسێکی بەرامبەرمان بگەین، چونکە ئێمە هەموومان لە ڕەگەزەکانی مرۆڤدا

---

(١) گۆمی پوونگ ، دلشاد عەبدوڵڵا ، ل١٢٠.

(٢) جەوهەری مرۆڤ ، ئەریك فرۆم، ل١٥٣.

هاوبەشین.))[1]. هەروەها شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لە شتەکەی تر ناکات، کە ئەویش خوایە وەهەر ((تەنها خودا نەك مرۆڤ، کیانێکی تەواو کامڵ و زانا و بەتوانایە، بەڵام چەمکی خوداش کە ناتوانرێن وەسف وەسفی بکرێت و دیاری بکرێت))[2] ، بۆیە هەر لە کۆنەوە هەموو یاسا و ڕێسا ئاسمانی و زەمینییەکان باسی دەکەن، شتێکە تاك و تەنهایە و هیچ پارچەیەکی وەکو خۆی نییە، کەواتە باسی مرۆڤایەتی مرۆڤ و گەورەیی و مەزنی خوداش دەکات .

## ٦- مرۆڤ و گوناه :

**شاعیر لەبڕگەی (١٨٠) دا نووسیویەتی :**

**١٨٠- خوای مەزن**

**ئادەمی فێری هەموو ناوەکان کرد**

**ئادەمیش**

**ئێمەی فێری هەموو گوناهە پیرۆزەکان کرد....[3]**

لەڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە شاعیر گەڕاوەتەوە، بۆڕەگ وریشەی کۆنی ئەنجامدانی گوناهکردنی مرۆڤ وسەرەتاکەی بۆبیرۆکەیەکی ئاینی گەڕاندۆتەوە، بەهۆی مەزراندنی چیرۆکی (ئادەم وحەوا) لەمیانی بابەتی ئەم دەقەدا وسوود وەرگرتنی لەئایەتی((

## بەشی سێیەم: شیعرییەتی کورتیلە شیعر لەدەقەکانی (قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت ، دلشاد عەبدوڵڵا)

یەکەم : شیعریەتی ناونیشان:

دووەم : شیعریەتی وێنەی شیعری:

١- لەڕووی دەروونییەوە :

أ- وێنەی هەستی :

١- وێنەی هەستی بینین:

٢- وێنەی هەستی بیستن:

٣- وێنەی هەستی بۆنکردن:

٤- وێنەی هەستی بەرکەوتن:

٥- وێنەی هەستی چەشتن:

ب- وێنەی  زەینی:

٢- وێنە لەڕووی ڕەوانبێژییەوە :

أ- وێنەی لێکچواندن:

ب- وێنەی خواستن:

٣- شیعریەتی وێنەی شیعریی ورەمز:

أ- وێنەی ڕەمزی خودی:

ب- وێنەی ڕەمزی ئاینی:

پ- وێنەی ڕەمزی ئەفسانەیی:

ت- وێنەی ڕەمزی مێژوویی :

سێیەم : شیعرییەتی ڕیتمی لە کورتیلە شیعرەکاندا:

چوارەم : شیعرییەتی پرسیار

## بەشی سێیەم: شیعرییەتی کورتیلە شیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا

### یەکەم : شیعرێتیی ناونیشان:

ئاشکرایە ناونیشان لەسەرئاستی پێکهاتەیی دەقی کورتیلە شیعرەکاندا، بەهایەکی کاریگەری هونەری بایەخداری هەیە، بەهۆی بەرجەستەکردنی ئەو شیعرییەتەی، کە دەقەکان بەرەو شیعرییەتبوون وخاسیەتێکی هونەریی ئاراستە دەکەن، کەکورتبوونەوەو چڕکردنەوەیەکی قووڵی واتایی تێدایە، کە لەدەلالەتی تەواوی دەقە شیعرییەکەدا وەریدەگرێت، بەمەش شیعریەتبوون بەدەقەکە دەبەخشێت و تیایدا شاعیر، لەڕێگەی بیرۆکە شیعرییەکانیەوە و بەهۆی زمانێکی سروشبەخشەوە هەوڵدەدات هاوتەریبیەك لە نێوان شیعرییەتی ناوونیشان و دەقەکەدا پێك بێنێت[1]. هەروەها ناونیشان دەبێتە کۆدێکی گرنگ بۆئەوەی بەشداری لەپێکهاتەییە جەستەییەکەیدا بکات و وەك سەری لاشەیەك خۆی دەنوێنێت کەهەموو نهێنییەکانی نێوخودی دەقەکە لەخۆ دەگرێت، بەهۆی ئەو چڕبوونەوەی کە لە دروستبوونەکەیدا بەشداری دەکات[2] . کەواتە بەپێی ئەم تێڕوانینانەی سەرەوە ئاماژە بەگرنگی وئامادەگیی شیعرییەتی ناونیشانە شیعرییەکانی کورتیلەشیعرە دەسنیشانکراوەکانی شاعیرانی هاوچەرخی ئەدەبی کوردیی نێوئەم لێکۆڵینەوەیە دەکەین. ئەگەر سەرنج بدەینە پێکهاتەییە گرامەرییەکەی ناونیشانەکان دەبینین، هەندێکیان بەشێوەی سادە و بەشەکەی تریان بە ناسادەیی داڕێژراون، جا ناو یان چاوگ یاخود کاربن .

**(سەفەر)[3] :**

**شاعیر لەبڕگەی –(٤)– دا دەڵێت:**

**مۆمێك؟؟**

**نانێك و**

**خەنجەرێك،**

**ڕۆیی بەنیازی سەفەرێك !!**

ئەگەر وشەی (سەفەر) وەك ناونیشانێکی سەربەخۆ وەربگرین، بەبێ ئامادەگیی وشەکانی تری نێو دەقەکە دەبینین، لەڕووی پێکهاتەی گرامەرییەکەیەوە ناوێکی سادەیە، بەڵام لەنێودەقەکەدا ئەدگارێکی دیکە هەڵدەگرێت، بەهۆی ئەوەی کە((ناونیشان ئاستانەیەکی بنەڕەتی دەقەوئەرکی زمانی شیعری لەئەستۆدایە، چونکەنیشانەیەکی بەرچاوە، بۆپێکهێنانی پەیوەندی دروستکردن ولێکجیاکردنەوەی نێوان خوێنەرو دەقەکە)) [4]، کەخوێنەر لەمیانی خوێندنەوەی ئەم ناونیشانەدا چەندان ئاماژەی دێتەبەرزەین . لەوانە: سەفەری دۆست، سەفەری مردن، سەفەری ئازادیی، سەفەری شەڕ، سەفەری

---

(١) سیمیاء العنوان ، د.بسام موسى قطوس ، ط١، طبع بدعم من وزارة الثقافة ، عمان – الأردن ،٢٠٠١ ، ص٥٧.

(٢) البنية السردية في رواية صبحي فحماوي ، حرمتان ومحرم ، دراسة نقدية و تحليلية ، د.محمد حسن عبدالمحسن ، ط١ ، دار الحوار للنشر والتوزيع ، سوريا ،٢٠١١ ، ل١٢.

(٣) شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات ، قوبادی جەلی زادە، ل١٢٦ .

(٤) سیمیاء العنوان ، د.بسام موسى قطوس، ص٥٧.

لێکدابڕان، سـەفەری ژیـان ... هتـد . ئـەوئاماژە شـیعرییانە لەچرکەسـاتێکی کورتـدا، بـەهۆی ئـەو بیرکردنەوەیـە دروسـت دەبێت، کە خوێنەر لەمیانی ڕامانی لـە مـەدلوول و واتاکـانی خـودی دەقەکـەدا بەرجەسـتەی دەکـات، بـۆ ئـەوەی وەڵامـی پرسیارەکانی (کێ سەفەری کرد؟،چۆن سەفەرێك؟،بۆسەفەر؟کەی سەفەر؟،چ سـەفەرێك؟ ... هتـد)، هـەموو ئەمانـەش لـە میـانی ئیحـای ناونیشـانەکەیدا پەیـدا دەبـن . کەواتـە ئەمانـە کۆمـەڵێك پرسـیارن دەشـێت لەمێشـکی هەرخوێنەرێکـدا بوروژێندرێن، بۆ ئەوەی وەڵامێکی لە میانی ئاماژەکانی دەقەکەدا بە دەست بێت، لەبـەر ئـەوەی یـەکێك لـە ڕەهەنـدەکانی شیعرییەتبوون ئەوەیە، کە دەق خوێنـەر بـەم جـۆرە ئاراسـتە بکـات، لـەمیانی بیرکردنەوەکەیـدا واتـای جیـاواز بۆدەقەکـە بەدەست بێنێت ودەق لە سنوورێکی دیاری کراوی داخراودا بەرەو دەقێکی کراوەی پڕ لە هێرمۆنتیکادا ببات .

جگە لەوەی باسمان کرد ئەگەر سەرنج بدەینە پەیوەندی نێوان ناونیشان وسـەراپای دەقەکـە، هەسـت دەکـەین دەقـی تـر ئامادەگیی هەیە، لەنێو خودی دەقەکەدا و شیعرییەتەکەی چالاکتر و بەهێزتر دەکات، بەم شێوەیە:

| سەفەر | سەفەر | سەفەر |
|---|---|---|
| مۆمێك؟؟ | نانێك | خەنجەرێك |
| ڕۆیی بەنیازی سەفەرێك!! | ڕۆیی بەنیازی سەفەرێك!! | ڕۆیی بەنیازی سەفەرێك!! |

ئەگەردەقەکـە بەمشـێوەیە هەڵبوەشـێنینەوە، دەبیـنین لـەمیانی هەردەقێکیانداچـەندان ئامـاژەی شـیعری ولێکدانـەوەی جیاواز بەرجەستە دەبن وزیاتر مێشکی خوێنەر دەوروژێنن، بۆئەوەی زیاتر بەدەقەکەوە پەیوەست بێ، بۆدۆزینـەوەی ئـەو ئیحا و پرسیارانەی ، کە لە لای دروست دەبێت لە هەر یەکێکیاندا : مۆمی تەمەن، مۆمی شادی ، مۆمی ژیان،... هتد، یـان خەنجەری سەرکەوتن، خەنجـەری سـەرفرازی، خەنجـەری شـەڕ... هتـد، یـاخود نـانی سـەربەرزی ، نـانی پیـاوەتی ، نـانی مەردایەتی، نانی بەختەوەری،...هتـد. کەواتـە ئـەو ئامـاژە شـیعریانە بەهـەمان شـێوەی ناونیشـانە شـیعرییەکە، لـەخاڵی دەستپێکردنەکەیدا کۆمەڵێك پرسیار دەوروژێنێت : بۆ مۆم؟ چ مۆمێك؟ مۆمی چی؟ کێ مۆمی هەڵگیرساند؟ ... هتـد، یـان چ نانێك؟ بۆچی نان؟ ... هتد، یاخود کێ خەنجـەری بـەکارهێنا؟ بـۆ خەنجـەر؟ چ خەنجـەرێك ... هتـد. خاسـیەتێکی تـری شیعریەتی ناونیشان لەوەدایە، کە لـە هەنـدێك دەقـدا شـاعیر جگـە لەناونیشـانە سـەرەکیەکە، ناونیشـانێکی تـری لاوەکـی دادەنێت، بەتایبەتیش وەکو دانانی ژمارە، بۆ نموونە لەم دەقەدا ژمـارە (٤) دانـدراوە، بـۆ ئـەوەی بەهایـەکی ئیسـتاتیکی هونەری بەڕواڵەتی دەقە بدات وهاوتەریبی وگونجاندنێك لەنێوان ناونیشان وخودی دەقە شیعرییەکەدا بێنێتە کایەوە، تـاکو وەك دەقێکی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت وفەزایەکی کراوە دروست بکات، لـەمیانی خـۆیی و دەق و خوێنـەردا، بـۆ ئەوەی خوێنەریش بەشداری لە پرۆسە هونەرییە شیعریەکەیدا بکات.

(دابڕان)[1]:

**کەپێکدەگەین ،**

**گریان زمان زیندانی دەکات ،**

**کە داشدەبڕ**

**یێن،**

**جەنازەی چەند وشەیەکمان پیێ دەداتەوە !**

ناونیشانێکە بۆسیمای پێکهاتەی وشەیەك، کەلە(چاوگێکی داڕێـژراوی تێنەپـەڕ)پێکهـاتووە، کەبووەبـە(( ڕەمزونیشـانەیەك بۆمەبەسـتێکی تایبـەتی ))[2]، بـەهۆی ئەوپەیوەندییـەی کـە شـاعیر هەوڵیـداوە لـەنێوان ناونیشـان وتـەواوی دەقەکـەدا بیهێنێتەدی، لە ڕێگەی یەکێك لە هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە، بەناوی بابەتی دژیەکـەوە ئـەنجامی داوە، لـەنێوان وشـەکانی (پێکدەگەین × داشدەبڕێین) و(زیندانی دەکات× پیێ دەداتەوە)، کەشێوەی پێکهاتەی دەقەکە خاوەنی بونیاتێکی دژیـەکی ڕەمزدارە، هەروەها پارچەکردنی وشـەی (داشـدەبڕێین) بەهایـەکی تـری هونـەری بۆپێکهاتـەی دەقەکـە درووسـتکردووە، لێرەدا پێکگەیشتن و دابڕان گریان بەسەریاندا زاڵە و بەنـدکردن و کوشـتن بـۆ گریانەکـە دەگەڕێتـەوە بـەو هۆیـەی سـایەی گۆڕە: کـە دەتوێتـەوە سـێبەر پەیدا دەکـات و سـێبەرەکەش بێگیانـە، ئەشـکی سـەرە:توانەوەکـەی مردنـی مۆمەکەیـە و لەناوچـوونییەتی، تـرووسـکەی پۆلـەکۆترە، لەڕێگـەی سـەردانان و مردنـی ئاشـتی و دوارۆژ دەخـولقێنیێ، هـەروەها بـەهۆی گرنگیـدان بەخاڵبەنـدی وەك وێرگـولێ وبـەکارهێنانی نیشـانەی سەرسـوڕمان زیـاتر بۆئەوەیـە ئیسـتاتیکایەکی هونـەری بەسـەراپای دەقەکـە بـدات، تاکوخوێنــەر ناچـاربکات ئـەو پەیوەندییــە بەدەسـت بێنێـت، کـە لـەمیانی ڕامـانی لـەدال ومەدلولەکانی وشەکاندا دەیدۆزێتەوە . بەهۆی ئەو((نیشانە بەرهەمهێنەری دەقەکە لەڕێگەی ڕێـڕەوە ئاماژەکارییەکانـەوە پێی دەگات)) [3] ، کە لەنێوان ئەو ڕاڤەکارییەی ناوونیشان ودەقەکەدا بەدی دێنێت.

**(مۆم)[4]:**

**لەئەشکەوتێکی تاریکدا..**

**مۆمێکی مەزن دەسووتیێ**

**سایەی: گۆڕە .**

**ئەشکی:سەرە.**

**تروسکەی پۆلە کۆترە!!**

ناوێکی سادەیە بۆبونیاتی پێکهاتەیی ناونیشانی دەقەکە، کە تیایدا چەندان ڕەمز وئیحای شیعریی لە خۆی گرتـووە، تـاکو خوێنەر بە دوای ئاماژە و مەدلولەکانی نێو دەقەکەدا بگەڕێت، بۆ دۆزینـەوەی ئـەو پەیوەندییـە ئۆرگانییـەی، کـە لـەنێوان

---

(١) شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات ، قوبادی جەلی زادە، ل٣٨٢.

(٢) سمياء العنوان ، د.بسام موسى قطوس، ص٥٧ .

(٣) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

(٤) شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات ، قوبادی جەلی زادە، ل١٥٦.

ناونیشان ونێوەرۆکی دەقەکـەدا هاتۆتـە ئـاراوە، ئەمەشـیان بـەهۆی ئـەو تێڕامانـە قووڵـەوە دێتـە دی، کەخوێنـەر ئاسـۆی بیرکردنەوەی فراوان دەکـات و دەقەکـە لـە سـنوورێکی داخـراودا ناهێڵێتـەوە ودەرگـا بۆخوێندنـەوەی جیـاواز دەکاتـەوە : مۆمی زانست ، مۆمی ژیان ، مۆمی تەمەن ، مۆمی ئاشتی، مۆمی سەرکەوتن ... هتد . کەواتـە بـەهۆی درووسـتبوونی ئـەو ئاماژە شیعرییانە لە ماوەیەکی کەمدا لە بیری خوێنەردا، بۆ ئەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بە دەست بێنێت، کە لـە ئیحـای ناونیشانەکەدا بەرجەستەی دەکات، بۆیە وروژاندنی ئەم پرسیارانەی خـوارەوە لـە زەینـی خوێنـەردا شـێوە کراوەییـەك بـە دەقەکە دەبەخشێت : چ مۆمێك؟ کێ مۆمەکەی داگیرساندووە ؟ کەی مۆمەکـە دەکوژێتـەوە؟ بـۆ مـۆم؟. جـۆر و چـەندێتی پرسیارەکەش بۆ ئەو بارودۆخە ڕۆشنبیرییەی خوێنەر دەگەڕێتەوە، کە ئەمیش لە ڕێگـەی ئـەو ئامـاژە شـیعرییانەی کـە لـە ناونیشانەکەدا هەن، بەرچاو ڕۆنییەکی بۆدێتـە ئـاراوە ولێـرەوە زەمینەسـازییەك دروسـت دەبێـت، بۆئـەوەی بەشـداری لـە بونیاتی پێکهاتەیی دەقەکەدا بکات[1]، لەگەڵ دۆزینەوەی ئەو ئامازانەی کەبەشێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ دەربـڕاون .هـەروەها چۆنیەتی دۆزینەوەی میکانیزمی پەیوەندی کردنی نێوان ناونیشان ودەقەکە بەخاڵێکی گرنگ دادەنرێـت، چـونکە بیرۆکـەی دانانی بۆئەوە دەگەڕێتـەوە، کـە (( ناونیشـان ئاسـتانەیەکی گرنگـی دەقـە وهەنـدێکجار نێـوەرۆکی دەقەکـە گوزارشـت لـە ناوونیشـانەکە دەکـات))[2]، لەبەرئــەوەی هــەڵێنجێنراوی پوختــەی چــڕکراوەی تــەواوی بیرۆکــە شــیعرییەکانە، کەشـاعیر هونەرمەندی تیادەکات ولە کارە هونەرییەکەیدا داهێنانی تازەگەرییانە ئەنجام دەدات . ئەگەر زیـاتر لـەم دەقـە وردبینـەوە دەبیـنین، شـاعیر وێنەیـەکی هونەرکاریانـەی پێکهێنـاوە، بەپیشـاندانی چـۆنیەتی سـووتانی شـێوەی مۆمەکـە، کەمەزنـە ودەستنیشانکردنی ئەوشوێنەی کەلێی دەسووتێت ئەشـکەوتێکی تاریکـە ودرووسـتبوونی وێنـەی (سـایەی گـۆڕە وئەشـکی سـەرە وتروسـکەی پۆلـەکۆترە)، بۆئەوەیـە خوێنـەر تووشـی شـۆك وسەرسـوڕمان بکـات، تاکولـەمیانی ڕامـانی چـۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکاندا بکەوێتە نێوگێـژەلووکی ڕاڤـەکاری بۆبەدەسـتهێنانی ئەوخاڵـە دەسـتپێکەی، کـە سـەرەتا وکۆتـایی دەقەکەبەیەکەوەگرێ دەدات، هەروەها ئەو ئاماژە شیعرییە شاراوانە بدۆزێتەوە، کە لـە دیـوی نـاوەوەی وشـەکاندا خۆیـان حەشارداوەوە وخوێنەری ئەوسەرە داوەی بە دەستبکەوێت، کە لـە ناونیشـانەکەدا بەدەسـتی هێنـاوە وبگاتـە شـیعرییەتی دەقەکە.

## ئایەتی (ترس)[3]

## لەشەڕدا ترس لە ترسی گوللە
## خۆی دەشارێتەوە !

ناونیشانێکی لێکدراوە ولادانێکی واتایی پـێ کـراوە، ئـەوەی خوێنـەر هەرکـە چـاوی پـێ بکـەوێت، دوای ڕامـانێکی ورد لـە خودی وشەکە کە(ترس)ەو ئاوەڵناوێکی سادەیە، هەڵوەستەیەك بەدیار ئەم وشەیەوە بکات ، ئـاخۆ دەبێـت ئـەو ترسـە لـە ( چ وچۆن و کەی و بۆکێ ) بێت . کەواتە شاعیر لەمیانی ئەم ناونیشانەدا خوێنەریش دەخاتە حاڵەتێکی ئامادەباشـییەوە، بۆئەوەی ئەویش جۆرە دڵە ڕاوکێ و ترس و خـەیاڵێك لـەناخیا چـەکەرە بکـات و بـەدوای وەڵامدانەوەیـەکی بـڕوا پێهێنـەردا

(١)مغامرة التجنيس الروائي، سؤال الجنس والنوع،محمد صابر عبيد، ط١،عالم الكتب الحديث ،اربد- الأردن،٢٠١٢، ص١٤٣.
(٢) سيمياء العنوان ، د.بسام موسى قطوس، ص٥٨ .
(٣) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب٢، ل٤١٥.

بگەڕێت، چونکە ناونیشان بەجۆرێك لە جۆرەکان زەینی خوێنەر بۆ ئەوە دەوروژێنێت، کە ئەوڕێگە وڕێبازانە بگرێتـە بەرکـە تیایدا دەگاتە تەواوی ڕاڤەکردنی دەقەکە [1]، بەهۆی ئەو ئاماژانەی کەبیرکردنەوەی خوێنەر بەدوای مەدلوولی واتاکانی نێـو دەقەکەوە کەمەربەند دەکەن . هەروەها بەکاربردنی وشەی (ئایەت) لەپاڵ وشەی (تـرس) دا جـۆرە پیرۆزییـەك بەسـیفەتی ترسی مرۆڤەکەدەدات، لەمیانی ئەوئاماژەیەی کە لەچۆنیەتی بەکارهێنانی شێوازی وشەکاندا بەرجەستە دەبێـت . ئەگەرلـە تەواوی نێوەرۆکی دەقەکەدا ڕابمێنین هەست بەوە دەکەین .

**( فێربوون ) [2]**

**باغ**

**خونچەیەکی خستەبەر خوێندن ...**

**لە تاکە وەرزێکدا ،**

**دووزمان فێربوو...**

**زمانی بۆن،**

**زمانی ڕەنگ!**

(فێربوون ) ناونیشانێکی نسادەیە، کە لەچاوگێکی لێکدراو پێکهاتووەو وەسفی فێربوونی شتێك دەکـات، ئـەویش شـتێکی بێ گیانە وبریتییە لەخونچە، کە سیفەتی بە مرۆڤکردنی پێ بەخشیوە وگیانی وەبـەرداهێناوە، کەواتـە لـەم ناوونیشـانەدا لادانێکی واتایی دروستکراوە وسیفەتی (فێربوون)ی مرۆڤ بۆ(باغ) خواستراوەبەهۆی خواسـتنی درکـاوەوە، کـە هـیچ جـۆرە پەیوەندییەك لە نێوانیاندا نییە، بەڵام لەمجۆرە شێوازەدا لادانێکـی واتـایی لەشـێوازی ئاخـاوتنی ئاسـاییدا هاتۆتـە ئـاراوە، چونکە ناوونیشانەشیعرییەکە لەچرکەساتی داهێنانیدا هەرچـەندی شـیعرییەتەکەی بـەهێزبێ وروژێنـەرتردەبێت وزیـاتر کـار لـەدڵ ودەروونـی خوێنـەر دەکـات، بۆئـەوەی لـەکاتی ڕاڤـەکاری دەقەکـەدا زۆرتـر هەڵبچـێت [3]، تـاکو ئـەو پەیوەندییـە بدۆزێتـەوە، کـە لـەنێوان پێکهاتـەی وشـەکاندا بەرجەسـتە بـووە و شـێوە و کـات و چۆنیەتی ئـەو فێربوونـە دەستنیشـان دەکـات، بـەهۆی ئـەو ئیحایانـەی کـە لەناونیشـانەکەوە سەرچـاوە دەگـرن ودەبێتـە خـاڵی دەستنیشـانکردنی شـیعرییەتی دەقەکە، لەمیانی دروستبوونی ئەوپەیوەندییە هونەرییەی، کە لەنێوان وشەکانی ( باغ وخونچـەوبۆن وڕەنـگ ) دا لەلایـەك و( فێربوون وخوێندن وزمان ) ، کەلە تاکە وەرزێکدا لەلایـەکی تـردا هاتۆتەکایـەوە وهـەروەها بەدووبارەکردنـەوەی وشـەی (زمان) شیعرییەتبوونی تربە دەقەکە دەدات، بەهۆی ئەو جەختکردنەوەی کە لەسەر ئەو وشەیەدا کراوە.

---

(١) سیمیاء العنوان ، د.بسام موسی قطوس، ص٥٨ .

(٢) ڤان ئیرۆتیك، قوبادی جەلی زادە،ل٩٨.

(٣) سیمیاء العنوان ، د.بسام موسی قطوس،ص٥٨.

## ( پردی دەلال )[1]

**بەبێ ئەوەی**

**بچنە باوەشی هیچ مەردێك**

**مریەم ئاوس  بوو بە عیسا**

**دەلال ئاوس  بوو بە پردێك !**

ناونیشانێکە خوێنەر بۆئەو ئاراستەیە دەبات، کە بیر لەئەفسانەی (پردی دەلال*) بکاتەوە، کەچۆن و بەچ شێوەیەك ئەوپردە دروستبووە، بەڵام لەنێوخودیی دەقەکەدا لە پەنای ئەو ناونیشانەوە کۆمەڵێك ئاماژە و ڕەمز نیشاندراون، بەهۆی مەزراندنی (ئەفسانەی پردی دەلال) و بەستنەوەی بەچیرۆکی ئاینی لەدایکبوونی (عیسا لە مەریەم)، کەخوای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێ: ((

## (شەپلاو)[1]

**دنیا پێڵاوێكی ڕەش وسپییە**
**كەچی لای تۆ،**
**شەپقەیەكی ڕەنگاوڕەنگە !**

ناونیشانێكە تەمومژییەكی تەواو لای خوێنەر بەرجەستەدەكات و زەین وبیركردنەوەی دەخاتە بارودۆخێك، كەتووشی سەرسورمانی وكتوپڕی ببێت، بۆئەوەی ئاسۆی بیركردنەوەی بەتەواوی بخاتەگەڕ، تاكو نهێنی بەكارهێنانی ئەم ڕەمزە بدۆزێتەوە، كە لەدەربڕینی ئەم ناوونیشانەدا بەكارهاتووە، ئەمەش بۆ ئەو خاسیەتە هونەرییە دەگەڕێتەوە، كەناونیشان لەتوانای دایە دەق بەتەواوی هەڵبوەشێنێتەوە بەمەبەستی دووبارە داڕشتنەوەی دەق وچۆنیەتی شێوازی بیرلێكردنەوە و ڕاڤەكردنی ئەو وشانەی، كەبەشدارییان لەپێكهاتەی دەقەكەدا كردووە، لەڕێگەی بونیاتگەرییە ئاماژەیی و هێماگەرییە شاراوەكاندا بخاتەڕوو [2]، بەهۆی ئەو ناڕۆشنی ولێڵییەی، كە لەناونیشانەكەدا دروست بووە و هەست و بیری خوێنەر بەتەواوی بورووژێنێت، تاكو بتوانێت مانای ڕاستەقینەی ئەم ناوونیشانە بەدەست بێنێت، كەلەبونیاتی پێكاتەی دەقەكەدا درووستبووە، چونكە (شەپلاو) هیچ مانایەكی نییە، بەڵام لەئەنجامی لێكدانی دوو وشەی سادەی وەكو (پێڵاو) و (شەپقە) دا، ئەم ناوونیشانە پڕ لە ڕەمزە هاتۆتە كایەوە، بۆئەوەی خوێنەر لە ئەنجامی بیركردنەوەیەكی زەینی قووڵدا پێكهاتەی بونیاتی ناوونیشانەكە بدۆزێتەوە، كە بەشێوەی دژیەك داڕێژراوە، بەڵام بەهۆی تێكەڵكردنی هەردوو وشەكە، وشەیەكی نوێی پێكهاتووە.

## (گەڵای سوور)[3]

**لەهەركوێ گەڵای سوور هەبوو**
**جی* پیی* خوایە**

بونیاتی پێكهاتەی ئەم ناونیشانە ناسادەیەولەناوێكی سادەوئاوەڵناوێكی سادە پێكهاتووە، بەهۆی ئامرازێكی پەیوەندییەوە كە(ی) یە بەیەكەوە بەستراون . لەناونیشانەكەدا باس لەڕەنگی گەڵا دەكات، بەجۆرە ڕەنگێك وەسفی سیفەتی گەڵاكەی كردووە، كەخۆی لە ئاوەڵناوێكی (سوور) دا دەبینێتەوە . ئەم ناونیشانە لادانێكی واتایی دروستكردووە و سیفەتی (سوور)ی بۆ( گەڵا) خواستووە، بەمەش ناونیشانێكی شیعریی دروستبووە، چونكە گەڵا ڕەنگی سووری نییە، بەڵام شاعیر بەهۆی بەكارهێنانی ئاوەڵناوی (سوور) لەنێو ناونیشانەكەدا، ئەمەش بۆئەوەیە كە جۆرە گونجاوییەك لە نێوان پێكهاتەی داڕشتنی ناوونیشانەكە ونێوەرۆكی دەقەكەدا بهێنێتە كایەوە، چونكە ناوونیشان یەكەم تایبەتمەندی كاری هونەری ووێژەییە، كەدەقێكی فراوان دەگرێتەخۆ، بەهۆی ئەو كورتكردنەوە و چڕكردنەوەی لەبیرۆكە شیعرییەكاندا

---

(١) شەهید بەتەنیا پیاسە دەكات، قوبادی جەلی زادە، ل٣٨٧.
(٢) سیمیاء العنوان، د. بسام موسی قطوس، ص٥٨ .
(٣) كۆشیعری ٢، دلشاد عەبدوڵڵا، ل٣٣٦.
*تێبینی لەدیوانەكە دابەهۆی هەڵەی چاپە وەنووسراوە (جی)، بەڵكوڕاستییەكەی (جێ)یە.
**هەروەهاوشەی (پیی ) بەهەڵە نووسراوە، كەچی ڕاستەكەی (پێی) یە.

بەدەستدێت و مەبەستە شیعرییەکانی تیا شاردراوەتەوە، تاکو خوێنەر لەمیانی خوێندنەوەیەکی وردی دەقەکاندا ئەو واتا ومەبەستانە درك پێبکات و ئاماژەکان بدۆزێتەوە[1]، کەوابوو بەکارهێنانی ڕەنگی سوور دەلالەتێکی واتایی قووڵی هەیە، کە گوزارشت لە کوشتنی مرۆڤ و دروستبوونی نیگەرانی و خەم و ئازارە پڕ لە سوێیەکانی مرۆڤایەتی دەکات، بە دەستی مرۆڤە هاوشێوەکانی خۆی . کەواتە بەکارهێنانی ئەم ڕەنگە بەتایبەتی کە هێمایە بۆ ناخۆشی وناڕەحەتیەکانی مرۆڤ لەپاڵ وشەی (گەڵا)دا، کە ئاماژەیە بۆ نوێبوونەوە و زیندووکردنەوەی ژیان بەبەردەوامی، خۆی لەخۆیدا جۆرە نائومێدییەك بەمرۆڤ دەبەخشێت، کە شاعیر لەمیانی داڕشتنی ئەم ناونیشانەدا ئاماژەی پێکردووە ولەسەر بیرۆکەی ئیقاعی فیکرەدا کاری کردووە، بۆئەوەی بەهۆی ئەو لادانەی کەلەباری ئاسایی ئاخاوتندا لە شێوازی وتندا بەرپای کردووە، تاکو خوێنەر بەسەرنجدانێکی وردەوە بەدوای بەکارهێنانی وشەی سووروچەمك ومانا شاراوەکانیدا بگەڕێت وئەو پەیوەندییە بدۆزێتەوە، کە لەنێوان ئەو دوو وشەیەدا هاتۆتە کایەوە.

**( خەون )[2]**

**پەپوولەیە**

**چەند ساتێکی کورتە تەمەنی**

ڕاستە وشەی (خەون) لەڕووی پێکهاتنیەوە وشەیەکی سادەیە، بەڵام لە ڕووی مەبەست وڕامانەوە خوێنەر بەجۆرێك ئاراستە دەکات، کە بیرلەچەندین ئاماژەی شیعریی بکاتەوە، چونکە خوێنەر لەڕێگەی وشەکەدا ئەوئاماژە شیعرییە بەدەست دێنێت و دەپرسێت ئایا دەبێت خەون بە چییەوە ببیندرێت : خەونی سەرفرازی، خەونی داهاتوو، خەونی ژیان، خەونی منداڵی، خەونی خۆشی، خەونی سەرکەوتن، خەونی ناخۆش، خەونی گەورەیی، خەونی گەیشتن بەهیوا،...هتد. کەواتە دەشێت کۆمەڵێك پرسیار لەمێشکی خوێنەردا سەر هەڵبدەن، بەهۆی ئەوەی کەوا ناونیشان وەکودەقێکی سەربەخۆ ئامادەباشییەکی گونجاو بۆخوێنەر دەکات، تاکو واتای جۆراوجۆر بۆ دەقەکە بەدەست بێنێ ولە قاوغێکی تەسکدا سنوور بەندی نەکات و چێوەیەکی کراوەی پێ ببەخشێت، بۆ ئەوەی بگاتە نهێنی ئاماژە شیعرییەکان[3]. بۆیە پرسیارکردن لەوشەی خەون بەمجۆرە دێتە ئاراوە : بۆچی خەون؟ چ خەونێك؟ کام خەون؟ چۆن خەونێك؟... هتد و بەستانەوەی چرکەی ماوەی خەون بینینەکە، بەکورتی ماوەی تەمەنی پەپوولەوە شیعرییەتێکی تر بە دەقەکە دەبەخشێت .

---

(١) سیمیاء العنوان، د. بسام موسی قطوس، ل ٣٩.

(٢) کۆشیعری ٢، دلشاد عەبدوڵڵا، ل٣٣٢.

(٣) مغامرة التجنيس الروائي، محمد صابر عبيد، ص١٤١.

## (خۆڵەمێش)[1]

## قەقنەس *خۆڵەمێشی نییە

ئـەم ناونیشـانە تیایـدا کەشـێکی گونجـاو دەسـازێنێت، کـەوا چـەندین نیشـانەی ئامـاژەیی لـەخۆدەگرێت، کـەلێوانلێوە لـە تێڕوانینی جیهانی خەڵکیدا وبەرگێکی ئیحایی دەکاتەبەر، بۆیە زانستی سیمیۆلۆژی هەوڵـدەدات ناونیشـانە ئیحابەخشـەکان شیبکاتەوە بەمەبەستی تێگەیشتنی بیرۆکەکان وئەوبەها نرخدارانەی کەلێیەوەبەدەست دێت [2]، لەئەنجامدا بـیری خوێنـەر تووشی حاڵەتێکی کتوپڕی دەکـات، بۆئـەوەی بەشـێوەیەکی قـووڵ بـیر لەپێکهاتـەی وشـەکە بکاتـەوە لەئاسـتی واتاییـدا، بەدوای مەدلوله شاراوەکانیدا بگەڕێت، تاکو ئەو ڕەمزە داخراوە بدۆزێتەوە کـە لەپـەنای ئـەو وشـەیەدا خـۆی حەشـارداوە، بۆیە ناونیشان ونێوەرۆکی دەقەکە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای خوێنەر لەئـەنجامی ئـەو پەیوەندییـە ئۆرگانیـەوە دێنێتـە ئاراوە، کە لەنێوان پێکهاتەکانی دەقەکەدا هەیە. بەکارهێنانی ناونیشانەکە بەوشـەی (خۆڵـەمێش) بۆئەوەیـە لـەنێو خـودی دەقەکەدا، شاعیر ئاماژە بەو ڕەمزە دەکات و پیشانی داوە، بۆئەوەی لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەی (قەقنەس)، کـە جـۆرە باڵندەیەکی ئەفسانەییە، بەهۆی مەزراندنی ئەو بیرۆکەیەوە بەشێوەی (دەقئـاوێزانی ئەفسـانەیی) لـە پێکهاتـەی دەقەکـەدا ئاماژە بە لەدایکبوونێکی نوێ کە(بوون)ە بەگشتی بکات . کەواتە وشـەی (خۆڵـەمێش) لـەو ناونیشـانەدا بۆئەوەیـە ئامـاژە بەوشەی (قەقنەس) بکات، کە وەکو ڕەمزێکی ئەفسانەیی بەکاردەهێنرێت، بۆیە هێنانەوەی تەمومژی لەشێوازی دەربڕینـی لە ناونیشاندا، ئیحایەکی شیعریی دەبەخشێت، بۆ بەکارهێنانی ڕەمز لە نێوەرۆکی دەقەکەدا، چونکە (( لە ڕەخنـەی نوێـدا لای ڕەمزگەراکان ڕەمز ئیحا دەگەیەنێت))[3]، ئەو ئیحایەش بەرئەنجامی ئـەو تەمومـژاوی و ناڕۆشـنیەیە کـە لـە ناونیشـانی دەقەکەدا دروست دەبێت .

## (مناڵەکانی هەور)[4]

**هەور چەند دڵڕەقە**
**مناڵەکانی خۆی بەپێی پەتی**
**لەسەر تاشەی بەردی لووتکەکان**
**بەجێدێڵێ...!**

ناونیشانێکی ناسادەیە لەدوو وشە پێکهاتووە، ناوێکی کۆی ناسراو لەگەڵ ناوێکی تری سادە، بەهۆی ئامرازی خستنەسـەر بەیەکـەوە بەسـتراونەتەوە. ئـەم ناونیشـانە لادانێکی لەپێکهاتـەی واتاییـدا دروسـتکردووە، چـونکە (هـەور) منـاڵی نییـە و سیفەتێکی بە مرۆڤکردنی پێ بەخشـراوە، کـە منـاڵی بۆخواسـتراوە لـە لێخواسـتراو کەمرۆڤـە، هـەروا پیشـاندانی سـیفەتی

(١) کۆشیعری ٢، دلشاد عەبدوڵڵا، ل٣٣٢.

* قەقنەس :(( دەڵێن گوایە باڵندەیـەکی زۆر دەنگ خۆشە بەسـۆزی خـۆی دەسـووتێ))، فەرهـەنگی خـاڵ، شـێخ محەمـەدی خـاڵ، ل ٣٤٤. هەروەها(( قەقنەس : قەقنەز:١ ) باڵدارێکی خەیاڵی یە دەڵێن دەخوێنێ وباڵ لێك دەدا ئاگر دەگرێ ودەسوتێ ،٢) برێتی لەشتی تەواو سوتاو))، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە،عبدالرحمن شرفكندی (هەژار)، ل ٥٨٣ .

(٢) سيمياء العنوان ، د. بسام موسى قطوس، ص ٥٩ .

(٣) مغامرة التجنيس الروائي، محمد صابر عبيد، ص١٣٤.

(٤) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب ٢، ل٤٧٤.

(دڵڕەقی)، ئاماژەیەکە بۆبێوەفایی وبێ سۆزی مرۆڤ لەبەرامبەر خۆشەویسترین کەس، کەمنداڵی خۆیەتی وجێهێشتنی بەپێی پەتی لەسەرتاشەبەردی لووتکەی چیاکان ونەدۆزینەوەی هیچ ڕێگاچارەیەك بۆمنداڵی خۆی، خوێنەر زیاتر بەرەوحاڵەتی هەڵچوونی دەروونی وچۆنیەتی دۆزینەوەی ئاماژەشاراوەکانی نێودەقەکە دەبات[1]. بۆیە بەکارهێنانی ناوێکی وەك (مناڵەکان) بۆهەور جۆرە دەربڕینێکی شیعری تێدایە، بەهۆی ئەو لادانەی کە لە پێکهاتەکەیدا هاتۆتە ئاراوە وجوانکارییەك لە بونیاتەکەیدا ئەنجامدراوە، بە مەبەستی کورتکردنەوە و چڕکردنەوەی شێوازی دەربڕینەکەی .

**(ئەسپی با )[2]**

**من دەڵێم داهاتوو**

**لە گژوگیا دروستدەکرێ**

**بۆیە ئەسپی با دەیخوات**

لەم ناونیشانەدا ڕیتمێکی خێرا لەئیقاعی فیکرەکەدا هاتۆتە دی، کەخەیاڵی خوێنەربەرەوناوەرۆکی دەقەکە ڕادەکێشێت، بەهۆی ئەوچڕبوونەوە زمانییەی، کەشیعرییەتبوون بەشێوازی زمانی دەقەکە دەبەخشێت وشێوەی دەربڕینەکەی سروشتبەخشە و ناونیشانی دەقەکە لەگەڵ نێوەرۆکەکەیدا پێکەوە، شیعرییەتبوونێکی گونجاو و تەریب لە نێوانیاندا هەیە، تاکو زیاتر کار لەهەستی خوێنەر بکات، بەهۆی ئەو جوانکاری و ڕەوانبێژییە وئیحایە شیعرییەی کە گەلێکجار لە ڕەمز و دارشتنێکی هونەرکارییانەدا بەدەرنین [3]. بۆیە دروستبوونی ئەوئیحایە ڕەمزییە چالاکییەکی بەشیعرییەتبوونی پێکهاتەی دەقەکە بەخشیوە، بەهۆی ئەوەی هیچ بوونەوەرێك لەحەقیقەتدا بەناوی (ئەسپی با) بوونی نییەوجا داهاتووەکەشی لەگژوگیادا درووستبکرێت و ئەسپی بایەکەش بیخوات چونکە داهاتووی وڵات کشتوکاڵ دەبێت ، هەربۆیە ئەم بیرۆکە شیعرییە خاوەنی بونیاتێکی کراوەی فەلسەفییە و پێموایە یەکێك لەخوێندنەوەکانی ئەوەبێت، کەوا ئاماژە بە نادیاریی چارەنووس و داهاتووی ژیانی مرۆڤ بکات.

**( پلەی ماچ )[4]**

**ئەرێ**

**پلەی بوومەلەرزەی ماچ**

**بە چ جۆرە بارۆمەترێ**

**دەپێورێ...؟**

ئەم ناونیشانە شیعرییە لەڕووی پێکهاتنەوە، لەدیارخەرودیارخراوو ئامرازێکی خستنەسەر پێکهاتووە، ناونیشانێکی نائاساییە و بەدەربڕینێکی شیعریی دادەنرێت، چونکە ڕەهەندێکی خوازەیی وبەسەریدا زاڵە، ناونیشانەکە کۆمەڵێك

---

(١) سیمیاء العنوان ، د.بسام موسى قطوس،ص٥٠ .

(٢) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب ٣، ل٢٥٩.

(٣) في نظرية العنوان، د.خالد حسين حسين، دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر، دمشق،٢٠٠٧، ص١٦٢.

(٤) دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی یەکەم، چ٢، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بلاْوکردنەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥ ل٩٧٧.

ئاماژەی زمانییە، کە لەسەرەتای دەقەکەدا دادەنرێت، بۆدەستپێکردنی وئاماژەکاریشە بۆچوونە ناوناوەرۆکی گشتی دەقەکەوخاڵێکی سەرنج ڕاکێشە، بۆوروژاندنی خوێنەر، تاکو تەواوی دەقەکە بخوێنێتەوە [1]، هەروەها پێوانی (پلە) بۆ(ماچ)، کەخوازراوە و پرسیارکردن لەچۆنیەتی پلەی بوومەلەرزەی ماچەکە و جۆری ئەو بارۆمەترەی کە پێی دەپێورێت، بۆئەوەیە لای خوێنەر جۆرە سەرسامی و سەرسوورهێنەرییەك بێنێتە کایەوە، بەهۆی ڕێکنەکەوتنی وشەکان ، کە لەواتاو لۆژیکدا بەنائاسایی دادەنرێت، چونکە هیچ ئامێرێکی وانییە بتوانێت ماچ بپێوێت، بەڵام ئەوە خەیاڵی شاعیرە ئەوکەشە دێنێتە ئاراوە، بۆئەوەی وێنەیەکی شیعری لای وەرگر(خوێنەر) بسازێنێ وچۆنیەتی شێوەی ئەم وێنەیە، بە شێوازێکی سەرنج ڕاکێش بەرجەستە ببێت، کە پێشتر خوێنەر بیری بۆ ئەم جۆرە وێنەیە نەچووە، بەڵام ئەوە یەکێکە لەو داهێنانە شیعریانەی کەوا شاعیرەکە دروستی دەکات، ئەمەش بۆئەو بۆچوونە دەگەڕێتەوە، کە ناونیشان هەیە خۆی جۆرە وێنەیەکە و(( خاوەنی بونیاتێکی پێکهاتەیی زمانی و وێنەیی و ریتمی و بزاوتنی سەربەخۆیە))[2] و ئاشکراشە وێنە وەك ڕەگەزێکی بونیاتی شیعریی جۆرە ئیحایەکی شیعریشی تێدایە .

**( نەوەی لم )[3]**

**من دەمەوێ بیابانێك مارەکەم و**
**زەوی پڕکەم لەنەوەی لم**
**کات بکەمە گۆچانێك و**
**هەورەکانی پێ لێ خوڕم ...!**

ناونیشانێکی ناسادەیە ولادانێکی واتایی لەپێکهاتەکەیدا دروستکردووە، چونکە (لم) منداڵی نابێ، بەڵام ڕەهەندێکی خواستنی لەهونەری ڕەوانبێژیدا بەسەر ناوونیشانی دەقەکەدا زاڵبووە، بەهۆی ئەوەی (نەوە) لە مرۆڤ لێ خواستراوە بۆ (لم) کە بۆخوستراوە، کەوا سیفەتێکی مرۆڤی تیادا گەلاڵە بووە . ناونیشانەکە بارگاوی کراوە بەلادانێکی واتایی بۆئەوەی پەیوەندییەك لەنێوان (نەوە) و (لم) بێتە کایەوە، کەزۆر لەیەکتردوورن و لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن، چونکە (نەوە) دۆستایەتی لەگەڵ گیاندار هەیە، بەڵام (لم) شتێکی بێ گیانە پێمولیە شاعیر لەڕێگەی ناونیشانەکەوە دەیەوێت باس لە بارودۆخێکی نەگونجاو بکات، ئەویش مارەکردنی بیابان و پڕکردنی زەوییە، لەنەوەی لم و کات بەگۆچان کردن و لێخوڕینی هەورەکانە، کۆمەڵێك داهێنراوی هونەری ئەدەبیی شاعیرە، بۆ ئەوەی کە ئەو بیرۆکە شیعرییانەی وەکو ڕەمزێك بەکاری هێناون، بۆئەوەیە ئیحایەکی بەهێز بەدەقەکە ببەخشێت، لەبەرئەوەی ناونیشان یەکەم کۆدی هێماییە و پەیوەندی بەناوەرۆکی دەقەوە هەیە، ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە وسەرنجی بۆلای خۆی ڕادەکێشێت وتووشی بارودۆخێکی سەرسامی ووروژاندنی دەکات، بۆئەوەی بەتێڕوانینێکی هوشیارانەوە لەسەر ناونیشانەکەدا بوەستێت وشیبکاتەوە، بەو پێیەی کە ناونیشان وەك ئاستانەیەك پێشەکی دەقێکە وهەڵگری کۆمەڵێك ئاماژە وئیحایە، کە لەکاتی

---

(١) عتبات النص الادبى ، حميد لحمدانى، مجلة علامات في النقد ، مجلد١٢، العدد٤٦، جدة ،٢٠٠٢، ص ٣٥ .

(٢) شعرية الكتب والأمكنة، أ.د.محمد صابر عبيد، دار اليازوري،٢٠٠٥،ص٨٠ .

(٣) ديوانی لەتيف هەڵمەت، لەتيف هەڵمەت، ب٢، ل٦٠١.

خوێندنەوەیدا دەبێت حیسابی بۆبکرێت، چونکە بابەتێکی پرۆگرام بۆ داڕێژراوە دەربارەی چۆنیەتی ئاوڕدانەوە لە ناوونیشان وبەیەکەوە گرێدانی بە جەستەی دەقەکەوە[1]، لێرەدا ناونیشان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەناوەڕۆکی دەقەکەی خۆیەوە هەیە، ئەمەش لە هەردوو وشەی ( لم) ی نێو ناوونیشانەکەو وشەی (بیابان) ی نێو دەقەکە بەدی دەکرێت، لەم چوارچێوەیەشدا خوێنەری کورد لەڕێگەی ناوونیشانەکەوە بیری بۆناوەڕۆکی دەقەکە دەچێت، کە ئاماژەیەکە بۆمەرگەساتی (ئەنفال) ، هەروەها لەوانەیە شاعیر مەبەستی ئەوەبێت کە کورد ژن زۆر بێنن، چونکە زۆریان ئەنفال کراون و خۆشی بەگۆچانەوە هەوری زۆرداری ڕادەماڵێ، بۆیەدەبینین شاعیران زیاترگرینگیان بەناونیشانەسەرەکییەکانداوە کەدەتوانین بەمجۆرە ڕیزبەندییان بکەین:– ( قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دلشاد عەبدوڵلا ).

کەواتە ئامادەگیی ناونیشان لە پێکهاتەی بونیاتی دەقەکاندا گرنگییەکی کاریگەری هەیە، بەهۆی ئەوەی کەوا شیعرییەتێکی بەهادار بەدەقەکان دەبەخشێت . دیارە ناونیشان وەك ئاستانەیەکی گرنگی دەقەکان ڕۆڵی خۆیان بینیوە. بۆیە شاعیران بەم کارەیان فەزایەکی کراوە لەبەردەم پرۆسەی ئەزموونی دەقە شیعرەکانیاندا هێناوەتە ئاراوە، لە ڕێگەی ئەوگەمە زمانەوانیەی کە لە میانی ناونیشانی دەقەکانیاندا ئەنجامدراوە .

(١) **سيمياء العنوان، د. بسام موسى قطوس، ص ٥٣ .**

## دووەم : شیعریەتی وێنەی شیعری:

وێنەی شیعری ڕەگەزێکی گرنگی بونیاتی پێکهاتەیی شیعرە، کەرەستە بەکارهاتووەکانی ئەو وشانەن کە لەخەیاڵ و دەروونی شاعیردا هەن، کە بەشێوەی تابلۆیەکی شێوەکارییانە بەوشە دایاندەڕێژێت و تیایدا ئەزموونی ئەدەبیی و تێڕوانینەکانی، بۆدیاردە جۆر بەجۆرەکانی ژیان دەخاتە ڕوو لەنێو فەزای دەقە شیعرییەکەیدا . کەواتە بەشێوەیەکی گشتی وێنەی شیعری دەبێتە ئامرازێك، بۆئەوەی شاعیر پەیامەکەی لەچوارچێوەی دەقێکدا بگوازێتەوە، بۆخوێنەر (وەرگر) وگوێگران، تاکو ئەوبارودۆخ و دیمەنە سەرنج ڕاکێشانەی ئەو هەستی پێدەکات و لە دڵ و دەروونیدا دەخولێتەوە بیگەیەنێنە خوێنەر . بۆیە بەهاو بایەخی ئامادەگیی وێنەی شیعریی وەك ڕەگەزێکی چالاك لە کورتیلەشیعرەکاندا، بۆ ئەو بەشدارییە هونەرییەیە، کە لەپێکهاتەی بونیاتی نێوەرۆکی دەقەکاندا دەیکەن، بەهۆی ئەوکارتێکردنە بەهێزەی کە لەوئیحا بەخشینەوە دێتەکایەوە، کە لەنێوان وێنە و ڕەمزەکاندا دروست دەبێت و بەمەش کایەیەکی لێکدانەوەی قووڵی واتایی بەرجەستە دەبێت، کە تیایدا کارکردن لە دیوی ناوەوەی زمان و چڕکردنەوەی واتای دەقەکە پیشاندەدات، بۆیە دەکرێت لە چەندین ڕەهەندەوە شیعریەتی وێنەی شیعریی بخرێتە ڕوو، وەك ( دەروونی ، ڕەوانبێژیی ، ڕەمزی ) یەوە ئاماژە بەم جۆرە وێنانە دەکرێت :

### ١– لە ڕووی دەروونییەوە[1] :

### أ – وێنەی هەستی:

شاعیر لەمیانی هەستکردنی بەشتەکان و دیاردە جۆربەجۆرەکانی دەورووبەرییەوە، کە لەسروشتدا بوونیان هەیە هەوڵدەدات، بەهۆی هەست وسۆزییەوە جۆرە وێنەیەکی شیعریی تازە دروستبکات، کە لەداهێنانی خودی خۆی بێ، لە ڕێگەی ئەزموونە شیعرییەکەیەوە ئاوێتەی هەست ونەستی بووە و ڕواڵەتەکانی ژیان لەم ڕێگەیەوە بەرجەستە بکات . دیارە ئەمەش وزەی وێنا کردن وتوانای هونەریانەی دەوێت، چونکە دروستکردنی وێنە شیعرییەکان لەڕێگەی هەستەکانەوە وا لەشاعیر دەکات، کە وێنەیەکی دەقاودەقی لاساییکەرەوە نەگوازێتەوە، بەڵکو بەهۆی چوونە ناوناخی سروشت ودیمەنە سەرسوڕهێنەرەکانیەوە، شێوە وێنەیەکی نوێ پێکبێنێت لە داهێنراوی خۆی بێت، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە هونەرییەی کە بەسەریدا دێنێت[2]. کەواتە ئەوتازەگەرییەی لە وێنە شیعرییەکاندا ، کە بەهۆی هەستەکانەوە بەرجەستە دەبێت بەرهەمی خەیاڵی شاعیرە و تا چالاکیەکەی زیاتر بێت وێنەیەکی کاریگەر و بەهێزی هونەری پێکدێت، کە لەپەیوەندییە نهێنییەکانی نێوان دیاردەکان و ڕەگەزە دژبەیەکەکان کۆدەبنەوە، بۆیە هەستەوەرەکان بەهۆی میکانیزمی کارکردنیانەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، لەداڕشتن و پێکهێنانی ئەو وێنانەی کەبەر یەکێك لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ دەکەوێت وشاعیریش بەهۆی دەورووبەرییەوە هەستیان پێ دەکات و بەشێوەیەکی هونەریی دایاندەڕێژێت .

---

(١) في النقد الحديث ، د.نصرت عبدالرحمن ، مكتبة الاقصى ، عمان ،١٩٧٩ ، ص٦٧.

(٢) الصورة في الشعر العربي حتى نهاية قرن الثاني الهجري ، د.علي البطل ، دار الأندلوس، بيروت،١٩٨٠، ص٣٠.

## ١- وێنەی هەستی بینین:

ئەم وێنانە دەگرێتەوە کە بەرئەم هەستە دەکەون و شاعیر وێنەیەکی جوانیان لێ پێکدێنێت، لەبەرئەوەی ئەو وێنانەی کە بەرهەستی بینین دەکەون لەو شتانەدا وەرگیراون، کە لەسروشت و دەوروبەردا دەبینرێت و وەردەگیرێت و وێنەی هونەرییان لێ دروست دەکرێت، بەهۆی مەودای فراوانی ئاسۆکەیەوە، چونکە (( چاو بە ئاسانی بەشێکی زۆری شتە ماتریالییەکانی گەردوون دەبینێت، بۆیە هەستی بینین بە دایکی هەستەکانی تر دادەنرێت )) [(١)]. کەوابوو شیعرییەتی وێنەی هەستی بینین لە هەموو هەستەکانی تر چالاکترە لەسەر داهێنانی وێنەی شیعرییدا .

**ماچ**

**تەوقەکردنی دوو کۆترە**

**بە دەنووک ! [(٢)]**

شاعیر لەم کورتیلەشیعرەدا بەوێنەیەکی هەستی بینینەوە، وەسفی چۆنیەتی کاتی ماچی نێوان دوو ڕەگەزی جیاوازی مرۆڤ دەکات ئەویش (پیاو و ژن) ن، کە لەوکاتەدا چەند بەگەرمو گوڕییەوە ڕوو لەیەکتر دەکەن بۆپێکگەیشتنیان، ئەمەش لەوئاماژە شیعرییەوە دێتە دی، کە لەکاتی تەوقەکردندا مرۆڤەکان چۆن بەوپەڕی خۆشی و شادییەوە تەوقە لەگەڵ یەکتر دەکەن و دەبێت هێزێك هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، ئەویش هێزی خۆشەویستییە، بۆیە بەتێڕوانینی شاعیر ئەم ماچە وەکوتەوقەکردنی دوو کۆترە بەدەنووك لەجیاتی دەستیان، واتە دەنووکی بەدەست چواندووە، کەچۆن دوو کۆتری نێر و مێ وەکو مرۆڤی نێر و مێ هەمان ماچ ئەنجامدەدەن، بەڵام بە دەنووك .

**غیرە**

**پێشی ئەوەی با-**

**ژنەکەی ڕووت بکاتەوە..،**

**چاومان پڕ دەکات**

**لەخۆڵ !! [(٣)]**

شاعیر لەم دەقەدا لەڕێگەی بینینی دیاردەکی سروشتییەوە، کەهەڵکردنی بایە و چۆن بەدوای خۆیەوە گەردەلوولێکی بەهێز دروستدەکات و هەموو دەوروبەرەکەی پڕ لەخۆڵ و خاشاك دەکات، بەهۆی کاریگەری هێزی هەڵکردنەکەیەوە جۆرێك لەتەمتومانی بەهێز دروست دەکات، بۆیە بەهۆی بینینی ئەو دیاردەیەوە بەوێنەیەکی هەستی بینراووە، ئەو حاڵەتە بەراورد دەکات، بەمرۆڤ و بای سروشتی بەپیاو دەچوێنێ، کەچۆن بەهۆی هێزی غیرەیی ومنی باڵاوە دەیەوێت بەرلەوەی ژنەکەی ڕووتبکاتەوە، چاومان پڕ لەخۆڵ بکات .

---

(١) في النقد الحديث ، د. نصرت عبدالرحمن، ص٦٧.

(٢) شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، قوبادی جەلی زادە، ل٣٩٢.

(٣) ڤان ئیرۆتیك ، قوبادی جەلی زادە، ل٨٣.

شاعیر لە دەقی (٢٠٣ بۆڵە تریێ) لە برگەی ( –١٧– ) دا نووسیوێتی :

**باران**

**چەقۆی خستە سەر ملی**

**بەفر**[(١)]

شاعیر لەڕێگەی هەستی بینینـەوە دوودیـاردە بـەراورد دەکـات، کـە هـەردووکیان لـەتێڕوانینی شـاعیرەوە هیچیان لـە ژێـر کۆنترۆڵی ئەنجامدەرانیدا نییە و بوونێکە بەسەریدا سەپێنراوە و ناتوانێت خۆی لێدەرباز بکات، بۆیە ئەگەر سـەرنج بدەینـە شـێوەی پێکهاتـەی کورتیلەشـیعرەکە دەبیـنین، شـێوەیەکی شـیعریی وێنـەیی شـێوەکاریانەی وەرگرتـووە بەشـێوەی نیشانەی کۆکردنەوە (+) یە. ئاشکرایە باران لەئاسمانەوە دەبارێت و بەفریش دەتاوێتەوە، بـەهۆی بینینـی ئـەم وێنـەوە پێدەچێت شاعیر لەڕێگەی سوود بینینی لەوێنەی ئەم دیاردە سروشتییەوە هەولێـدابێت، بـەهۆی هەسـتی بینینـەوە سـوود لەدیمەنی وێنەی ئەو دیاردەیە وەربگرێت، بۆئەوەی بەوێنەی دیاردەیـەکی مرۆڤـی بچوێنێت، کـە دیـاردەی کوشـتنە وئـەم وێنە بینراوە پیشان بدات، چۆن مرۆڤێك دەسـتی دەچێتە گیـانی مرۆڤێکـی تـر و دەیکوژێـت، بـەهۆی هێـزی حەسـوودیی وخۆپەرستی و شەڕانگێزییەکەیەوە دەیەوێت ژیان لەمرۆڤێکی تر بسێنێت، ئەمەش بەهۆی ئەو ئاماژەیەوە بەدەسـت دێـت، کەدەڵێت (چەقۆی خستە سەر ملی بەفر)، ڕەنگە شاعیر بەهۆی هەردوو حاڵەتەکـەوە بیـەوێت ئامـاژە بـەهێزی حەسـوودی وخودپەرستی مرۆڤ بکات.

**ز**

**شەقامی زانکۆ،**

**لە تاتە شۆر دەچێت** [(٢)]

لەم کورتیلەشیعرەدا شاعیر لەڕێگەی هەستی بینینەوە، بەهۆی چاوەوە کەوا شتەکان دەبینێت و وێنـەکانیان کۆدەکاتـەوە و دواتـر وێنەیـەکی شـیعرییان لـێ پێکدێنێت، بۆیـە هەوڵیـداوە بـەهۆی ئـەو هەسـتەوە بـاس لـە نـەمانی هەسـت و سـۆزی خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕانی زانکۆ دەکـات، کەچـۆن لەشـەقامی زانکـۆدا مرۆڤـەکان بـەلای یـەکتردا تێدەپـەڕن و هـیچ خولیایەکیان بۆیەکتر نییە، چونکە بڕوایان بەیەکترنەماوە و هیچ گیانی زیندوویەتییـەکی مرۆڤانـەیان تیـا بەرجەسـتە نییـە، بۆیە ئەوشەقامانەی بە تاتەشۆری مردووان چواندووە، کە لاشەی مرۆڤێکی لەسەر درێـژکراوە و بەجەسـتە مرۆڤـە و کەچـی هیچ هەستێکی مرۆڤانەی تیانەماوە، چونکە گیانی وەبەردا نەماوە، کەواتە ئەو تاکانەش هـەمان سـیفەت و خەسـڵەتی ئـەو مردووانەیان تیایە، کە بەجەستە هەن بەڵام بەگیان ئامادەبوونیان نییە، یاخود شاعیر مەبەسـتی ئەوەیـە مرۆڤـەکان نیمچـە ڕووتن و وەك بڵێی لەسەر تاتەشۆر داندرابن و بێ هەست بن.

---

(١) **باخچەکانی مەلەك تاووس** ، قوبادی جەلیزادە، ل٢٢٠.

(٢) **خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا**، قوبادی جەلی زادە، ١٧٣.

**کراس**

**هەورێکە تا تەنکتر بێ**

**مەزەدارترە**

**ئاسمانی[1]**

شیعریەتی وێنەی شیعری ئەم دەقە لەوەدایە، شاعیر بەوێنەیەکی هەستی بینراوەوە ئاماژە بەجوانی جەستەی ژن دەکات، لەمیانی هەستی بینینەوە دیارە ئەمەش بەهۆی چاوەوەیە، چونکە چاو لای شاعیرانی وێنەیی وەك ئامێرێك بەکاردەهێنرێت، بۆئەوەی جەستەی خۆشەویستانی پێ وێنەبکێشن و هەموو شتە جوانەکانی سروشت بەدەلالەتە وێنەییەکانییەوە وەردەگرن، وەك بەهایەکی گرانبەها لەناو یەك قاوغدا [2]، هەربۆیە بەهۆی پیشاندانی وێنەی جوانی هەورەوە وەك دیاردەیەکی سروشتی **کە** لەئاسمانی پاك و بێگەردا چەندە هەورەکەی پەرت و بڵاوتربێ جوانتر ئاسمانە شینەکەی دەبیندرێت، بەهۆی سوود وەرگرتنی لەم دیاردە سروشتیەوە، هەوڵیداوە کراس بەهەور بچوێنێت لە تەنکیدا، کەچەندە تەنك و ڕوون بێ باشترو جوانتر جەستەی ژنی تیا دەبیندرێت، کەواتە ئاسمانی لە بەرامبەر پیشاندانی سینگ ومەمکی ژندا بەکاربردووە، بۆ ئەوەی جوانییەکانی جەستەی ژن پیشانبدات، هەروەها بە هۆی بەکارهێنانی وشەی (مەزەدارترە)، شاعیر بەو جوانیە مەستە و دەرکەوتنی سینگ و مەمکی ژنەکە لە ژێر کراسە تەنکەکەوە بووەتە مەزەی مەیی جوانییەکەی کە ئاماژەیەکە بۆتام ولەزەت لێوەرگرتنی جەستەی ژن، کە بەرهەستی چەشتن کەوتووە ودەیەوێت وێنەیەکی هونەری درووستبکات وکاریگەرییەکەی لەسەر هەست وسۆزی پیاو پیشانبدات، بە هۆی هەستی بینینەوە.

**١٧- مرۆڤ بەهاوین خۆی ڕووت دەکاتەوە**

**دارستان**

**بە زستان ! [3]**

شاعیر لەم دەقەدا بەهۆی هەستی بینینەوە، کەبەدایکی هەستەکانی تر دادەنرێت، هەوڵیداوە وێنەیەکی هونەری درووستبکات، لەمیانی ئەوسەرنجەی کە بۆ وێنەی ڕووت بوونەوەی دارستانی داوە لە زستان، بۆیە ئەو وێنە هونەرییەی لە وێنەی دیاردەیەکی سروشتییەوە وەرگرتووەو کردویەتی بەبناغەیەك بۆگەڵاڵەکردنی بیرۆکە شیعرییەکەی، تاکو وێنەیەکی شیعری بە هەستێکی بینراوە بەرجەستەبکات . شیعرییەتبوونی ئەم دەقە لەوەدایە بەیەکێك لە بابەتە شیعرییەکانی ڕەوانبێژی کە دژیەکی ئەرێیە، شاعیر بەراوردی دوو دیمەنی بینراوی کردووە، بۆ دەرخستنی جوانییە جەستەییەکان، کە یەکێکیان مرۆڤە و بەهۆی هێزی گەرمی سروشتیەوە پەنا دەباتە بەر خۆ ڕووتکردنەوە و لەژێر ئیرادەی خۆی دا نییە و ئەوە دیاردەیەکی سروشتییە کە بەسەریدا دەچەسپێندرێ، بۆئەوەی ئەو کردارە ئەنجامبدات، هەروەها دارستانیش بە هۆی ئەوگۆڕانکارییە سروشتییەی، کەبوون بەسەریدادەسەپێنێت وبارودۆخێکە لە توانای خۆیدا نییە وبا و سەرما و سۆڵە، وەك دیاردەیەکی سروشتی ڕووتی دەکاتەوە، بەهۆی هەڵوەرینی گەڵاکانییەوە، کەوابوو لە باسکردنی هەردوو دیمەنەکەدا

---

(١) کۆ شیعری٢، دلشاد عەبدوڵلاّ، ل٣٣٣.

(٢) **البناء الفني** في شعرالغزل في العصر العباسي ، نجم مجيد علي ، رساله دكتورا ، كليه الاداب ، جامعه بغداد ، ١٩٩٦ ، ص١٧٩.

(٣) **دیوانی لەتیف هەڵمەت**، لەتیف هەڵمەت، ب٢، ل٢٤٠.

شاعیر دەیەوێت باس لەپیشاندانی جەستەی شتێکی گیانداری، وەك مرۆڤ و هەڵوەرینی گەڵای داروردەختەوە، بیانوویەك بۆخۆڕووتکردنەوەی مرۆڤ بێنێتەوە، بەمانایەکی دی لەڕێگەی(دارستان)ەوە، بەسروشتیکردنی دیاردەی خۆڕووتکردنەوە بەئاسایی دەزانێت .

**من وێنەکێشم و هونەری جل دروون نازانم**

**لەبەر ئەوە**

**هەرچەند وێنەت دەکێشم**

**بەڕووتی دەیکێشم...**(1)

شاعیر لەمیانی ئەم چەند وشەیەدا، وێنەیەکی هەستی بینراو باس دەکات، بۆئەوەی گوزارشت لەوکاتە بکات کە جوانیە جەستەییە هەست بزوێنەکەی خۆشەویستەکەی ئاماژە پێبکات، بەمەش شیعریەتبوونی دەقەکە کاریگەرو چالاکتر دەبێت لەسەر دەروونی وەرگردا، کەئایا دەبێت شێوە وجوانی ئەو جەستەیە چۆن بێت، کەناخی شاعیر هانبدات بەم گوزارشتە شیعرییەوە وێنای بکات . کەوابوو بە هۆی باسکردنی ئەو دوو دیمەنەوە کەیەکێکیان وێنەکێشان و تایبەتە بەهونەری شێوەکاری وئەوەی تریان هونەری جل دروونە، شیعرییەتبوونی هونەری دەقەکە بەهێزتر دەکەن، لەبەر ئەوەی هەردوو هونەرەکە وردەکارییەکی چوست و چالاکی پێویستە، چونکە هەردووکیان هونەرکاری تێدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام شاعیر ئاستی چالاکبوون و شارەزایی خۆی بەلای هونەری وێنەکێشانەکەوە یەکلایی کردۆتەوە، بۆئەوەی جوانی جەستە بەڕووتی پیشانی وەرگربدات، کەئەویش بەهەستی بینینەوە وێنەکە دەبینێت ولەزەت لەهونەرکارییە وێنەیەکەی وەردەگرێت، کە شاعیر بەوشە دایڕشتووە، کەچی هونەری جل دروون لەشی مرۆڤ دادەپۆشێت وجوانییەکانی دەشارێتەوە، کەوابوو دروستکردنی شیعریەتی ئەم وێنە شیعرییە بە هۆی هەستی بینینەوە، بۆئەو بیر وبۆچوونەی (سیمۆندن)دەگەڕێتەوە پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە لەپەیوەندی نێوان شیعر و وێنەدا گوتویەتی : (( وێنە شیعرێکی بێدەنگە و شیعریش وێنەیەکی قسەکەرە))(2) ، هەربۆیە شاعیریش هەوڵیداوە لەڕوانگەی کاریگەریی نێوان هەردوو هونەرەکەوە و چۆنیەتی پەیوەندیکردنیان بەیەکترییەوە وێنەیەکی هونەری بە وشە بکێشێت .

## ٢- وێنەی هەستی بیستن :

ئەم وێنانە دەگرێتە بەرهەستی بیستن (گوێ)دەکەوێت، کە بەهۆیەوە (( کارتێکردنێکی بەهێز لەدڵ و دەروونی مرۆڤدا بەرجەستە دەبێت، کە لەگوزارشتکردنی دەنگەکانەوە هاتۆتە کایەوە))(3)، جا ئەو دەنگانە هەرچۆنێك و شێوەیەك بن، گرنگ ئەوەیە شاعیر بەهۆی کاریگەرییەکەیەوە لەڕێگەی هەستی بیستنەوە کەدەبیسترێن، وێنەیەکی شیعرییان لێدروست دەکات .

---

(١) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت ، ب ٣، ل١٤٠.

(٢) الشعر والرسم، فرانكلين د. روجرز، ص ٤٦.

(٣) الصورة الفنية معيارا نقديا، دعبدالاله الصائغ، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد،١٩٨٧،ص٤٠٩.

**شەڕاب**

**ترێ وتی:**

**تاڵی وسووریم،**

**لە داخی تەنگ و تاریکیی**

**گۆزەیە !** [١]

قوبادی جەلیزادە لەدەقی (شەڕاب) دا ، بەزمانی ترێوە گوزارشت لەوێنەیەکی هەستی بیستراوە دەکات، بۆئەوەی باس لە دەردومەینەتی وناخۆشییەکانی ژیان بکات، بەهۆی چۆنیەتی بەرزکردنەوەونزمکردنەوەی شێوازی دەربڕینی دەنگەکەوە، تاکوکاریگەرییەکەی لەسەر دڵ ودەروون پیشانبدات [٢]، واتە شیعرییەتبوونی دەقەکە لەوەدایە، کە ترێ نادوێت، بەلاّم شاعیرلادانێکی واتایی پێکردووە، بۆئەوەی سیفەتێکی مرۆڤی پێ ببەخشێت ، کە ئەویش قسەکردنە وبەر گوێشی دەکەوێت، چونکە (( گرنگترین شت لەوێنەی بیستراودا چۆنیەتی درووستبوونی شێوازی زەنگی وشەکانە، لەسەر ناخی گوێ یاخود گوێی هەستدا ))[٣]، کەوا بوو لەڕێگەی دروستکردنی ئەم وێنەیەوە دەیەوێت ئازارەکانی خۆی بەبەر گوێی خوێنەردا بچرپێنێ و ژیانی بەو گۆزەیە چواندووە لەتەنگ و تاریکیدا ، کەچەندین ئازار و سەختی بۆ مرۆڤ پێیە.

**پشکوتن**

**هەنگ**

**نوکتەیەکی بۆ خونچە**

**گێڕایەوە!** [٤]

شاعیر لەڕێگەی هەستی بیستنەوە ویستویەتی وێنەیەکی هونەری دروستبکات، (( بەهۆی ئەو جیاوازییەی کەوا لەنێوان دەنگە جیاکانی جیهاندا هەیە، لەسەر ئاستی بەرزی ونزمی وژێداری ولەرینەوە وکپی و....هتد ))[٥]، هەروەها چۆنیەتی شێوەی پێکهێنانی وێنەکەی بۆئەو کارە هونەرییەی دەگەڕێتەوە، کە شاعیر لەزمانی هەنگەوە نوکتەیەك بۆخونچە دەگێڕێتەوەو سیفەتی قسەکردنی مرۆڤی پێداوە ولادانێکی واتایی لە ڕووی زمانییەوە پێ کردووە و بەکەسایەتی کردووە، بۆئەوەی ئاماژە بەو چرکە ساتە بکات، کەچەندە خۆش و پڕ لەکەیف و شادی و بەختەوەرییە، هەڵبەتە شێوازی گێڕانەوەی دەنگەکەش جیاوازی تێدایە، بەهۆی ئەو حاڵەتەی کە دەنگەکەی لێوە دەردەچێت، هەربۆیە شاعیر هەوڵیداوە بۆدرووستکردنی وێنەکەی سوود لە وێنەی ڕاستەقینەی مرۆڤ وەربگرێت، کاتێك نوکتەیەك بۆ بەرامبەرەکەی دەگێڕێتەوە، جیاکارییەك لەدەربڕینی شێوازی دەنگەکەی درووستدەبێت، بەهۆی ئەو هەڵچوونە دەروونییەی کە لە ناخیدا دێتەکایەوە، بۆئەوەی ئەو حاڵەتە بهێنێتە کایەوە پێویستی بە بارودۆخێکی گونجاو هەیە تاکو بتوانێت نوکتەکە بگێڕێتەوە، هەروەها

---

(١) ڤان ئیرۆتیك، قوبادی جەلی زادە، ل٥٦.

(٢) في النقد الحديث، د. نصرت عبدالرحمن، ص ٦٧ .

(٣) الصورة السمعية في الشعر العربي قبل الاسلام – دراسة، د.صاحب خليل ابراهيم، من منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق ص ٤ ، انترنیت www.awu-.dom.org .

(٤) ڤان ئیرۆتیك، قوبادی جەلی زادە، ل٢٦.

(٥) في النقد الحديث، د. نصرت عبدالرحمن، ص٦٧ .

لەم دەقەدا کە( هەنگ) بەمرۆڤ چوێندراوە، بەهۆی ئاماژەی وشەی (نوکتە) کەیە، کە بۆ(خونچە) ی دەگێڕێتـەوە و ئـەویش بەمرۆڤکراوە وهەمان سیفەتی پێدراوە، بۆئەوەی کە گوێ لەنوکتەکـە دەگرێـت وەك مـرۆڤ لـەزەتی لێوەرگرێت ولەحاڵـەتی ئامادەباشی دابێت، بۆ پێشوازی کردنی لەوهەنگەی کە ڕوو لەباخچـە دەکـات و ئـەویش بەوپـەڕی شـەوق و زەوقـەوە بـۆی دەپشـکوێ لەخۆشـی بەیەکگەیشـتنی لەگـەڵ هەنگەکـەدا، حالـەتێکی سـیفەتی مرۆڤـی بۆدروسـتدەبێت ولـە بەختەوەریـدا نوکتەیەك دەگێڕێتەوە، باسکردنی ئەو دیمەنە شیعرییە شیعرییەتێکی بەهێز بەدەقەکە دەدات .

**شاعیر لە بڕگەی ( – ١٧٦– ) دا دەڵێت:**

**درەخت –**

**تەنیا لەگەڵ میلۆدی* – با – دا ،**

**سەما دەکات .(١)**

شاعیر وێنەیەکی شیعری بەهۆی هەستی بیستنەوە دروستکردووە، بەهۆی ئەوەی بیستنی یەکێکە لەو دەروازانـەی کـە لـە پێشوازی وەرگرتنی دیاردەکان وهەست پێکردنیـان دایـە، پێیانـەوە کاریگـەر دەبێـت و وێنـەکانیان وەردەگرێـت وڕۆڵێکـی چالاکی هەیە، لەوەرگرتنی شێوەکانی هونەر وەك موزیك و شیعر لە بەدەستهێنانی پلەی جوانکاریەکەیدا پشت دەبەسـتێت بەودەنگەی، کەوا کاریگەرییەکی خێرا و بەهێزی هەیە لەسەر ئەومرۆڤانەی کە دەنگەکە دەبیستن و بە وردی گوێ لـە ترپـە و چرپە و هاوار و ناڵەکان دەگرن(٢)، هەر بۆیە هەستدەکەین ئەم خاسـیەتە هونەرییـە لـەم دەقـەدا ئامـادەگی هەیـە، بـەو هۆکـارەی کـەوا شـاعیر تیایـدا باسـی سـەماکردنی درەخـت دەکـات، بـەهۆی میلـۆدی بـاوە، واتـە بـەهۆی تێکـەڵکردنی دیاردەیەکی سروشتییەوە لەگەڵ هونەری موزیکدا دیمـەنێکی سـەرنج ڕاکێش پیشـانی خوێنـەر دەدات، بـەهۆی بەیەکـەوە گرێدانی ئەو دوو دیمەنـەوە، کـەمرۆڤ چـۆن لـەکاتی بیسـتنی میلۆدییـەکانی موزیکدا، دڵ و دەروونـی دەکەوێتـە ئەوپـەڕی کامەرانی و شـادییەوە، بـەهۆی کاریگـەری هێـزی موزیکـەوە، ئـاواش درەخـت بـە هـۆی کاریگـەری هێـزی سروشـتی بـاوە دەکەوێتە سەما و هەموو لق و پۆپەکانی لەبەر تینی بایەکەوە ئەمسەر و ئەوسەر دەکەن .

**ستیانێك بەتەنافەوە**

**قەسیدەکانی مەمك**

**بۆ با دەخوێنێتەوە.(٣)**

وێنەی شیعریی ئەم دەقە لەوەدایە، کەشاعیر بەهۆی هەستی بیستنەوە دەیەوێت باس لەپەیامێکی گوتـاری ئـەدەبیی دەق بکـات، کـەژن سەرچـاوەی داڕشـتنییەتی، بۆیـە بـەهۆی سـتیانێك بەتەنافـەوە سـیفەتی مرۆڤـی پێـداوە، تـاکو بـاس لەجوانییەکانی مەمکی ژن بکات وخوێندنەوەی قەسیدەکان دیارە پێویسـتی بەناوەنـدێك یـاخود کـەناڵێك هەیـە، بۆئـەوەی شەپۆلی دەنگەکە بگەیەنێتـە گـوێی خوێنـەر(وەرگـر)، کـە لەڕێگـەی ئـەو(( پلەبەرزونزمـەی دەنگـەوە درووسـتدەبێت، کـە

---

(١) باخچەکانی مەلەك تاووس، قوبادی جەلیزادە، ل٢٧٤.

*میلۆدی:melody:خۆش دەنگ، ئاوازی، فەرهەنگی مەورید، د. محمد عمر،ل٣٤٥.

(٢) التصویر البیانی فی شعر المتنبی، الدکتور الوصیف هلال الوصیف ابراهیم، استاذ البلاغة والنقد بکلیة اللغة العربیة، جامعة الازهر، ط١، مکتبة الوهبة، القاهرة، ٢٠٠٦، ص ٣٠٨ .

(٣) خۆرلەناو پەرداخێکی شکاودا، قوبادی جەلیزادە ، ل٢٧١.

لەژێیەکانی دەنگدا دەردەچن و بەرە و ئاراستەجیاوازەکان دەڕۆن و بڵاودەبنەوەو جۆرە ڕیتم و ئاوازێکی تایبـەتی تێدایـە، کـە لـەجیاوازی چـۆنیەتی دەرچـوونی دەنگـی وشـەکانەوە پەیـدا دەبێـت، بـەهۆی ئەوشـەپۆلانەی کەبـە کەناڵەکـە یـاخود ناوەندەکەدا بلاّو دەبنەوە))[1]، کەوا بوو شـیعریەتی ئـەم دەقـە لەچـۆنیەتی جـۆرو شـێوە و شـێوازی وێنـە هونەرییەکـەوە دروست بووە کە بەر ئەو هەستە کەوتووە.

**- ٥ -**

**خۆشەویستی ، دڕندەترین مرۆڤ**

**دەکا**

**بە پەپوولە!**

**((ئەمە قسەی دڵۆپێك شەونمە))[2]**

ئەوخاسیەتە هونەرییەی کـە لـەم دەقـەدا ئامـادەگی هەیـەو شـیعرییەتێکی وێنـەیی پێـداوە، بـۆ ئەوبنەمایـە دەگەڕێتـەوە کەتیایدا ئەو وێنەیە بەرهەستی بیستن کەوتووەو شـاعیر لەسـەر زمـانی دڵۆپێـك شـەونمەوە، کـە گیـانی نییـەو سـیفەتێکی مرۆڤی پێداوە، کە ئەویش ( قسـەکردنە) ولادانێکـی واتـایی لـەڕووی زمانیـەوە پێکـردووە، بۆئـەوەی باسـی خۆشەویسـتی بکات، کە چ کاریگەرییەکی بەتینی هەیە لەسەرمرۆڤدا، کـە چـۆن سـیفەتی مـرۆڤ دەگۆڕێـت لـە دڕنـدەترین کەسـایەتییەوە دەیکاتە بەبەزەیترین مرۆڤ، بۆ ئەوەی خۆشی بۆدەوروبەرەکەی دابین بکات . واتە بونیاتی پێکهاتەی ئـەم کورتیلـە شـیعرە داخراوەو یەك بیرۆکەی شیعری لەخۆ گرتووە، کەبابـەتی خۆشەویسـتیە و هـەروەها شـیعرەکە شـێوەی شـیعرێکی وێنـەیی وەرگرتووە .

**خوێندنەوە**

**مەلێك کتێبی دەشتێکی بەرینم**

**بۆ دەخوێنێتەوە**

**دەنگی لە پووشکە باریکترە.[3]**

شیعرییەتی ئەم دەقـە لـەوە دایـە کەشـاعیر وێنـەی هەسـتی بیسـتنی دروسـتکردووە، بـەهۆی (مـەل) ەوە، کەباڵندەیەکـە وسیفەتی بەمرۆڤکردنی داوەتیٚ، کەئەویش ( قسە کردنە )، شاعیر بەمەل چوێندراوە لـەدەربڕینی بیروڕاکـان بەشـێوەیەکی ئـازادو سەربەسـتانە، کـە پەیامـە ئەدەبییەکـەی لـە ڕێگـەی کتێبـە شـیعرەکەیەوە دەگەیـەنێت وپێیوایـە دەبێـت ئاسـۆی بیرکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانی زێدە فراوان بیٚ، بـۆ ئـەوەی وشـەی نـوێی بـەگوێی خوێنـەردا بـزرینگێنیٚ، بـەڵام دەنگـی شاعیری بـە پووشـکەیەکی باریـك دانـاوە، کـە ناتوانێـت بەتـەواوی وشـەکانی خـۆی تیابخوێنێتـەوە، ڕەنگـە بـۆ ئەوفەزایـە داخراوە بگەڕێتەوە، کەوا شاعیر ژیانی تیا بەسەر دەبات و تەنانەت هەنـدێك لەمافەکانیشـی زەوت کـراوە و بۆیـە ناتوانێـت

(١) في النقد الحديث، د. نصرت عبدالرحمن، ص٦٧.

(٢) شەهیدبە تەنیا پیاسەدەکات، قوبادی جەلیزادە ،ل٣٥٦.

(٣) گۆمی پوونگ، دلشاد عەبدوڵڵا، ل١٢٧.

بەتەواوی ڕۆڵی شاعیریەتی وئەرکە ئەدەبییەکەشی بگەیەنێت، بەهۆی ئەو سانسۆرانەی کەوا بەسەریەوە سەپێنراون و ئازادییەکانی لیٚ زەوتکراون .

**٢- لەگەڵ بەردێکدا**

**جووت بووم**

**دەڵیٚ: سکم پڕە**

**دەترسم شیعرێکی کلاسیکی ببیٚ...!** [١]

شاعیر بەهۆی لادانی واتاییەوە، سیفەتی بەمرۆڤکردنی بەبەردێکی بیٚ گیان بەخشیوە، کە بەشێوەیەکی هونەری شیعرییەتی وێنەی هەستی بیستنمان پیٚ دەڵێت و بەزمانی بەردێکەوە ئاماژە بەقورس و گرانی شیعری کلاسیکی دەکات، کەهەموو کەسێك لێی تێناگات و ناتوانێت خۆی لەقەرەی بدات، بۆیە جۆری ئەو شیعرەی بەبەردێکی ڕەق چواندووە لەگرانی و سەختیدا، ڕەنگە شاعیر بیەوێت سەرنجمان بۆ ئاسانی و ڕەوانی شیعری نویٚ ڕابکێشێت، کە چەندین شێوە و شێوازی هونەریی لە خۆگرتووە.

**بە پەپوولە بڵێن: بۆلای کیٚ دیٚ**

**ئیتر لێرە گوڵ ناڕویٚ...**

**ئیتر لێرە – با – لەگەڵ باڵندە نادویٚ.** [٢]

ئەم دەقە هونەرییبوونەکەی بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە شاعیر وێنەیەکی شیعریی بە پێی هەستی بیستن بەرجەستەکردووەو داوا لەخەڵك دەکات، کە قسە لەگەڵ پەپوولە بکەن و پێی بڵێن: ئیتر خۆشی لەم مەملەکەتەدا نەماوە و وەرزی هاتنی پەپوولە کەبەهارە کۆتایی پێهاتووە، لەبەر ئەوەی چیتر نە گوڵ دەڕویٚ لەوناوچەیەدا، کە ڕەمزی جوانی و ژیانە، نە(با) ش لەگەڵ باڵندە دەدویٚ .

**دابەشکردن**

**خەمی خۆمم**

**دابەشکرد لە دارستانێك**

**دارەکان گریان و گوتیان:**

**ئەم ڕەشەبایە لەکوێوە هات !** [٣]

شاعیر بەهۆی هەستی بیستنەوە لەڕێگەی گریانی دارەوە، کە لادانێکی زمانیی پێکردووە لە واتادا و سیفەتی قسەکردنی مرۆڤی پێداوە، بۆئەوەی ئاماژە بەو حاڵەتە دژوارە بکات، کە ژیانی تیا بەسەردەبات چەند ژیانێکی نالەبار وناخۆشە، هەروەها دیارە دابەشکردن بۆ شتی خۆشییە، بەڵام شاعیر لەم دەقەدا بە پێچەوانەوە باسی دابەشکردنی چرکەخۆشەکانی ژیانی ناکات : چونکە لەژیاندا لێی بێبەشە، بۆیە پەنادەباتە بەر دابەشکردنی خەمە سەختەکانی ژیانی، بەهۆی

---

(١) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب٢، ل٥٩٧.

(٢) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب٣، ل٣٩٠.

(٣) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت،ب٢، ل٥٨٤.

کاریگەرییە دژوارەکانیشەوە، دارە بێ گیانەکان هاتنە زمان و گوتیان: ( ئەم ڕەشەبایە لەکوێوە هات)، ئاشکراشە ڕەشەبا ڕەمزی تەفروتوناکردنی دیاردە سروشتییەکانی ژیانە، بۆیە شاعیر خەمی خۆی بەو ڕەشەبایە چواندووە، دەیەوێت ئاماژە بە دژواری و سەختیی خەمەکانی بکات .

## ٣- وێنەی هەستی بۆنکردن :

ئەم وێنانە دەگرێتەوە کەبەرهەستی بۆنکردن دەکەون، لەڕێگەی ئەو شتانەی کەبەلووت بۆندەکرێن، وەك : بۆن وبەرامەکانی (( میوەو عەترو گوڵ ومیسك وگاز وجەستەی سووتاو وداغکراوو...هتد))[1]، کە شاعیر هەستێکی دیاریکراوی بەرامبەر بەو شتانەوە هەیە و لەمیانی ئەم هەستەیەوە وێنەیان دەگرێت ودوای ئەوەی کار لە هەستی دەکات بەهۆی کاریگەرییەکەیەوە وێنەیەکی شیعریان لێ پێك دێنێت.

**بۆن**

**ئای بۆنی تەرمێك دێ**

**دەترسم**

**نیشتمانەکەم بێ**

**لە بارووتی وتاری سیاسیەکاندا**

**سووتابێ...!** [2]

ئەم دەقە بەهۆی هەستی بۆنکردنەوە باس لەبارودۆخی نیشتمان دەکات، کە بەتەرمێك چوێندراوەو کەڵکی هیچی نەماوە، ئەمەش لەو تێڕوانین وبۆچوونەوە دێت، کە شاعیر ڕەنگە پێیوابێت بە هۆی سەرکردە سیاسییەکانەوە ئەوکارە ڕوویدابێت، هەربۆیە هەوڵیداوە وێنەیەکی هونەری شیعریی پێکبێنێت، بەو ئاماژەیەی وێنەی شێوێنراوی نیشتمان پیشاندەدات، کە لە بارووتی وتاری سیاسییەکانەوە دروستکراوەو بەو هۆیەوە ئاگریان لێدەبارێت وکاریگەرییەکەی بڕیاری شەڕی بە دواوەیە ولەئەنجامدا، کاولکارییەکی مرۆڤایەتی بەرپادەبێت وسەرتاپای نیشتمان دەگرێتەوەو لەتەرمێك دەچێت.

**پەروانە**

**شۆڕشگێڕێکی سووتاوە**

**بە کڵپەی شۆڕش** [3]

شاعیر لەڕێگەی بەراوردکردنی دیمەنی دوو وێنەوە، وێنەیەکی هونەری شیعریی پێکهێناوە، کە بەرهەستی بۆنکردن کەوتووە ولە یەکێکیاندا وێنەی دیمەنی پەروانەیە، کە چۆن بەدەوری شەمدا دەسوڕێتەوەو باڵەکانی دەسووتێت وبۆنێکی سووتاوی بۆنداری لێدێت، کە بەهۆی هەستی بۆنکردنەوەیەو بەرلووت کەوتووە، لەوەی دووەمیاندا وێنەی سووتاوی

---

(١) في النقد الحديث ، د. نصرت عبدالرحمن، ص ٦٧.

(٢) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب٢، ل٦٤٨.

(٣) کۆ شیعری٢، دلشاد عەبدوڵڵا، ل٣٢٤.

مرۆڤێکی شۆڕشگێڕە، بەهۆی خۆشەویستییەکەی بۆشۆڕشەوە بەرەو کڵپەی بڵێسەکەی دەچێت، لە ئەنجامدا پێی دەسووتێت وبۆنێکی سووتاوی کاریگەردروستدەبێت .

**-١٤-**

**بۆ کرووز دی.**

**خۆر بەم بەری بەیانە،**

**پەرچەمی شەو دەسوتێنێت**[١]

شاعیر لەم دەقەدا بەهۆی هەستی بۆنکردنەوە، ویستویەتی وێنەیەکی تازەی هونەریی پێکهێنێت . هەڵبەتە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هونەرمەندی داهێنەر ئەومرۆڤەیە پشت بەدرکاندنی هەستەکانی دەبەستێت، بۆدروستکردنی وێنەیەکی نوێ، کە تیایدا کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر خوێنەر ( وەرگر ) بەجێدەهێڵت، بەهۆی وێنەکەیەوەهەستی پێدەکات ولەگەڵ کارەکەیدا دەڕوات وچێژێکی هونەری و ویژدانی لێوەردەگرێت [٢]، بۆیە شاعیر هەوڵیداوە بەهۆی سوودبینینی لەوێنەی دیمەنی دیاردە سروشتیەکانەوە، وێنەیەکی هونەری پێکبێنێت وهونەرکاریی لە چۆنیەتی شێوازی پێکهێنانی وێنە شیعرییەکەیدا بکات . هەروەك دەبینین چۆن لەمیانی دەرکەوتنی تیشکەکانی خۆرەوەبەم بەری بەیانە، پەرچەمی شەو دەسووتێت و بۆنی سووتانی لێدێت . هەروەها خواستنی شیعری ئەنجامداوە لە لێخواستراو کە ( مرۆڤ )ە، بۆ بۆخواستراو( شەو) و سیفەتی بەکەسییەتی کردنی پێداوە.

## ٤ – وێنەی هەستی بەرکەوتن :

ئەم وێنانەی دروستدەبن لە ئەنجامی هەستنی بەرکەوتنەوەیە، جا بە هۆی دەستلێدان یاخود هەر ئەندامێکی لاشەی مرۆڤەوە بێت، گرنگ ئەوەیە شتە بەرجەستەکان لەڕێگەی سیفەتەکانی (( لووسی وزبری وخاوی وگرژی ونەرمی و ڕەقییەوەبن))[٣]، کە بەرئەم هەستە دەکەون وکاریگەرییان لەسەرتاکدا هەیە . دیارە لەم ڕوانگەیەوە شاعیریش وەك تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە هەمان هەست و سۆزی هەیە، بۆیە ئەویش لە ئەنجامدانی ڕووداني هەمان بارودۆخدا، هەستێکی بەهێزی لا پەیدا دەبێت و بەو هۆیەوە وێنەیەکی شیعریی دروستدەکات.

**ترازان**

**شەوان لەسەر سینگی ژنەکانمان ،**

**بە هەموو شۆخ و شەنگەکانی دونیا دەگەین**

**تەنیا**[٤]

(١) باخچەکانی مەلەك تاووس، قوبادی جەلیزادە، ل٢٦١.

(٢) التصوير البياني في شعر المتنبي، الدكتور الوصيف هلال الوصيف ابراهيم، ص ٣١١ .

(٣) في النقد الحديث، د. نصرت عبدالرحمن، ص ٦٧.

(٤) شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، قوبادی جەلیزادە ، ل٣٧٩.

شاعیر ئەم کورتیلە شیعرەی بەهۆی وێنەی هەستی بەرکەوتنەوە دروستکردووە، کە تیایدا باس لەبەر یەککەوتنێکی جەستەیی دەکات بە جێناوی لکاوی (مان)، کە ئاماژەیە بۆ (ئێمە) ی جێناوی سەربەخۆ، بۆکەسی یەکەمی کۆ، واتە هەموومان شەوان جەستەکانمان بەرجەستەکانی یەکتر دەکەوێت ولەسەر سینگی ژنەکانمان هەموو لەزەتەکانی جەستەیی بەدەست دێنین، هەروەها شاعیر مەبەستی ئەوەیە بەخەیاڵی جوانان بە ژنەکەی خۆی دەگات .

**وروژان**

**بەفر**

**تامەمکی چیایەك**

**ئیسارەی نەکات،**

**نابارێ ! (١)**

شاعیر بەهۆی هەستی بەرکەوتنەوە، وێنەیەکی شیعری پێکهێناوە، چونکە (( بەرکەوتن یەکێکە لەوپەنجەرانەی کە لێیەوە مرۆڤ هەست بە شتەکان و وەسفکردن و وێنەگرتنیان دەکات، هەربۆیە هونەرمەندی داهێنەریش دەتوانێت سوود لەم هەستە وەربگرێت، بۆ ئەوەی وێنەیەکی بەرکەوتوو درووستبکات))(٢)، دیارە شاعیریش لەم وێنە شیعرییەدا ئاماژە بە وروژاندنی پیاو دەکات، کە تا مەمکی ئافرەتێك ئیسارەی نەکات، ئارەزووی بەلایدا ناچێت، ئەمەش بەهۆی دەستلێدانەوە دەبێت، کەیەکێکە لەو ئەندامانەی ئارەزووی پیاو دەوروژێنێت، بۆیە پێموایە شیعرییەتی ئەم وێنەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کەبەرجەستەکردنی دیمەنەکانی سروشتە بە (زمانی جەستە) و هەروا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەنگە ئاماژە بەوە بکات، کە تا کرداریی وروژاندن لەلایەن (مێ) یەوە نەکرێ (نێر) لە خۆیەوە دەست بۆ جەستەی نابات، جگە لەمەش پێدەچێت مۆرکێکی سێکسکردنی بەسێکسی سروشت دابێت .

**مەمك،**

**کۆترێکی دەنوو جەرگییە**

**تەنیا((دان)) ی**

**گوڵەگەنمی پەنجە دەخوات. (٣)**

شیعرییەتبوونی ئەم دەقە بەهۆی وێنەیەکی هەستی بەرکەوتنەوەیە، کەشاعیر بەهۆی دروستکردنی ئەم وێنە شیعرییەوە، ئاماژە بەجوانی وکاریگەریی مەمك لەسەر وروژاندنی هەست وسۆزی مرۆڤ دەکات، بۆیە سەرگۆی مەمکی بە دەنووکی کۆتر چواندووە لەجوانیدا، کە لەڕێگەی ((چۆنیەتی هێزی توندی بەریەك کەوتنەوە))(٤) بەرجەستە دەبێت، بەهۆی دەست لێدانی پیاوەوە، جگە لەمەش سوودی لە دیتنی وێنەی ڕەنگی دەنووکی کۆتر بینیووە، کە ڕەنگی جەرگییە و ڕەنگە مەبەستی لەبەکارهێنانی ئەم ڕەنگە بۆ ئەوە بێت، کە وەك هێمایەکی وروژێنەری سێکسی و ئارەزووبزوێن بەکاربهێنێت،

---

(١) ڤان ئیرۆتیك، قوبادی جەلی زادە، ل١٠٩.

(٢) التصوير البياني في شعر المتنبي، الدكتور الوصيف هلال الوصيف ابراهيم، ص ٣١٧ .

(٣) خۆرلەناو پەرداخێکی شکاودا، قوبادی جەلی زادە ، ل٢٨٦.

(٤) في النقد الحديث، د. نصرت عبدالحمن، ص٦٧.

هەر بۆیە پێیوایە سەرگۆی مەمكەكە وەك دەنووكی ئەم كۆترەو تەنیا یەك جۆرە دان دەخوات، كە ئەویش سەرچاوەكەی گوڵەگەنمی سەری پەنجەی پیاوە .

**من شەنگە بییەكی لك شۆرم،**

**دەستم لەناو ڕووباری مەمكدایە**

**هەمیشە.** (1)

ئەوەی جێگەی سەرنجە كە(قوباد) ی شاعیر لەبەشێكی زۆری شیعرەكانیدا هەوڵیداوە سوود لەدیاردە سروشتییەكانی سروشت ببینێت، بۆئەوەی وێنەی شیعریان لێدروست بكات، هەربۆیەش لەم دەقەدا هەست دەكەین شاعیر خۆی بە شەنگەبییەكی لك شۆڕچواندووە، كەبەهۆی هەستی بەركەوتنەوە دەستەكانی لەناو ڕووباری مەمكی خۆشەویستەكەیدایە، شیعریەتبوونەكەی بۆئەوە دەگەڕێتەوە، كە كاتەكەشی دیاری كردووە بەپێی ئاماژەی وشەی (هەمیشە)، بۆ ئەوەی زیاتر كار لەهەست وسۆزی خوێنەر بكات، تاكو زیاتربەدوای دۆزینەوەی سەرچاوەی خۆشەویستەكەی شاعیردا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە، كە ئەویش ڕووبارە و ئاوی تیایە و سەرچاوەی ژیانە و داریش پێویستی بە ئاو هەیە، بۆ ئەوەی درێژە بە ژیان بدات، لەبەر ئەوەیە ئاوی بە شیر داناوە و ئاشكراشە مەمك شیری تیایە، كە بە سەرچاوەی ژیانی خۆی و تاكەكانی نێو كۆمەڵگەی دەزانێت.

**لێو:**

**لێو كوانووی شووشەیە**

**ماچ و خۆڵەمێشی لێ هەڵدەقوولێ.** (2)

شاعیر وەسفی جوانی وێنەی لێو دەكات ، بەهۆی هەستی بەركەوتنەوە، وێنەیەكی شیعریی پێكهێناوە وبەراوردێك دەكات و پێیوایە لەهەندێك حاڵەتدا لێو ماچی لێدەبارێ بەتایبەتیش ئەگەر لێوێك عاشقی لێوی تر بێت، كە لەكاتی سۆزداری و خۆشەویستیدا بۆلایەنی شادی بەكاریدەهێنێت و دەبێتە سەرچاوەیەكی خۆشی بەخش و ئارام بەخش بۆمرۆڤ، بەڵام لە كاتێكی تردا بەهۆی هەمان لێوەوە دەتوانیت حاڵەتێكی تر بهێنیتە كایەوە، كەخۆڵەمێش ( ڕەمزی سووتان و ناخۆشییە)، كەبەسەر مرۆڤدا دێت ولایەنە ناخۆش و ئازار بەخشەكەی ژیانی پیشان دەدات، هەروەها بونیاتی پێكهاتەی ئەم كورتیلە شیعرە خاوەن بونیاتێكی پێناسە ئامێزە، كە بە چەند وشەیەك پێناسەی لێوی پێكردووە.

---

(1) باخچەكانی مەلەك تاووس، قوبادی جەلیزادە، ل٢٢٩.

(2) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب١، ل١٠٤٠.

## ٥- وێنەی هەستی چەشتن :

شیعریەتبوونی ئەم وێنانە لەوەدایە کەوا بەرهەستی چەشتن دەکەوێت و لەسەر بنەمای چێژ وەرگرتن و تامکردنی شتەکان بونیات دەنرێت، وەك (شیرینی و تاڵی و سوێری و ترشی و تێکەڵکردنی تامەکانی ترو...هتد) (١)، بۆیە شاعیریش بەهۆی هەستکردنی بەشتەکانەوە هەوڵدەدات وێنەیەکی هونەرییان لیٚ پێك بێنێت.

**مەمك نەبوایە**

**دەمیش نەدەبوو! (٢)**

شاعیر بەهۆی وێنەی هەستی چەشتنەوە، ئاماژە بە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نێوان دوو ئەندامی مرۆڤ دەکات، کە مەمك ودەمە، پێیوایە بەهۆی ئەوەی هەردووکیان تامولەزەت لەیەکترییەوە وەردەگرن، بۆیە ئەو پەیوەندییە دروستبووە، چونکە تامکردنی شتەکان کاریگەریی بەجێدەهێڵێت، بەهۆی چێژ وەرگرتنەوە هەستی پێدەکرێت و شاعیریش لە کارە هونەرییەکەدا لەڕێگەی هەستکردنی بەو حاڵەتەوە وێنەیەکی هونەری پێکدەهێنێت (٣)، ڕەنگە هەر بە هۆی گرنگی ئەوخاسیەتە هونەرییەوە بێت، کە شاعیر پێیوایە بوونی دەمی پیاو بەبوونی مەمکی ژنەوە بەستراوەتەوە و بەنەبوونی یەکێکیانەوە ئەوەی تریش ئامادەبوونی نەدەبوو، چونکە تام وچێژ لە لەزەتکردنی یەکترییەوە وەردەگرن، کە بە هۆی تێکەڵبوونیان بەیەکترییەوە جۆرەتامێکی تایبەتی بەرجەستەدەبێت .

**مژین**

**- با- بۆیە،**

**قژ هەڵدەداتەوە،**

**تا نەرمەی گویٚ**

**بمژێت ! (٤)**

شاعیر لەم دەقەدا ئاماژە بە کرداری مژین دەکات، ئەویش بەهۆی سیفەتێکی مرۆڤەوەیە، کە بە بای بەخشیوە و لادانی واتایی تێدا ئەنجامداوە، بای بە مرۆڤ چواندووە، پێیوایە کە هەندێك پیاو هەنە لەکاتی ئەنجامدانی کرداری سێکسکردندا قژی ژنەکەی هەڵدەداتەوە، بۆئەوەی نەرمەی گوێی بمژێت وئارەزووەکانی خۆی دابمرکێنێتەوە و هی ئەویش بوروژێنێت ، چونکە لەزەتی لەتامی مژینەکە وەرگرتووە، بەهۆی ئەوەی (( تامکردنی شتەتامکراوەکان جیاوازی تێدایە ))(٥)، کەواتە لەمیانی هەستکردنی بەو دیاردەوە هەوڵیداوە سوود لە وێنەی دیمەنی سروشتی وەربگرێت وبیەوێت وێنەیەکی شیعریی هونەری بەهۆی هەستی چەشتنەوە پێکبێنێت .

---

(١) في النقدالحديث، د. نصرت عبدالرحمن، ص ٦٧.

(٢) خۆرلەناو پەرداخێکی شکاودا، قوبادی جەلی زادە، ل٢٥٢.

(٣) التصوير البياني في الشعر المتنبي، الدكتور الوصيف هلال الوصيف ابراهيم، ص ٣١٤.

(٤) ڤان ئیرۆتیك، قوبادی جەلی زادە، ل١٠٨.

(٥) التصوير البياني في شعر المتنبي، الدكتور الوصيف هلال الوصيف ابراهيم، ص٣١٤.

**تام**

**سڵاو لە ژنێك**

**حیکمەتی هەنجیر**

**خڕ دەکاتەوە لەبن پێستیدا**(١)

دروستبوونی وێنەی شیعری هونەری لەم دەقەدا بەهۆی هەستی چەشتنەوەیە، کە شاعیر ئاماژە بە چێژ وەرگرتنی جەستەی ژن دەکات، لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەی (هەنجیر)ەوە، کە ڕووەکێکە تامێکی بەلەزەتی هەیە لەکاتی پێگەیشتنی بەتەواویدا، بۆیە بەراوردێکی دروست کردووە، لەنێوان وشەکانی هەنجیر و مەمکدا، کە لەسیفەتی خڕی و توندی و لەزەت لێوەرگرتن دا بەیەکدەچن ، هەر لەبەر ئەو هۆیەوە هەوڵیداوە وێنەیەکی شیعریی هونەریی دروست بکات .

**٣- ئەوە دەستە یا ڕووباری هەنگوینە**

**ئەوە پرچە**

**یا زێ ی پەلکەزێڕینە...؟** (٢)

شیعرییەت بوونی ئەم دەقە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرهەستی چەشتن کەوتووە، بەپێی ئاماژەی بەکارهێنانی (ڕووباری هەنگوین)، کە هەنگوین تامێکی شیرینی هەیە ومرۆڤ لەکاتی خواردنی دا لەزەتێکی تایبەتی لێوەردەگرێت، چونکە بەهۆی چەشتنیەوە دەزانێت کاریگەرییەکەی چییە وچۆنە، هەروەها شاعیر وێنەیەکی هونەری بۆ دەست پێکهێناوە، بۆ ئەوەی لەدەستە ئاساییەکانی تری مرۆڤی جیابکاتەوە وبە ڕووباری هەنگوینی داناوە لە سیفەتی شیرینی و چێژ لێوەرگرتن، جگە لەمەش وێنەیەکی تری دروستکردووە کەبەر هیچ یەکێك لە هەستەکان نەکەوتووە، بەڵکو بەهۆی وێنەیەکی هونەری زەینییەوە هۆنراوەتەوە، لەبەرئەوەی هیچ جۆرە پرچێك نییە زێی پەلکەزێڕینە بێت، بەڵام ئەوە زەینی شاعیرە وێنەیەکی واتایی ڕووتی پێکهێناوە بۆ پێشاندانی جوانی پرچی خۆشەویستەکەی .

**ب- وێنەی زەینی:**

شیعرییەتبوونی وێنەی هونەری شیعری زەینی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەم حاڵەتدا وێنەکان بەر هیچ یەکێك لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەون، بۆیە ئەو وێنانەی دروستدەبن لەبارودۆخێکدا، کەبە ناهەستی دادەنرێت و تیایدا وێنەیەکی واتایی بەرجەستە دەبێت، کە ڕەنگدانەوەی هەڵچوونەکانی ناوەوەی ئادەمیزادە بەهۆی ئەو هۆشیارییە ژیرییەی کە وێنەکەی لێپێکدێت، هەروەها ئەوەی لە وێنەی زەینیدا گرنگە ئەوەیە کە وێنەکان بە شێوەیەکی هونەری گوزارشت لە مانا زەینییە واتاییەکان بکرێت، کە لە جیهانی هەستیدا بوونیان نەبێت(٣). کەوابوو دروستکردنی وێنەی زەینی لەسەر

---

**(١) گۆمی پوونگ، دلشاد عەبدوڵڵا، ل١٣٥.**

**(٢) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب١، ل٥٦١.**

**(٣) الصورة الفنية في الشعرالصعاليكقبل الأسلام، رسالة ماجستير،عبدالجبار حسن علي، كلية ألأداب، جامعة الموصل،١٩٨٨، ص١٦٨.**

چالاکی و شارەزایی شاعیر وەستاوە کە تا چەند توانای بیرکردنەوەی زەینی بەهێز و چوست و چالاك بێت، ئەوا وێنەیەکی زەینی کاریگەری بەهێز پێك دێنێت کە بە ئاسانی ئاسەوارەکەی لەلای خوێنەر نەسڕێتەوە .

**ڕەشەبا ...**

**لەناو باخچەکەماندا ، منداڵێکی بوو،**

**ناومان نا،**

**شنە[1]**

ئەوە زەینی شاعیرە بەهۆی هەڵچوونەکانی ناوەوەی و کاریگەرییەکانی دەوروبەرییەوە، وێنەیەکی شیعریی واتایی ڕووتی بەرجەستە کردووە، کە (ڕەشەبا) مەبەستی جەنگە و(شنە)ش مەبەستی ئاشتییە، کە هەریەکێك لەمانە بە عەقڵ هەست بە بوونیان دەکرێت، نەك بەهۆی بەرکەوتنیان بەهەستەکانەوە [2]، چونکە لەواقیعدا ڕەشەبا منداڵی نابێت و جا ئەومناڵەش بە (شنە) ش ناوبنرێت .

**هیچ**

**جارێك ،**

**لەسەر دیواری – با – دا**

**نووسیم :**

**(( هیچ**

**لەسەر دیواری بادا**

**نانووسرێت)) [3]**

ئەوە شارەزایی وچالاکی شاعیرە کە هانیداوە بەهۆی توانای بیرکردنەوەی زەینییەوە، وێنەیەکی شیعری بەهێزو کاریگەری واتایی دروستبکات، چونکە بیر لەتوانای دایە دەست بەرداری وێنەی هەستی بێ وبەتەنها پشت بەواتاکان ببەستێت، بەهۆی بەرزبوونەوەی ئەوتوانایەی کە لەچالاکیەکانی بیرکردنەوە بەرجەستە دەبێت، بەم شێوەیە شاعیر هەرچەند توانای بیرکردنەوەی بەهێز و چالاکتر بێ چۆنیەتی دروست بوونی وێنەی واتاییەکەی لا بەرزتر دەبێتەوە [4] .

بەم هۆیەوە دەبینین شێوەی پێکهێنانی وێنەی هونەری ئەم دەقە وینەیەکی واتایی ڕووتە، لەبەر ئەوەی هیچ بایەك نییە دیواری هەبێت و جا لەسەر دیوارەکەشی دا هیچ نەنووسرێت . کەواتە وێنەکە زەینیە و پێ دەچێ شاعیر پێیوابێت کە ئەم بوونە وەك تارماییەکە و بەو شێوە و شێوازە نییە کە باسی دەکرێت، هەربۆیە ئەم دەقە پشتی بە گەمەکردنی وشە بەستووە بەمەبەستی (( پیشاندانی حاڵەتی نامۆیی، کە شاعیر تیایدا تازەگەریەکی نوێی لەوێنە شیعرییە دروست

(١) باخچەکانی مەلەك تاووس، قوبادی جەلیزادە، ل٢٣٧.

(٢) الصورة الفنية في نقدالشعرالعربي الحديث، رسالة دكتورا، بشرى موسى صالح، كلية الأداب،جامعة بغداد،١٩٨٧،ص١٦٧ .

(٣)خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا، قوبادی جەلیزادە، ل٢٨٨.

(٤) الصورة الفنية في نقد الشعر العربي الحديث، بشرى موسى صالح، ص١٦٧.

کراوەکەی کردووە)) [1]، جا لەم ڕوانگەیەوە پرسیارێك دێتە کایەوە کەئەویش ئەوەیە، کە ئەگەر شتێك خۆی بوونی نەبێت، دەبێ مرۆڤ داوای چی و لەکوێی بکات.

**عیشق**

**ئەستێرەیەك ،**

**ڕژایە سەرکەپری**

**ژنێك ! [2]**

شاعیر بەهۆی وێنەیەکی زەینییەوە ئاماژە بەو عیشقە نەمرە دەکات، کە وەك ئەستێرەیەك دەرژێتە سەرکەپری ژنێك و جێگە و پێگەی ژنی پێ بەرز دەکاتەوە، پێیوایە ژن سەرچاوەی بەدەستهێنانی هەست وسۆز و عیشقە، کەبەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەو عیشقەوە هەست بە شکۆمەندی و بەرزی ژن دەکەین .

**تریفە**

**مانگ لە گۆزەی شەڕابدا دەنوێ**

**بۆیە هەمیشە**

**مەستە تریفەی[3]**

شاعیر لەڕێگەی زەینەوە هەوڵیداوە جۆرە وێنەیەك پێك بێنێت، کە لەزەینی خۆیدا ماناکانی مەزندە وکۆکردونەتەوە بۆ ئەوەی کاریگەریەکەی بەدەربخات [4]، جا لێرەدا دەبینین ئاماژە بەجوانی مانگ و کاریگەرییەکەی کراوە لەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤدا، چونکە مانگ قەت لەگۆزەی شەڕابدا نانوێت، بەڵام ئەوە بۆچالاکی و فراوانی زەینی شاعیر دەگەڕێتەوە، تاوەکو جوانییەکانی مانگ پیشانی دەوروبەری بدات .

**پەلکە زێڕینەیەك هەڵات**

**لە قەفەزی هەور و ئاسۆ**

**بوو بە پرچی درێژ بۆ تۆ[5]**

شاعیر لەم دەقەدا باسی جوانی پرچێکی درێژی یارەکەی دەکات، بەهۆی ئەوئاماژە شیعرییەی کەوا وێنەکەی پێ دروستکردووە، کە سەرچاوەی داڕشتنەکەی زەینی شاعیرە، بۆئەوەی وێنەیەکی شیعری کاریگەر پێکبێنێت، بەهۆی هەڵاتنی پەلکە زێڕینەیەك لە قەفەزێك بەناوی ( قەفەزی هەور و ئاسۆ)، کە لەبووندا هەرئامادەبوونی نییە، بەڵام بۆ پیشاندانی جوانییەکانی خۆشەویستەکەی ئەو وێنە شیعرییە بەهێزەی دروستکردووە .

---

(١) الصورة الفنية في نقد الشعر العربي الحديث، بشرى موسى صالح، ص١٦٧.

(٢) ڤان ئیرۆتیك، قوبادی جەلی زادە،٥٨.

(٣) كۆ شیعری٢، دڵشاد عەبدوڵڵا، ل٣٣٤.

(٤) الصورة الفنية في نقد الشعر العربي الحديث، بشرى موسى صالح، ص١٦٨ .

(٥) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب٣، ل٣٧٩.

**١- پشكۆی دەمی تۆ نەبوایە**

**بێ ئاگر بوو ئەم دونیایە[١]**

شاعیر ئاماژە بەجوانی دەمی خۆشەویستەكەی دەكات وبەهۆی ڕامانێكی زەینی قووڵەوە بیرۆكە شیعرییەكەی دەردەبڕێت وپێیوایە ئەگەر پشكۆی دەمی ئەو كەسەی كە ئەو خۆشی دەوێت نەبوایە، دڵنیا دەبوو كەوا ئەم دونیایە بێ ئاگر دەبوو، واتە جوانییە سەرسوڕهێنەرەكانی تۆن، دونیای بەو شێوەیە ڕووناك كردۆتەوە، ئەمەش بۆ پیشاندانی جوانی جەستەی ژنە، گەر ژن نەبووایە ژیان نەدەبوو، ئەو وێنە شیعرییە بەهۆی هەستی زەینی واتاییەوە پێكهاتووە.

## ٢- وێنە لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە :

### أ- وێنەی لێكچواندن:

لێكچواندن وەك هونەرێكی گرنگی زانستی ڕوونبێژی بەشداری لەپێكهاتنی وێنەی شیعرییدا دەكات، بەمەبەستی بەخشینی بەهایەكی ئیستاتیكی بەوپەیوەندییەی، كە لەنێوان دوو شتدا دەهێندرێتەكایەوە، كە لێكچوونێكی هاوبەش لە سیفەتێك یاخود چەند سیفەتێكیاندا هەیە، بۆئەوەی ڕۆشنكردنەوەیەك بە بەرامبەرەكەت ببەخشێت، چونكە دوورییەك لەنێوان شتەكاندا دەبێ هەبێ و هاوبەشیەكی زۆریان تیا نەبێت، لەبەر ئەوەی (( تا مەودای نێوان شتەكان دوور بێت، ئەوا زیاتر لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا كاریگەرتر و بەهێزتر دەبێت))[٢]. بەهۆی بەكارهێنانی ئەو وشانەی كە دەبنە پاڵپشتیەك بۆ دروستكردنی جۆرە وێنەیەكی شیعری لە خەیاڵی وەرگردا، كەكەشێكی گونجاوی بۆدەسازێنێ، بەهۆی هێزی ئەو دەربڕینەی كەوا بەشداری لە پێكهاتەی وێنەكەدا دەكەن و پەیوەندییەكی ئۆرگانیی لە نێوان دەق و خوێنەردا بەخۆیەوە دەبینێت، بەهۆی ئەو بارودۆخە ئیحایەی كە لەدەقەكەدا بەرجەستە دەبێت، ئەمەش بۆ كارابوونی خەیاڵی شاعیر لە پرۆسەكەدا دەگەڕێتەوە، كە وەك داینەمۆیەك لە پێكهاتنی وێنەی لێكچواندنەكەدا ڕۆڵێكی كاریگەر دەبینێ[٣]، بەمەش چالاكبوونی دەق پیشان دەدات و بەیەكێك لە بنەماكانی شیعرییەتبوونی شێوازی دەربڕینی دەقەكە ئەژمار دەكرێ .

---

(١) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت ، ب١ ، ل٩٧٨.

(٢)أسرار البلاغة في علم البيان ، عبدالقادر الجرجاني ، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع ، بيروت ، ٢٠٠٢،ص١١٢.

(٣) في النقد الأدبي دراسة و تطبيق، د.كمال نشأت، بغداد، ١٩٧٦، ص٣٧ .

**مۆم**

**لە ئەشکەوتێکی تاریکدا...**

**مۆمێکی مەزن دەسووتێ.**

**سایەی: گۆڕە.**

**ئەشکی: سەرە.**

**تروسکەی پۆلە کۆترە!!** (١)

لەم دەقەدا شێوەی لێکچواندنی تاکی وێنەیی ڕەوان لەنێوان کۆمەڵە شتێکدا سازێندراوە، بەبێ ئەوەی لە هیچ یەکێکیاندا ئامرازی لێکچواندنەکە بەکارهاتبێت، چونکە مەرج نییە هەموو بنەماکانی لێکچواندن لە ڕستەیەکدا بێن، بەڵام ((نابێ خاڵی بێ لەهەموویان...)) (٢) .

| لێچوو | لەوچوو |
|---|---|
| سایە | گۆڕە |
| ئەشك | سەرە |
| تروسکە | پۆلە کۆترە |

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە وێنەی لێکچوونەکاندا جۆرو شێوازەکەیان بەم شێوەیە بەرجەستەکراوە: سایە بەتەنێکی بێگیان (گۆڕ)، ئەشك بەگیاندار (سەر)ی مرۆڤ، تروسکەش بە باڵندەی گیانداری (پۆلە کۆتر) چوێندراوە، بەڵام ئامرازی لێکچوون لەهیچ یەکێکیاندا دەرنەکەوتووە .

**مەمك کانیلەی منداڵی و**

**سێوی هەرزەیی و**

**گۆچانی پیرییە**

**((ئەمە قسەی دایکمە))** (٣)

لێکچواندنێکی کۆ یان (لێکدراوە)ی ڕەوان لێرە دا بەرجەستە بووە، کە یەك لێچوو بە کۆمەڵە لەوچووێك وێنەیەك دروست دەکەن، بەمەش زیاتر لە وێنەیەك پێکدێت و بەمەش زیادبوونی وێنەی لەوچووێك پیشان دەدات .

---

(١)شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، قوبادی جەلی زادە، ل١٥٦.

(٢) خۆشخوانی، عەلائەدین سەجادی، چاپخانەی مەعاریف،بەغداد ،١٩٧٨، ل٤٤.

(٣) شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، قوبادی جەلی زادە، ل٣٥٥.

| لێچوو | لەوچوو |
|---|---|
| مەمك | كانیلەی منداڵی |
| | سێوی هەرزەیی |
| | گۆچانی پیری |

هەروەها (مەمك) كە لێچووە سیفەتی زیندوویەتی مرۆڤی تیایە، كە (ژنە) وگیاندارە و باس لە سێ قۆناغی جیاواز دەكات، كە (منداڵی و هەرزەیی و پیریی) مرۆڤە و لەبەرامبەر هەریەكێكیاندا شاعیر وێنەیەكی هەستیاری پیشانداوە، كە لە قۆناغی منداڵیدا مەمك تەنێكی بێ گیان و لە هەرزەییشدا بە ڕووەككردن و لە پیریشدا بە تەنێكی بێ گیان چوێندراوە . كاتی ئەو چركەساتە دەگەڕێتەوە كە داهێنانی شیعریی لەوێنەشیعرییەكە داكراوە و بەمەش شیعرییەتبوونی دەقەكە پیشان دەدات، كە خەیاڵ ڕۆڵێكی كاریگەری تێدا گێڕاوە، بەهۆی ئەوەی كەوا وێنە لەنێو خودیی شیعردا (( ئامرازی خەیاڵە))[1].

**ترس**

**وەختێ هەور،**

**دەستی لە ئاسمان بەردەبێت**

**وەك باڵەبان دەناڵێنێ**

**وەك منداڵ**

**میز دەكا بە خۆیا ![2]**

شاعیر لێكچواندنێكی وێنەی دروستكردووە بۆئەوەی حاڵەتی ترس پیشان بدات، كە بە دوو دیمەنی وێنەیی وەسفی ئەو بارودۆخە دەكات، كە لەجارێكیاندا هەور بە باڵەبان و جارێكی تر ترسان بە منداڵ دەچوێنێ :

| لێكچوو | لەوچوو | ئامرازی لێكچوون | ڕووی لێكچوون |
|---|---|---|---|
| هەور | باڵەبان | وەك | دەناڵێنێ |
| | منداڵ | وەك | میز دەكا بە خۆیا |

(١) الصورة الشعرية، سي دي لويس، ترجمة د.أحمد نصيف الجنابي ومالك ميري وسلمان حسن ابراهيم، مؤسسة الخليج للطباعة والنشر، الكويت،١٩٨٢، ص١٣٦.

(٢) ڤان ئیرۆتیك، قوبادی جەلی زادە، ل٩٣.

**مەمك**

**خوشكی لۆكە و**

**كچەزای هەنار و**

**ئامۆزای ئاگردانە .[(١)]**

شاعیر لەم دەقەشدا وێنەیەكی لێكچواندنی كۆی تەواوی دروستكردووە، كە تەنها یەك لێكچووی لـە بەرامبـەر كۆمەڵـە لـەو چووێكدا بەكارهێناوە، بەمەش بە زیادبوونی چەند لەوچووێك لەیەك وێنەی شیعریی زیاتر پێكدێت :

| ڕووی لێكچوون | ئامرازی لێكچوون | لەوچوو | لێكچوو |
|---|---|---|---|
| دەرنەكەوتووە | دەرنەكەوتووە | خوشكی لۆكە | مەمك |
| دەرنەكەوتووە | دەرنەكەوتووە | كچەزای هەنار | |
| دەرنەكەوتووە | دەرنەكەوتووە | ئامۆزای ئاگردان | |

**گۆتە لەبارەی حافز**

**ڕوح بووكە و شیعر زاوا**

**حافز هەم زاوا و هەم بووكە .[(٢)]**

(دڵشاد)ی شاعیر چەندین وێنەی لێكچواندنی دروستكردووە، بۆ ئەوەی جۆرێك لە سیفەتی نەمری و خواوەندی بە (حـافزی شیرازی) بدات، واتا شیعرەكان حافز لەنێوان غەزەلی عوزری و سۆفیانەیە، ئەوەش بەپێدانی هـەردوو سـیفەت بـە یەكـەوە بە پێی وێنەیەكی لێكچواندنی، كە ئامرازی لێكچوون و ڕووی لێكچوون دەرنەكەوتووە.

| لەوچوو | لێكچوو |
|---|---|
| بووكە | ڕوح |
| زاوا | شیعر |
| زاوا | حافز |
| بووك | |

واتە ڕوحی بە بووك چواندووە بە لێكچواندنێكی تاكی ڕەوان، هەروەها شیعری بەزاوا چواندووە، بۆئەوەی ئـەو پـەیوەندییـە ڕوحییە پیشانبدات كە هانی شاعیر دەدات، تاكو شیعر دروستبكات، كـە ئـەویش بـە تێكـەڵبوونی هەردووكیانـە بەیەكـەوە،

(١) **خۆر لەناو پەرداخێكی شكاودا**، قوبادی جەلی زادە ، ل٢٨٥.

(٢) **كۆشیعری٢، دلشاد عەبدوڵلا**، ل٣٢٥.

بەڵام لەهی حافزدا شاعیر پێیوایە حافز هەردوو سیفەتی تێدایە، بەوەش سیفەتی هەمووی پێداوە نەوەك سیفەتی بەشێکی .

**٢- ئەوە دەمە یا پشکۆیە**

**ئەوە لێوە یا چەقۆیە ..؟[١]**

لێکچواندنێکی وێنەی تاك لە نێوان دەم و پشکۆ و لێو و چەقۆ دروستکراوە، بۆ پیشاندانی جوانییەکانی ئەو دوو ئەندامەی ژن:–

| لێکچوو | لەوچوو |
|---|---|
| دەم | پشکۆ |
| لێو | چەقۆ |

دەم کە بە پشکۆ چوێندراوە بۆ پیشاندانی سیفەتی گەرمی و کاریگەرییەکەیەتی لەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤدا، هەروەها لێوکە بەچەقۆ چوێندراوە بۆئەوەیە کە دەمی چەقۆ تەنك و بەهێزە، ئاوا لێوی ئەو ژنەش تەنکە هەمان خاسیەتی بەتینی هەیە لەسەر گیان و جەستەی شاعیردا .

**٣- تەمەن**

**ڕۆژگار مسە و**

**مێژووش ڕووباری ژەنگە**

**تەمەن گۆزەڵە ئاوە و**

**ڕۆژگار، ڕیزە تفەنگە...![٢]**

لە باسکردنی بابەتی تەمەندا شاعیر بە چەندین وێنەی هونەری شیعری لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیان دەدوێت، بەهۆی دروستکردنی چەندین وێنەی لێکچواندنی تاکەوە:

| لێکچوو | لەوچوو |
|---|---|
| ڕۆژگار | مسە |
| مێژوو | ڕووباری ژەنگە |
| تەمەن | گۆزەڵەی ئاوە |
| ڕۆژگار | ڕیزە تفەنگە |

(١) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت ، ب١، ل٥٦٠.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٦٨٤.

**من و نیشتمان**

**ڕێبوارێك و جانتایەكین! [1]**

شاعیر لەم دەقەدا بە بەراوردێكی لێكچواندنی وێنەیەكی تاكەوە، وێنەیەكی هونەری شیعریی دروستكردووە لە نێوان خۆی ونیشتماندا، بۆئەوەی لەمەسەلەی بێ نیشتمانی گەلی كورد بدوێت، چونكە (من) لێرەدا لەجیاتی (ئێمە)ی كۆمەڵگەدا بەكاربردراوە :

| لێچوو | لەوچوو |
|---|---|
| من | ڕێبوارێك |
| نیشتمان | جانتایەك |

## ب- وێنەی خواستن :

خواستن وەك لقێكی خوازەی زمانی بەهایەكی هونەری گرنگی هەیە لەپێكهێنانی شیعرییەتی وێنەی شیعریدا، بەهۆی ئەوەی هونەرێكی ڕەوانبێژییە و(( بەشێكە لە بەشەكانی ڕوونبێژی ولە ( لێكچواندن ) بەهێزترو پاراوتر، ئەگەر چی ئەویش لە بازنەی لێكچواندندا دەسووڕێتەوە، بەڵام بەم شێوە ساكارە نایەتە دی، بەڵكو لە ئەنجامی لێوردبوونەوە هەست بەوە دەكەین كە ( لێكچوو ) یەك لە ئارادا هەیە بەڵام نادیارە...، ئەگەر بەراوردێك- لەڕووی سیمانتیكەوە لەنێوان (خواستن) و (لێكچواندن) بكەین، دەبینین لێكچواندن زۆربەی زۆری بۆئاشكراكردن وڕوونكردنەوە بەكاردێت كە دەچێتە خانەی یا بابەتی وەسف بۆ دەربڕینی ئەندێشە . بەڵام خواستن زۆربەی بۆهێز وتوندی دەربڕین وكارتێكردنی لەگوێگران بەكاردەهێنرێ لەم ڕووەوە لە ( لێكچواندن ) بەهێزترە)) [2]، هەروەها بۆ پێناسەكردنی وێنەی خواستن گوتراوە: هونەریبوونی خواستن لەوەدایە كە بە كاریگەرترین پێداویستییەكانی وێنەكێشانی وێنەی شیعریی دادەنرێت، چونكە توانای وێنەكێشانی هەست و سۆزە كپكراوەكان و بەرجەستەبوونی هەیە ودەتوانێت بەباشترین شێوە دەریانبخات و كاریگەریی لەسەر دڵ و دەروونمان دروست بكات، بەمەش دەبێتە ئامێرێكی گەیاندنی باش بۆدەرخستنی ئەوەی كە لەسینگی شاعیردا هەیە و دەیگوازێتەوە بۆ گوێچكەی وەرگر بە شێوەی وێنەیەكی جوان [3]. كەواتە ئەو خاڵە ناكۆكەی كە خواستن لە خوازەی ڕەهادا جیادەكاتەوە، بریتی یە لەبوونی پەیوەندییەكی هاوبەش لە نێوان وشە خواستراو و وشە دروستەكەدا، پێویستە ئەوپەیوەندییە بێتە كایەوە، كە لەنێوان دوو واتایەكەدا بەرجەستە دەبێت . سەرەڕای ئەوەی

(١) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب٣، ل٥٩.

(٢) ڕوونبێژی لە شیعری كلاسیكی كوردیدا، بەنموونەی مەلای جزیری ونالی،نەوزەت ئەحمەد عثمان، نامەی ماستەر، كۆلیجی ئاداب، زانكۆی صلاح الدین، ١٩٩١، (ل٩٦) .

(٣) التصویر الشعري، رؤیة نقدیة لبلاغتنا العربیة ، د.عدنان حسین قاسم ، الدار العربیة للنشروالتوزیع، دارالحنان للطباعة ، ص ١١١ .

خەیاڵ وەك ڕەگەزێکی گرنگی شیعر بنەمایەکە بۆ دروستبوونی وێنەی شیعریی، چونکە بەخەیاڵ بارگاوی دەکرێت، ئەمەش وا دەکات کە خواستن هەنگاوە ئاساییەکانی بنەمای دەربڕین ببڕێت و بەرەو نائاساییبوون هەنگاو بنێت، بەهۆی ئەولادانە شیعرییەی کە لە پێکهاتەی دەقەکەدا هاتۆتە کایەوە، بۆ ئەوەی وێنەی هونەری شێوازی دەربڕینەکە بە پلەیەکی کاریگەر و بەهێز نیشان بدات .

**ماڵئاوا**

**هەور چاو بە فرمێسك**

**باغ غەمگین**

**– با– تەزیو**

**وەرزی ماڵئاوایی گەڵاکانە.** (1)

لێرەدا بەهۆی سیفەتەکانی کەسایەتی مرۆڤەوە، وێنەیەکی شیعری بە پێی خواستن دروستکراوە، کە سیفەتەکانی (چاو بە فرمێسك، غەمگین، تەزیو) دراوەتە پاڵ (هەور، باغ، با) . واتە سیفەتی بەمرۆڤکردنیان پێدراوە بەهۆی لادانە زمانەکەیەوە، بۆ ئەوەی سیمای شیعرییەتبوونی دەقەکە بەهێزتر بکات، (هەور و باغ و با) بۆ خوازراو– لێ چوون و بە مرۆڤ چوێندراون، بەڵام مرۆڤەکە لە هەرسێ دەربڕینەکەدا دەرنەبڕدراوە و بۆتە ( لێ خوازراو– لەوچوو) . بەم شێوەیە دەبینین ناتەباییەك لەنێوانیاندا هەیە، چونکە هیچیان مرۆڤ نین تا ئەو سیفەتی بەمرۆڤکردنەیان بەسەردا بچەسپێت، بۆیە خواستنی دركاو دروستدەبێت، چونکە (( ئەم جۆرە وا ئەبێ کە (لەوچوو) فڕێ بدرێ بەڵام پەیوەست – لازم – ێکی لێ وەربگیرێ و وە بدرێ بە لێ چوو، واتە لەم جۆرە خواستنە تەنها لێ چووئەوترێ لەگەڵ پەیوەستێکی لەوچوو))(2)، بەمەش چەندان وێنەی هونەری دروستبووە، کە شێوازی دەربڕینەکە لەبارێکی نائاسایی دایە و سیفەتێکی بەمرۆڤکراوی پێ دراوە.

**زێڕ**

**خۆر هەموو شتی زێڕە**

**دڵیشی،**(3)

لەم دەقەدا بەهۆی ئەوەی کەوا شاعیر دەڵێت : (خۆر هەموو شتی زێڕە) تەنانەت (دڵیشی)، ئەمە وایکردووە خۆرەکە سیفەتی بەکەسایەتیکردنی مرۆڤی پێ بدرێت، واتە(خۆر) بۆ (خوازراو – لێچووە)، بەڵام مرۆڤەکە لەشێوازی دەربڕینەکەدا نەهاتوە وبووە بە ( لێخوازراو– لەوچوو)، بەڵام بەوتنی دەربڕینی هەموو شتی زێڕە تەنانەت دڵیشی ئەمەش بۆ کاریگەری دڵ دەگەڕێتەوە، کەئەندامێکی کارای مرۆڤە وژیانی پێوە بەستراوە، بۆیە لەم خواستنەدا بنەمایەکی هونەری بۆ وێنە شیعرییەکە دروستبووە.

---

(1) ڤان ئیرۆتیك، قوبادی جەلی زادە ، ل٥٥.

(2) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی یەکەم ، عەزیز گەردی، چ١، چاپخانەی الجاحظ ، ١٩٧٢، ل ٧٧ .

(3) کۆشیعری٢، دلشاد عەبدوڵڵا، ل٣٣١.

**کچەکانی خەم ناویان چییە؟[1]**

ئاشکرایە (خەم) سیفەتێکە تایبەتە بەمرۆڤ و لەواقیعدا هیچ خەمێك نییە کچی هەبێت، بەڵام ئەوسیفەتە لە(مرۆڤ – لێخواستراوە) دا خوازراوە، بۆ( خەم– بۆ خواستراوە) و بەمرۆڤ چوێندراوە . بەم جۆرە شاعیر پەیوەندییەکی ئیستاتیکی لە نێوان پێکهاتەی وشەکاندا دروستکراوە و وێنەیەکی هونەری شیعری پێکهێناوە بە شێوەی خواستنێکی درکاو.

## ٣– شیعریەتی وێنەی شیعریی و ڕەمز :

وێنەی ڕەمزیی هونەرێکی نوێی ڕەوانبێژییە، بەهۆی سوود وەرگرتنی لەکەرەستە ڕەوانبێژییەکاندا بەشداری لە دروستبوونی وێنە هونەرییەکاندا دەکات . هەروەها لەڕووی کەرەستەی پێکهاتییەوە دووسەرچاوەیان هەیە : سەرچاوەی خودیی وبابەتیی . دیارە لە وێنە ڕەمزییە خودییەکاندا ئەزموونی ئەدەبیی شاعیر تیایاندا بەشدارە و سەرچاوەکەی خودییە و شیعرییەتبوونەکەی بۆ((سەرچاوەی هێزی زمانە شیعرییەکەی دەگەڕێتەوە))[2]، بەهۆی پێکهێنانی وێنە شیعرییەکان لە بونیاتی دەرەوەی دەقەکاندا، کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و بۆچوون و دڵ و دەروونی خوێنەر (وەرگر) هەیە، هەروەها لە دیوی ناوەوەی دەقەکانەوە، بە شێوە دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ڕەمزەکانەوە واتایەکی نوێ لە دەقێکی ئەدەبیدا بونیاتدەنێت [3] . بەو پێیەی واژەکان زیاتر بەرەو چڕیی و پوختبوونەوە دەبات، لەگەڵ دروستکردنی پەیوەندییەکی هاوبەش لەنێوان بەشەکانی دەقە ئەدەبییەکەدا، ئاشکرایە ئەم خاسیەتە هونەرییەش هەر وەکو چۆن لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا، گرنگترین بنەمای جیاکاری ئەم فۆڕمە نوێیەی شیعرە لە ڕووی بونیاتی شێوەو شێوازی پێکهێنانیدا، بەڵام وێنە ڕەمزییە بابەتییەکان سەرجەم سەرچاوەکانی وێنەی هونەری دەگرێتەوە، کە کاریگەریی دەوروبەری بەسەرەوەیە، جگە لەو سەرچاوانە نەبێت، کە خودیی شاعیر خۆی تیایدا بەشداری دەکات .

### أ– وێنەی ڕەمزی خودیی:

هونەرییبوونی ئەم وێنە شیعرییانە لەوەدایە، کەوێنەکان خودین و ئەنجامی ئەزموونی ئەدەبیی شاعیر نیشاندەدەن، بەهۆی ئەو تێڕوانینە بینراوانەی کەوا بۆدەوروبەر وژینگەکەی هەیەتی پاش مانەوەی لەخەیاڵیدا، بۆئەوەی پەیوەندییەکی گونجاو بدۆزێتەوە، تاوەکو لەڕێگەی ڕەمزەوە، وێنەیەکی هونەریی دروستبکات، کە لە داهێنانی تایبەتی خودی خۆی بێت ووێنەیەکی دروستکراوی خوازراونییە، بەڵکو وێنەی داهێنراوە[4]، کەوابوو بەم کارەی سیمایەکی نوێی هونەری بەشیعرییەتبوونی دەقەکەی دەبەخشێت، لەبەرئەوەی هەڵگری توانای داهێنراوی هەست و سۆزی خودییە وشێوازێکی

---

(١) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب٣، ل٧٠.

(٢) انماط من الغموض في الشعر العربي الحر ،د. خالد سليمان ،مطبعة جامعة اليرموك ،ط١، ،١٩٨٧،ص٣٤.

(٣) الرمز الشعري عند الصوفية ،د.عاطف جودة نصر، دار الاندلس ودار الكندي ،بيروت ،ط، ١ ،١٩٧٨، ص ٢٠.

(٤) فن الشعر،احسان عباس، ط٦، دار الثقافة، بيروت، لبنان، ١٩٧٩، ص ٣٩.

نوێکاری پێوە دیارە و بەمەش دەقەکە کاریگەرییەکی بەهێزی دەبێت، لەسەرخوێندنەوەی خوێنەر (وەرگر) دا، تاکو بگاتە لایەنە شاراوەکانی دەق و ڕەمزە خودییەکان بدۆزێتەوە.

**مەمك**

**مەمکت کێڵگەیێ مین و**

**پەنجەکانم،**

**دەستەیەك پێشمەرگە !!** [1]

وشەی (مەمك) لەم دەقەدا بۆتە ڕەمزێك بۆترسناکی، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەدەست بۆ بردنی کارێکی خەتەرناکە، دیارە شاعیر بەهۆی تێڕامانی بۆئەو دەوروبەرەی کە تیایدا دەژی، ئەو مافەی هەیە(( هەر بابەتێك یان ڕووداوێك یاخود هەڵوێستێك وەکو ڕەمز بەکاربێنێت ))[2]. بەمەرجێك داهێنراوێکی وێنەیی خودی بێت، بەو هۆیەی مەمك (لێچووە) و کێڵگەی مین (لەوچووە) و ترسناکی ڕووی لێکچواندنە و دەرنەخراوە و پەنجەکانم (لێچووە) دەستەیەك پێشمەرگە (لەوچووە) و ڕووی لێکچواندنەکەی زۆری و بەهێزییە. کەواتە مەمك کراوەتە ڕەمزێکی هەستیار ومەترسیدار، کە بە هیچ شێوەیەك نابێت دەستی بۆ ببرێت، بەپێی تێڕوانینی هەندێك لەو تاکانەی کە لە ژینگەی شاعیردا دەژین، جا لەڕوانگەی هەستکردن بەو بارودۆخەوە شاعیر بەدیدێکی خودییەوە دەست بۆ( مەمك ) بردنی بەشتێکی ترسێنەر چواندووە ئەویش (مین)ە، کە چۆن دەبێت بەوپەڕی وریایی وئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت نەوەك بەمرۆڤدا بتەقێتەوە، بۆیە دەبێت بەهەمان شێوەو زۆر بە هێمنی ولەسەرەخۆییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەندامەی جەستەی ژن (مەمك) دابکەیت، چونکە بەکارێکی ترسێنەر لەقەڵەم دەدرێت .

**لیرەی پێنجەم**

**بمدەرێ**

**لەگۆزەی چاوە مەستەکانت**

**پێکێکم بدەیە.**

**تا ژنی ڕەز بە ڕووتی ببینم!** [3]

شاعیر لە دەقی (لیرەی پێنجەم) دا وێنەیەکی سەرچاوەی خودی سازاندووە، بەدەربڕینە ڕەمزییەکانی ( گۆزەی چاوی مەست) و( ژنی ڕەز) کە لەداهێنراوی خۆیەتی، بۆئەوەی وێنەیەکی نوێ دروستبکات، (چاوە مەستەکانت) ی بە ( گۆزە) یەك داناوە، تاوەکو خۆشەویستەکەی پێکێکی لەو چاوە مەستانە بداتێ، بۆ ئەوەی (ژنی ڕەز) بە ڕووتی ببینێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە( ژنی ڕەز ) وەك ڕەمزێکی داهێنراوی خودیی لەواقیعدا بوونی نییە، بەڵام داهێنانێکی نوێکارییانەی شاعیرە، کە ژن (لێچووە) و ڕەز (لەوچووە) و لێکژواندنێکی ڕەوانی دروستکردووە، بۆپێشاندانی

(١) شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، قوبادی جەلی زادە ، ل٥٤٦.

(٢) الشعر العربي المعاصر، د.عزالدين إسماعيل، ط٣، بيروت، ١٩٨١، ص١٩٩.

(٣) ڤان ئیرۆتیك ، قوبادی جەلی زادە ، ل١٩.

سەرچاوەی مەستییەکە و(ڕەز) ی بە (ژن) چواندووە، تاوەکو بگاتە ئەو حاڵەتەکەی، کەبەتەواوی تیایدا مەستی بەدەست دێنێت . ئاشکرایە (ڕەز) شەرابی لێدروست دەکرێت، بۆ بە دەستهێنانی خۆشی و شادیی مرۆڤ بەکاردەهێندرێت، بۆیە ژن یەکسانە بە (ڕەز)، واتە هەمان سەرچاوەیە بۆ گەیشتن بە بەختەوەری و کامەرانی ژیان.

**پیربووم پیر ...**

**فرمێسکم کردووە بە گۆچان**

**بە لێواری مردندا،**

**وڕێنە دەکەم**(١)

شاعیر بۆنیشاندانی هەست و سۆزە خودییەکانی لە بارەی پیربوون و لەدەستدانی خۆشییەکانی ژیان و بەئاوات نەگەیشتنی بەچەندین خەون و خەیاڵی تر، کە خۆی بۆ ئامادە کردووە بۆئەوەی بە دەستیان بێنێت، بەلآم لە ڕێگەی گوزارشت کردنی بە دەربڕینی ( فرمێسکم کردووە بە گۆچان) کە فرمێسکم (لێچووە) و گۆچان (لەوچووە) واتە دەیەوێت بڵێت فرمێسکم وەکو گۆچان لێکردووەبەو هۆیەوە وەك ڕەمزێکی خودیی ئەو بار و زروفە پیشان بدات، کە هەموو حەز و ئارەزووەکانی دەکوژێت، چونکە ڕەمزی خودیی ئەوڕەمزە داهێنراوانەیە، کە بیری شاعیری بە ئەزموون دەیخولقێنێ و وێنەیەکی هونەریی داهێنراویی لێدەسازێنێ، بەبێ ئەوەی لە پێشوودا نموونەی هەبوو بێت(٢) . دیارە قۆناغی پێگەیشتنی تەواویی جەستەیی خەریکە بەجێدەهێڵێت و بەرەو قۆناغێکی ترهەنگاو دەنێت، کە پیرییە و ئەمەش دژواریی و زەحمەتی خۆی هەیە . هەروەها بەکارهێنانی (گۆچان) یش وەك ڕەمزی نیشاندانی بێ هێزیی و بێ توانایی جەستەیی، بۆئەو حاڵەتە دەگەڕێتەوە کەجەستەی بەرەو لاوازی دەچێت، بۆیە دەڵێت ( بە لێواری مردندا ، وڕێنە دەکەم).

**بەرد**

**بەرد بەوەفاترین برادەرە**

**تا بەیەکجاری چاولێك دەنێم**

**هەر لەگەڵمایە.** (٣)

(بەرد) مەبەستی شاخە، وەك ڕەمزێك ئاماژە بەخۆڕاگری وبەهێزی وبەتینی دەکات، لەم دەقەدا ڕەمزێکی خودییە، بۆ نیشاندانی وەفاداری وسۆزداری بەکارهێنراوە . دیارە شاعیر لە ژیانی ئاساییدا لە برادەرەکانی بێزاربووە بەهۆی بێوەفاییانەوە، بۆیە (بەرد) ی وەك ڕەمزێك خواستووە، ڕەنگە لە ڕێگەی ئەو دەربڕینە شیعرییەوە ئاماژەیەك بێت، بۆئەوەی کە هاوڕێیەتی ڕاستەقینە ئەوەیە پەیوەندییەکی توندو تۆڵ و بەردەوام هەبێت، لەسەر بنچینەی وەفاداریی وڕاستگۆیی نەوەك لەسەر بنەمای بەرژەوەندخوازی بێت، چونکە ئەو هاوڕێیەتییە ڕۆژێك دێت دەپچڕێت . هەروەها بەپێی خوێندنەوەیەکی تر لەوانەیە شاعیر مەبەستی لەبەردی ( ئەلحەد) بێت تا بەتەواوی ژیان بەجێدەهێڵێت هەرلەگەڵی دایە،

---

(١) خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا، قوبادی جەلی زادە ، ل١٧٤.

(٢) ترويض الرمز ، د. فهد محسن فرحان ، مجلد الموقف الثقافي ، عدد ١٥ ، ١٩٩٨ ، ص٦٦ .

(٣) گۆمی پوونگ ، دلشاد عەبدوڵڵا، ل١٢٨.

لەبەرئـەوەی ئـەو بـەردە سـیفەتی برادەرایـەتی ڕاسـتەقینەی تێدایـە، بۆیـە تـا دواجـاریش چـاوی دادەخـات هـەربرادەرە بەوەفاکەیەتی .

## ٥٢- ئەی ڕەشەبا

## گەڵای پایزم پیٚ نافرۆشی ؟[1]

(ڕەشـەبا) ڕەمزێکـە بۆهەڵتەکانـدن و تێکدانی جوانییـەکانی سروشـت بـەکاردێت، دیـارە بـەکارهێنانی (گـەڵای پـایز) یـش بۆهەمان مەبەست دەگەڕێتەوە، کە بەهۆی ڕوودانی ئەو دیاردەیەوە ئەنجامدراوە، بـەڵام شـاعیر لەڕوانگەیـەکی خودییـەوە دەبڕینێکی شیعری داهێنراو پێك دێنێت، کـە تیایـدا داوا لـە فرۆشـیارێك دەکـات، کـە (ڕەشـەبا) یـە لەکاتێکدا ئـەو کارانـە ئەنجامدەدات، کەچی بەلایەوە گرنگ نییـە، بۆئـەوەی وەکـو کڕیارێـك ( گـەڵای پـایز ) ی پـیٚ بفرۆشـێت، تـاوەکو بتوانێـت لـەداهاتوودا، لەڕێگـەی بەدەسـتهێنانی سەرچـاوەکانی ئـەو گەڵایانـەدا، کـەخودیی دار و لقەکـەی ڕەمـزی نوێبوونـەوە و دروستبوونەوەی ژیانە، بۆئەوەی جـارێکیتر هیـوا و ئاواتـەکانی سـەر لـەنویٚ بچـێنێتەوە، تـاکو لـەداهاتوودا بـەری ڕەنـج و ماندووبوونی ئومێدەکانی ژیانی نوێی بخوات.

## من دەڵێم:

## دووکەڵ پێکەنینی گوندە[2]

لەم دەقەدا ( دووکەڵ ) ڕەمزی ئاوەدان کردنەوەو نیشاندانی جوانی گوندی کوردستانە، بەهۆی ئەو ئاماژەیەی لـە وشـەی ( پێکەنین ) دا دێتەدی، چونکە پێکەنین ڕەمزێکە بەکاردەهێنرێت بۆدەربڕینی خۆشی وشادیی مرۆڤ . کەواتە لەو گونـدەدا ئاوەدانی هەیە، بۆیە خەڵکەکەی دووکەڵیان کردۆتەوە، کە ئاماژە بۆ دروستکردنی خواردن دەکات، چونکە تـا ئـاگر نـەبێت مرۆڤ چۆن دەتوانێت ئەو کارە ئەنجامبدات .

## وشە

**وشەم بە گڕی فرمێسکم دەشۆم**
**دڵنیابە یەکیٚ**
**لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەمەوە**
**لە برسا دەمریٚ .[3]**

(گڕی فرمێسك) لێرەدا ئاماژەیەکە بۆکاریگەریی هەڵوێستێکی خودیی زێدە بەتین و چالاك، لەڕێگەی خواستنی گڕدا کـە لـە ئاگرەوە بۆفرمێسك، دیارە داهێنانێکی نوێی شاعیرە بۆ وروژاندنی هەست و سۆزی خوێنـەر، تـاکو بـەدوای کـۆدە نهێنییـە داخراوەکانی ئەو دەقـەدا بگـەڕێت و ئامـاژە شـیعرییەکان شـیبکاتەوە، بـەهۆی ئـەوڕەمزە خودییانـەی کەشـیعرییەتبوونی ئـەدەبی دەقەکـە دەسـەلمێنن . هەربۆیـە شـاعیر لـەم دەقـەدا باسـی ئەوهاوکێشـەیە دەکـات، کەپەیوەندییـەکانی نێـوان

(١) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب٢،ل٢٤٩.

(٢) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب٣،ل٦٣.

(٣) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب١،ل٩٨٠.

خوێنەر(وەرگر) و دەق و شاعیر بەیەکەوە گرێدەدات . لەمیانی خستنەڕووی هاوکێشەکەدا دەیەوێت بڵێت : وشـەکانم تـازە ونوێن و داهێنانیان بۆکراوە، کە ئەمەش بۆ ئەو ئەزموونە ئەدەبییە و قۆناغانە دەگەڕێتەوە، کەشاعیر ژیانی ئـەدەبی خـۆی تیا بەسەربردووە، تاکوبتوانێت دەربڕینی تازە بابەت و نوێخوازانە لەمیانی دەقەکەیدا پێشکەش بەوەرگر (خوێنەر) بکـات، لە ڕێگەی ئەوکەناڵەی کـە پەیامەکـە دەگوازێتـەوە لەشـاعیرەوە بـۆوەرگر، تـاکو بەشـداری لەپرۆسـەکەیدا بکـات، چـونکە شاعیر خۆی ئاماژە بەکۆژانی مامەڵەکردنی لەگەڵ وشەدا دەکات، کە دووریش نییە ئەمە ببێتـە مایـەی ئـەوەی کـە هەنـدێك لە خوێنەران پەی بە مەبەست و نهێنی وشەکانم نەبەن .

## ب- وێنەی ڕەمزی ئاینی:

شاعیر لەڕوانگەی سەرچاوەیەکی بابەتییەوە بەهۆی ئەوڕۆشنبیرییە مەعریفیەی کە بەدەستیهێناوە، هەوڵـدەدات وێنەیـەکی هونەری شیعریی دروستبکات، لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕەمزە ئاینییەکانەوە کەتیایدا ڕاستییەکانی مرۆڤ بـەدی دێـت، بـەهۆی ئەوەی ڕەمز کلیلێکە بۆ کردنەوەی ئاستەکانی حەقیقەت و عەقڵی مرۆڤایەتی [(١)]. کەواتە ڕەمـز کاریگەرییـەکی بـەهێزی بـە ئـایین وبیروباوەڕەکانییـەوە هەیـە، بۆیـە شـاعیریش ئـایین و ڕووداوە کەسـایەتیەکانی وەکوڕەمزێـك وەردەگرێـت وبـەپێی بیرکردنەوەی خۆی لە شیعرەکانیدا بەکاریان دێنێت.

**شەیتان**

**بەم ڕووتییەوە چەند جوانین**

**تۆ هەڵەکانی داك حەوا دووبارە**

**دەکەیتەوە،**

**من لاساری شەیتان ! [(٢)]**

شاعیر لەم دەقەدا بەهۆی بـەکارهێنانی ڕەمـزی ئایینیـەوە، سـوودی لـەڕووداو وکەسـایەتییەکان وەرگرتـووە بۆپێکهێنـانی وێنە شیعرییەکەی، لێکچـواندنێکی دروسـتکردووە بۆپێشـاندانی جـوانی جەسـتەیی بـەڕووتی، لـەنێوان خـۆی وشـەیتان لـە لاساریدا وخۆشەویستەکەی و( داك حەوا) و (باوکە ئادەم) لەدووبارە کردنەوەی هەڵـەدا، بەسـوود وەرگرتنـی لـەم ئایەتـەدا ((

### ٣- دووەم مەسیح
### سوورە گوڵی زامەکانی دڵی خۆمم
### کرد بە تەزبیح
### بردم بۆ خوا
### خوا ناوی نام
### دووەم مەسیح[١]

حەزرەتی (مەسیح) *وەکوڕەمزێکی ئاینی وەرگیراوە، کەپێغەمبەری مەسیحییەکانەومەبەست لێی حەزرەتی (عیسای کوڕی مەریەم)ە(د.خ)، کەپەروەردگاری مەزن ڕێزێکی زۆری لێناوە وپلە وپایەی بەرزکردۆتەوە، بەهۆی ئەو قوربانیدانەی کە لەپێناوی مرۆڤایەتیدا بەخشی[٢]، بەپێی گێڕانەوەی ئینجیل ، بەڵام لە ئیسلامدا ئەو قوربانیدانە ئەسڵی نییە، ئیسلام زیاتر پایەی مەسیحی بەرزکردۆتەوە کە نەکوژراوە، بەڵکو بۆ ئاسمان براوە بەپێی دەقی ئەم ئایەتە پیرۆزە(

**خۆڵەمێش**

**قەقنەس خۆڵەمێشی نییە.** [1]

بونیاتی وێنەی هونەری ئەم کورتیلە شیعرە سەرچاوەکەی بیرۆکەیەکی ئەفسانەییە، کەتیایدا ئاماژە بە لەدایکبوونی نوێ (بوون) دەکات، بەهۆی مەزراندنی ( باڵندەی قەقنەس ) وەك ڕەمزێکی ئەفسانەییە بەکاردێ، کە لەکاتی سووتاندنی ئەم باڵندەیەدا لەخۆڵەمێشی جەستەی خۆیدا سەرلەنوێ دروستدەبێتەوە، بەهۆی ئەو خۆشەویستییەی کە سەرلەنوێ بۆ دروستبوونەوەی خۆی هەیەتی .

**ماچ**

**بەسەر ڕوومەتی یارەوە،**

**دوو باخچەیە**

**بەسەرشانی ئەژدەهاکیشەوە،**

**دوومار!** [2]

دروستبوونی وێنەی شیعری بەهۆی ڕەمزی ئەفسانەییەوە، کە شاعیر بەهۆی هونەری لێکچواندنەوە ئاماژە بەوێنە شیعرییەکەی دەکات، کە لەیەکێکیاندا دیاردەی ماچە و پێیوایە بەسەر ڕوومەتی یارەوە دوو باخچەیە و باخچەش ڕەمزی سەرلەنوێی ژیانە وخۆشیی و شادیی تێدایە، بەڵام لەدووەمیاندا ئاماژە بە ئەفسانەی (کاوە و ئەژدەهاك*) دەکات، کە ئەفسانەیەکی کۆنی ڕۆژهەڵاتییەوبەپێی گێڕانەوەکەی لەسەرشانی ئەوکەسایەتییە ئەفسانەییەدا، دوومارهەیە و وەك ڕەمزێك بەکاربراوە بۆ ئەنجامدانی کاری خراپ و کوشتن و بڕین .

**٥٩- هەستی حەوتەمم پێی دەڵێ:**

**ئاگر تووڕەیی خوایە...** [3]

شاعیرپێکهاتەی وێنەی هونەری دەقەکەی بەهۆی سەرچاوەیەکی ئەفسانەیی دروستکردووە، پێدەچێت لەئەفسانەیەکی کۆنی یۆنانییەوەهاتبێت، کەتیایدا هاتووە: ( زیوس**) ی خواوەند لە کاتی تووڕەبوونیدا لەدەستی ڕاستیدا هێزێکی هەبووە، وەك هەورە تریشقەی هەبووە کە فڕێیداوە ئاگربووە [4]. بۆیە شاعیریش کردوویەتیە ڕەمزێك وەك کەرەستەیەکی

---

(١) کۆشیعری ٢ ، دلشاد عەبدوڵڵا، ل٣٣٢.

(٢) شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، قوبادی جەلی زادە، ل٤٠٠.

* بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بنچ و بنەوانی وشەی (ئەژدەهاك) و چۆنیەتی گۆڕانکاریی ئەو وشەیە بگەڕێوە بۆ کتێبی پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی ، د. مەولود ئیبراهیم حەسەن ، چ١، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل١٩٦ – ٢٠٢ .

(٣) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب٢، ل٢٥١.

(٤) ئوستوورەکانی یۆنان و ڕۆم ، دان ناردۆ ، وەرگێڕانی فەرهاد عزیز خۆشناو، چ١ ، دەزگای توێژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریانی،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠١٠ ،ل ٢٥و ٥٢.

** زیوس (zeus) :پاشایە ، یان باوکی هەمووخواکانە ، قەدەغە شکێنی ، مەولود ئیبراهیم حەسەن، ل ١٧٧.

هونـەری بۆپێکهێنـانی وێنـە شـیعرییەکەی بـەدەربڕینی(هەسـتی حەوتـەم)، کـەداهێنراوێکی نوێیـەو ئامـاژە بـە بیرۆکـە شیعرییەکەی شاعیر دەکات.

## ت- وێنەی ڕەمزی مێژوویی :

شاعیر بۆ پێکهێنانی وێنە شیعرییەکەی زۆر جاران سـوود لـە ڕووداو و کەسایەتیە مێژوویـەکان وەردەگرێت، کـە هـەردوو ڕووە ئـەرێنی ونەرێنییەکـەی و شـێوازی مەزرانـدییان و شـێوە گێڕانەوەیـەکی کـۆپیکراوی نـاوەڕۆکی مێـژوو نییـە، بـەڵکو ڕەهەندێکی تازەگەری پێدەبەخشێت، تاکو لەگەڵ بیرو بۆچوونی سەردەمی نوێدا بگونجێت، بەهۆی ئـەو پەیوەندییـەی کـە لەنێوان کاتەکانی ئێستا و ڕابردوودا دروست دەبێت، بەمەش چالاکییەك لە نێـوان کەرسـتە بەکارهاتووەکانـدا دێتەکایـەوە، کە بارودۆخێکی بەهێز دەسازێنێ و ئیحا و کاریگەرییەکەی بە تەواوی لە دەقەکەدا هەستی پێدەکرێت، بـەهۆی نیشـاندانی واقیعـی ئێسـتاوە، لـەتێڕوانینی خـودی شـاعیرەوە لەڕێگـەی بـەکارهێنانی کەرەسـتە مێژووییەکانـدا، کـە تیایـدا وێنـە شیعرییەکان شیعرییەتێك بە دەقەکە دەبەخشن .

**جینۆساید**

**درەختێك**

**بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە**

**گوتی:**

**تەرمی ئەو هەموو گەڵایە**

**لە کوێ بنێژم !؟ (١)**

بـەکارهێنانی وشـەی جینۆسـاید* دەمانگەڕێنێتـەوە بۆگێڕانـەوەی بەسـەرهاتی ڕووداوێـك بەسـەر گـەلی کـوردا هـاتووە، باسکردنی ئەم کارەساتە هەروەك گێڕانەوەیەکی ئاسایی مێژوویی نییە، بـەڵکو شـاعیر لـە ڕێگـەی مەزرانـدنی ئـەو ڕووداوە مێژووییـەوە، چـالاکییەك بـە وێنـە شـیعرییەکەی دەدات، لەڕێگـەی زمانەکەیـەوە لادانێکـی واتـایی بەدەقەکـە دەبەخشـێت وسیفەتێکی بـەمرۆڤکردنی تیـا بەرجەسـتەدەکات، کەئـەویش (قسـەکردن)ە، بـەهۆی گیـان وەبەرخسـتنی درەختێکـی بـێ گیاندا . دیارە (درەخت) ی وەك ڕەمزی کوردستان بەکارهێناوە، کـە بـەقوڕگی پـڕ لەگریانـەوە سـیفەتی مرۆڤـە و بـەزۆری لەحاڵـەتی ناخۆشـیدا ئەوبارودۆخـەی تیـا ڕوودەدات، لەوانەیـە گەڵاشـی وەك ڕەمـزی تـاکی کـورد وەرگرتبێـت، کـە

---

(١) **شەهید بەتەنیا پیاسەدەکات**، قوبادی جەلی زادە، ل٨٨.

* ((**جینۆساید:** genocide : **لەڕووی زمانەوە لە دوو وشە پێکهاتووە :**

**١- وشەیەکی گریکی genos واتە : ڕەگەز ، بنەچە.**

**٢- وشەیەکی لاتینی caeder واتە : کوشتن ، فەوتاندن .**

**بەلێکدانی وشەکە (فەوتاندنی بنەچە) (genocide ) پێك دێت ))، جینۆسایدی گەلی کورد ، لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتاندا ، دکتۆر مارف عومەر گوڵ ، چ٥، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل ٢١.**

ئەوکارەساتەی بەسەردا هاتووە و شاعیر دەیەوێت ئەو ڕووداوەمان بۆبگێڕێتەوە، بەهۆی بەکارهێنانی کەرەستەکانی (درەخت و گەڵا) .

## گەرمیان*

## ژنی جل ڕەش ناسنامەیەتی(1)

شاعیر وێنە شیعرییەکەی بەهۆی بەکارهێنانی کەرەستەی (جل ڕەش) ی وەك ڕەمزی ناخۆشی و ئازار و نالەباریی ژیان بەکاربردووە، کەتیایدا باس لەگێڕانەوەی ڕووداوی کارەساتی (ئەنفال**) ی گەرمیان دەکات، کەناسینەوەی ناسنامەی تاکەکانی (جلی ڕەش)ەومەزراندنی(گەرمیان) لەم دەقەداباس لەپیشاندانی واقیعێك دەکات، کەبەسەر بەشێکی گەلی کوردا هاتووە، بەمەش وێنەیەکی کاریگەری پڕ لە ئیحا بەدەقەکە دەبەخشێت.

## قەڵای کەرکووك

**بەلای قەڵادا تێپەڕیم**
**- منیش شەیدای وشەی کوردیم .**
**بۆچی ناچی**
**دیوانێکی ئەسیریم*** بۆ بکڕی ...(2)**

---

(1) کۆشیعری 2 ، دلشاد عەبدوڵڵا، ل336.

* گەرمیان : (( وڵاتی گەرمی کەم بەفرو سەرما )) ، فەرهەنگی خاڵ ، شێخ محەمەدی خاڵ، ل 412، هەروەها لە کوردستاندا ناوچەکانی چەمچەماڵ وکفری و دەربەندیخان و کەلار دەگرێتەوە ، بۆزانیاری زیاتر بگەڕێوە ، بۆ کتێبی جوگرافیای هەرێمی کوردستان ، د. عەبدوڵڵا غەفور ، چ2 ، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی ، هەولێر ، 2000، ل 274– 275 .

** ئەنفال : پرۆسەیەکی سەربازیی بوو، ڕژێمی بەعسی عێراقی بەشێوەیەکی بەر فراوان شالاوی هێنا بۆپەلاماردانی کۆمەڵێك ناوچەی کوردستان، بەمەبەستی ڕاگواستن و خاپورکردنی ناوچەکان و تەعریب وتەبعیس کردنیان ، لە 29ی ئازاری ساڵی 1988 دەستی پێکردووتا 9/5/ 1988 بەردەوام بوو. هەروەها هەڵبژاردنی ناوی ئەنفال (پاشماوەی شەڕ ) بەهۆی سوڕەتی هەشتەمی قورئانەوە ناونراوە ، ئاماژە بووبۆکارە توندڕەوەکەی بەعسی عێراقی . بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر بگەڕێوە ، بۆ جینۆسایدی گەلی کورد ، ل 48 ، ئەنفال کارەسات . ئەنجام وڕەهەندەکانی، یوسف دزەیی ، چ2، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2001، ل 34 و کوردی عێراق ، بنیاتی دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا ، ئۆفرابینگیۆ، وەرگێڕانی سۆران مستەفا کوردی ،چ1، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر،2013،ل 279– 285.

(2) دیوانی لەتیف هەڵمەت ، لەتیف هەڵمەت، ب 3 ، ل 277 .

*** ئەسیری (1895– 1962) : ناوی عەبدولخالق کوڕی شێخ حوسێنی نەقشبەندییە ، لەشاری کەرکووك هاتۆتە دنیا ، دیوانی ئەسیری ، ئامادەکردن وپێشەکی د. کوردستان موکریانی ، پێداچوونەوە وبەراورد ئەحمەد تاقانە ، دەزگای چاپ وبلاو کردنەوەی ئاراس ، چ1، هەولێر،2006 ، ل18 .

شاعیر لـەم دەقـەدا بـەهۆی سـوود بینینـی لەوشـەکانی (قـەلأی کـەرکووك) و(دیـوانی ئەسـیری)، وەك ڕەمزێکـی مێـژوویی وەریگرتوون، بۆئەوەی وێنە شیعرییەکەی پێ پێکبێنێت، بـەهۆی ئـەوەی (قـەلأی کـەرکووك ) کەرەسـتەیەکی مێژووییـە و (ئەسـیری)ش شـاعیرێکی نـاوداری شـارەکەیە، بـە بـەکارهێنانی هـەردووکیان بۆمەبەسـتی گێڕانـەوەی ڕووداو و کەرەسـتە وکەسایەتی مێژوویی نییە، بەڵکودەیەوێت لێکچواندنێك لەنێوان خۆیی وقەلأدا بکـات، لەسـیفەتی بـەهێزی وخـۆڕاگریی ونـە چەمانەوەی لەبەرامبەر هەرجۆرە ڕووداوێکدا، هـەروەها لێکچـواندنەکەی لەگـەڵ ئەسـیریش بۆسـیفەتی خۆشەویسـتی خـاك وشەیدایی وشەی کوردیی دەگێڕێتەوە .

کەواتە دەتوانین بڵێین هەرسێ شاعیر لەچەندین ڕەهەندی جیاوازەوەشـیعرییەتی وێنـەی شـیعرییان خسـتۆتە ڕوو، بـەهۆی سوود وەرگرتنیان لەڕووی دەروونی و ڕەوانبێژی وڕەمزییەوە، لـە شـیعرییەتی وێنـەی شـیعریدا (قوبـادی جـەلیزادە) وێنـە شیعرییەکانی هەندێك زیاتر بەهۆی هەستەکانی مـرۆڤ وزەینـی وڕەمزییـەوە داڕێـژراون، دواتـر (لـەتیف هەڵمـەت) و(دلشـاد عەبدوڵلا)ن، هەروەها لەڕووی ڕەوانبێژییەوە شاعیران سوودیان لەهونـەری لێکچـواندن وخواسـتن وەرگرتـووە بۆپێکهێنـانی وێنەشیعرییەکانیان، بەمشێوەی خوارەوە: لەوێنەی لێکچواندند ا( قوبادی جـەلیزادە، لـەتیف هەڵمـەت، دلشـاد عەبـدوڵلا)، کەچی لەوێنەی خواستندا تاڕاددەیەك بەپێی دەقەبەکارهاتووەکان نزیکـی یـەکترن، بـەلأم لەمەسـەلەی وێنـەی ڕەمزییـەوە ( قوبادی جەلیزادە) و (لەتیف هەڵمەت) هەندێك بەیەکسانی وێنە خودییەکانیان دروستکردووە.

## سێیەم : شیعرییەتی ریتمیی کورتیلە شیعر:

بە پێی دەقی کورتیلە شیعرە دەست نیشانکراوەکانی نێوئەم لێکۆلینەوەیە، ئاماژە بە شیعرییەتبوونی ڕیتمییان دەکەین، لەسەرئاستی پێکهاتەیی ودەلالیدا . هەروەك چۆن پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەرچەندە ئامادەبوونی ڕیتمێکی دیاریی کراو لەودەقانەدا کەمتر ئامادەبوونیان هەیە، بەلام ئەوەمانای ئەوەنییە کە بەتەواوی دەستبەرداریی ڕیتمە، چونکەئەم فۆرمە نوێیە هونەرییە بناغەکەی بیرۆکەیەکی چرە، بۆیە بەرئیقاعێك دەکەوێت کە (( ئیقاعی فیکرە))[1] ی پێدەگوترێت، ئەمەش لەئەنجامی هەستێکی دیاریکراوی شاعیرەوە دێتەدی بەرامبەربەبەکارهێنانی پیت ودەستەواژە شیعرییەکانەوە، بەمانایەکی دیکەهەستکردنە بەوبەها دەنگیانەی، کە ئاوێتەی ئیستاتیکایە زمانییەکە دەبن، کەوابوو مۆسیقای شیعرەکە پشت بەوێنەی کاتیی ( تفعیلەکان – پێیەکان ) نابەستێت[2] . بۆیە شاعیرانی نوێ لەم ڕوانگەیەوە هەولیانداوە بۆدەربرینی هەستی هەلچوونی ناوەوەیان و ئەزموونی شیعرییان لە کێش و سەروای دیاریکراو دووربکەنەوە و بەشێوەیەکی نوێ بیر لەبیرۆکە شیعرییەکانیان بکەنەوە و پەیامەکەیان لەڕێگەی بیرۆکەی تازە بابەتەوە بەخوێنەر بگەیەنن . دیارە ئەم کارەش زیاتر لەڕیتمی ناوەوەی شیعرییدا کاری لەسەرکراوە و بایەخەکەی بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە دروستبوونی ئەوڕیتمە بارودۆخە ویژدانییەکەی ناخی ناوەوەی شاعیر پێك دێنێت، بەدوورکەوتنەوەی لە مۆسیقای دەرەوە، شێوە بنیاتێك دێتەکایەوە پەیوەندی بە بارودۆخە هەستییە خودییەکەی شاعیرەوە هەیە، لەنهێنی هەلبژاردن و چۆنیەتی ڕێکخستن و گونجاندنی وشە بەکارهاتووەکان لەڕووی شێوازی پێکەوە گرێدان و شێوەی بەکارهێنانیان لە کورتیلە شیعرەکاندا ، بۆیە بەهای هونەری شیعرییەتبوونی ئەم دەقانە لەوەدایە کە لەڕێگەی بەکاربردنی نهێنییەکانی وشەودەنگەکانیەوە بەهایەکی ئیستاتیکی بە بونیاتی ڕیتمی شیعرەکە دەبەخشن، بەهۆی ئەو شارەزاییەی لە ئەزموونی ئەدەبیی شاعیرەکەوە دێتە کایەوە، کەوا بە شێوەیەکی هونەرییانە وشەکان یەك لەدوای یەك ڕێکدەخات بەهۆی ئەو دووبارە وجەختکردنەی لەسەر وشەکاندا دێتە دی، کە سەرجەمیان پێکەوە جۆرێك لە ڕیتمی ناوەکی دروستدەکەن [3].

**مۆمێك؟؟**
**نانێك و**
**خەنجەرێك**
**ڕۆیی بە نیازی سەفەرێك!!** [4]

ئەگەر سەرنج بدەینە وشەکانی (مۆمێك ، نانێك ، خەنجەرێك، سەفەرێك) دەبینین، یەکێك لەو دیارانەی کە ڕیتمی شیعریی دروستکردووە، سەروای دەنگی ناوەوەی شیعرەکەیە، بەهۆی ئەو دووبارەبوونەوەی کە لە هاوشێوەبوونی دەنگیی پیتیی وشەکاندا ڕوودەدات، وەك (ێك) کە لەکۆتایی وشەکاندا هاتووە ولادانێکی فۆنیمی دروستکردووە ومەبەستیش لەم

---

(١) ئیرۆسکیێ، دلشاد عەبدوللا،ل١٧٢.

(٢) رماد الشعر، د.عبدالكريم راضي جعفر ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٩٨، ص٣٠٩.

(٣) النقد الأدبي الحديث ، د.محمد غنمي هلال ، دار النهضة ، مصر للطبع والنشر ، القاهرة ،١٩٧٧ ، ص٤٧٥.

(٤) شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات ، قوبادی جەلی زادە ، ل١٢٦.

دیاردەیە ئەوەیە کە لەشێوە دەنگییەکاندا ئەولادانە پەیدا دەبێت، کە فۆنیمەکان لەناودەقە شیعرییەکاندا دەیخوڵقێنن[1].
جگە لەمەش وشەکانی ( مۆمێك ، نانێك) دووبڕگە و ( خەنجەرێك ، سەفەرێك) سێ بڕگەن واتە جیاوازن، بەلاّم لەڕووی دووبارەبوونەوەی چەند دەنگێکەوە وەك یەکن . ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەوشێوە ڕیتمەی، کەبەرئیقاعی بیرۆکە دەکەوێت وزادەی هەڵچوونی ناوەوەی دەروونی شاعیرە .

**بولبول**

**گۆرانیبێژێکی تۆراوە**

**دڵی بە تیری سەد گوڵ پێکراوە.** [2]

شیعرییەتی ڕیتمیی لەم دەقەدا بەهۆی ئەوەوە هاتۆتەدی، کە لەم دەربڕینەدا بڕگەی دووەم و سێیەمی وشەکانی (تۆراوە) و(پێکراوە) بەدووبارەبوونەوەی دەنگی پیتەکانی (راوە) وەك سەروایەك، هاوشێوەبوونێکی پیتی دەنگیی وهاوسەرواییەکی دەنگیی ناوەوەیی دروستبووە، بەدووبارەکردنەوەی چوار دەنگ، کە لەڕوانگەی (جان کۆهین) ەوە (( ئەم هاوشێوەبوونە لەهەمووسەردەمێکدا زیاتر لەسەروا بەکاربراوە،بە تایبەتیش ئەو زمانانەی، کە سەروا بەکارناهێنن و زۆرتر هاوشێوەیی دەنگیی بەکاردەبەن))[3] ،ئاشکرایە ئەو وشانە لە ڕووی ژمارەی بڕگە و کێش و سەرواوەش یەکسانن .

**کێ دەڵێ**

**کێ**

**بێ دەنگی...دەنگی لێ ناتکێ...!** [4]

لەتیف هەڵمەتی شاعیرلەمیانی ئەم چەند وشەیەدا لەچەندین لاوە کاری لەسەر شیعرییەتبوونی ڕیتمی ناوەوەی دەقەکەدا کردووە، لەوانە بەدووبارەکردنەوەی پیتی (ێ) ی بزوێنی دەنگداریی کۆتایی وشەکان، هاوشێوەبوونێکی پیتی دەنگی ئەنجامداوە، کە بەجۆرێك لەجۆرەکان بەکارهێنانی سەروایی پێوە دیارە، کە لەنێوان وشەکانی ( کێ، دەڵێ، بێ، لێ، ناتکێ )، هەروەها بەدووبارەکردنەوەی جێناوی پرسیاری (کێ) وسەرەڕای ئەوەش وشەکانی (بێ دەنگی× دەنگی) دژیەکێکی نەرێنی لە نێوانیاندا هەیە.

**مەمك**

**کەوتمە کەمینی مەمکەوە،**

**هەر دە پەنجەم**

**شەهید !!** [5]

---

(١) البنية الايقاعية في الشعر (حميد سعيد) ، د.حسن الخرقي ، ط١، دارالشوؤن الثقافية ، بغداد ، ١٩٨٩، ص١٢٥ .

(٢) کۆ شیعری٢، دلشاد عەبدوڵلاّ، ل٣٢٤.

(٣) بنية اللغة الشعرية ، جان كوهين ،ص ٨٢.

(٤) دیوانی لەتیف هەڵمەت ، لەتیف هەڵمەت ، ب٢، ل٥٢٧.

(٥) شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات ، قوبادی جەلی زادە ، ل٥٥٣.

شاعیر لێرەدا بەهۆی دووبارەکردنەوەی دەنگی پیتەکانی (کە) سێجار و(م) چوارجار، ڕیتمێکی ناوەکی پێکهێناوەو جۆرە ئاوازێکی هێمنی بەخشیوەتە دەقەکە، هەروەها خۆی لەکێش و سەروای تەقلیدیی کۆنی بەکارهاتوو ڕزگارکردووە ولەبری کێش وسەروادا ڕیتمی ناوەوە، یاخود سیستەمی خودیی دەنگەکانی بەکارهێناوە[1]، بەمەش بەکارهێنانی ئەوڕیتمە تایبەتەلەنێوان وشەکاندا وپەیوەندی بە لایەنی دەروونی مرۆڤەوە هەیە، لە چرکەساتی لە دایکبوونی دەقەکەدا.

**باران**

**حەیای بەفری**

**تکان !**[2]

شیعرییەتی ڕیتمی ناوەوەی ئەم دەقە بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە شاعیر لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەکانی (باران) و(تکان) شێوازێکی هاوسەروایی لەنێوان دوو دەنگدا، کە( ان ) ن دروستکردووەوهەروەها لەژمارەی بڕگەشدا یەکسانن، کە ( دوو بڕگەن)، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەشێوازی هاوسەروا، لەدەنگەکانی کۆتایی وشەکەدا دەردەکەوێ، ئیستاتیکاو بەها و زرنگانەوەیەك بەکارهێنانی وشە و ڕیتمەکەی دەبەخشێت و هەستی وەرگر بۆ خۆی ڕادەکێشێت[3]. بێجگە لەمەش بە هۆی دووبارەکردنەوەی دەنگی پیتی بزوێنی (ی) ی بێدەنگ هاوشێوەبوونێکی دەنگی دروستکردووە، لەنێوان (حەیای) و (بەفری)، هەروا لە ژمارەی بڕگەشدا یەکسانن کە (دوو بڕگەن) .

**-٥-**

**باڵات بستێك لە ئاسمان نەوی تر**

**بستێك لە ئاڵای نیشتمان ،**

**بڵند تر.**[4]

( قوبادی جەلیزادە) لەمیانی ئەم کورتیلە شیعرەدا، لەچەندین ڕوانگەوە کاری لەسەرشیعرییەتبوونی ڕیتمی ناوەوەی دەقەکە کردووە، بۆبەرزکردنەوەی ئاستی شیعریی، لەوانەبەهۆی دووبارەکردنەوەی وشەکانی (بستێك) لە جارێك زیاتر جا بۆهەرمەبەستێك بێ، چونکە بەهەڵبژاردنی ئەو وشەیە لای شاعیر مەبەستێکی لەدواوەیە دەشێت پەیوەندی بەباری دەروونی خودی ئەوەوە هەبێت، یاخود هەڵوەستەکردن لەسەرئەو وشەیە بەمەبەستی جەختکردن ودڵنیابوونەوەبێ، چونکە(( دووبارەکردنەوە لەئەرکی جەختکردنەوەدا بۆتەکنیکی ئیستاتیکی دەگەڕێتەوە و شێوازی چۆنیەتی بەکارهێنانی لەنووسەرێك بۆ نووسەرێکی تر جیاوازە))[5]، کەواتە بەجۆرێك لەجۆرەکان جوانکارییەك بەبونیاتی ناوەوەی دەقەکە دەبەخشێت . هەروەها لە نێوان وشەکانی (ئاسمان و نیشتمان) شیعرییەتێکی هاوسەروا دروستبووە، لەنێوان دوودەنگدا کەیەکێکیان بزوێنی ( ا ) و نەبزوێنی (ن)ە، بەدروستبوونی لە دەنگێك یان زیاتردا لەکۆتایی پارچەی وشە دەربڕاوەکەدا،

(١) أوهاج الحداثة ، د.نعيم اليافي ، اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، ١٩٩٣، ص٣٢.

(٢) باخچەکانی مەلەك تاووس ، قوبادی جەلیزادە ، ل٢٢١.

(٣) النقد التطبيقي والتوازنات ، د.محمد صادق عفيفي ، مكتبة الخانجي ، القاهرة ،١٩٧٨ ، ص٢٢٠.

(٤) باخچەکانی مەلەك تاووس ، ، قوبادی جەلیزادە ، ل٢٨٦.

(٥) الاسلوبية وتحليل الخطاب ، د.منذر عياشي ، ط١، مركز الإنماء الحضاري ،٢٠٠٢ ، ص١٨٩.

بەهایەکی ئیستاتیکی بەدەقەکە دەدات ودەبێتە تایبەتمەندییەك شێوازی دەقەکەی پێدەناسرێتەوەو بەشداری لەسیمای داهێنانەکەی دەکەن . هاوشێوەبوونێکی دەنگیی تری دەلالی لەم دەقەدا بەهای شیعرییەتبوونی بەرزتر دەکاتەوە، ئەویش بەبەکارهێنانی شیعرییەتی هاوتەریبی لەنێوان دووشتدا، بۆنموونە لە وشەکانی (نەوی تر و بڵندتر) دا . دوو وشەی دژیەکی ئەرێنین و لەواتادا دژی یەکترن و پەیوەندییەکی سروشتی دژ بەیەکیان هەیە و بۆبەراوردکردنی بارودۆخێکی دیاری کراودا بەکاردەهێندرێن، بۆ پیشاندان و دەرخستنی شتێك بەسەر شتێکی تردا.

**گریان ،**

**پێم پێدەکەنیٚ.** [1]

ئەم کورتیلەشیعرە لەبونیاتی هونەری پێکهاتەکەیدا، خاوەن بونیاتێکی دژیەکییەوبەهای شیعرییەتەکەی لە هاوتەریبییەکەیدایە، کەشێوازی زمانی دەربڕینی دەقەکە چڕ وپووخسارەکەی پتەودەکات [2]، بەهۆی هاوشێوەبوونە دەنگییە دەلالییەی کە دروستبووە وپەیوەندییەك لەنێوان هاوتەریبیبوونەکە ودووبارەبوونەوەی دەنگیی پیتەکانی ( پیٚ ) یەکەداهاتۆتەکایەوە، جگە لەمەش هاوتەریبییەکە خۆی بەڕیتمی ناوەوەگرێداوە، لەنێوان وشەکانی ( گریان) و (پێدەکەنیٚ)، بەمەش شیعرییەتبوونێکی هاوتەریبی دژیەکی ئەرێنی لەنێوانیاندا هاتۆتەئاراوەو پلەی شیعریتبوونی دەقەکەی بەهێزترکردووە، بەهۆی ئەوشێوازە دەربڕینە هونەرییەی دەقەکەی پێدەربڕراوە.

**پەروانە**

**شۆڕشگێڕێکی سووتاوە**

**بە کڵپەی شۆڕش .** [3]

دووبارەبوونەوەی وشەی (شۆڕش) لەم دەبڕینەدا شیعرییەدا بونیاتێکی خاوەن بیرۆکەیەکی چڕی سەربەخۆی (داخراو)ی دروستکردووە، لەهەمان کاتیشدا شاعیر بۆدەرخستنی بیرۆکەیەکی تایبەتی ئەو دووبارەکردنەوەی بەکارهێناوە، بەمەش خزمەتی سیستەمی پێکهاتەی نێوەوەی دەقەکە دەکات، کە تیایدا شاعیر دەلالەتی ئیحایی دەقەکەی پیٚ چڕ دەکاتەوە، بۆیە هەرچەندە ژمارەی دەنگە دووبارەبووەکان لەپێکهاتەی وشەکەدا زیاتربێت، بەهاوڕیتمی دووبارەبوونەوەی وشەکە زیاتر دەبێت .

**جگەرە**

**شەوێکە بەدیار مۆمێکەوە**

**دەتوێتەوە.** [4]

شاعیر لەنێوان وشەکانی (مۆمێکەوە، دەتوێتەوە)، بەدووبارەبوونەوەی دوودەنگیی بزوێنی (ە) لەنێوان دەنگێکی نەبزوێنی (و) دا، هاوسەروایەکی شیعریی دروستکردووە، بەبەکارهێنانی سەروای (ەوە) وە، کەسیٚ دەنگی کۆتایی

---

(١) خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا ، ، قوبادی جەلی زادە ، ل٢٧٩.

(٢) البنيوية وعلم الاشارة ، ترنس هوكس ، ترجمة مجيد الماشطة ، دارالشوؤن الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٨٦، ص ٧٤.

(٣) کۆ شیعری٢ ، دلشاد عەبدوڵلاٚ، ل٣٢٤.

(٤) کۆ شیعری٢ ، دلشاد عەبدوڵلاٚ ، ل٣٣٢.

وشـەكان ئیسـتاتیكایەكی بەشـێوازی دەربڕینـی دەقەكەبەخشـیوەو هاوسـەنگییەكی لـەنێوان ژمـارەی بڕگـەی وشـەكاندا سازاندووە، كە لەسێ بڕگەدا پێكهاتووە، بۆیە بەبەكارهێنانی ڕستەی كورت ودروستبوونی هاوسەروایی لە نێـوان وشـەكاندا گوتنەكە بەهێزتر دەكات، چونكە تاشێوازی (( دەربڕین كورتتر بێ، ڕیتمێكـی تایبـەت لـە نێـوان پێكهاتـەی وشـەكانی نێـو دەقەكە بەرجەستە دەبێت )) [1]. بۆیە تا دەربڕینی شێوازی وشەكە كورتبڕبێ، بواری ڕیتمی ناوەوە چالاكتر دەبێت .

**مانگ**

**لە جامە ئاوێكدا جێگەی دەبێتەوە**

**جوانی بە گەورە و بچووكی نییە[2]**

شیعرییەتی ئەم دەقە لەوخاڵـەدا چـڕبۆتەوە، كـە بونیـاتێكی پێكهاتـەیی دژیـەكی هەیـە، جگـە لەمـەش هاوشـێوەبوونێكی دەنگی دەلالی لەچوارچێوەی دووبارەبوونـەوەی شـیعرییەتێكی هاوتـەریبی لـەنێوان وشـە دژ بەیەكەكانـدا دێتـەئاراوە، كـە وشـەكان لـەواتاو ئەركدا دژی یـەكترن، بـەڵام كۆبوونـەوەی وشـەكانی ( گـەورە و بچـووك )، وەك دوو ئاوەڵنـاوی سـادەی دژیەكی ئەرێنی بەدوایەكدا هاتوو لەمیانی دەقێكدا، بـەها ئیسـتاتیكییەكەی بـەرزتر دەكاتـەوە، بـەهۆی ئەوشـێوازەی كـە دەربڕینەكەی بەرەو چڕیی و قوڵبوونەوە دەبات .

**دڵ**

**ماڵی بێ دیوارە**

**دەرگەی هەزار هەزارە[3]**

هەردوو وشەكانی ( دیوارە، هەزارە) لەژمارەی بڕگەدا یەكسانن (٣) بڕگەو چۆنیەتی دروستبوونیان هاوسـەروایەكی دەنگـی تێدایە، بەدووبارەكردنەوەی سێ دەنگی پیتیـی كۆتـایی وشـەكان (ارە)، كـەجۆرێك لەسـەروایی تێدایـە. بەمـەش ڕیتمێكـی بـەهێزی لـەناوەوەی بونیـاتی پێكهاتـەی دەقەكـەدا پێكهێنـاوە، هـەروەها دووبارەكردنـەوەی وشـەكانی (هـەزار، هـەزارە) جۆرێـك لەشـیعرییەتی ڕەگـەزدۆزی ناتـەواوی دروستكردووە،چـونكە زیـاد لەبـەكارهێنانی دەنگێـك لەوشـەكاندا ، زیـاتر بەهایەكی ئیستاتیكی بەدەقەكـە دەبەخشـێ، بۆئـەوەی كەشـەموزیكییەكە تـەواوبكات [4]، بـەهۆی زیادبـەكارهێنانی پیتـی دەنگێكی بزوێنی كورت لە كۆتایی وشەی (هەزارە) دا، شیعریەتی دەقەكەی پتر بەرجەستە كردووە.

---

(١) النص الشعری بین التأصیل والتحلیل ، د.بوجمعه بوبعیو ، منشورات جامعات قاریونس ، بنغازی ، ١٩٩٨، ص١٨٣.

(٢) كۆ شیعری ٢، دلشاد عەبدوڵڵا، ل٣٣٤.

(٣) كۆ شیعری ٢، دلشاد عەبدوڵڵا، ل٣٣٦.

(٤) النص الشعری بین التأصیل والتحلیل، د.بوجمعه بوبعیو ،ص١٨٥ .

**عەجیب**

**سەرزەمین پڕە لە ئەوین**

**بەڵام تارمایین دیارنین[1]**

لەنێوان وشەکانی ( سەرزەمین، ئەوین، تارمایین، دیارنین ) شیعرییەتێکی هاوسەروایی دەنگی، بەهۆی دووبارەکردنەوەی بەکارهێنانی دوودەنگی (ین) ی هاوشێوەیی لەکۆتایی وشەکاندا دروستبووە . هەروەها وشەکانی ( سەر زەمین، تارمایین، دیارنین) لەژمارەی بڕگەوسەرواوەیەکسانن، کەتیایدا شێوازی دەربڕینی دەقەکەی لەئاستی ڕیتمی ناوەوەدا چالاکتر وبەهێزتر کردووە، بەهۆی ئەوپەیوەستبوونەی کە((دەنگی مۆسیقاوئیستاتیکایە هونەرییەکەی شێوازەکە دەپارێزێت)) [2]، بۆیە بەکاربردنی ڕیتم و مۆسیقای ناوەوە لایەنی هونەری دەقەکە و سیمای هونەریبوونی داهێنانەکەی پیشاندەدەن .

**عەشق:**

**تەور و دار**

**کاممان تەورین**

**کاممان دار ... ! [3]**

شاعیر لەم دەقەدا دووکرداری دووبارەبوونەوەی ئەنجامداوە، لەیەکەمیاندا بەدووبارەکردنەوەی وشەکانی ( تەور و دار)، ئاماژە بەجۆرە ئیقاعێك دەکات کە پێی دەڵێن گونجان، کە ەنێوان هەردوو وشەکەدا ئیقاعی گونجان و تەبایی (التناسب والأنسجام) دروست دەبێت و دەیەوێت هەڵوەستەیەك لەسەرکرداری عەشق دا بکات، لەدیدگایەکی خودییدا مەبەستییەتی جەخت لەسەر ئەودیاردەیە بکاتەوە، بەهۆی گەمەکردنی بەچۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەشیعرییەکەیەوە، لەڕێگەی وشەودەربڕینە شیعرییەکاندا دەیەوێت جوانکارییەك بەشێوەوبەشێوازی ئیستاتیکای دەقەکە ببەخشێت، چونکە (( دووبارە بوونەوەبەجۆر وشێوە جیاوازییەکانییەوە، خاسیەتێکی هونەری گرنگی دەقی شیعرییە، کەخۆی بەدووبارەکردنەوەی وشەودەربڕینەکانەوە جێگیردەکات ))[4]، هەروەها سیمایەکی تری هونەریی ئەم دەقە ئەوەیە، کەبەدووبارەبوونەوەی وشەی (پرس) ی (کام) لەگەڵ جێناوی لکاوی (مان) بۆکەسی یەکەمی کۆ، شێوەڕیتمێکی خێرای جولەداری وەرگرتووە، کەخۆی لەواتایەکی توندی گرژی هێزداری پڕ لەدەلالەتێکی پرسیاردار دەدۆزێتەوەو بەدوای شتێکدا دەگەڕێت ودەیەوێت وەڵامێکی دەست بکەوێت، بەم کردارەش جولەی دەقەکە خێراتر دەبێت وخوێنەر چاوەڕوانی دۆزینەوەی ئەنجامی کۆتایی وەڵامەکان دەکات، بۆیە گەمەپێکردنی ئەوجۆرە وشانەو دووبارەبوونەوەیان لەمیانی ئەم کورتیلە شیعرانەدا پلەی شیعرییەتبوونی دەقەکە بەرزتر دەکاتەوە، بەهۆی ئەوهێزە پڕ لەئیحایەی، کەبیری خوێنەربۆ بەدەستهێنانی تەواوکردنی ماناکانی دەقەکە ڕادەکێشن .

---

(١) گۆمی پوونگ، دلشاد عەبدوڵڵا، ل١١٣.

(٢) النقد الأدبي وقضايا الشكل الموسيقي في الشعر الجديد ، علي يونس ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ،١٩٨٥، ص١٧٧.

(٣) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت ،ب٣، ل٣٩.

(٤) اللغة الشعرية، دراسة فى شعر حميد سعيد، محمد كنونى ، ط١ ،دار الشوؤن الثقافية العامة ، بغداد، ١٩٩٧ ، ص ١١٦.

## ١٨٤- وەڵامەكان : گوللەن
## گوللەن ... گولله
## كەس پرسيار نەكات [1]

دووبارەكردنەوەی وشەيەكی دياريكراوی وەكو( گولله) وجەختكردنەوەی لەم كورتيلەشيعرەدا، زياتر بۆ ڕوونكردنەوەی واتای شيعرەكەوبەهێزكردنی بونياتی شيعرييەت بوونی دەقەكەيەو لەلايەكی تريشدا بۆدروستكردنی ڕيتمێكی ناوەكييە لەپێكهاتەی دەقەكەدا [2]، بەمەش ڕەهەندێكی مۆسيقيی بەدەقەكە دەبەخشێت وشاعيربەسێ بارەكردنەوەی وشەی (گولله)، جۆرێك لەڕيتمی ناوەوەی بۆكورتيلە شيعرەكە دروستكردووە، جگە لەوەش بەهۆی سێ بارەكردنەوەی ئەو دەربڕينە شيعرييە زياتر دەيەوێت مەبەست و واتای دەقەكەی ڕوونبكاتەوە، تاكو چيتر كەس پرسيار نەكات، چونكە وەڵامەكانی داواكاری خەڵكی هەرگوللەن .

## ١٠- كێ دەڵێ كێ كێ
## مۆسيقا
## ناخرێتە قەفەزەوە ؟ [3]

دووبارەكردنەوەی وشەی پرسی (كێ) بەسێجارو هەڵبژاردنی ئەم وشەيە، بۆڕوونكردنەوەی مەبەستێكی دياريكراوی شاعيرەوئيستاتيكايەك بەپێكهاتەی ڕيتمی ناوەوەی دەقەكە دەدات، هەڵوەستە كردن لەسەر چۆنيەتی دەربڕينی شێوازی بەكارهێنانی وشەيەك ودووپاتكردنەوەی، لەوانەيەبۆنيشاندان ودەرخستنی دياردەيەك بێت، كەشاعير دەيەوێت خوێنەر (وەرگر)، بەتەواوی بۆكردنەوەی هێزی ئيحابەخشی دەقەكەی ڕابكێشێت وئەوباروودۆخە بدۆزێتەوە، كەپاڵەپەستۆيەكی دەروونی لەناخی شاعير دروستكردووە بۆئەوەی بەوهەڵچوونە دەروونييەوە، بەهۆی دووبارەبوونەوەی وشەی پرسەكەی مەبەستە شيعرييەكەی بخاتە ڕوو، چونكە (( هەموو دەقە شيعرێكی تەواو، لەناوەوەيدا ڕيتمێكی تايبەتی خۆی هەيە و دۆزينەوی ئەم ڕيتمە تێگەيشتن وهەستكردن بەئيستاتيكای تەواوی دەقەكە قووڵتر دەكاتەوە، بەهۆی زمان وبەهای دەنگيی و ڕۆنانی وشەكانی دەقەكەوە ))[4] ، هەروەها لەنێوان وشەكانی (كێ ، دەڵێ ، كێ ، كێ ) دووبارەبوونەوەيەكی دەنگی لە پيتی (ێ) ی بزوێنی دەنگدار دروستبووە، جۆرە ئيستاتيكايەكی بەتەكنيكی داڕشتنی پێكهاتەی دەقەكە بەخشيوە، بەهۆی دووبارەبوونەوەی ڕيتمێكی ناوەكييەوە.

---

(١) ديوانی لەتيف هەڵمەت ، لەتيف هەڵمەت ،ب٢، ل٢٩٥.

(٢) الشعر عند النهاية قرن العشرين، عائد خصباك، دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٨٩،ص٢٨٨.

(٣) ديوانی لەتيف هەڵمەت ، لەتيف هەڵمەت ،ب٢،ل٢٣٧.

(٤) تقنيات التعبير في شعر نزار قباني ، پروين حبيبي، ط١ ، مطبعة الجامعة الاردنية،عما ن، ١٩٩٩ ، ص ٢٢.

## ١٧- مرۆڤ بە هاوین خۆی ڕووت دەکاتەوە

## دارستان

## بە زستان ! [١]

بونیاتی هونەری ئەم کورتیلە شیعرە خاوەن پێکهاتەیەکی دژیەکی ئەرێنییە، لەنێوان وشەکانی (هاوین، زستان) ، کەلە واتادا دژی یەکترن وپەیوەندییەکی سروشتی دژبەیەکیان هەیە، سەرەڕای ئەوەی ڕۆڵێکی ئیستاتیکی واتایی بە ڕووخساری ناوەوەی دەقەکە دەبەخشێت و شیعرییەتێکی هاوتەریبی لەمیانی هاوشێوەبوونێکی دەنگیی دەلالییەوە بە پێکهاتەی دەقەکە دەدات . شیعرییەتبوونێکی تری ڕیتمی ناوەوەی ئەم دەقە بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە شاعیربەهۆی پێکهێنانی هاوسەروایەکی دەنگییەوە بەچوار دەنگەوە لەنێوان (دارستان ، زستان) وایکردووە، کەشێوازی دەربڕینە شیعرییە کەچێژ و شیرینییەکی بە دەقەکە داوە و جۆرە ڕیتم وئاوازێك لە دابەشبوونی پارچە دابڕاوەکاندا دروست دەبێت بەهۆی ئەوهاوسەروایەی کەوا پێی دەربڕدراوە [٢]، بەدووبارەکردنەوەی دەنگەکانەوە شێوەئاوازێکی تایبەتی لەناوەوە بەوشەکان بەخشیوە.

## دوو دەنگ

## ١- کە نان لەناو قوڕگی شێرا

## حەشاردرا

## نەبی بە تفەنگ

## دەبی بە ژەنگ [٣]

لەنێوان ( شێرا، درا ) هاوسەنگی وهاوتەریبیەك لەدەربڕینیاندا هەیە، کە لەژمارەی بڕگەدا یەکسانن ودوو بڕگەن و شیعرییەتێکی هاوسەروایی لەڕیتمی ناوەوەی وشەکانداهەیە، کەبەهۆی هەردوو دەنگی (را) وە، کە بەسەروا دادەنرێت و دروست بووە، بەهێزترین ئیحای شیعری پێکهێناوە بەهۆی ئەو شێوازەی کە بیرۆکە شیعرییەکەی پێدەربڕاوە، جگە لەمەش وشەکانی (نەبی ، دەبی) دژیەکێکی نەرێتی دروست کردووە، بەهۆی ئەوەی ئەگەرنەبیت بەدەنگی تفەنگ ئەوا دەبیت بەبێدەنگی ژەنگ ومافەکەت لەدەستدەچێت، ئەوەش بۆئەو کاریگەرییە تایبەتیە دەگەڕێتەوە، کە بەهۆی هونەری دژیەکەوە وشە دژ بەیەکەکان کۆدەبنەوە و وێنەیەکی زەینی و هونەری دژبەیەك پێکدەهێنن، بەهۆی شێوازە جوانکارییە دەربڕاوەکەیەوە پەیوەندییەك لەنێوان هۆشی خوێنەرووژدانی چالاکیە هونەرییەکەی شاعیردروستدەبێت و کاریگەرییەکی بەتین لەسەرهەستی وەرگر (خوێنەر) جێدەهێڵێت [٤] .

---

(١) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت ، ب٢،ل٢٤٠

(٢) النثر الفني عند لسان الدين بن الخطيب، د.عبدالحليم حسين الهروط ،دار جرير للنشر و التوزيع، عمان، الأردن،٢٠٠٦ ، ص١٨٠

(٣) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت ، ب١،ل٦٤٠

(٤) البلاغة والتطبيق،د.أحمد مطلوب ودكامل حسن البصير، دار الكتب للطباعة والنشر،جامعة الموصل، ١٩٨٢، ص٤٤٣

کەواتــە شــێوازی دەربڕینــی دەق کاریگەرییــەکی چــالاکی هەیــە بۆدەرخســتنی بیرۆکــە شــیعرییەکە، هــەروەها وشــەکانی ( دەنگ، تفەنگ، ژەنگ)، هاوسەروایەکی دەنگی لەسێ دەنگی (ەنـگ) کـۆی کردوونەتـەوە وڕیتمێکـی نـاوەکی خزاوەتـە بونیاتی پێکهاتەی دەقەکەوە.

کەواتە هەرسێ شاعیر بەڕادەیەکی بەرچاو تاڕادەیەك بەشێوەیەکی یەکسان گرنگیـان بەڕەگـەزی شـیعرییەتی ڕیتمـی داوە، ( قوبادی جەلیزادە) لەدووبارەکردنـەوەی هاوشـێوەبوونی دەنگـی پیتـی وشـەکاندا وئـەمجا ( لـەتیف هەڵمـەت) و( دلشـاد عەبدوڵلا )ن، لەگەڵ ئەوەشدا ( لەتیف هەڵمەت) و( دڵشاد عەبـدوڵلا ) لەدووبارەکردنـەوەی وشـە وهاوشـێوەبوونی دەنگـی دەلالیدا بەشێوەیەك لێك نـزیکن و پاشـتر ( قوبـادی جـەلیزادە) دێـت ، بـەپێی دەقـە بـەکارهاتووەکانی نێـو سـنوری ئـەم لێکۆڵینەوە.

## چوارەم : شیعرییەتی پرسیار :

پرسیارکردن کردارێکی هاوبەشی ئاخاوتنە لەنێوان مرۆڤەکاندا بەرجەستەدەبێت، بەمەبەستی بەدەستهێنانی وەڵامێك دەوروژێنرێت وپەیامێکی لەخۆگرتووە و(( بەپێی ئاست و بوار و هەڵوێستە جیاجیاکانی ژیان، کەرەستەو شێواز و ڕێبازی پرسیارکردن دەگۆڕێت ))[1] . دیارە ئامادەبوونی ئەو پرۆسەیە لەنێودونیای شیعردا بەتەواوی جیاوازی هەیە، لەچۆنیەتی شێوەو شێوازی ئەو ئەرك و کەرەستەزمانەوانیەی کەئامانج وپەیامی پرسیارەکەی پێدەوروژێنرێت، بۆیە((پرۆسەی پرسیارکردن، وروژاندنی پرسیار، لەنێوشیعردا، پرسیارێکە لەنێوان ( ئیستاتیکا ) و( ژیان ) دایە، پرسیارێکە ڕوانین و دنیابینی لەدوو توێی زمانێکی شیعریدا هەڵگرتووە))[2]. کەواتە شیعرییەتی پرسیارکردن ئەوتایبەتمەندییە هونەرییەیە، دەشێت لەفۆرمێکی شیعریدا بەرجەستە بکرێت.

جێگای ئاماژەیە لەدەقەکانی نێوسنووری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا (پرسیار و وەڵام) بووەتە شێوازێکی دارشتنی هەندێك لە دەقە شیعرەکانیان، بۆنموونە:

***پاشەڕۆژ چییە ؟**
**- لە بۆمبایەکی ئەتۆم بپرسن.**
***ئازادیی چییە ؟**
**- پیاوکوژ دەزانێ...**
***ئەی سامان چییە ؟**
**- بۆ لە سیخوڕ و قەحپە ناپرسن...!**

***نیشتیمان چییە ؟**
**- شەهید دەزانێ... هتد.[3]**

دەبینین لەم دەقانەدا شاعیر لەبەرامبەر دووڕیاندا وەستاوە ولەیەکێکیاندا خۆی بەشێوەیەکی هونەریی پرسیار دەکات ولەوەی تریاندا هەرخۆی وەڵام دەداتەوە بەناوی منێکی کۆمەڵایەتییەوە، کە لەهەندێك وەڵامەکانیدا جێناوی کەسە سەربەخۆکانی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەکارهێناوە، بۆنموونە ( ئێوە لە بۆمبایەکی ئەتۆم بپرسن)، یاخود ( ئەو پیاوکوژە دەزانێ )، ئەمەش بەخاڵێکی جیاکەرەوەی هونەری ئەم کورتیلەشیعرانە دادەنرێت، کەشاعیر تیایدا هەم پرسیار دەکات و هەمیش وەکو وەرگرێك لەبەرامبەر دەقێکدا وەڵام دەداتەوە، بۆیە دەبینین هەردوو ڕۆڵی بینیوە کە قسەکەر و قسەبۆکراوە، بەڵام لەهەندێکی تریاندا شاعیر تەنیا پرسیارەکەی وروژاندووە و بێ وەڵامی هێشتۆتەوە بۆئەوەی (وەرگر-

(١) ڕووبەرێکی ڕەخنەیی ، د. فوئاد ڕەشید، چ١، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لقی کەرکوك، چاپخانەی کاردۆ، کەرکوك، ٢٠١١،ل٥١ .

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٥٢.

(٣) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت ،ب١،ل١٠٢٧.

خوێنەر) یش بەشداری لەپرۆسە هونەریەکەیدا بکات، تاکوبێتە ئەوفەزایە هونەریە و بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریی وخوێندنەوە وتێگەیشتنی خۆی بڕیارلەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارە وەڵامدراوەکان بدات .

**پرسیار**

**ئایا خوێنە ڕژاوەکان جیاوازن ؟[1]**

لەدەقی (پرسیار) دا ڕەنگە شاعیر بۆیە ئەو پرسیارەی وروژاندبێت، بۆئەوەی دەقەکەی بەکراوەیی بهێڵێتەوە، تاکو خوێنەری دەق لەمیانی خوێندنەوەکەیدا، بەشێوەیەکی ورد بیرو خەیاڵی بخاتەگەڕ، بۆئەوەی ئاماژەکانی پشت ئەودەقە بخوێنێتەوە، ئینجا بڕیار لەسەرجیاوازی چۆنیەتی چارەنووسی خوێنە ڕژاوەکان بدات، بەهۆی هەلگری ناسنامەی کەسە خوێن ڕژاوەکانەوە.

**پرسیار**

**گرد، بە سینگی نیشتمانەوە**

**زیاترن ،**

**یان بە سینگی ژنانەوە**

**مەمك ؟![2]**

لەم دەقەدا پێدەچێت شاعیرئەو پرسیارەی بۆئەوە کردبێت، تاکو هەرخوێنەرێك لەمیانی تێڕامانی لەخودی دەقەکەوە وبەپێی ئەو بارودۆخەی کە ژیانی تیا بەسەردەبات و چۆنیەتی ڕەنگدانەوە ئەو ژینگە و ناوچەیەی کەلێیدەژێیت، بڕیار لەسەر وەلامدانەوەی دەقەکە بدات وخۆی لەنێوان هەڵبژاردنی یەکێکیاندا سەرپشك بکات،کە ئایاپرسیاری: گردبە سینگی نیشتیمانەوە زیاترە هەڵدەبژێرێت، یان مەمك بەسینگی ژنانەوە هەڵدەبژێرێت.

**کچەکانی خەم ناویان چییە ؟[3]**

خاسیەتی هونەرییبوونی ئەم دەقە بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کەشاعیر هیچ جۆرە کۆت وبەندێکی بۆخوێنەر دانەناوە، بەڵکوبەشێوەیەکی ئازادانە فەزایەکی کراوەی بۆکردۆتەوە، تاکوخوێنەر بەپێی ئەوحاڵەتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەی کەتیایدا دەژی وکاردانەوەی لەسەرهەیە، وەڵامی شاعیر دەداتەوە بەوشەکانی ( ناخۆشی، ئازار، مەینەت، دەردەسەری. .. هتد)، یاخود هیچ کامێك لەم وەڵامانەی تیانییە وخوێنەر لەوپەڕی بەختەوەریدا دەژی و وەڵامەکەی :( خۆشی، شادی، کامەرانی ، .. هتد )، یان هیچ جۆرە وەلامێکی پێنادرێتەوە، لەبەرئەوەی لەحاڵەتێکی وەهادا دەژی، کە نازانێت چ جۆرە وەڵامێك وبەچ شێوەو شێوازێك وەڵام بداتەوەو بێدەنگبوونی پێ باشترین وەڵامە، یان ئەمجارەیان خۆی پرسیار لەسەر پرسیارەکەی شاعیر دەکات ، بۆ ئەوەی ئەو وەڵامی بداتەوە.

---

**(١) کۆ شیعری٢،دڵشاد عەبدوڵڵا، ل٧٤.**

**(٢) ڤان ئیرۆتیك،قوبادی جەلی زادە، ل٨٥.**

**(٣) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، ب٣، ل٧٠.**

کەواتە لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین:هەرسێ شاعیربایەخیان بە شیعرییەتی پرسیار داوە، ( لەتیف هەڵمەت) بەشێك لەدەقە بەکارهاتووەکانی نێوسنووری ئەم لێکۆڵینەوەی بەشێوەی پرسیارو وەڵام داڕشتووەو هەر خۆی وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە بووە بە قسەکەر و وەرگر، بەڵام ( قوبادی جەلیزادە) و (دڵشاد عەبدوڵڵا)، کەمێك لە دەقەکانیان بە شێوەی پرسیار داڕشتووە و چاوەڕوانی وەڵامن لەخوێنەر .

# ئەنجامەکان

لە کۆتاییدا دەکرێت پوختەو ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەچەند خاڵێك بخەینە ڕوو:

١- کورتیلەشیعر بەپێی ژمارەیەکی دیاریکراو لە وشە و ڕستەدا سنوور بەند نەکراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چەمکی کورتیلەشیعر ئاماژەیە بۆکەمیی و چڕیی وشە و دەستەواژەکان، هەروەها شیعرییەتێکی چەسپاویشی نییە، بەومانایەی لەهەردەقێکدا دەشێت، ڕەگەزێکی یان لایەنێك جوانی ئەم دەقە دەربخات .

٢- کورتیلەشیعر چەمکێکی نوێی کۆنە، لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا، چونکە بەزاراوە و شێوەی جیاوازەوە ئامادەیی خۆی هەبووە. بەومانایەی ئەگەر دوێنێ لەشیعری کلاسیکی کوردیدا (تاك) هەبووبێت، ئەوا ئەمڕۆ لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ( ڕستە شیعر) و (پۆستەرە شیعر) و (شیعری نانۆ) و (شیعری هایکۆ) مان هەیە .

٣- لە ڕەخنەی نوێی ئەدەبیی کوردیدا، لەبەرامبەر فۆرمی کورتیلەشیعردا چەندین زاراوەی جیاواز بەکارهێنراوە، وەك : (خونچە شیعر، بروسکە شیعر، گریانە شیعر، مۆبایلە شیعر، هایکۆ، نانۆ)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کەنووسەرانی کورد هاوڕانین لەناولێنانی ئەم فۆرمە شیعرییە .

٤- لە ڕووی ناوەرۆکی کورتیلە شیعرەکانەوە، دەکرێت لە سێ ڕەهەندەوە، ئەم ناوەرۆکە دیاری بکرێت: (کۆمەڵایەتی ، نیشتیمانی ، فەلسەفی) .

٥- لەڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە شاعیرانی نێوسنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە، پترگرنگیان بەبابەت وکێشەکانی وەك : (جەستەی ژن، خۆشەویستی، تەمەن، ڕەخنەگرتن لەکۆمەڵگە، شەڕوکاریگەرییەکانی ، هەژاری) داوە .

( قوبادی جەلیزادە) کەمێك زیاتر لەڕێگەی جوانی جەستەی ژن وسروشتەوە هەوڵیداوە بابەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بخاتەڕوو، بەڵام (لەتیف هەڵمەت) و(دلشاد عەبدوڵڵا) تاڕادەیەك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کێشەوبابەتەکانیان باسکردووە، هەرچەندە ناوە ناوەش بەهۆی جوانی جەستەی ژنەوە کێشەکانیان خستۆتە ڕوو.

٦- لەڕەهەندی نیشتیمانییەوە، شاعیران زیاتر باسیان لەبابەتەکانی (ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات بۆ وازهێنان لە شەڕی براکوژی، هەستکردن بەنەبوونی نیشتیمان ، تێڕوانین بۆ خەبات و تێکۆ شانی مرۆڤ ، کارەساتی ئەنفال) کردووە .

(لەتیف هەڵمەت) و (دڵشاد عەبدوللا) بەپێی دەقەبەکارهاتووەکان پترکاریان لەسەرئەم ڕەهەندە کردووە، لەخستنەڕووی مەسەلەکاندا پاشان قوباد دێت .

٧- لەڕەهەندی فەلسەفیدا تێبینی ئەوە دەکرێت، شاعیران لە کورتیلە شیعرەکانیاندا پترمەسەلەکانی ( تێڕوانین بۆ ژیان (ڕەشبینی و بێزاربوون)، پرسیارکردن دەربارەی بوون، تێڕوانین بۆمردن، تێڕوانین بۆبوون ومرۆڤ، مرۆڤایەتی مرۆڤ ، مرۆڤ وگوناه) یان خستۆتە ڕوو . (لەتیف هەڵمەت) هەندێك زیاتر لەباسکردنی بابەتە فەلسەفییەکانی (ژیان و بوون و مردن) ئیشی کردووە، دواتر (دلشاد عەبدوللا ) و(قوبادی جەلیزادە) دێن .

٨- كورتیلەشیعر پانتاییەکی زۆری لەئەزموونی ئەدەبیی هاوچەرخی کوردیدا گرتۆتەوە، ئەمەش وەکو ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەزانستی وتەکنەلۆژیکی سەردەم، خودی ئەمەش نیشانەی هاوشانبوونی ئەدەبیی کوردییە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم چەرخەدا .

٩- لەڕووی بونیاتی هونەرییەوە، هونەریبوونی کورتیلەشیعرەکان لەڕێگەی ئەم ڕەگەزو چەمکانەبوونی خۆیان دەسەلمێنن، (شیعرییەتی ناونیشان، وێنەی شیعری، شیعرییەتی ڕیتمیی کورتیلەشیعر، شیعرییەتی پرسیار) . لەشیعرییەتی ناونیشاندا شاعیران زیاتر گرنگیان بەناونیشانە سەرەکییەکان داوە، بەمشێوەیە: ( قوبادی جەلیزادە) ، (لەتیف هەڵمەت) و (دلشاد عەبدوللا) .

١٠- لە شیعرییەتی وێنەی شیعریدا (قوبادی جەلیزادە) وێنە شیعرییەکانی هەندێك زیاتر بەهۆی هەستەکانی مرۆڤ وزەینی ورەمزییەوە دارێژراون، دواتر (لەتیف هەڵمەت) و(دلشاد عەبدوللا)ن، هەروەها لەڕووی ڕەوانبێژییەوە شاعیران سوودیان لەهونەری لێکچواندن وخواستن وەرگرتووە بۆپێکهێنانی وێنەشیعرییەکانیان، بەمشێوەی خوارەوە: لەوێنەی لێکچواندند ا( قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دلشاد عەبدوللا)، کەچی لەوێنەی خواستندا تاڕاددەیەك بەپێی دەقەبەکارهاتووەکان نزیکی یەکترن، بەلاّم لەمەسەلەی وێنەی ڕەمزییەوە ( قوبادی جەلیزادە) و (لەتیف هەڵمەت) هەندێك بەیەکسانی وێنە خودییەکانیان دروستکردووە.

لەوێنەی ڕەمزە ئاینییەکاندا سوودیان لەئاینی ئیسلام ومەسیحی وکەسایەتی و ڕووداوەکان وەرگرتووە، بەم ڕیزبەندییە: ( لەتیف هەڵمەت)، (قوباد جەلیزادە)، (دلشاد عەبدوللا) یە، هەروەها لە وێنەی ئەفسانەییە مێژوویەکاندا کەمێك هەرسێ شاعیر لەیەکترییەوە نزیکن و سوودیان لەڕووداو و کەرەستە و کەسایەتییە ئەفسانەیی و مێژووییەکان وەرگرتووە .

١١- لە شیعرییەتی ڕیتمی دا هەرسێ شاعیر بەڕادەیەکی بەرچاو، تاڕادەیەك بەشێوەی یەکسان بایەخیان بەو ڕەگەزە داوە ،( قوبادی جەلیزادە) لەدووبارەکردنەوەی هاوشێوەبوونی دەنگی پیتی وشەکاندا وئەمجا ( لەتیف هەڵمەت) و( دلشاد عەبدوللا )ن، لەگەڵ ئەوەشدا ( لەتیف هەڵمەت) و( دڵشاد عەبدوللا ) لەدووبارەکردنەوەی وشە وهاوشێوەبوونی دەنگی دەلالیدا بەشێوەیەك لێك نزیکن و پاشتر ( قوبادی جەلیزادە) دێت ، بەپێی دەقە بەکارهاتووەکانی نێو سنوری ئەم لێکۆڵینەوە.

١٢- لەشیعرییەتی پرسیاردا ( لەتیف هەڵمەت) بەشێك لەدەقە بەکارهاتووەکانی نێوسنووری ئەم لێکۆڵینەوەی بەشێوەی پرسیارو وەلاّم دارشتووەو هەر خۆی وەلاّمی پرسیارەکانی دەداتەوە بووە بە قسەکەر و وەرگر، بەلاّم ( قوبادی جەلیزادە) و (دڵشاد عەبدوللا)، کەمێك لە دەقەکانیان بە شێوەی پرسیار دارشتووە و چاوەڕوانی وەلاّمن لەخوێنەر .

# سەرچاوەکان


**القران الكريم .**

**یەکەم: بەزمانی کوردی :**

**أ- کتێب:**

**(١) ئەنفال کارەسات .ئەنجام وڕەهەندەکانی ، یوسف دزەیی ، چ٢ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠١.**

**(٢) ئوستوورەکانی یۆنان و ڕۆم، دان ناردۆ، وەرگێڕانی فەرهاد عزیز خۆشناو، چ١، دەزگای توێژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠١٠ .**

**(٣) ئیرۆسکیێ هەڵکەندنی مانگ ، ئەزموون ودەقی والاّ ، دلشاد عەبدوڵلا ، چ ٢ ، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.**

**(٤) باخچەکانی مەلەك تاووس ، دیوانە شیعر ، قوبادی جەلیزادە ،دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، سلێمانی ، ٢٠١٢.**

**( ٥) بارگەی یاران،سەرجەم شیعری هێمن ، بە سەرپەرشتی: بەدران ئەحمەد و عوسمان دەشتی، چ١، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٣ .**

**(٦) بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا ١٩٧٠-١٩٩١، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، چ ١، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ، سلێمانی ،٢٠٠٤.**

**(٧) بوون و نەبوون ، ژان پۆل سارتەر،وەرگێڕانی د.محممەد کەمال،چ١،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی،٢٠١١.**

**(٨) پۆستەرە شیعری کوردی وهایکۆی یابانی، بوشرا کەسنەزانی ، ٢٠٠٧.**

**(٩) پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی ، د . مەولود ئیبراهیم حەسەن ، چ١، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی ، ٢٠٠٧.**

**(١٠) جەوهەری مرۆڤ، ئەریك فرۆم، وەرگێڕانی ئەردەلان عەبدوڵلا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٢ .**

**(١١) جوگرافیای هەرێمی کوردستان ، د. عەبدوڵلا غەفور ، چ٢ ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ،٢٠٠٠**

**(١٢) جینۆسایدی گەلی کورد ، لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتاندا ، دکتۆر مارف عومەر گوڵ ،چ٥ ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٠ .**

**(١٣) چەند فەیلەسووفێکی بوونگەرا ، فوئاد کامیل عبدالعزیز، وەرگێڕانی سامان علی حامید ، دەزگای سەردەم، سلێمانی ،٢٠٠٥ .**

**(١٤ ) خونچە شیعرەکانی مسعود پەرێشان ، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر ، ٢٠١١.**

(١٥) خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا، شیعر و هێل، کارێکی هاوبەشە- ڕۆستەم ئاغالە- قوبادی جەلی زادە ، چ١ ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٨.
(١٦) خۆشخوانی، عەلائەدین سەجادی، چاپخانەی مەعاریف،بەغداد،١٩٧٨.
(١٧ ) دەنگی بلورینی دەق ،لێکۆڵینەوەو ڕەخنەی ئەدەبی ، عبدالخالق یعقووبی ، چ١ ، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، بەڕێوبەرێتیی گشتیی چاپ وبڵاوکردنەوە ، چاپ خانەی ڕاز،،سلێمانی،٢٠٠٥ .
(١٨ ) دەقی ئەدەبی ، ئەدگار. چێژ. بەها، د. فوئاد ڕەشید ، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر،٢٠٠٧.
(١٩) دیوانی ئەسیری، ئامادەکردن وپێشەکی د. کوردستان موکریانی، پێداچوونەوە وبەراورد ئەحمەد تاقانە، دەزگای چاپ وبڵاو کردنەوەی ئاراس ، چ١ ،هەولێر،٢٠٠٦ .
(٢٠) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت ، بەرگی یەکەم ، چ٢، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ، ٢٠٠٥ .
(٢١) دیوانی لەتیف هەڵمەت، لەتیف هەڵمەت، بەرگی دووەم، چ٢، چاپخانەی پەیڤ، سلێمانی،٢٠٠٥ .
(٢٢) دیوانی لەتیف هەڵمەت ، لەتیف هەڵمەت ، بەرگی سێ ، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ، چاپخانەی ڕوون ، سلێمانی ، ٢٠٠٩.
(٢٣) ڕەوانبێژی ، لە ئەدەبی کوردی دا ، ب١، عەزیز گەردی ، چ١ ، چاپخانەی الجاحظ ، ١٩٧٢ .
(٢٤) ڕووبەرێکی ڕەخنەیی، د. فوئاد ڕەشید، چ١، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لقی کەرکوك، چاپخانەی کاردۆ، کەرکوك، ٢٠١١.
(٢٥) ڕێزمانی کوردی ، بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی ، زانکۆی سەلاحەددین، دانانی د.نسرین فەخری و کوردستانی موکریانی، طبع فی مطبعة صلاح الدین، ١٩٨٢ .
(٢٦) ستیانی بەفر پڕە لە ڕیشۆڵە ، شیعر، قوبادی جەلیزادە، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٠.
(٢٧) شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات ، قوبادی جەلی زادە ، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٧ .
(٢٨) شیعرە مۆبایل ، ١٠٠ کورتە نامەی مۆبایل ، بەرگی سێیەم ، وەرزێر جەزا ، چ١، ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .
(٢٩) شیعری پۆستەر، کازیوە، دیوان، شێرکۆ بێ کەس، لەچاپخانەی زانکۆی سلێمانی لەچاپ دراوە ، ١٩٧٨.
(٣٠) فەریکە شیعر ، لەباخەڵی باخدا ، هۆنراوە ، موحسین ئاوارە ، چ١ ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ٢٠١٠.
(٣١) فەلسەفەی جوانی و هونەر ئیستاتیکا،د. کەمال میراودەلی،چ٢،خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی ،٢٠٠٥

(٣٢) ڤان ئیرۆتیك، قوبادی جەلی زادە ، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٧، هەولێر.
(٣٣) قەدەغەشکێنی، مەولود ئیبراهیم حەسەن ، چ١ ، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٠
(٣٤) کوردی عێراق، بنیاتی دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا ، ئۆفرابینگیۆ، وەرگێڕانی سۆران مستەفا کوردی ،چ١ ، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٣.
(٣٥) کۆ شیعری ٢، د لشاد عەبدوڵلا ، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر،٢٠١٠.
(٣٦) گریانە شیعر،جانتای سەفەری ئەمجارەت پڕیەتی لە گریان،دیوانە شیعر،خالید کۆچەر،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،٢٠١١.
(٣٧) گۆمی پوونگ، شیعر، دلشاد عەبدوڵلا ، چ١، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ، سلێمانی،٢٠٠٤ .
(٣٨) مێژووی ئاینی زەردەشتی ، نووسینی: عەبدوڵلا موبلغی ئابادانی، وەرگێڕانی: وریا قانع ، چ٢،چاپ وبڵاو کردنەوەی قانع ، سلێمانی ،٢٠٠٤.
(٣٩) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دوکتۆرمارف خەزنەدار، چ١، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس چاپخانەی وەزارەنی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠١.
(٤٠) هایدگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، د.محمد کمال ، دەزگای سەردەم ، سلێمانی،٢٠٠٧ .

ب- فەرهەنگ :
(١) دەروازەیەك بۆ تەکنەلۆژیای نانۆ ، حەمەد سالح دوکانی ، چ١ ، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١ .
(٢) فەرهەنگی ئازادی، ئینگلیزی – کوردی، د.حەمە ڕەشید قەرەداخی،چ٢، دەزگای چاپ ونەشری احسان، چاپخانەی اسوە، ٢٠٠٩.
(٣) فەرهەنگی تەکنۆلۆژیای زانیاری،ئینگلیزی– کوردی، زانستپەروەرانی کورد، چ٢،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١.
(٤) فەرهەنگی خاڵ ، شێخ محەمەدی خاڵ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر، ٢٠٠٥.
(٥) فەرهەنگی دیوانی شاعیران ، نالی – سالم– کوردی ، د. محەمەد نووری عارف ، چ١، لەبڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٧.
(٦) فەرهەنگی مەورید، ئینگلیزی– کوردی ، د.محمد عمر، چ١، ٢٠١٠.
(٧) هەنبانە بورینە ، فرهنگ کردی فارسی، عبدالرحمن شرفکندی (هەژار)، چاپ چهارەم، مرکز پخش، مجتمع فرهنگی سروش، تهران،١٣٨٤.

**ج- گۆڤار:**

(١) پۆستەر و پەراوێزێکی ڕەخنەیی ، ئازاد عبدالواحد، گ. بەیان ، ژ ٥٢ ، ١٩٧٨ .

(٢ ) پێکە شیعر ، ئازاد دڵزار ، گ. کاروان، ژ ٢٥، ١٩٨٧.

(٣) چەپکێك برووسکە شیعر ، جەمال اسماعیل گردەسۆری ، گ. کاروان ، ژ٨٠ ، ١٩٨٩.

(٤) ٨ دڵۆپە شیعر ، غەمگین بۆلی ، گ. نووسەری نویٚ ، ژ ٤١ ، نیسانی ، ٢٠٠٨.

(٥) دوو کورتیلە شیعر ، محسن ئاوارە ، گ . کاروان ، ژ١٣٨ ، ١٩٩٩.

(٦) ٢٠ ڕستەی شیعر، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، گ. وێرانی داهێنان، ژ ٢، شەقامی سەلاحەدین– هەولێر،بەهاری ،١٩٩٥

(٧) سیٚ پارچە شیعر، فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ، گ. کاروان ، ژ ٣٦ ، ١٩٨٥.

(٨ ) سیٚ شیعری بچووك ، جەمال شاربازێری ، گ. بەیان ، ژ١٣٨ ، ١٩٨٧.

(٩) شیعری نانۆ ، هاشم سەڕاج ، گ . ڕامان ، ژ ١٧٧، خولی سێیەم ، شوبات ، ٢٠١٢.

(١٠) کورتە شیعر ، حەسیب قەرەداغی ، گ. کاروان ، ژ ٥١ ،١٩٨٦.

(١١) گەڕانەوەیەك بۆ پۆستەرە شیعر ، ئازاد عەبدولواحید ،گ . ڕامان ، ژ٨٠ ، ٢٠٠٣ .

(١٢) هەشت خونچە شیعر ، شیعری مسعود پەرێشان ، گ. بەیان ، ژ ١٥٩ ، ١٩٨٩ .

(١٣) ١٥ هەناسە شیعر ، پەری شێخ ساڵح ، گ . هەنار ، ژ ٧٠، ٢٠٠٣.

(١٤) ١٥ هۆنراوەی زۆر زۆر کورت ، عەباس عەبدوڵڵا یوسف ، گ . کاروان ، ژ١٩١، مانگی٢ ، ٢٠٠٥.

**د- نامەی ئەکادیمی (ماستەر و دکتۆرا ):**

(١) بنیادی ڕیتم لە شیعرە کوردییەکانی عبدالله بەگی مصباح الدین(ئەدەب)دا ، هیوا نورالدین عزیز ، نامەی ماستەر ، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین ، ٢٠٠٩ ٠

(٢) ڕوونبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بەنموونەی مەلای جزیری ونالی، ، نەوزەت ئەحمەد عثمان ، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی صلاح الدین ، ١٩٩١.

(٣ ) شیعریەتی دەق، بەنموونەی شیعرە کوردییەکانی (مەحوی) ، خلیل ابراهیم مستەفا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٩.

**ە- دیدار:**

(١) دیدار لەگەڵ (دلشاد عەبدوڵلا)ی شاعیر لە پارکی شانەدەری شاری هەولێر، کاتژمێر ١٠:٣٠خولەکی بەیانی، لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٨/٢٥.

(٢) دیدار لەگەڵ (قوبادی جەلیزادە)ی شاعیر لە گوندی ئەڵمانی شاری سلێمانی ،کاتژمێر ١١ بەیانی، لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/١٥.

**دووەم : بەزمانی عەرەبی:**

**أ – الكتب :**


( ١) ادوات جديدة فى التعبير الشعري المعاصر، على حوم ، وزارة الثقافةوالاعلام ، الشارقة ،٢٠٠٠ .

(٢) أسرار البلاغة في علم البيان، عبدالقادر الجرجانى، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع ، بيروت ، ٢٠٠٢.

(٣ ) أقنعة النص – قراءة نقدية فى الادب ، سعيد الغانمي ، ط١ ، دارالشؤون الثقافية العامة ، بغداد،١٩٩١ .

(٤) انماط من الغموض في الشعر العربي الحر ،د. خالد سليمان ، ط١، مطبعة جامعة اليرموك ،١٩٨٧.

(٥) أوهاج الحداثة ، د.نعيم اليافي ، اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، ١٩٩٣.

(٦) الأسطورة و الرمز، جبرا إبراهيم جبرا ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، بيروت١٩٨٠.

(٧) الاسلوبية وتحليل الخطاب ، د.منذر عياشي ، ط١، مركز الإنماء الحضاري ،٢٠٠٢ .

(٨) الإنجيل – قراءة شرقية – نخبة من المختصين ، دار الجبل ، ط٦ ، بيروت ، ٢٠٠٤ .

(٩) البلاغة والتطبيق،د.أحمد مطلوب ود.كامل حسن البصير، دار الكتب للطباعة والنشر،جامعة الموصل، ١٩٨٢.

(١٠) البنية الايقاعية في الشعر (حميد سعيد) ، د.حسن الخرفي ، ط١، دارالشوؤن الثقافية ، بغداد ، ١٩٨٩.

(١١) البنية السردية في رواية صبحي فحماوي ، حرمتان ومحرم ، دراسة نقدية و تحليلية ، د.محمد حسن عبدالمحسن ، ط١ ، دار الحوار للنشر والتوزيع ، سوريا ،٢٠١١ .

(١٢) البنيوية وعلم الاشارة ، ترنس هوكس ، ترجمة مجيد الماشطة ، دارالشوؤن الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٨٦.

(١٣) التصوير البيانى فى شعر المتنبى ، الدكتور الوصيف هلال الوصيف ابراهيم ، استاذ البلاغة و النقد بكلية اللغة العربية ، جامعة الازهر ، ط١ ، مكتبة الوهبة ، القاهرة ، ٢٠٠٦.

(١٤) التصوير الشعري، رؤية نقدية لبلاغتنا العربية،د.عدنان حسين قاسم،الدار العربية للنشر و التوزيع،دارالحنان للطباعة .

(١٥) الحب الرومانسى،بين الفلسفة و العلم النفس، فارس كمال نظمى ، ط١ ، دار اراس للطباعة و النشر ، أربيل ،٢٠٠٧.

(١٦) الحداثة،جزء الأول ، مالكم براد برى ، ت: مؤيد حسن فوزى ، بغداد، دارمامون للنشر،١٩٨٧.

(١٧) الرمز الشعري عند الصوفية ،د.عاطف جودة نصر، ط١، دار الاندلس ودار الكندي ،بيروت ، ١٩٧٨.

(١٨) الشعر الحديث الى أين؟ د.غالى شكرى،ط١،دار المعارف ،١٩٦٨.

(١٩) الشعر العربي المعاصر، د.عزالدين إسماعيل، ط٣، بيروت، ١٩٨١ .

(٢٠) الشعر عند النهاية قرن العشرين، عائد خصباك، دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٨٩ .

(٢١) الشعر و الرسم ، فرانكلين د.روجرز ، ت . مى مظفر ، ط١ ،دار المأمون للترجمة و النشر ، بغداد،١٩٩٠.

(٢٢) الشعرية، تزفيطان طودوروف، ترجمة: شكري المبخوت و رجاء بن سلامة، ط١، دار توبقال للنشر،١٩٨٧

(٢٣) الصورة السمعية في الشعر العربي قبل الاسلام – دراسة ، د.صاحب خليل ابراهيم ، من منشورات اتحاد كتاب العرب ، دمشق، www.awu-.dom.org .

(٢٤) الصورة الشعرية، سي دي لويس، ترجمة د.أحمد نصيف الجنابي ومالك ميري وسلمان حسن ابراهيم، مؤسسة الخليج للطباعة والنشر، الكويت،١٩٨٢.

(٢٥) الصورة في الشعر العربي حتى نهاية قرن الثاني الهجري ، د.علي البطل ، دار الأندلوس، بيروت،١٩٨٠.

(٢٦) الصورة الفنية معيارا نقديا، د.عبدالاله الصائغ، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد،١٩٨٧.

(٢٧) القصيدة الطويلة فى الشعر العربى المعاصر،الدكتورأحمد زهير الرحاحلة،دارالحامد للنشر والتوزيع،عمان –الاردن،٢٠١١.

(٢٨) القصيدة المركزة في شعر عبدالرزاق الربيعي،طلال زينل سعيد حسن،ط١، دارالحوار للنشروالتوزيع ، سوريا،٢٠١٢.

(٢٩) اللغة الشعرية، دراسة فى شعر حميد سعيد، محمد كنونى، ط١ ، دار الشوؤن الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٩٧ .

(٣٠) النثر الفني عند لسان الدين بن الخطيب،د.عبدالحليم حسين الهروط ،دار جرير للنشر و التوزيع، عمان، الأردن،٢٠٠٦ .

(٣١) النص الشعرى بين التأصيل والتحليل ، د.بوجمعه بوبعيو ، منشورات جامعات قاريونس ، بنغازى ، ١٩٩٨.

(٣٢) النقد التطبيقي والتوازنات ، د.محمد صادق عفيفي ، مكتبة الخانجي ، القاهرة ،١٩٧٨ .

(٣٣) النقد الأدبي الحديث ، د.محمد غنمي هلال ، دار النهضة ، مصر للطبع والنشر ، القاهرة ،١٩٧٧

(٣٤) النقد الأدبي وقضايا الشكل الموسيقي في الشعر الجديد، علي يونس، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥.

(٣٥) بنية الايقاعية في الخطاب الشعري ، قراءة تحليلية للقصيدة العربية في القرنين السابع والثاني الهجريين ، د.يوسف اسماعيل، ط١، منشورات وزارة الثقافة ، دمشق ،٢٠٠٤.

(٣٦) بنية القصيدة فى شعرعزالدين المناصرة، فيصل صالح ابراهيم القصيرى، ط١، دار مجدلاوى للنشروالتوزيع ، عمان – الاردن،٢٠٠٦.

(٣٧) بنية اللغة الشعرية،جان كوهين، ترجمة محمد الولي ومحمد العمري،ط١،دار توبقال للنشر،دارالبيضاء،المغرب ،١٩٨٦.

(٣٨) بول ريكور ، نظرية التأويل ، الخطاب و فائض المعنى ، ترجمة سعيد الغانمي، ط١، المركز الثقافي العربي ،الدار البيضاء ، بيروت ، ٢٠٠٣.

(٣٩) ترويض الرمز ، د. فهد محسن فرحان ، مجلد الموقف الثقافى ، عدد ١٥ ، ١٩٩٨.

(٤٠) تقنيات التعبير في شعر نزار قباني ، پروين حبيبى ، ط١ ، مطبعة الجامعة الاردنية ، عما ن، ١٩٩٩ .

(٤١) دراسات نقدية في اللسانيات العربية المعاصرة ، د.سعد مملوح ، ط١، عالم الكتب ، القاهرة ، ١٩٨٩.

(٤٢) رماد الشعر، د.عبدالكريم راضي جعفر ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٩٨.

(٤٣) سيمياء العنوان ، د.بسام موسى قطوس ، ط١، طبع بدعم من وزارة الثقافة ، عمان – الأردن ،٢٠٠١

(٤٤) شعرية الكتب والأمكنة، أ.د.محمد صابر عبيد، دار اليازوري،٢٠٠٥.

(٤٥) شعرية النص الصوفي فى الفتوحات المكية لمحيي الدين بن عربي، د.سحر سامى، الهية المصرية للعامة لكتاب ، القاهرة ،٢٠٠٥.

(٤٦ ) صناعة الادب ، بعض مبادىء النقد في ضوء نظريات النقد القديمة و الحديثة ، ر.ا.سكوت جيمس ، ترجمة هاشم الهنداوى،مراجعة د.عزيز المطلبى،دارالشؤون الثقافية العامة،بغداد،١٩٨٦ .

(٤٧) علم الجمال افاقة وتطورة ، د. نجم عبد حيدر ، ط٢ ، دار الكتب للطباعة والنشر ، موصل ،٢٠٠١ .

(٤٨) علم لغة النص – المفاهيم والاتجاهات، د.سعيد حسن البحيرى،ط١، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهرة،٢٠٠٤.

(٤٩) فن الحب ، اريك فروم ، ترجمة مجاهد عبدالمنعم مجاهد ، دار العودة ، بيروت ، ١٩٧٢.

(٥٠) فن الشعر،احسان عباس، ط٦، دار الثقافة، بيروت، لبنان، ١٩٧٩.

(٥١) فى المصطلح النقدي، د.احمد مطلوب، منشورات المجمع العلمي، مطبعة المجمع العلمي، بغداد،٢٠٠٢.

(٥٢) في النقد الحديث ، د.نصرت عبدالرحمن ، مكتبة الاقصى ، عمان ،١٩٧٩ .

(٥٣) في النقد الأدبي دراسة و تطبيق، د.كمال نشأت ، بغداد، ١٩٧٦.

(٥٤) في نظرية العنوان، د.خالد حسين حسين، دار التكوين للتأليف والترجمة والنشر، دمشق،٢٠٠٧.

(٥٥) قضايا الشعرية،رومان ياكبسون، ترجمة محمد الولي ومبارك حنون،ط١،دار توبقال للنشر،دارالبيضاء،المغرب ،١٩٨٨.

(٥٦) مدخل الى علم النص– مشكلات بناء النص ، زتسيسلاف وارزنياك ، ترجمة د.سعيد حسن البحيرى،ط١، مؤسسة المختار للنشر و التوزيع ،القاهرة،٢٠٠٣.

( ٥٧) مدخل الى علم النص و مجالات تطبيقه ، محمد الاخضر الصبيحي،ط١،منشورات الاختلاف،جزائر،٢٠٠٨.

(٥٨) معالم التحليل النفسانى ، فرويد ، ترجمة محمد عثمان نجاتي ، ط ٣ ، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٨٥.

(٥٩) مغامرة التجنيس الروائي، سؤال الجنس والنوع، محمد صابر عبيد، ط١، عالم الكتب الحديث، اربد– الأردن، ٢٠١٢ .

(٦٠) مفهوم الحرية، عبدالله العروي، ط٦، المركز الثقافية العربية،٢٠٠٢

(٦١) نظرية الادب ، رينية ويلك و اوستن وارين ، ترجمة محي الدين صبحي، المجلس الاعلى لرعاية الثقافةوالفنون والاداب والعلوم الاجتماعية، سورية ، دمشق ،١٩٧٢ .

**ب- القواميس والمعاجم و الموسوعات :**

(١) معجم مصطلحات الادب ، مجدى وهبة ، مكتبة لبنان ، بيروت،١٩٩٤.

(٢ ) النظرية الادبية و مصطلحاتها الحديثة ، تأليف د. سمير سعيد حجازى ، دار طبيةللنشر و التوزيع والتجهيزات الطبية ، القاهرة،٢٠٠٤.

(٣) الموسوعة النفسية الجنسية ، د. عبدالمنعم الحفنى ، ط٤ ، مكتبة مدبولى ، القاهرة ، ٢٠٠٤ .

**ج- المجلات :**

(١) عتبات النص الادبى ، حميد لحمدانى، مجلة علامات في النقد ، مجلد١٢، العدد٤٦، جدة ،٢٠٠٢.

**د- رسالة الماجستير و أطروحة الدكتورا:**

(١)الصورة الفنية في الشعر الصعاليك قبل الأسلام، ، عبدالجبار حسن علي، رسالة ماجستير، كلية ألأداب، جامعة الموصل،١٩٨٨.

(٢) البناء الفني في شعرالغزل فى العصر العباسى ، نجم مجيد على ، رساله دكتورا ، كليه الاداب ،جامعه بغداد، ١٩٩٦ .

(٣) الصورة الفنية في نقد الشعر العربي الحديث ، بشرى موسى صالح ، رسالة دكتورا ، كلية الأداب،جامعة بغداد،١٩٨٧.

**ه- مواقع انترنيت:**

(١)التجريب الفني في النص الشعري الجزائري المعاصر- الممكن والمستحيل، ٢٠١٠، samar.in-goo.com.

(٢) القصيدة القصيرة جدا فى الابداع السعودى (١-٥)، د.مها مراد ، www.Lahaonline.com.

(٣) الومضة الشعرية و سماتها ، الدكتور. حسين كياني"الدكتور سيد فضل الله مير قادري"، www.fonexe.net .

(٤) الومضة الشعرية ، فواز الحجو،٢٠٠٢ ، www.startimes.com .

(٥) الومضة الشعرية ، سلاف علوش ،جريدة الاسبوع الادبي ، العدد ٨٣٠ ، تاريخ ٢٦/١٠/ ٢٠٠٢، www.aw-dam.org.

(٦) الومضة الشعرية وسماتها، نقلاعن التراث و التجديد فى الشعر السياب،عثمان حشلاف ، الجزائر،١٩٨٦ www.fonxe.net .

(٧) بغض فنيات فن الومضة عند محمد فري، محمد داني ، www.matarmatar.net.

(٨ ) شعرية التوقيعة ...... فى شعر عزاالدين المناصرة، د.حفناوى بعلى- الجزائر، مجلة الموقف الادبي ، العدد ٤١٣، ايلول ٢٠٠٥ ، www.awu-daw.org .

(٩) شعرية القصيدة القصيرة،مدونة ضرغام، الاطام ، العدد ٣٦ ، deldrghal.blogspto.com .

(١٠) قصيدة الومضة في يمامة الكلام، د.خليل موسى، جريدة الاسبوع الادبي ، العدد ٩٥٦ ، ٢٠٠٥/٥/٧ ، www.awu –dam.org

(١١) ما هى القصيدة الومضة،اديب حسن محمد، www.ahewar.org .

(١٢) NANO الى SMS من ال اسعد جبورى زعيم قصيدة نثر العربية ، الكاتب رامز عبدالفتاح العمادي ، .http//www.uqu.edu.sa

(١٣) www.dengekan.info

(١٤). www.short poems.org .

(١٥). www.poetry-on line.org.

## سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی

(١) Dictionary of literary terms a literary theory J.A cuddon- published in perguin books , London, 1999 .

أقليم كوردستان العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين– أربيل

# القصيدة القصيرة جداً في الأدب الكردي المعاصر

## بنماذج من نصوص (قوبادى جەليزادە، لطيف هەلمەت، دلشاد عبدالله)

رسالة مقدمة الى مجلس كلية اللغات جامعة صلاح الدين– أربيل
كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في الأدب الكردي

من قبل الطالب
شاخەوان فرهاد محمد– بكالوريوس في اللغة والأدب الكردي–جامعة صلاح الدين –
٢٠٠٧

بإشراف
الأستاذ المساعد– د. فوئاد رشيد محمد

پوشپەڕ٢٧١٣ كوردي شعبان ١٤٣٤ هجري تموز ٢٠١٣ ميلادي

# ملخص البحث

إن هذا البحث الموسوم ب ( القصيدة القصيرة جداً في الأدب الكردي المعاصر- بنماذج من نصوص (قوبادى جليزاده ، لطيف هه لمه ت ، دلشاد عبدالله).

محاولة لمعرفة مفهوم القصيدة القصيرة جداً وأشكالها المختلفة، مع عرض مافيها من الخواص الجمالية والبنية الموضوعية، ولا سيما في نصوص الشعراء الكرد المحدددين كنماذج للدراسة، وقد بيّنَ الباحث في هذا الإطار الأبعاد المضمونية الثلاثة لهذه النصوص الشعرية وهي البعد (الاجتماعي والوطني والفلسفي).

أما الناحية الجمالية والفنية فقد جسد الباحث الأساليب التقنية والفنية التي صاغ بها هؤلاء الشعراء نصوصهم الشعرية القصيرة جدا ، والتي تتمثل على (شعرية العنوان، شعرية الصورة الشعرية، شعرية إيقاع القصيدة القصيرة جدا ، شعرية السؤال).

ويتألف هذا البحث من ثلاثة فصول مُذيّلة بأهم النتائج التي توصل اليها البحث :

الفصل الأول: خُصِصَ لتعريف مصطلح القصيدة القصيرة جداً، ومفهومها، وبيان الخاصية الفنية لشعرية القصيدة القصيرة جدا، ومدخل تأريخي للقصيدة القصيرة جدا في الأدب الكردي.

الفصل الثاني: اختص بالدراسة التطبيقية الحثية الموضوعية في خِضَم القصائد القصيرة المختارة للشعراء المذكورين .

الفصل الثالث: شمل عرضاً تطبيقياً للجوانب الفنية في هذه القصائد القصيرة جدا.

# Abstract

A short Verse in contemporary kurdish literature is an attempt to explain the idea of short verse and its different forms, at the same time is explained asethetic form and subjective base of contemporary Kurdish short verse.
For insance the text of Kurdish poets Qubady jalizada , Latif halmat and Dilshad Abdullah , in this frame the researcher is explained three dimension social, national and philosophy throughout their short verses.
in aesthetic aspect through these forms and artistic technique which the poets Qubady jalizada , Latif halmat and Dilshad Abdullah in this texts were adopted.

In artistic aspect the researcher is explained the short verse more than the form of versification of title, versification of figure of speech, versification of phythmical verse and versification of question.
This reaserch consist of three parts:

Part one is allotted for explaining terms, ideas and artistic form of versification of short verse and its history in Kurdish literature.

Part two is shed light on the basis of short verse throughout the Kurdish poets Qubady jalizada , Latif halmat and Dilshad Abdullah in practical form.

Part three is focused on the artistic basis of short verse for the poets in this research in practical way.

Kurdistan Region-Iraq
Ministry of Higher Education
& Scientific Research
Salahaddin University-Hawler

# Short verse in Kurdish contemporary literature in the text of (Qubady Jalizada, Latif Halmat, Dilshad Abdullah)

**A Thesis**
**Submitted to the council of the College of Languages-University of Salahaddin-Hawler a Partial Fulfillment of The Requirements for The Degree of Master in Kurdish Literature**

**By**
**Shakhawan farhad muhammed- B.A-Univ. of Salahaddin- 2007**

**Supervised By**
**Asst.Prof.Dr. fuad rasheed muhammed**

**July 2013 A.D. Shahban 1434 Al.H. Pushpar 2713 K.**